# بەهلوول "لە کتێب و هەقایەتان"ـدا

## تۆژینەوە و کۆکردنەوە: حوسێن نووربەخش

### ڕەسووڵ سوڵتانی کردوویە بە کوردی

# بەهلوول "لە کتێب و هەقایەتان"ـدا

## تۆژینەوە و کۆکردنەوە: حوسێن نووربەخش

**رەسووڵ سوڵتانی کردوویە بە کوردی**

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

٢٠١٤

**خانەی توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **بەهلوول لە کتێب و هەقایەتاندا**

- تۆژینەوە و کۆکردنەوە: حوسێن نووربەخش
- رەسووڵ سوڵتانی کردوویەتی بە کوردی
- نەخشەسازی ناوەوە: رەسووڵ سوڵتانی
- بەرگ:
- ژمارەی سپاردن: ()
- نرخ: ٥ هەزار دیناری عێراقی
- چاپی یەکەم: خانەی موکریانی ٢٠١٤
- تیراژ: ١٠٠٠
- چاپخانە: موکریانی

زنجیرەی کتێب ()

**هەموو مافێکی بۆ خانەی موکریانی پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

## وتەیەکی پێویست:

کەس نییە لەم کوردەوارییەی خۆماندا ناوی بالوولی نەبیستبێت و بە دەیان هەقایەت و مەتەڵ و قسەی نەستەقی بالوولیان بۆ نەگێڕابێتەوە. ئەم بالوولەی لە رواڵەتێکی شێتۆکەییدا و بە هەڵسوکەوتی شێتانە دنیایەك حیکمەت و پەندی بە گوێی خەڵك و دەسەڵاتدارەکانی سەردەمدا داوە. ئەگەر لە کۆنەوە گوتوویانە: قسە یان لە شێتی ببیستە یان لە منداڵ، دەبینین بالوول، جگە لەوەی خۆی لە خەڵك و دەسەڵاتدارانی سەردەم شێت دەکا، لەو لاشەوە دەچێتە نێو منداڵ و پاڵی گەرەك و خۆیشی منداڵ دەکاتەوە. بۆ ئەوەی قسەی راست هەر لەو ببیسرێ، کە هەم شێتە و هەمیش منداڵ بووەتەوە.

خانەی موکریانی رایان سپاردم ئەو کتێبە بکەمە کوردی و منیش پێم ناخۆش نەبوو، چونکە هەر وەك جەنابت کە ئێستا ئەو دێڕانە دەخوێنییەوە، لە منداڵیمەوە زۆرم ناوی بالوول و هەقایەت و بەسەرهاتەکانی بیستبوو، جا ئەو بالوولە هەبووبێت یان هەر خەڵك هەر قسەیەکی نەیان وێراوە راستەوخۆ بەدەسەڵاتدارەکانی بڵێن، بە ناوی بالوولەوە پێیان گوتبێن، هەر وەك چۆن ئێستاش لە سەردەمەکەی خۆماندا ئەحۆلێکیان داهێناوە و خەڵك ئەوەی نایانەوێ راستەخۆ بیلێن، دەیخەنە زاری ئەحۆلەوە و دەیدرکێنن.

لە هەردوو حاڵەتەکەدا گرینگ ئەو بەسەرهاتە شیرین و قسەخۆشانەیە وا بەو ناوەوە بۆ ئێمە ماونەتەوە و ئێمەش لەگەڵ ئەو گەنجینەی پەند و ئامۆژگارییە جوانەدا رێز لەو بالوولە دەگرین، جا ئیتر بە راستی هەبووبێت، یان خەیاڵکردی خەڵك بووبێ.

بۆچی بالوول، نەك بەهلوول

سەردێڕی کتێبەکە خواستی خانەی موکریانی بوو، ئەوان پێیان وایە بەهلوول راستە. بەڵام من ئێستاش پێداگرم لەسەر زمان و زاری خەڵکەکەی خۆمان هەر بە بالوول ناوی هاتووە و بە دەگمەن مەگەر لە بەر کارتێکەریی فارسی و عارەبیدا گوتبێتمان "بەهلوول"، ئەگینا من ئەوەی لە زمانی پیرەژن و پیرەپیاوانەوەم بیستووە، هەر بە "بالوول" ناویان هێناوە و منیش لە

نێوئاخنی دەقەکەدا هەر وام ناو هێناوە. بەو هیوایەی توانیبێتم زمانی وەرگێڕانەکەم ببەمەوە سەر زمانی گێڕانەوە هەقایەتەکانی گوێی ئاگردان و بەر لە نووستن کە داپیرەکان بۆمانیان گێڕاوەتەوە.

لە وەرگێڕانی شیعرەکانیشدا، کە قورسترین بەشی کارەکەم بوون، پەنام بردە بەر برادەرێکی شاعیرم بەناوی خالّە قازی، ئەویش زەحمەتی کێشا و چەند کۆپلەیەکی بۆ کردمە کوردی و بەناوی خۆیەوە دامناون. ئەوانی دیکە، ناچار بووم خۆم قۆڵیان لیّ هەڵماڵم. ئەگەرچی من باوەڕم بە تەرجەمەی شیعر نییە و پێم وایە جگە لە وەرگێڕانەکەی هەژار لە خەیام، هەتا ئێستا هەرچی تەرجەمە کراوە، هەر سێبەری دەقە سەرەکییەکەیە، بەڵام ناچاریش بووم شیعرەکان بە شیعر داڕێژمەوە، چونکە لە دەقە فارسییەکەدا ئەو بەشانە شیعرن نەك پەخشان. بۆیە داوای لێبوردن لە پێشدا لە رۆحی مەولەوی و عەتاری نیشابووری و دوای ئەوانیش لە ئێوە خوێنەرە ئازیزەکان دەکەم، ئەگەر لە وەرگێڕانی شیعرەکاندا کرچ و کاڵ بووم و هەڵەوپەڵەم هەبێ.

دواجار سپاسی هەموو ئەو خوێنەرانە دەکەم، کە بە چاوی رەخنەوە ئەم وەرگێڕانە و باقی وەرگێڕانەکانی من دەخوێننەوە و بە تێبینیی دڵسۆزانەی خۆیان، لە هەڵدێری هەڵەکان دەمگێڕنەوە.

رەسووڵ سوڵتانی

## پێشەکیی دەقە فارسییەکە:

### کەسایەتی و سەربردەی بالوول

بالوول لە وشەدانی (ئەلقامووس ئەلعەسری)دا بە واتای قەشمەر و قسەنەستەق و چاوقایم و گەپچارِ هاتووە و، لە وشەدانە فارسییەکانیشدا بە واتای کابرایەکی ڕووگەش و دەم بە پێکەنین و شاد و گەورەی خێڵ و کردەجوان و چاکەکار هاتووە.

بەپێی وشەدانەکەی دێهخودا، ئەبو وەهەیب، بالوول ئیبنی عەمرەلسیرفەی کووفی، ناسراو بە بالوولە شێتە، لە سەروبەندی ١٩٠ی کۆچیدا مردووە.

پێی گوتراوە ژیرەشێتەکە* و زۆر قسەخۆش بووە و قسەکانی نەستەق و دەگمەن بوونە. جگە لەوەیش ناوی عارفێکی بەناوبانگە:

چەن جوانی فەرموو بالوولی زانا
کە دیتی شەڕکەرێکی زۆر بەتوانا
سەعدی

من لە کویّ و ئامۆژگاریکەرە قسەتڕنەکان لەکویّ
حەکیم ناشکێنن تۆزی پێی بالوول لە گەورەییدا

* لە زمانی کووچەوکۆڵانی کوردەواریدا بەو جۆرەکەسانە دەگوترێ (شێتی ئاقڵ گێ)...

### له ڕەیحانەتولئەدەب و مونتەزیمدا ئاوا باسی بەهلوول کراوە:

وەهەیبی کوڕی عەمری کووفی، زانا و خواناس و خاوەن کەرامات و ناسراو بە بالوولە شێت، لە گەلێ کتێب و نووسراواندا باسی شتە دەگمەنەکانی کراوە. ساڵی ۱۹۲ مردووە.
بالوول، کوڕی بنەماڵەی دەرەبەگ و خونکاران بوو.

### لە کەشکۆڵەکەی شەمسدا ئاوا باسی بالوول کراوە:

"بالوول بە واتای ڕووگەش و جوانچاك و زیرەکە، زۆر جاران بەو کەسانەی ڕاستوێژ و قسەئەنگێو و قسەخۆشن، دەگوترێ بالوول.
ئەو بالوولە بەناوبانگەی لە سەردەمی هاڕوونەڕەشیددا دەژیا، یەکێك بوو لە قوتابییە تایبەتییەکانی ئیمام سادق و خزمێکی نزیکی هاڕوون بوو.
ناوی خۆی "وەهەبی کوڕی عەمر" بووە و لە کووفە لە دایك بووە. یەکێك بوو لە پیاوە ژیرەکانی سەردەمی خۆی، بەڵام بۆ پاراستنی دین و باوەڕەکەی، خۆی لە شێتی دا.
بالوول بەر لەوەی خۆی لەخەڵکی شێت بکا، لە بنەماڵەیەکی خوونکار بوو، بەڵام ئەوەندە هۆگری دین و ئەهلی بەیت بوو، پشتی کردە باق و بریقی دنیا و سەرەڕای ئەوەی گەلێ جاران پلە و پایەی بەرزیان دایێ، هەر وەرینەگرت و بە وشکەنانێك دەژیا و جلوبەرگی شڕ و دڕاوی لەبەر دەکرد و منەتی هاڕوونی نەدەکێشا.
بالوول زۆر جاران بە قسەی نەستەق و کردەی تایبەت و جوان لای هەقی دەگرت و جاری وابوو هاڕوون و هەندێ کەسی لووتبەرزی وا دەشکاندەوە، چیی نەدەما قەستی سەری بکەن و بیکوژن، بەڵام لەبەر خاتری خزمایەتییەکەی لەگەڵ هاڕوون و شتی دیکەش، دەستیان لێ دەپاراست.

### ئەو هەقایەتانەی بەزمانی بالوولەوە هەڵبەستراون:

زەڕین کوب لەبارەی بالوولەوە دەنووسێ: "ڕوخسارێکی تایبەت و دەگمەن و سەرنجڕاکێشی دیکە لەو هەقایەتانەی سەرزار و زمانانندا هەیە، ئەویش "بالوولی زانا"یە. خەڵکی کووفە دەڵێن، شیعە بووە و وا دیارە ساڵی ۱۸۸ لە کووفە هاڕوونەڕەشیدیشی دیتووە و ئامۆژگاریی کردووە. زۆر قسە و هەقایەتیان لە زاری ئەو بالوولەوە هەڵبەستووە، کە هەندێکیان فریان بەسەر ئەوەوە نییە یان لەوانەیە هەقایەتی بێ خاوەن بن کە پاڵەوانێکی دیاریکراویان نییە و لە زمانی

خەڵکی جۆراوجۆرەوە گێڕدراونەتەوە. بەڵام هەر لە سای ئەو جۆرە هەقایەتانەوەیە کە ناوی بالوول لەسەر زمان و زاری خەڵکی ئاسایی بە واتای ساویلکە، یان قەشمەر و گەپجاڕ هاتووە. کەچی هەرچۆنێك بێ، ئەو قسە و سەربردانەی دەڵێن هیی بالوولن، بەشێکن لەو قسە نەستەق و دەگمەنانەی خەڵکی ئەو سەردەم سەری خۆیانیان پێوە خافڵاندووە و بۆ پێخۆشبوون گێڕاویانەتەوە.

## خزمایەتیی بالوول و هاڕوون:

بالوول بە ڕواڵەت کابرایەکی شێتۆکە و گێل بووە کە لە سەردەمی بەهێزترین خەلیفەی عەباسی واتە هاڕوونەڕەشیددا ژیاوە و لە کووچە و کۆڵاناندا سواری چڵە خورما یان قامیشێك دەبوو و لەگەڵ منداڵۆچکان گەمەی دەکرد. کابرایەك بووە سەروقژ ئاڵۆز و شڕ و شپڕێو.

خەڵکی نەزان و بیرچەوتی هاوچەرخی خۆی، بالوولیان پێ شێت بووە. کەچی ئەو کابرایەکی ژیر و زیرەك و وردبین و مووئەنگێو و قسەنەستەق و قوت بووە، لەگەڵ ئەوەشدا پیاوێکی فازڵ و ئەدیب و زاناش بووە و زۆر شارەزای حەدیس و بەتایبەتی قورئان بووە و لە هەرجێیەك بە پێویستی زانیبێ، پەنای بۆ بردوون. دەڵێن لە کووفە لەدایك بووە، هەندێکیش دەڵێن لە بەسرە. بە پێی نووسراوەکەی مستەوفی، لە کتێبی "تاریخ گزیده"دا کەساڵی ٧٣٠ی کۆچی دانراوە، بالوول ئامۆزای هاڕوونەڕەشید بووە.

پەرتەوی ئامۆلی‌یش سەبارەت بە خزمایەتیی بالوول و هاڕوون نووسیوێتی:

"بالوول بە واتای ڕووگەش و جوان هاتووە و هەر پیاوێك قسەخۆش و سوعبەتچی و قسەئەنگێو و ژیر و پوختە بێ، پێی دەڵێن، دەڵێی بالوولە، ئەگەرچی لە شێتان دەچوو، بەڵام یەکێك بووە لە ژیرەکانی سەردەمی خۆی.

لە یادداشتنامەکاندا بالوول زۆرن، بەڵام ئەو بالوولە بەناوبانگەی ئێمە مەبەستمانە، کەسێکە لەسەردەمی هاڕوونەڕەشیددا ژیاوە و یەکێك بووە لە قوتابییە تایبەتییەکانی ئیمام سادق.

بالوول یەکێك بووە لە خزمە نزیکەکانی هاڕوونەڕەشید و دەشڵێن دایك برای بووە، سەرەڕای ئەو خزمایەتییەش ئیمامی یەکەمی شیعەکان و منداڵە مەزنەکانی ئەوی زۆر خۆش ویستووە.

بە پێی ئەو شتانەی باسمان کردن، لەبەر ئەوەی بالوول یەکێك بوو لە خزمەکانی خەلیفە، بۆی هەبوو کەی حەزی لێ بێ، هەر بەو سەروسەکتە شپڕێو و ئاڵۆزەیەوە و تەنانەت هەر بە سواری قامیشەکەشی بچێتە نێو کۆشکەکەی هاڕوونەڕەشید، بەبێ ئەوەی کەس پێشی بگرێ.

## سەردەمی هارووونەڕەشید و دنیای هەزار و یەکشەوە:

دوای مەهدی، سەردەمی هارِوون لوتکەی قۆناغی ڕابواردن و چێژوەرگرتنی دەسەڵاتدارێتیی عەباسییەکان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، دوای ئەویش خەلیفەکان، خۆش ڕابواردن و خۆشگوزەرانییەکانی خۆیانیان هیچ کەم نەکردەوە، بەڵام ئاژاوە و ڕاپەڕینی بەردەوامی سەربەخۆییخوازەکان، ئیتر سەروەت و سامانەکەی سەردەمی هارِوونی بە دەستەوە نەهێشتبوون.

هەرچۆنێك بێ سەردەمی هارِوون، سەردەمی ئەفسانە خەیاڵبزوێنەکانی هەزار و یەکشەوە و ڕۆژانی خۆشڕابواردنی بێ بڕانەوە بوو. ئەو سەردەمەی زبێدە، ژنە بەناوبانگەکەی خەلیفە وەك ئەسپەکەی کالیگۆلا بە مەیموونەکەی خۆی ڕادەگەیشت.

مەیخواردنەوە و حەز و هۆگری بە گۆرانی و مۆسیقا لە سەردەمی ئەودا، بەغدای وەك تیسفوونی سەردەمی خەسرەوەکانی ساسانی لێ کرد. سەروەت و سامانی سەردەمی هارِوون و شکۆی سەردەمی بەرمەکییەکان، نەك هەر دەرباری خەلیفە، بگرە ماڵی زۆربەی دەوڵەمەند و خواپێداوانیشی کردبووە شوێنی ڕابواردن و خۆشگوزەرانی، بەتایبەتی کە هارِوون خۆی زۆری حەز لە جوانی و ڕازێنەرەوەیی و ڕابواردن بوو. زۆر بە سەلیقە و بە زەوق بوو، هەم ئامۆژگاریی خواناسان کاری تێ دەکرد و هەمیش بەزم و ڕەزمی گۆرانیبێژان دەیهێنایە سەما. هەم بە چێژ و حەزەوە گوێی لە قەشمەرییەکانی ئەبوونەواس و گۆرانییەکانی ئیبراهیم مووسڵی ڕادەگرت و هەم پەند و ئامۆژگارییەکانی بالوول و ئیبنی سەمماك و فوزەیلی کوڕی عەیاز و داوودی تایی بە گیان و دڵ وەردەگرت.

جاری وابوو کە گوێی لە باسی مردن دەبوو، دەستی دەکردە گریان و جاری واش بوو بە ڕۆژ و هەفتە خەریکی خواردنەوە و ڕابواردن دەبوو و ئاگای لە دنیا نەدەما. کە گوێی لە ئامۆژگاری و مەوعیزەیەك دەبوو، فرمێسکی هەڵدەوەراند، بەڵام کە ڕقی هەڵدەستا، دڵی دەبووە بەرد و بەزەیی تێدا نەدەما. هەر بۆیە هەر ساتەی لەسەر هەوایەك بوو.

جاری وابوو ئەوەندەی نوێژ دەکرد و ڕۆژووی دەگرت، بێتامی دەکرد، جاری واش بوو ڕابواردن و بەرەڵڵاییەکەی سنووری دەبەزاند، ئەمین و مەئموونی کوڕیشی وەکو گیا لەسەر پنجی خۆیان شین بوون و وەك باوکیان ملیان نایە خۆش ڕابواردن.

بەڵام ژیان لە هەموو شوێنێك ڕابواردن و شادی نەبوو، ئەوەی دوور لە کۆشکی خەلیفە و ئەمیرەکانی دەژیا، یان ڕێی دەکەوتە بازاڕ و کاروانسەرا پڕ لە ژاوەژاوەکانی بازرگانانی بەغدا،

زۆر جاران لەو مزگەوتەی لە سەر ڕێگایە تووشی دەبوو، خەڵکێکی دەدی ئەوە سەریان ناوەتە عیبادەت و نوێژ، یان خەریکی زیکر و تەهلیلەن یان لە دەم گۆڕستانی شار چاویان بە خەڵکێك دەکەوت ئەوا بە جلوبەرگێکی شڕ و دڕاو و ڕوخسارێکی ژاکاو و شێواوەوە خەریکی قورئانخوێندن و زیکری خودان. ئەو خەڵکە هیچ گوێیان بە ژاوەژاو و هەرای دووکاندار و فرۆشیار و سەربازەکان نەدەبزووت، کە یەکێك بە تەرازوو و پێوانە قۆڵی خەڵکی دەبڕی و ئەوی تر بە شیر و سەرەنێزە زوڵمی لە خەڵك دەکرد.

دامودەزگای خەلافەت لەو سەردەمەدا، زۆر ڕەنگ و بۆی ئێرانیانەی پێوە بوو و بە پێچەوانەی ئەمەوییەکان، عەباسییەکان هەر لاسایی دابونەریتی فارسەکانیان نەکردەوە، بگرە هەر یەکسەرە لە شارستانیەت کولتووری ئێراندا توانەوە و لە هەموو بوارێکەوە دابونەریت و خدەی فارسانیان ڕەچاو کرد.

## پەرتەوی ئامۆلی ئاوا سەردەمی هاڕوون و پێگەی بالوول وێنا دەکات:

وەك دەزانین، بالوول لە ڕاستیدا پیاوێکی ژیر و خواناسێکی تەواو بوو و لە قسەئەنگێوی و کردنەوەی گرێکوێرەکاندا، تاقانەی زانا و ژیرانی سەردەمی خۆی بوو. بەڵام لە سەردەمی خەلافەتی هاڕووندا کە کەس نەیدەوێرا زمانی بگەڕێ، گەورەپیاوان ناچار بوون بێدەنگ بن یان بە ڕێگایەکی دیکەدا ڕاستییەکان بدرێکنن، ئەگینا سەریان تێدا دەچوو و ژن و منداڵیشیان وەك بنەماڵەی بەرمەکییەکان دوابڕاو دەبوون، هەر وەك چۆن کاتێ هاڕوونەڕەشید گوێی لە بەڵگەهێنانەوەکانی هیشام ئیبنی ئەلحەکەم بوو بۆ سەلماندنی ئیمامەتی ئیمام مووسای کازم، بە یەحیای کوڕی خالیدی بەرمەکیی گوت:

"زمانی ئەو کابرایە لە سەد هەزار شمشیر زیانی بۆ من زیاترە، زۆر سەیرە ئەمن هەر وا لە دەسەڵاتیشدام و ئەو کابرایەش زیندووە."

کە هیشام ئەو قسەیەی بیستەوە و زانیی هاڕوون قەستی سەری کردووە، ڕای کرد و چووە کووفە و لە ماڵی برادەرێکی خۆی شاردەوە و زۆری نەبرد لە ترسی هاڕوون دڵی تۆقی.

بەڵێ بالوول لەو چاخ و سەردەمەدا دەژیا و لە بەر ئەو شتانەی باسمان کرد، هیچ عیلاجی نەبوو جگە لەوەی خۆی لەخەڵك شێت بکا، بۆ ئەوەی نەکا بەڵایەکی بەسەر بێنن.

هاڕوونەڕەشید گەورەترین خەلیفەی عەباسی بوو کە ساڵی ١٧٠ی کۆچی مانگی دوای هادی لەسەر تەختی خەلافەت دانیشت. هاڕوون پیاوێکی دەمارگرژ و لەگەڵ ئەوەشدا

خۆشگوزەران بوو. باق و بریق و شکۆی دەربارەکەی بەناوبانگ بووە. هارۆونەڕەشید و مەئموونی کوڕی، بەهۆی ئازاردانی شیعەکان و شەهیدکردنی ئیمامی حەوتەم و هەشتەمی شیعەکان، بۆ هەتا هەتایە کەوتنە بەر تووك و لەعنەتی شیعەکان. هارۆونەڕەشید لە کاتی شەڕ لەگەڵ خەواریجەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێراندا مرد.

بەپێی نووسینی حەمدوڵای مستەوفی، هارۆونەڕەشید خەلیفەی عەباسی بۆ سەرکوتکردنی ڕافیعی کوڕی لەیس، کە لە سەمەرقەند ڕاپەڕیبوو و دەستی بەسەر "ماورالنهر"دا گرتبوو، دەچێتە خۆراسان و لە شاری تووس نەخۆش دەکەوێ و شەوی شەممە سێیەمی ڕەبیعول ئاخەری ساڵی ١٩٣ دەمرێ. هەر لەوێ کە ئێستا بووەتە شاری مەشهەد و شاری عەلی کوڕی مووسای ڕەزایە، دەینێژن. هارۆون ٢٢ ساڵ و دوو مانگ و نیو خەلافەتی کردووە و چلودووساڵیش ژیاوە.

## بالوول چەند خەلیفەی دیتووە؟

بەپێی وشەدانەکەی دێهخودا، بالوول ساڵی ١٩٠ی هیجری و بەپێی کتێبی "ریحانەتولئەدەب و موتەزیم" ساڵی ١٩٢ی کۆچی مانگی مردووە. بە پێی ئەو هەقایەتەی ئێستا بۆتانی باس دەکەین، بالوول جگە لە هارۆونەڕەشید "١٩٣ـ ١٧٠) سێ خەلیفەی پێش ئەویشی واتە هادی (١٧٠ـ ١٦٩) و مەهدی (١٦٩ـ ١٥٨) و مەنسوور (١٥٨ـ ١٣٦)یشی دیتووە و لە ڕاستیدا لە سەردەمی چوار خەلیفەدا (١٩٢ـ ١٣٦)دا ژیاوە.

لە هەقایەتێکیشدا ئاوا گێڕدراوەتەوە:

"ڕۆژێکیان هارۆونەڕەشید لە بالوول دەپرسێ: ئەرێ دەتەوێ ببیتە خەلیفە؟

بالوول گوتی: نەخێر.

هارۆون گوتی: بۆ؟

بالوول گوتی: لەبەر ئەوەی من بە چاوی خۆم مەرگی سێ خەلیفەم دیتووە، بەڵام تۆ کە خەلیفەی، تا ئێستا مەرگی دوو بالوولت دیتووە؟"

سەید عەتائۆڵا شەمشی دەوڵەت ئابادی، لە کتێبەکەی خۆیدا هەقایەتێکی زەیدی مەجنوون دەگێڕێتەوە کە دیارە، بالوول هەتا سەردەمی متەوەکلی عەباسی (٢٤٧ـ١٣٣)یش ژیاوە.

ئەو چیرۆکە لە ڕاست ناچێ و بالوول ناکرێ تا سەردەمی متەوەکلی عەباسی ژیابێ، لەبەر ئەوەی هارۆونەڕەشید لە سەروبەندی ساڵی ١٩٣ی کۆچیدا ماڵاوایی لە ژیان کردووە، لە

لایەکیشەوە بالوول لە ساڵی ١٩٠ یان ١٩٢ لەوانەیە یەك دوو ساڵێك بەر لە هارٍوون مردبێ و بە دڵنیاییەوە هەتا سەردەمی خەلافەتی متەوەکل نەژیاوە.

## بالوول پێشتر قازی(دادوەر) بووە:

بە پێی نووسینی ئیحسان تەباتەبایی، بالوول پێشتر سەردادوەر بووە، ناوبراو لەو بارەیەوە دەنووسێ:

بالوول بەر لەوەی بە ئانقسەت و لە بەرژەوەندیی خۆی ئەو کارە بکات، دادوەری سەردەمی هارٍوون بوو، جا هەر لەبەر ئەوەی کە دیتی کاروبارەکان بە پێچەوانەی هەق و دادپەروەرین، ویستی خۆی لە هاوکاریی خەڵکی چەپەڵ و دژەمرۆڤ ڕزگار بکات. بۆیە هیچ ڕێگەیەکی پێ شك نەهات جگە لەوەی خۆی لە شێتی بدا و ڕۆژێك لە ڕۆژان وازی لە پلە و پایە و پێگە و ئابڕووە ڕواڵەتییەکەی هێنا و جلوبەرگێکی زبری لەبەر کرد و لیێی سواری دارێکی حەیزەران بوو و هاتە نێو کۆڵان و لەگەڵ منداڵە وردکان کەوتە گەمەکردن و بەردەوام بە خەڵکی دەگوت:

ـ بکشێنەوە با ئەسپەکەم لووشکەتان لێ نەدا.

خەڵك وردە وردە بە یەکتریان گوت و شێتییەکەی بالوول بوو بە بنێشتەخۆشکەی سەر زاران و هارٍوونەڕەشیدیش لە دڵەوە هیچ پێی ناخۆش نەبوو، چونکە یەکێکی دیکەی لە جێی دانا و شەڕ و بەڵای هەقبێژیی بالوولی لەکۆڵ خۆی کردەوە و ئیتر لەمەودوا بالوول ئەگەر قسەیەکی هەقیشی کردبایە، کەس بەهەندی نەدەگرت و چەرمەسەری و گێچەڵیشی بۆ خەلیفە دروست نەدەکرد.

## بالوول لە پێشدا دادوەر نەبووە:

مەحموودی حەکیمی کە ویستوویەتی بزانێ بالوول بۆچی خۆی لە شێتی داوە، چووەتەوە سەر کتێبی "بالوولی ژیر" و دەنووسێ:

بالوول کە لە سەردەمی هارٍوونەڕەشیددا دەژیا، کابرایەکی فازڵ و خواناس بوو. زۆر زیرەك بوو، بەڵام تۆقیبوو لەوەی هاوکاریی زاڵمان و ملهوڕان بکات.

سەبارەت بە شێتییەکەی ئەو نووسیویانە، ئەو دەیزانی لە سەردەمی زوڵم و زۆریدا، خراپترین کار، دادوەرییە. لەبەر ئەوەی کاربەدەست و بەرپرسانی حکوومەت داوا لە سەردادوەر دەکەن لای ئەوان بگرێ و بە هەق بڵێ ناهەق و بەناهەق بڵێ هەق.

ڕۆژێکیان هاڕوونەڕەشید، بالوولی بانگ کردە کۆشکەکەی خۆی و داوای لێ کرد بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان یارمەتیدەری بێ و دادوەری و حکوومەتی شەرعیی بەغدا بگرێتە ئەستۆ. بالوول کە ئەوەی بیست، زۆر ترسا و گوتی:

ـ من شیاوی ئەوە نیم و بۆ ئەوەی نابم، ئەو کارە بە یەکێکی دیکە بسپێرن.

هاڕوون گوتی: هەموو وەزیر و مەزنان تۆیان هەڵبژاردووە و جگە لە، کەسی دیکەیان بەدڵ نییە.

بالوول گوتی: سوبحانەڵا، من خۆم زۆر باشتر دەناسم لەوان و جگە لەوەش، ئەگەر من لە قسەکردن و دادوەرییەکەمدا ڕاستگۆ بم، کەواتە دیارە من شیاوی ئەو شوێنە نیم و ئەگەر درۆزن و دەمتەڕ و ماستاوچیش بم، چۆن دەکرێ کابرایەکی درۆزن و تەڵەکەباز لەو پلە و پێگەیە دابنرێت.

خەلیفە دەستی لێ هەڵنەدەگرت و هەرچی بالوول پتر خۆی دەبوارد، هاڕوون پێداگرتر دەبوو. بالوول کە زانیی هاڕوون لە بڕیارەکەی پاشگەز نابێتەوە، گوتی:

ـ ڕۆژێکم لێ گەڕێن با بیری لێ بکەمەوە. هاڕوون قەبووڵی کرد، بالوول چۆوە ماڵەوە و هەرچی هێنای و بردی و وردی کردەوە، سەیری کرد لەو حەیس و بەیسەدا و لەبەر دەسەڵاتی خەلیفەیەکی وەها کەللەڕەقدا، ئەگەر مل بۆ دادوەرییەکە دانوێنێ و قەبووڵی بکا، ئەوە قیامەتەکەی دەفەوتێ و دەبێتە هاوبەش و هاودەستی دەسەڵات لە زوڵم و زۆرییەکاندا، هەر بۆیەش هاتە سەر ئەوەی خۆی شێت بکا.

ڕۆژێکیان بالوول کە لە ماڵەوە هاتە دەرێ، وەك منداڵان سواری حەیزەرانێك بوو و بە کۆڵانەکاندا دەگەڕا و پەیتاپەیتا هەرای دەکرد:

ـ بکشێنەوە، ئەسپەکەم لووشکە داوێ.

خەلیفە کە ئەوەی بیستەوە، گوتی:

ـ بالوول بەو کارەی، باری دادوەریی لە ئەستۆی خۆی داڕنی.

بالوول و ئیمام مووسای کوڕی جەعفەر

جگە لەوانەی باس کران، بە جۆرێکی دیکەشی دەگێڕنەوە کە بالوول بۆچی وای پێ باش بوو خۆی شێت بکا و، دەنووسێ بالوول یەکێك بوو لە شاگردە تایبەتییەکانی ئیمام جەعفەری سادق و لە موریدەکانی ئیمام مووسا کازم بوو. ئەو مەسەلەیە لە چەند هەقایەتێکی دیکەی

بالوولدا هاتووەتەوە و یەك لەوانە لە بەسەرهاتی بالوول و ئەبوحەنیفە یان بالوول و موعتەزلییەکاندا.

نووسیویانە:"هارِوون بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی خۆی هاتە سەر ئەوەی ئیمام مووسا بکوژێ و تۆمەتی سەربزێوی و راپەڕینی دایە پاڵ ئەو زاتە و بۆ کوشتنەکەیشی تەگبیری بە مەزنانی سەردەم و یەك لەوان بە بالوول کرد. هەمووان فتوایان دا ئیمام بکوژرێ، بەڵام بالوول بەرهەڵستی بۆوە و خۆی چووە خزمەتی ئیمام و بۆی گێڕاوە: ئیمام بە بالوولی گوت، ئەگەر بە باشی دەزانێ، خۆی شێت بکا بۆ ئەوەی شەڕ و بەڵای هارِوون لەکۆڵ خۆی بکاتەوە.

ئیتر بالوول سەرەڕای ئەو هەمووە ژیری و زانستەی، لە پڕێکا خۆی شێت کرد و خۆی لە تۆڵەی هارِوون پاراست و رێگەیەکی دۆزییەوە کە بەبێ ترس لەسەر داماوان بکاتەوە و دیفاعیان لێ بکا و حەیای دەسەڵاتداران بەرێ و خەلیفەش لە رێگەی چەوت و گەندەڵی بگێڕێتەوە.

## بالوول و ڕەچاوکردنی فەرمانی ئیمام:

شتی دیکەش لە بارەی هۆکاری شێتییەکەی بالوولەوە دەگێڕنەوە و دەڵێن: کۆمەڵێك سەحابە و هاوڕێی تایبەتی ئیمام کە بە بۆنەی دۆستایەتیی ئەو زاتەوە ڕاوەدوو نرابوون و حوکمەت بەدوایانەوە بووە و یەکێکیش لەوانە بالوول بووە، دەچنە لای ئیمام و تەگبیرێکیان پێ کرد.

ئیمام، ڕەزای خوای لێ بێ، بە یەك پیتی "ج" وەڵامی هەموانی دایەوە و، ئەوانیش زانیان ئیجازەیان نییە لەوە پتر پرسیار بکەن و ئیمامیان بەجێ هێشت.

یەکێك لە سەحابەکان، پیتی "ج"ـەکە بە جێهێشتنی نیشتمان تێگەیشت و یەکێکیان بە جەبەل واتە چیای لێك داوە و هەردووکیان لە شار چوونە دەرێ و ڕزگارییان بوو. بالوولیش بە جنوونی لێك دیایەوە و خۆی شێت کرد و ڕزگاری بوو و ناوی لە مێژوودا مایەوە.

## زانایی و تێگەیشتوویی بالوول:

هەر لەوەندە هەقایەتە کەمەدا کە ماونەتەوە و باسی بالوول دەکەن، تێگەیشتوویی و زانایی و زیرەکی و قسەئەنگێویی بالوول ڕوون و ئاشکرا دیارە، بەتایبەتی لە هەقایەتی "بالوول و قازی"ـدا (مەسەلەی ئەو ئەمانەتەی باوکی دوو هەتیو بە قازیی شارەکەیانی سپاردبوو و ئەویش نەیدەدانەوە). هەقایەتی "بالوول و مەتۆڵەکانی خەلیفە" (کە بالوول زۆر بە ئاسانی مەتەڵەکانی هەڵدێنا) و هەروەها "هەقایەتی بالوول و مشکەئاسنخۆرەکان" (کە

بالوول هەم وەڵامی گونجاوی بە نێردراوەکە فەرەنگ دایەوە و هەم نرخی ئاسنە دزراوەکانی پیرەپیاوەکەی لە قازی و کاروانسەرا ئەستاندەوە و دایەوە."

لە هەر هەموو ئەو هەقایەت و بەسەرهاتانەدا کە لێك دەچوون، بالوول وەك زانایەکی بێوێنە باس کراوە کە هەموو شتێك دەزانێ و بەردەوام وەڵامی بەجێ و پڕبەپێستی بۆ پرسیارەکان پێ بووە و هەر مەتەڵێکیان لێ داهێنابا، هەڵی دێنا و دوای هەموو شتێکیش بە وەڵامی ژیرانە و ماقووڵ خەڵکەکەی دەوروبەری خۆی تووشی سەرسووڕمان دەکرد و بەجێی دەهێشتن.

## شارەزایی بالوول لە حەدیس و ئایەتەکانی قورئان:

بالوول بە هۆی یەکەم پیشەکەی کە دادوەری و سەردادوەری دادوەرەکانی بەغدا بوو، یان لە سای خوێندنەوە و موتاڵای زۆر و قووڵەوە، زۆر بەسەر حەدیس و ئایاتی قورئاندا زاڵ بووە و زۆریش بەجێ و ڕێ کەلکی لێ وەردەگرتن و زۆر جاران لەو ڕێیەوە ئامۆژگاریی هاروونی دەکرد و ئەو خەلیفە دڵڕەقەی وەگریان دەخست و ئاگادار دەکردەوە و ئەو مەسەلەیەش لە لەم کتێبەدا بەتایبەتی لە حەقایەتەکانی "بالوول و بینا نوێیەکەی هاڕوونەڕەشید" و "بالوول و موعتەزلییەکە" و "بالوول و شێخ جونەیدی بەغدادی" و "بالوول و هاڕوون لە سەفەری حەج" و "بالوول و شەراب خواردنەوەی هاڕوون" و زۆر هەقایەتی دیکەشدا بە ڕوونی دیارە.

بۆ وێنە: هاڕوون بیایەکی نوێی دروست کردبوو و داوای لە بالوول کرد و بە یادگار شتێك لەسەر دیوارەکەی بنووسێ. بالوولیش پارچە ڕەژووەکی هەڵگرت و لەسەر دیواری کۆشکەکەی هاڕوون بە عەرەبی نووسیی:

"خشتت لەسەر یەك دانا، ئایینیشت وەلا نا. گەچ و قسڵت هەڵچنی، دەق و کتێبت دارنی. ئەگەر ئەم بینایەت بە ماڵ و سامانی خۆت دروست کردووە، زێدەڕۆیی و ئیسرافت کردووە و خوای گەورەش زێدەڕۆییەکەرانی خۆش ناوێ و ئەگەر بە ماڵ و سامانی خەڵکت دروست کردووە، زوڵمت کردووە و خوای گەورەش زاڵم بە دوژمنی خۆی دەزانێ."

## بالوول پاڵەوان و قسەخۆشی کورد:

دکتۆر باستانیی پارێزی بە پشتبەستن بەو گێڕانەوەیەی لە خوارەوە دەیهێنینەوە، پێی وایە بالوول خەڵکی کوردستان بووە:

"له گوندەکانی کوردستاندا، هەزار ساڵ لەوەپێش پیاوێکی وەك بالوولی لێ هەبووە کە بەپێی "سەرەنجام" کتێبە پیرۆزەکەی کاکەییەکان، قوتابیی ئیمام جەعفەری سادق بووە و هەر ئەویش بووە مناقشە و گەنگەشەی لەگەڵ هاڕوونەڕەشید کردووە و گۆرانیی کوردییشی لێ بەجێ ماوە. (حماسه کویر. چاپ اول. ص٣٣٨)

دکتۆر عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ یەکێك لە زاناکانی ئازەربایجان* دەرگایەکی تازەمان لەسەر ژیانی بالوول لێ دەکاتەوە. ناوبراو دەنووسێ:

له نێو پاڵەوانانی تەوس و قسەخۆشی میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا، پاش مەلا نەسرەدین قارەمانێکی دیکە بەناوی بالوول ناوبانگی دەرکردووە. لە پێشەکیی چیرۆکەکانی مەلانەسرەدیندا کە لە بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی ئاکادیمیای زانستی ئازەربایجاندا بڵاو بووەتەوە، خەڵکی ئازەربایجان و ڕۆژهەڵاتی دنیا "بالوول" بە عەرەب و برای خەلیفە مەزنەکەی عەباسی "هاڕوونەڕەشید" دەزانن، لە نێو خەڵکی کوردیشدا "بالوول" بەپێی قسەکانی بە یەکێك لە براکانی هاڕوونەڕەشید دەزانن کە شێتیش بووە.

لە لایەکیشەوە بالوول نوێنگەیەکی کەسایەتیی ڕاستەقینەی شاعیری مەزنی عەرەب "ئەبونەواس"ـە، کە شێتۆکەش بووە. زۆربەی بەسەرهاتەکانی ئەبونەواس کە لە کۆشکی خەلیفەدا بەسەری هاتووە، لە لاپەڕەی کتێبە گەورەکەی ئەوەوە کەوتوونەتە سەر زاری خەڵکی و دواتر هەر لە قسەکانی وی قارەمانێکیان بەناوی بالوول دروست کردووە.

کورد دەڵێن: قسەی ڕاست یان لە شێتی ببیستە یان لە منداڵ، چونکە شێت و منداڵ شت ناشارنەوە و قسەی دڵ و زمانیان یەکە، هەر بۆیە "بالوول" لە نێو خەڵکدا بە شێتەی قسەلەڕوو و بەتوانج و تەشەر ناوبانگی دەرکردووە، وەك دەڵێن: قسەی هەق تاڵە و کورد واتەنی، قسەی هەق وەك بەردێکی ڕەق وایە، کە بە سەر و سەکتی خەڵکی خراپ و چەوتیدا بدەی، هەروەك لە هەقایەتە کوردییەکان، کەسایەتیی مەلانەسرەدین و تەیمووری لەنگ بیانووەکن بۆ ڕەخنەگرتن و دەربڕینی قسەی هەق. هەقایەتەکانی بالوول و هاڕوونەڕەشیدیش هەر بۆ ئەوە دانراون، بەڵام وەك باس کرا، مەلانەسرەدین پیاوێکی ژیر و بالوول پیاوێکی سەرشێت و قسەلەڕووی لێ دروست کراوە، کە قسە لەکەس ناشارێتەوە.

---

* نازانم نووسەر بۆ پێی وایە دکتۆر عیزەدین مستەفا ئازەربایجانییە.

قسەکانی مەلانەسرەدین ڕەخنەیەکی نەرم و نیانە لە حکوومەت و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی، بەڵام قسەکانی بالوول سنووری ڕەخنە و تەوس و ئیراد دەبەزێنن و دژی هەموو شتێکی ناتەبا و چەوتی کۆمەڵایەتییە.

ئەگەر مەلانەسرەدین بە قسەکانی خۆی دەیەوێ تۆزێك کەموکورتییە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر بکا، بالوول بەرەنگاری کۆنەپەرستی دەبێتەوە. ئەگەر مەلانەسرەدین دەیەوێ کەموکورتییەکانی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکە چاك بکاتەوە، بالوول یەکسەرە دەیەوێ ئەو سیستەمە لە بنج و بناوانەوە تێك بدات و بەلاوەی بنێ و هەموو ئەو کەموکورتییانەی ئێمە دەیانبینین، چارەسەر بکات:"(بهلول عاقل تهران ص٣)

بەداخەوە هەتا ئێستا هەوڵ نەدراوە قسەکانی بالوول بە کوردی کۆ بکرێنەوە و بنووسرێنەوە، هەر بۆیە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی باشی لێ نەکراوە، هەر ئەوەندە دەزانین بالوولیش وەك مەلانەسرەدین ئەگەر کابرایەکی ڕاستەقینە بێ، یان خەیاڵی و ئەفسانەیی، یان کەسایەتییەکی گۆڕدراوی ئەبوونەواس، یان لە هەر ڕەچەڵەك و نەژادێك بێ و، قسەکانی لە نێو نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا بڵاو بوویێنەوە، دیسانیش قارەمانی قسەخۆشی نەتەوەی کوردیشە، بەڵگەشمان هەر ئەو بەڵگەیەیە کە بۆ کەسایەتیی مەلا هێنامانەوە، چونکە زۆربەی قسە و نوکتەکانی بالوول ڕەنگ و بۆنی قسەی نەستەقی کوردییان بەخۆوە گرتووە.

ئەگەر کەسایەتیی بالوول، قارەمانی هاوبەشی قسەی نەستەقی میللەتەکانی ڕۆژهەڵاتی دنیا بێ، کوردکانیش بەشێکن لەو ناوچەیە و بە ڕەوای دەزانن بالوول بەهیی خۆیان بزانن. *

## بالوولی زانا و کەسێکی قسەنەستەق و نەمر:

جەنابی ئەحمەدی وەکیلیان مامۆستای کۆلێژی دەنگ و ڕەنگ (ڕاگەیاندن) و پسپۆڕی کولتووری گەل، لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەسەر ژیانی بالوول و بە پشتبەستن بە وتارەکەی ئێرانناسی بەناوبانگی ئەڵمانی، پرۆفیسۆر ئۆلریخ مارزۆلف، وتارێکی تێروتەسەلی بەناوی (بالوولی زانا و کەسایەتیی قسەنەستەق و نەمر) لە ژیان و کەسایەتیی بالوول بەتایبەتی هۆکاری نەمربوون و هەرمان و بەناوبانگبوونی بالوول لەنێو قسەنەستەقاندا نووسیوە، کە ئێمە

* عیزەدین مستەفا ڕەسوول. وتارێك لەسەر کەسایەتییەکانی تەوس لە کولتووری میللەتی کورددا. هاشم سەلیمی کردوویەتی بە فارسی.

لێره چەند بەشێکی بەنرخی ئەو وتاره دێنینەوه: "بالوولی کوڕی عومەره شێته (ساڵی ٨٠ی زایینی مردووه) پیاوێکی زیرەك بەڵام بە ڕواڵەت ئەقڵسووك بوو، کە لە سەدەی دووەمی کۆچیدا دەژیا، لە سەرچاوه عەرەبییه کۆنەکانی سەدەی سێیەم و چوارەمدا وا ناوی هاتووه کە زۆر بە قووڵی شارەزای قورئان و حەدیس و شیعر بووه. ئەو کابرایه کە لە جێیەکدا شێتێکە و سواری ئەسپێکی دارین دەبێ و بە کۆڵانەکانی کووفەدا غار دەدا و منداڵە وردکە لە دەوری خڕ دەبنەوه و دەیکەنە هەرا و قریوه و لە شوێنێکی دیکە بنیادەمێکە، هەتا بڵێی تێگەیشتوو و خواناس، هەرچی لەم دنیایەدایه بە پووشێکی ناوێ و مل لەبەر ملی گەورەترین دەسەڵاتی سەردەمی خۆی دەنێ و بە زمانێکی تەوساوی، ڕەخنەکانی خۆی دەگرێ.

ئەو تەوس و تەشە و قسانەی دراونەتە پاڵ بالوول و بەزمانی ئەوەوه گوتراون، نە زەمەن دەناسن و نە شوێن، بەڵکو سنووری چاخ و سەردەمەکان دەبڕن و پشتی هەموو زاڵمێکی مێژوو دێننە لەرزین.

بالوول زۆر جیاوازه لە هەموو کەسایەتییە تەوسبێژەکانی وەك مەلای مەشهوور و جوحا و .... کار و تەوسەکانی ئەو دەکرێ بەراورد بکرێن لەگەڵ کار و هەڵسوکەوتی فەیلەسووفەکان و دەبێ لەگەڵ ڕاهێنەر و ڕێنوێنە ژیر و تێگەیشتووەکانی کۆمەڵگەی ڕابگرین*.

هەر بۆیه بالوول بەپێی ئەو تایبەتمەندییانە لە بواری تەوس و گاڵتەی پڕ ناوەرۆکدا، جێی خۆیەتی کە بە یەکێك لە شێتە ژیرەکانی نێو ئەدەبیاتی جیهان لەقەڵەم بدرێ.

بالوول و کارەکانی لە ڕەوتی سەدەکاندا، وەك ئەفسانەیان لێ هاتووه. ئەو لە ئەدەبیاتی مۆدێرنی وڵاتە ئیسلامییەکاندا وەك دەرکەوتە و نوێنگەی ئەدەبی و نقیساریی شێتەژیرەکان دەبینین. لەگەڵ ئەوەشدا وەك بەناوبانگترین کەسی ڕەسەنی چیرۆکە تەوساوییەکانی سەر زار و زمانی خەڵکیش ناوبانگی دەرکردووه. هەر بۆیەش هیچ کام لەوانەی لە ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسیدا قسەخۆش و تەوسبێژ بوونە، نەیانتوانیوه بگەنە ئاست و پلەی بالوول.

---

* لەگەڵ ڕاکرتن: ئیدیۆمێکی کوردەوارییه. لەگەڵ فلانەکەسم ڕامەگرن، واته مەمهێننە ڕیزی ئەو...
مامۆستا هێدی کە شینی هێمن دەگێڕێ لە کۆتایی شیعرەکەیدا دەڵێ: ئێستەش ئەمن **ناڵێم وەرن ڕێزی لێ بگرن.... من هەر دەڵێم لەگەڵ کەسی ڕامەگرن.**

## هۆكاری هەرمان و بەرچاوبوونی بالوول:

لێكۆڵەران پێیان وایە چوار هۆكار بوونەتە هۆی هەرمان و بەرچاوبوونی بالوول و تەوس و گاڵتەكانی وی. لێرەدا كورتەیەك لەو چوار هۆكارە دەخەینە ڕوو، كە لە وتارێكی گۆڤاری "لێكۆڵینەوە فۆلكلۆرییەكان"دا بەناوی بالوولی زانا وەرمان گرتووە:

١. شیعەبوونی بالوول، كە لە كۆنترین بەڵگەكاندا، واتە كتێبی "البیان و التبیین"ی بەرهەمی عومەری كوڕی جاحز، تەوسنووس و نووسەری سەدەی سێیەمی كۆچیی مانگی، ڕاشكاوانە دەڵێ بالوول شیعە بووە.

٢. لێ تێكەڵبوونی ناوی بالوول لەگەڵ چەند كەسێكی دیكەی هاوناوی خۆی وەك:

- بالوولی كوڕی محەمەدی سیرفیی ئەلكوفی، كە باس و بەسەرهاتی شیعەكانی نووسیوەتەوە و بە شاگردێكی ئیمام جەعفەری سادق لەقەڵەم دراوە.

- بالوولی كوڕی ڕەشید، كەسێكی دیكەی هاوسەردەمی بالوولی كوڕی عومەر بوو و بەرهەمێكی هەیە بەناوی "القصیده البهلولیا" كە بەرهەمێكی سۆفیانەیە و لە مەراكشی ئێستادا زۆر بەناوبانگە و بەناوی ئەوەوە نووسراوە.

مزگەوتی بالوول: خراپ نییە بزانین كە یەعقووبی لە كتێبی "البلدان"دا گوتوویەتی، ئەو مزگەوتە لە كەنارەكانی مەراكش هەڵكەوتووە.

ئەو دەیەوێ قەناعەت بە خوێنەر بكا، كە بالوولە شێتە خواپەرستێكی مەغریبی بووە. لە حاڵێكدا شتی وا ڕاست نییە.

گۆڕی بالوول:  گۆڕی شاعیرێكیش بەناوی بالوول لە ئەفغانستانە، هەندێ كەس و لایەن وای لێ تێگەیشتوون كە بەڵێ ئەوە گۆڕی بالوولە شێتەكەی خۆمانە.

بەو دواییانە ناوی ئەو بالوولانەی لەگەڵ ناوی بالوولی كوڕی عومەر گۆڕدراون، سەرنجی ڕۆژهەڵاتناسەكانی ڕاكێشاوە و گۆڤارێكی تایبەت لەو بوارەدا چاپ و بڵاو كراوەتەوە.

٣. سێیەمین بۆچوون پەیوەندیی بە ڕەخنەگرتنی توندی بالوولەوە هەیە لە دەسەڵاتی بنەماڵەی عەباسییەكان و خەلیفەی پێنجەمیان واتە هاڕوونەڕەشید كە لە ١٧٠ـەوە هەتا ١٩٣ی كۆچیی مانگی دەسەڵاتی هەبووە. سەردەمی دەسەڵاتەكەی هاڕوون، هەر هەمووی خۆشڕابواردن و شكۆ و دەسەڵات و بەفیڕۆدانی بەیتولماڵ بوو و دنیاپەرستی و هەندێ

بۆچوونی ناتەبای ئەو لەگەڵ مەزهەب، کەوتە بەر ڕەخنەی توند. ئەو لەلای شیعەکان تەنانەت ئەمڕۆش، بەهۆی ئەو دژایەتیکردنەی مەزهەب، کەسێکی بێزراوە.

ئەو ڕوانگەیە کاتێك بەهێز دەبیٚ، کە بزانین بالوول خۆی سەر بە ڕەچەڵەك و بنەماڵەی عەباسییەکان بووە. ئەو لە بەڵگە جۆراوجۆرەکاندا، وەك برا و کوڕە پوور و کوڕەمامی هاڕوون ناوی هاتووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی جیٚ متمانە نییە ئەو شتانە پشتڕاست بکاتەوە. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لەسەدەی پازدەیەمدا گۆیا کابرایەك بەناوی ئەحمەد ئەلبوستی، (کوڕە ئەفسانەییەکەی هاڕوون) هەبووە و دەڵێن هەڵسوکەوت و کردەوەی سۆفیانەی هەبووە و پێدەچیٚ ئەوەیان لەگەڵ بالوول لیٚ تێك چووبیٚ.

هەرچۆنێك بیٚ، کردەوەی هاڕوون کەوتووەتە بەر تیغی زمانی بالوول و جا هاڕوون کە ئێستاش لە لای شیعەکان ئەوەندە بێزراوە، بۆیە بالوولی دژە هاڕوون لای ئەوان ئەوەندە گرنگ و خۆشەویستە.

٤. بە دڵنیاییەوە دوایین هۆکار بۆ ئەوەی بالوول بە نەمری ماوەتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ خۆشەویستتر بووە، پەیوەندیی بە قسەی خۆش و لەبەردڵانی ئەوەوە هەیە. با ئەوەش بزانین کە بالوول هەم ناوە و هەمیش ناوەڕۆك، وەك هاوواتای شێت و دەست لیٚ وەشێنراو و زەین پەرت و خەیاڵاتی. ئەگەر لە بەشێکی کتێبی "نوادرالمجانین"دا ئاماژە بە چەند هەقایەتێکی بالوول بکریٚ، ئیتر ناتوانین ڕاشکاوانە بڵێین ئەوە بالوولە مێژووییەکەیە یان بالوولە شێتێکی دیکەیە.

لەوەی باسی کرا، دەکریٚ ڕەوتی کامڵبوونی ئەفسانەیی کەسایەتیی بالوول بکەینە چوار خول:

١. خولی بەڵگە و دۆکیۆمێنتە کۆنەکان، هەتا سەروبەندی سەدەی ٦ی کۆچیی مانگی.
٢. گۆڕان و جوانکردنی ئەفسانەکان هەتا نێوەڕاستەکانی سەدەی ١٠ی کۆچیی مانگی.
٣. بالوول وەك پیاوچاکێکی شیعی، لەو کاتەوە کە لە کتێبی "**مجالس المومنین**"ی قازی نووروڵا شوشتەریدا بەسەرهاتەکانی نووسراوەتەوە.
٤. بالوول لە هەقایەتی سەر زار و زمانی خەڵکی و ئیسلامیی سەردەمی ئێستادا.

**ئەفسانەی بالوول:**

ئەفسانەی بالوول کە ڕێك دوای مردنەکەی پەرە دەگرێ و بڵاو دەبێتەوە و پەڕوپۆ و لك و چڵ دەخرێتە سەر ئەو ڕووداوانەی پەیوەندییان بە بالوولەوە هەبووە و تەنانەت زۆر هەقایەت و بەسەرهاتی گاڵتەجاڕانەی نێو خەڵکیشی دەخرێتە سەر.

یەکێك لەو کەسانەی لە بەرهەمەکانی خۆیاندا دوای جاحز باسی بالوول دەکەن، یەکێکیان غەزالییە (کە لە ٥٠٥ی کۆچیی مانگیدا مردووە)، کە لە بەرهەمە بەنرخەکەی خۆیدا "احیا علوم الدین)دا و ئەوی دیکەش ئیبنی عەرەبی بووە (لە ٦٣٨دا مردووە)، و لە بەرهەمەکانی خۆیدا بالوولیان لە ڕیزی مەزنەکانی سۆفیگەریدا داناوە.

گەورە خواناسی سەدەکانی شەش و حەوت، ڕوزبەهانی بەقلی، فەریدەدین عەتار، موسلیحەدین سەعدی و لەهەموانیش گرنگتر مەولانا جەلالەدینی ڕۆمیش لە کتێبەکانیاندا چەند جاران ناوی بالوول دێنن.

مامۆستا زەرینکوب لە کتێبە بەنرخەکەی خۆیدا (بحر در کوزە)، بەشی (داستانهای امپال) لەسەر کەسایەتیی بالوول لەنێو مەسنەویدا نووسیویێتی:

"ناوی بالوول لە مەسنەویدا، هەڵسوکەوتی ژیرێکمان دێنێتەوە بیر کە خۆی شێت کردبێ، بەڵام هەقایەتی ئەوەی حەیزەرانەکەی کردووەتە ئەسپ، کە لە هەندێ گێڕانەوەدا دەڵێن بالوول وای کردووە، لە مەسنەویدا ئەو نییە، لەوانەیە مەبەست "علیان مجنون" بێت، کە مەولانا بە "خواجە علیانە" ناوی هێناوە.

لە بەسەرهاتەکەی بالوول و دەروێشیشدا، بالوول وەك کەسێکی سەرشێت و خۆشێتکەر دەرنەکەوتووە، بالوول لە موریدێك دەچێت کە مرادەکەی خۆی دەدۆزێتەوە و ئەوەندەی تێگەیشتن و بەرچاوڕوونیی هەیە بانگەوازەکەی ئەو شیاوی قەبووڵکردن بزانێ و ئیتر ملی لێ با نەدا و لاسارانە ڕەتی نەکاتەوە.

بەڕێزیان لە جێیەکی دیکەشدا فەرموویانە، هەقایەتی دەروێش و بالوول هەقایەتێکی فەلسەفی و عیرفانییە، بالوول کە لای سۆفییەکان، بە پادشای حاڵ لێهاتووەکان و "نفس مطمئنة" دانراوە، حاڵ و ئەحواڵی دەروێش دەپرسێ، دەروێشە دەڵێ، جا دەبێ چۆن بێ حاڵی ئەو کەسەی هەموو کاروباری دنیا بە کەیفی ئەو دەگەڕێ...

له سه‌ده‌ی ده‌یه‌می هیجریدا گۆڕانێکی بنه‌ڕه‌تی دێته‌گۆڕێ و نووره‌ین شه‌ریفی شوشته‌ری (مه‌رگ: ۱۰۱۹ ك.م) دوای ڕاوه‌ستانێکی هه‌شتسه‌د ساڵانه‌، یه‌که‌م که‌سه‌ به‌پێی ڕای گشتیی خه‌ڵك له‌سه‌ر بالوول ڕاشکاوانه‌ پێداگر بووه‌ که‌ بالوول شیعه‌ بووه‌ و یه‌کێك بووه‌ له‌ شاگرده‌کانی ئیمامی شه‌شه‌می شیعه‌کان، ئیمام جه‌عفه‌ری سادق، دیاره‌ وه‌ك باسی کرا، جاحزیش له‌سه‌ده‌ی سێیه‌مدا پشتڕاستی کردووه‌ته‌وه‌ که‌ ئه‌و شیعه‌ بووه‌.

دوای شوشته‌ری له‌ کتێبه‌کانی "تراجم الحوال"ی شیعه‌کاندا به‌رده‌وام باسی بالوول کراوه‌ته‌وه‌.

له‌و قۆناغانه‌ی دواییشدا، پتر له‌ بیست نووسه‌ر و لێکۆڵه‌ر له‌ کتێبه‌کانی خۆیاندا باسی بالوولیان کردووه‌. یه‌کێك له‌وانه‌ نیعمه‌تولاّی ئه‌لجه‌زایری (ساڵی مردن:۱۱۱۲.ك.م" بووه‌)، که‌ پاساوێکی دیکه‌ بۆ شێتییه‌که‌ی بالوول دێنێته‌وه‌. ده‌نووسیێ:

هاڕوونه‌ڕه‌شید ده‌یه‌ویست بالوول ـ که‌ یه‌کێك له‌ پیاوه‌ هه‌ره‌ ژیره‌کانی سه‌رده‌می خۆی بووه‌، بکاته‌ قازیی به‌غدا، به‌لاّم بالوول بۆ ئه‌وه‌ی خۆی له‌و به‌رپرسیاره‌تییه‌ بدزێته‌وه‌، خۆی شێت کرد."

به‌سه‌رهاتێکی هاوشێوه‌ش له‌باره‌ی ئه‌بوحه‌نیفه‌، فه‌قێ به‌ناوبانگه‌که‌ی ئه‌هلی سوننه‌وه‌ هه‌یه‌، له‌ هه‌لۆێستێکی کۆنفۆشیۆسیشدا که‌ پێنج سه‌ده‌ به‌ر له‌ مه‌سیح ژیاوه‌، ئه‌و بابه‌ته‌ واته‌ خۆبواردن له‌ وه‌رگرتنی پله‌وپایه‌ی فه‌رمی به‌ بیانووی شێتی و خۆشێتکردنه‌وه‌ به‌دی ده‌کرێ.

له‌ سه‌رده‌می خۆشماندا، بالوول زۆر به‌ناوبانگ بووه‌، ئه‌وه‌نده‌ به‌ناوبانگ که‌ له‌ ده‌یه‌ی دووه‌می سه‌ده‌ی بیسته‌مدا، دوو گۆڤاری ئێران، ناوی بالوولیان له‌سه‌رخۆیان دانا، ته‌نانه‌ت ئه‌مڕۆیش بالوول له‌ ئه‌ده‌بیاتی مه‌زهه‌بیی فارسیدا هه‌ر هه‌یه‌. له‌و باره‌یه‌وه‌ ده‌کرێ ئاماژه‌ به‌ به‌رهه‌مه‌ پێنج به‌رگییه‌که‌ی عه‌لیی سه‌در بکه‌ین، که‌ ناوی ناون بالوول. به‌ر له‌ عه‌لیی سه‌دریش، مه‌سه‌نی مسته‌فه‌وی له‌ ساڵی ۱۳۳۲ی هه‌تاویدا به‌رهه‌مێکی له‌و چه‌شنه‌ی نووسیوه‌. له‌و دوو به‌رهه‌مه‌شدا، بالوول شیعه‌یه‌ و یه‌کێکه‌ له‌ قوتابییه‌کانی ئیمام جه‌عفه‌ر. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا بالوول بووه‌ته‌ پاڵه‌وانی به‌شێك له‌ هه‌قایه‌ته‌ میللییه‌کانی خه‌ڵکی ئێران و تورکیا.

سوهه‌یل ئه‌نوه‌ر نووسه‌ره‌ تورکه‌ به‌ناوبانگه‌که‌، هه‌قایه‌ته‌ ته‌وساوییه‌کانی بالوولی له‌ نێو ئه‌ده‌بی زاره‌کیی خه‌ڵکی تورکیا کۆ کرده‌وه‌ و توانیی کێلی گۆڕه‌که‌ی بالوول له‌ به‌غدا بدۆزێته‌وه‌.

له زانکۆی تەکنیکیی تەکساسیش ئەرشیڤێکی دەوڵەمەند هەیە لە هەقایەتە زارەکییەکانی تورك، کە تێیاندا دەیان هەقایەتی تەوساوی بە زمانی بالوولەوە هەڵبەستراون. ئەو بابەتە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەمڕۆ خۆشەویستیی بالوول گەیوەتە دوورترین شوێنی دنیا و بەپێی لێکۆڵینەوەکان، بالوول لە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی (ئەستەمبوڵی و ئازەری) و کوردیدا (لە دەقە فۆلکلۆری و ئایینییەکان و دەقەکانی ئەهلی هەق) و ئەرمەنی و جوولەکە (جوولەکەکانی ئێران) و ئۆردوو و ڕووسی و تەنانەت هەندێ لە زمانەکانی فلیپینیشدا بەناوبانگە و ناوێکی ئاشنا و دیارە.

## شێتەکانی هاوچاخی بالوول:

لە یەکێك لە هەقایەتەکانی ئەم کتێبەدا بە بالوول دەڵێن، بەسرە چەند شێتی تێدایە، ئەویش دەڵێ، وەڵا جا ئەوەندە زۆرن لە ئەژمار نایەن، بەڵام ئەگەر حەز دەکەن ئاقڵەکانتان بۆ بژمێرم، هێندە زۆر نین.

کەچی سەرەڕای هەموو ئەو شتانەش، لە نێو ئەو هەقایەتانەدا کە باسی بالوول دەکەن، ناوی دوو شێتی بەناوبانگ هاتووە:

یەکەم شێت: عۆلیانە، کە هەر لە سەردەمی بالوولدا بووە و ئەویش وەك بالوول، پیاوێکی ژیر بووە و خۆی لەخەڵکی شێت کردووە، لە نووسراوە و کتێبی پێشینیاندا کۆمەڵێك هەقایەتی لەپاش بەجێ ماوە.

رەیحانەتولئەدەب ئاوا باسی عۆلیان دەکات:

"عۆلیان، یەکێك بوو لە شێتە ئاقڵگێیەکانی کۆتایی سەدەی دووەمی هیجری و ناوی خۆی عەلی بووە، قسەی زۆر ژیرانە و حەکمیانەی کردووە.

## هەقایەت:

رۆژێکیان هارۆونەڕەشید بە دەم گۆڕستانێکدا تێدەپەڕێ، بالوول و عۆلیانە شێتە دەبینێ ئەوا پێکەوە دانیشتوون و قسان دەکەن، ویستی جەفەنگێکیان لەگەڵ لێ بدا و سوعبەتێکیان لەگەڵ بکا: ئەمری کرد هەردووکیانیان هێنا:

گوتی: ئەمڕۆ من شێتان دەکوژم. میرغەزەبم بۆ بانگ بکەن.

ئەوەندەی یەك و دوو میرغەزەب گەیشتێ، عۆلیانیان ڕاکێشا لەسەری بدەن، گوتی:

- ئەوە چ دەکەی هارِوون؟

گوتی: ئەمڕۆ شێتان دەکوژم.

گوتی: سوبحانەڵا، ئەم شارە هەر دوو کەسەمانی شێت تێدا بوو، تۆش سێیەم کەس بووی، جا تۆ ئێمە بکوژی، ئەی کێ تۆ بکوژێ؟

شێتەی دووەم: دەڵێن ئەویش هاوسەردەمی بالوول بووە، کەسێك بووە ناوی "زەیدە شێت" بووە و دەڵێن، کابرایەکی ژیر و تێگەیشتوو بووە، بەڵام چونکە ڕقی لە خەڵکی دنیاپەرست بوووە و سوود و قازانجی خۆی دەکردە قوربانیی بەرژەوەندیی خەڵکی، خەڵك پێیان دەگوت شێت و بە زەیدە شێت ناوی ڕۆیبوو. زەیدە شێت لە میسر دەژیا، کە زانیی متەوەکلی عەباسی ئەمری کردووە ئاو بکەنە گۆڕی ئیمام حوسێنەوە، لە میسرەوە هەستا چووە کووفە و لەگەڵ بالوول بە پێیان چوونە کەربەلا و لەوێ کۆمەڵێك پەرجۆ و موعجزەیان دیت، هەر وەك لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسمان کرد، بالوول لەسەردەمی هارِوونەڕەشیددا (ساڵی ۱۹۲) مردووە و تەمەنی بڕی نەکردووە هەتا سەردەمی متەوەکلی عەباسی، هەر بۆیە چوونی ئەو لەگەڵ زەیدە شێت بۆ کەربەلا یەك ناگرێتەوە و بەو پێیە دەبێ بڵێین، تاقە شێتێکی سەردەمی خۆی، کە هاودەنگی بووە، هەر عۆلیانەشێت بووە.

## تاوتوێکردنی هەقایەتەکانی سەر زاری خەڵك و بۆچوونی خەڵکی ئاسایی لەسەر بالوول:

لەم کتێبەدا، ٤٢ هەقایەتی خەڵکیانە لە گەنجینەی کولتووری خەڵك کۆ کراوەتەوە، کە بە تاوتوێکردنیان زۆر بیر و بۆچونی خەڵکی ئاساییمان لەسەر بالوول بۆ دەردەکەوێ و شتی نوێمان لەبارەی بالوولەوە بۆ ڕوون دەبێتەوە:

### کورتترین و درێژترین هەقایەت:

سێ هەقایەتی هەرە کورت لەوانەی باسی بالوول دەکەن:

- بالوول و هاوڕێی هارِوون
- بالوول و نرخی خانوو
- بالوول و ئەو پیاوەی بوو بە کەر

### درێژترین هەقایەت:

- بالوول دەبێتە بازرگان
- بالوول و سێ کۆگا گڵ
- بالوول و جووچکەی نێو هێلکەی کوڵاو

### خزمایەتیی بالوول و هاڕوون:

لە هەقایەتەکانی سەر زار و زماناندا، دەڵێن بالوول برا یان کوڕە مامی هاڕوونەڕەشید و هاوچاخی ئیمام مووسا کازم بووە.

### هۆگریی خەڵك بە بالوولەوە:

لە نێو ئەو هەقایەتانەدا کە خەڵك لە بالوولیان گێڕاوەتەوە، دەردەکەوێ ئەوەندەی خەڵك بالوولیان خۆش دەوێ و هۆگری ئەون و بە جۆش و خرۆشەوە هەقایەتەکانی دەگێڕنەوە، ئەوەندەشیان پێ ناخۆشە کە بڵێن بالوول خزمی هاڕوون بووە و هاڕوون بە دوژمنی خوا و بنەماڵەی پێغەمبەر دەزانن.

### ناوی بالوول لە نێو خەڵکدا:

خەڵکی وڵاتەکەمان لە نێو هەقایەتەکانیاندا بالوول بە (بالوولی زانا و هەموو شت زان) و شێخ بالوول و بالوولی ژیر و بالوولە شێتە و زۆر جارانیش بە زاراوەی ناوچەیی بە بەهلیل ناویان هێناوە و نووسیویانە.

### باوەڕ بە دۆنادۆن:

لە هەقایەتی ژمارە (٣)دا واتە بالوول و ئەو پیاوەی بوو بە کەر و هەقایەتی ژمارە (٤)دا بالوول و منداڵەکانی قازی، وا دەردەکەوێ، کە خەڵکی ئێمە باوەڕیان بە ژیانی دۆنادۆنە و نووسیویانە، هەندێ لە بنیادەمەکان دەبنە ئاژەڵ.

## بالوول خۆنوێن و گەلاڵەدارێژ

لە هەندێ هەقایەتاندا هاتووە، کە بالوول کەڕەی بەیانی هەڵدەستا و سواری حەیزەران یان لکە خورمایەك دەبوو و لەگەڵ منداڵان بە شاریدا دەسووڕاوە و دارەکەی دەکردە ئەسپ و دەگەیشتە هەر کەس دەیگوت:

ـ کاکە ئاگادار بە، خوشکە ئاگادار بە، ئەسپەکەی من پیرە و ناپرینگێتەوە.

یان دەیگوت:

ـ کاکە، دادە، ئاگات لەو ئەسپەی من بێت لووشکە داوێ. قەپ دەگرێ، هۆی برا، هۆی خوشکە... ئاوا دەژیا و سەرنجی هەمووانی بۆ هەڵسوکەوتی خۆی ڕادەکێشا.

هەقایەتی بالوول و شەڕی میرات، بالوول و موعتەزلییەکە، بالوول و قازییە ئەمانەتخۆرەکە، دەری دەخات کە بالوول دەورگێڕ و خۆنوێن و گەلاڵەدارێژێکی زۆر لێوەشاوە و بەتوانا بووە و بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی شتی سەیر و سەمەرەی داهێناوە و ڕێگەی سەیری دۆزیوەتەوە.

## قسەلەڕوویی و بوێریی بالوول:

لە هەقایەتی خوازبێنییەکەی بالوول و زۆر هەقایەتی دیکەشەوە، کە بۆ ئامۆژگاریی خەلیفە و دەوروپشتەکەی دانراون، دەردەکەوێ کە بالوول کابرایەکی قسەلەڕوو و بێ پێچ و پەنا و لەگەڵ ئەوەشدا بوێر و ئازا و گیان لەسەردەست بووە، کە بەبێ ئەوەی قسە لەکەس بشارێتەوە، چیی لەدڵیدا بووە درکاندوویەتی.

## دوارۆژبینیی بالوول:

لە زۆربەی هەقایەتەکانەوە دەردەکەوێ، کە بالوول کابرایەکی دوارۆژبین بووە و زۆر بە ڕوونی زانیویەتی بەرنامە و گەلاڵەکانی بەکوێ دەگەن و چیان لێ شین دەبێتەوە و بەو پێیە بەردەوام چۆنی بە دڵی خۆی بووە شتەکانی بەرەو ئەو ئاقارە بردووە.

### متمانەی خەڵك بە بالوول:

لە چیرۆكی ژمارە ١٥ی بەشی ١٩ی هەقایەتەكانی سەر زاراندا، بەناوی "تاڵە موویەكی بالوول" بۆمان دەردەكەوێ، كە خەڵك زۆریان متمانە و باوەڕ پێی هەبووە و تاڵەموویەكی قژ و ڕیشی ئەویان بە پارە كڕیوەتەوە.

### بالوولی چاكەكار و خێرخوا:

لە زۆربەی هەقایەتەكانەوە بۆمان دەردەكەوێ، كە بالوول كابرایەكی ئامۆژگاریكەر و خێرخوای خەڵك بووە. ئەسغەری ئاغایی كەشاوەرز لە ئەردەبیلەوە، هەقایەتێكی گێڕاوەتەوە و دەڵێ: "كابرایەك بە ناوی بالوول دەست بەسەر هەژار و بێ دەرەتانانندا دێنێ و ڕێگەی ژیان پێشانی ڕێ لێ ونبووان دەدات.

بالوولی خاوەن كەرامات

لە هەقایەتی ژمارە ٢١ی بەشی ١٩ی چیرۆكەكانی سەر زاری خەڵكدا، بالوول و توونی حەمام و گێڕانەوەی دووەمیش هەقایەتی ژمارە ٢٨ بەناوی "بالوول دەبێتە بازرگان"، وامان لێ ڕوون دەبێتەوە كە خەڵك پێیان وابووە بالوول كەراماتی هەیە و پیاوی خوایە و لە هەقیقەت تێگەیوە و گەیوەتە ئاستێك دەست بۆ ئاسن بەرێ دەیكاتە ئاڵتوون یان وەك برایمی ئەدهەم ماسی بە قسەی وی لە دەریاوە دوڕ و مەرجانیان بۆ خستە دەرێ.

### بالوول دوژمنی زاڵمان و پشت و پەنای مەزڵوومان:

بالوول وەك خەڵك دەیگێڕنەوە، دوژمنی زانا لووتبەرزەكان و لەخۆباییەكان و خەڵكی كرچ و كاڵ و بەربێژ (غەیببێژ)ە درۆزنەكان و بەتایبەتی دەسەڵاتدارە زاڵمەكان و بازرگان و دادوەرە ئەمانەتخۆرەكان و حاكمە سەرەڕۆكان بووە و بەردەوام هەوڵی دەدا بە وەرگرتنی بڕیار لە خەلیفە و داڕشتنی نەخشە و پلانی شارەزایانە دژی ئەو كەسانە، كارێكی وا بكات لە بەرچاوی خەڵك و لە لای خەلیفە سووك و ڕیسوایان بكات و مافی مەزلوومانیان لێ بستێنێتەوە و بیداتەوە بە خاوەنیان.

## بالوول له شار و پارێزگاكانی ئێران:

خەڵكی ئێران له هەقایەتەكانی خۆیاندا بالوولیان بردووەته خۆراسان و خوزستان و شارەكانی هەمەدان و قەزوین و ئەردەبیلیش و پێیان وایه بالوول ماوەیەك له قەزوین حەواوەتەوە و خانووەكیشی لەوێ هەبووە.

## تاقی بالوول و قەزوین:

دەڵێن له گەڕەكه هەره هەژارنشینەكەی قەزوین كاولاشێكی لێ بووە و كاولەخانووەكه كۆمەڵێك تاقی هەبووە و ئێستا تەنیا یەك تاقی لێ ماوەتەوە و خەڵك دەڵێن، ئەو تاقە، هیی ماڵەكەی بالووله و به تاقی بالوول بەناوبانگە.

جەنابی وەكیلیان، توێژەری بواری كولتووری خەڵك و هاوڕێی نووسەری ئەم كتێبه له كۆتاییەكانی ساڵی ۱۳۸۰دا به نووسەری گوت: "ساڵی ۱۳۷۵ لەگەڵ پرۆفیسۆر مارتسولفی ئەلمانی چووین ئەو تاقه ببینین، كەچی شتی وامان نەدی."

بەپێی نووسراوەكەی جەنابی عەلی ئەسغەری گومروكچی، كه خەڵكی قەزوینە، له هەر گەڕەكێك خەڵكێك لێك كۆ ببنەوە، بێ ئەملاوئەولا باسی بالوول دەكەن و هەقایەتێكی وەك پەند لێ دەگێڕنەوە. بالوول ماوەیەك له قەزوین ژیاوە و ئێستاش گەڕەكێك هەیە بەناوی تاقی بالوول بەیادی وی، بەڵام بەداخەوە تاقی بالوول كه له ڕاستیدا ماڵەكەی ئەوە، كاول بووە و ئیتر شوێنەوارێكی لێ نەماوەتەوە و هەر ناوەكەی ماوە.

## خۆشەویستیی بنەماڵەی پێغەمبەر:

یەكێك لەو چیرۆكانەی بەناوی بنەماڵەی پێغەمبەرەوە گێڕدراوەتەوە، بۆمانی ڕوون دەكاتەوە كه بالوول دوو كەس له وەچەكانی پێغەمبەری دیتووە و یەكێك بووە له قوتابییە هەڵكەوتووەكانی ئیمام سادق و موریدێكی دڵپاكی ئیمام مووسای كازم بووە و له سەر ئەو زوڵم و نادادپەروەرییانەی هاڕوون دەرهەق به ئیمام مووسا كردوویەتی، ئیتر هەر جارێكی هەلی بۆ ڕەخساوە، بەرەنگاری هاڕوون بووەتەوە، بەڵام هاڕوون بەپێی بەرژەوەندیی خۆی، یان

لەبەر خاتری خزمایەتییەکەیان، قسەکانی ئەوی هەر بە حیسابی شێتییەکەی داناوە و گوێی خۆی لێ خەواندووە.

جەنابی مراج عەبدولی لە حوسێن ئاباد نازمی مەلایرەوە، سەبارەت بە خزمایەتییەکەی بالوول و هارووونەڕەشید و خۆشەویستیی بنەماڵەی پێغەمبەر لەدڵی بالوولدا و دواجار خۆشێتکردنەکەی بالوول دەنووسێ:

"دەگێڕنەوە، بالوولی ئامۆزای هارووونەڕەشید یەکێك بووە لە شاگردە هەرە باشەکانی قوتابخانەی ئیمام سادق. کە ئیمام هاتە سەرەمەرگ و گیانەڵا، داوای بالوول و چەند قوتابییەکی دیکەی مەکتەبەکەی خۆی کرد بێنە ژوور سەری و بۆ هەر کامەیان لەسەر کوتە کاغەزێك شتێکی نووسی و پێی دان. بالوول سەیری کرد، جەنابیان پیتی "ج"ی بۆ داناوە، و ئەوەشی بە واتای جنلێدراو (شێت) لێك داوە و ئیتر خۆی شێت کرد و زۆربەی کاتەکان لەبەر چاوی خەڵك وەك شێتان دەجووڵاوە و هەرچی هارووونەڕەشید هەوڵی دەدا واز لەو شێتییەی بێنێ، قسەکەی نەدەچووەسەر.

### ناونانی منداڵ بە ناوی بالوولەوە:

بە سەرنجدان بەوەی بالوول لە فەرهەنگەکاندا: سەرۆك هۆز و پێشەوای هۆز و سەردار و کەسێکە کە هەموو چاکەیەکی تێدا کۆ بووبێتەوە، لە هەندێ ناوچەی ولاتەکەی خۆمان خەڵك منداڵەکانیان بەناوی بالوول دەکەن لەبەر ئەوەی کردەوەی چاك و خووخدەی باشی بالوولەکەی هاوچەرخی هارووونەڕەشید لە زەینی خەڵکدا ماوەتەوە، بە تایبەتی ئەوەی کە بالوول بنەماڵەی پێغەمبەری زۆر خۆش ویستووە.

لە نێو ئەوانەدا کە بەناو بالوولەوە کراون و زۆر بەرهەمیان لەپاش بەجێ ماوە، یەکێکیان بالوولی نەهاوەندییە کە لە نێوان ساڵانی ٧٨٨ هەتا ٧٩٨ بە پشتیوانیی خەڵکەکەی نەهاوەند بەرەنگاری ئەمیر مەزید بوونەوە کە تەیموری لەنگ کردبوویە حاکمی نەهاوەند و دەوروبەرەکەی و "بالوول نەهاوەندی" تێکی شکاند و قەڵاکەی گرت و شارەکەی ئازاد کرد، بەڵام ئاخرییەکەی لەبەر لەشکرەکەی تەیموور بەزی و دوای ئازا و ئەشکەنجەیەکی زۆر، لەگەڵ هاوڕێکانیدا خستیاننە سەر کڵی ئاگر.

## زۆریی ناوی بالوول:

بەپێی ناوەندی ئاماری ئێران، ئەوەندەی لە ساڵی ١٣٨١ واتە ٢٠٠٢دا نووسراوە، لەو ٨٩ ملیۆن ناسنامەیەی لە سەرەتای ساڵی ١٢٧٨ی هەتاوییەوە تا ئێستا دراون، سێ ئافرەت ناویان بالوول بووە و ٨١٨٣ نێرینەش ناوی بالوولیان لێ نراوە.

## شیعرەکانی بالوول:

عەلی ئەکبەری لیاقەت، لە ئەهوازەوە ئاوا باسی بالوول و خۆشێتکردنەکەی و شیعرەکانی دەکات: "بالوول پێش ئەوەی خۆی شێت بکا، ژیانێکی زۆر تێروپڕی هەبووە و ئیتر کە بە ئاماژەی ئیمام جەعفەری سادق خۆی شێت کرد و شیعری هۆنییەوە، دەستی لە دنیا بەردا و لە ڕاستیدا بوو بە شێتی حەق و کاولاش و کەلاوەکۆنەکانی لە کۆشکەکەی هارڕوون پێ باشتر بوو و نانە ڕەقەی دەخوارد و منەتی هارڕوونی هەڵنەدەگرت و ئاواش خۆی لە خەلیفە و دامودەزگاکەی وی پێ گەورەتر بوو. بالوول ئەم شیعرەی بۆ هارڕوونەڕەشید هۆنیوەتەوە:

ئەوە تەرجەمەی کوردییەکەیەتی:

هۆزێك کە خوخدەیەکی وەك پادشایانیان هەبوو، شانوشکۆیان وەك شا بەرز بوو

پادشاگەلێکی شرپۆشی، کە "جەم"و "خاقان"ی وڵات لەبن بەرەیاندا بوون

ئەمرۆ پشتیان کردووەتە نیعمەت و خۆشییەکانی جیهان و سبەینێ بە نازەوە سەیری بەهەشت دەکەن

ئەو پێ پەتییانەت پێ سووك نەبێ، ئەوانە لای خۆیان لە گلێنەی چاو شیرینترن

"ئادەم" بەهەشتی بە دوو دەنکە گەنم فرۆشت، دەی وەڵاهی ئەوانە بە دەنکە جۆیەکی ناکڕن

****

## ئەو پەندانەی لە بالوول ماونەتەوە:

لەو هەقایەتانەی لە بالوول ماونەتەوە، کۆمەڵێك پەند و ئیدیۆم بەرچاو دەکەون کە خەڵکی خۆمان پێیان وایە، ئەوانە لە سەردەمی بالوولەوە کەوتوونەتە سەر زار و زمانی خەڵکی:

١: پێم بڵێ لە کوێ ژنت هێناوە، تا پێت بڵێم خەڵکی کوێی؟

لە دووەمین گێڕانەوەی چیرۆکی ژمارە ١٣دا بەناوی ژنهێنانی بالوول لێی دەپرسن:

ـ خەڵکی کوێی؟

ـ دەڵێ: هێشتا ژنم نەهێناوە.

ئەم قسە مەشهوورە ئێستاش لە نێو خۆماندا باوە و دەیلێینەوە.

٢. ئەگەر هەر نەیخۆی، چ زێڕ بێ، چ بەرد

لە هەقایەتی ژمارە (٢٨)دا بەناوی "بالوول دەبێتە بازرگان" و هەقایەتی ژمارە (٣٢) بە ناوی "ئەگەر هەر نەیخۆی، چ زێڕ بێ، چ بەرد" خەڵك پێیان وایە ئەم ئیدیۆمە، هەر لەسەردەمی بالوولەوە بڵاو بووەتەوە و کەوتووەتە سەر زاران.

٣. خوا قرچەی گوێزیش دەبیسێ

لە چیرۆکی ژمارە (١٤) بە ناوی "بالوول و دەنگی گوێز" ئیدیۆمێك هەیە لە نێو خەڵکی مەلایردا بەناوی "قرچەی گوێز"، بەو واتایەی: ئەو خوایەی لەو سەرەیە، گوێی لە قرچەی گوێزیش دەبێ.

٤. ڕدێنی تۆ باشترە یان کلکی سەگ؟

لە بالوولیان پرسی، ڕدێنی تۆ باشترە یان کلکی سەگ؟

بالوول گوتی: ئەگەر لە پردەکە (سیرات) پەڕیمەوە، ڕدێنی من، ئەگینا کلکی سەگ.

٥. هەرکەسە و کار بۆخۆی دەکا (دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە)

لە نێو بەسەرهاتەکانی بالوولی زانا و بالوولە شێتەدا لە گەنجینەکانی ئەدەبی ئازەربایجاندا هاتووە، هەر کەسە و کار بۆخۆی دەکا. کوردیش دەڵێ: دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە.

٧. ئەو تاڵە مووە، جیایە لەو چنگە ڕیشە

لە هەقایەتی ژمارە ١٥ی بەشی ١٩دا، هەقایەتێکی سەر زاری خەڵکی هەیە بەناوی "تاڵە مووەکی بالوول"، بووەتە ئیدیۆم. "ئەو تاڵە مووە جیایە لەو چنگە ڕیشە، ئەو ئیدیۆمە بۆ کەسێك دێننەوە، کە بیەوێ پارەیەك لە یەکێك قەرز بکات یان شتێك بە بارمتە دابنێ و بڵێ دوو هێندەی لەبری دەدەمەوە، بەڵام درۆش بکا.

**ساڵی مردنەکەی بالوول:**

بە پێی فەرهەنگەکەی دێهخودا و فەرهەنگی فارسیی دکتۆر موعین، بالوول ساڵی ١٩٠ی کۆچی مانگی ٨٠٦ی زاینی لە کوفە مردووە، بەڵام بە پێی فەرهەنگەکانی ڕیحانەتولئەدەب و مونتەزیم، بالوول لە ساڵی ١٩٢ی کۆچی مانگیدا مردووە.

بەپێی ئەو نووسراوانە، بالوول لە کووفە لەدایك بوو و هەر لەوێش گەورە بوو و نرایە بەر خوێندن و خۆی وەك شێتان لێ کرد و خەلیفەکان ڕوویان داییێ. وای لێ هاتبوو، هارڕوون و خەلیفەکانی پێش وی، داوای ئامۆژگارییان لە بالوول دەکرد و ئاخرییەکەشی لە بەغدایە نێژرا، ئۆستاد عەبدولحوسێنی زەڕینکوب لە کتێبی مێژووی ئێرانی پاش ئیسلامدا دەڵێ: "لە سەرەتای سەدەی شەشەمی کۆچیدا گۆڕێکیشیان لە بەغدا بۆ دروست کردووە، کە نیشانەی ناوبانگی ئەوە."

بالوول گەلێ شتی تایبەت و قسەی نەستەق و هەقایەت و پەند و مەتەڵی لەپاش بەجێ ماوە.

## بەشی یەکەم

## بالوول لە کتێباندا

دوای سەنایی، شاعیر و خواناسە گەورەکەی سەدەی شەشەمی کۆچی، عەتاری نیشابووری، هەموو توانای خۆی تەرخان کرد بۆ ڕێنوێنیی خەڵك. هۆنراوەکانی ئەو، هەر هەموویان ڕێنوێنیکردنی خەڵکن بەرەو خوا، شیعرەکانیشی پڕن لە هەقایەتی تەنزاوی.

هەقایەتە تەنزاوییەکانی عەتار، زۆر لە هەقایەتە تەوساوییەکانی سەنایی جیاوازن و جیاوازییەکەشیان ئەوەیە، کە سەنایی ناوی خەڵکێك بە گەمژە و نەزان و جاهیل دێنێ و پێداگرانەش مەبەستی بنیادەمە، بەڵام عەتار خەڵکێکی کوێر و کەڕ و خێل دێنێتەوە و مەبەستیشی کوێری و کەڕی و یەك بەدوان دیتنی خەڵکە. هەقایەتەکانی ئەویش زور بەناوبانگن. لە زۆربەی هەقایەتەکانی عەتاردا، بالوول کەسایەتیی یەکەمە.

شەوێکی زستان بالوولی سەرمەست
لە قوڕ هەڵچەقی و پێڵاوی بەدەست
یان:
میرێکی دڵخۆش سەر لە بەیانی
تێری کرد زگی بالوولی داماو

هەقایەتەکانی عەتار، تەنزیان زۆر تێدایە، جاری وایە تەنزەکەی ئەوەندەی سادەیە هەموو کەس لێیان تێدەگا و جاریش هەیە زۆر ئاڵۆز و پێچەڵپێچن و لە هەموو ئەو هەقایەتانەشدا ڕەخنەی لە نەزان و جاهیلان گرتووە. کەسایەتییەکانیشی هەموو مەست و شێت و بالوول و جاری واشە ئاژەڵ و جڕ و جانەوەرن.

بالوول لەسەر تەختەکەی هارِوون
رِۆژێ باڵوڵ مەست و سەرخۆش، نابەوەخت
وا لە جێی هارِوونی دانیشتبو لەتەخت
هێندەیان لێ دا بە دار و بەرد و شەق
هەر سەر و گوێلاکی پرِ خوێن، بێ رِەمەق
پاشی تێهەڵدان و لێدان و کوتان
رِووی دە هارِوون کرد، کە ئەی شای جیهان
من کە بۆ ساتێ لەسەر ئەو تەختە بووم
خۆت دەبینی، بەو عەزابە سەختە چووم
ئەی دەبێ چۆن بێ، نەجاتت، بێ بەخت؟؟؟
عومرێ دانیشتی لە سەر کورسی و تەخت

وەرگێرِانی خاڵە قازی

فەریدەدینی عەتار کە شیعرەکانی زۆربەی جاران، وەك هاوارێکی بەگورِە دژی زوڵم و ناهەقی، جاری وایە توورِەیی و بێزاری خۆی لە زاڵمان و دنیاپەرستە نەزانەکانی سەردەمی خۆی دەردەبرِێ. بە زمانی ئەو ژیرانەی خۆیان لە شێتی داوە و لە خوادا تواونەتەوە، بەبێ ترس و پرینگانەوە لە دەوڵەمەند و دەسەڵاتداران و درۆزنان، رِق و بێزارییەکەی خۆی دەربرِیوە و لە هەندێ هەقایەتی شیرین و خۆشیشدا بێ بناغەیی و بەرەونەمان چوون و شکۆمەندییە رِواڵەتییەکەی ئەوانی خستووەتە رِوو.

### بالوول لە گوڵستان و بوستانی سەعدیدا:

شێخ موسلیحەدین سەعدیی شیرازی، قسەزان و زانا، لە دوو جێی کتێبەکەی گوڵستان و بوستانەکەی خۆیدا ناوی بالوولی هێناوەتەوە:

### ١.. لە گوڵستاندا:

شێخ سەعدی لەو بەشەی کتێبی گوڵستاندا کە ئامۆژگاریی پادشاکان دەکا دەڵێ:

خەلیفە و بالوول:

یەکێك لە خەلیفەکان بە بالوولی گوت: ئامۆژگارییەکەم بکە. بالوول گوتی: لەم دنیایەوە ناتوانی هیچ شتێك بەریتە قیامەتێ، مەگەر پاداشت و سزا. (گولّستانی سەعدی، بەشی پێنجەم)

**٢. لە بوستاندا:**

یەکێ چەشنی سەعدی دلّی سادە بوو
کە وا توشی پیاوێکی سەر جاااااادە بوو
یەخەی گرت و لێیدا بە بەرد و بە دار
کە خوێن وا بە گوێلاکی دا هاتە خوار
بە جێی هێشت و ئاوڕێ نەدەوە لە دوا
یەکێ کەوتە دوای، پرسی ئەی بێ نەوا
ئەدی غیرەتت کوانێ؟کوا پیاوەتیت؟
دەترسی ..لە چی؟کوانێ ئازایەتیت؟
گەڕاوە، کوتی، ئێستە مەردی دلێر
ئەوەی پێت دەڵێم، بیخە ناو لەوحی زێڕ
ئەگەر من دەبینی وەها سست و مات
مەزانە کە بێهێزم ودەستەڵات
بەڵام عیشقی یەك کەس لە ناو جەرگمە
لە ڕوخسار و دیدە و لەسەر بەرگمە
نە بۆ بوغز و بۆ کینە جێگای هەیە
نە بۆ ڕق، نە بۆ و قینە ڕێگای هەیە
وەهای دڵ تەنیوە ئەویندارى، بەس
کە جێگای نیە بۆ دڵ ئازاری کەس
چ جوانی فەرموو بالووی زانا
بە ئەو خواناسەی لە شەڕ بەتوانا
گەر ئەو لووتبەرزە یاری ناسیبا

ئەستەم بوو دۆست و دوژمنی دیبا
ئەگەر ئەو خودای ناسیبا بە دڵ
هەر هەموو دنیای لێ دەبوو بە گڵ

وەرگێڕان خالە قازی

**٣. بالوول لە هەقایەتەکانی مەسنەویدا:**

محەمەد عەلی جەمال زادە، لە پێشەکیی هاواری شمشاڵ (هەقایەتەکانی مەسنەویی مەولەوی)ـدا دەنووسێ: "مەولەوی لە بواری قسەخشی و گاڵتەوگەپ و قسەی نەستەقدا، واتە ئەوەی فەرەنگییەکان پێی دەڵێن "هومۆر" زۆر شارەزا بووە و لە مەسنەویدا نموونەی لەو چەشنەی زۆر زۆرن:

لەگەڵ هەر شەپۆلێك هەزاران گەوهەر
لە قسە و حەدیسان سەر دەهێننە دەر
هەزاران شەپۆل چ بەرز و نەوی
هەڵدەسن و دڵۆپێ کەم نابن لەوی

هەر بینکێشێك (غەواس) بەپێی توانا و دەسترۆیشتوویی خۆی گەوهەرێکی لێ پەیدا دەکا کە ئەوەی خوازیارە و دەگەڕێ و تێی دا نوقم دەبێ، گەنجینەیەکی گرانبایی لێ بەسەر یەکەوە دەنێ*.

مەولەوی دەفەرمێ
تۆ لەبەرچی خۆت وڕ و گێژ کردووە
خوێنی ڕەز نا، خوێنی ئێمەت مشتووە
لێم بەوە و لاچۆ و بەرۆکم بەردە توند
عارفی بێ هەستم و بالوولی گوند

(مەولەوی، مەسنەوی. نیکلسۆن، دەفتەری سێیەم. بەیتی ٢٠)

---

* جمال زادە، محمد عەلی، بانگ نای داستانهای مثنوی مولوي، انجمن کتاب، ص ٢٢

## بالوول و دەروێشەکە

**مەولەوی لە دەفتەری سێیەمدا دەفەرموێ:**

ڕۆژێ بالوول بانگی هێشت دەروێش وەرە
چۆنی تۆ بۆم ڕوون کەوە، باسی سەرە
کوتی دەبێ چۆن بێ کەسێ ڕۆژ و شەوی
هەڵدەسوورێ ئەم جیهانە بە دڵی وی
جۆگە و لافاو لە ژێر فەرمانی دان
گشت هەسارە و مانگ و خۆری ئاسمان
ژیان و مەرگی گەورە و مەزنان هەموو
وان لە ژێر فەرمانی ئەودا مووبەموو
کوێی بوێ پڕ شین و گریانی دەکا
کوێی بەدڵ بێ شاد و خەندانی دەکا
هیچ دەم و لێوێ لە ئەم دنیایەدا
پێکەنینی نایە بێ ئەمری خودا
بێ ئیرادەی وی گەڵایەك ناوەرێ
مردنیش بێ ئەمری ئاشی ناگەڕێ
پێی گوت ئەی شا، جوانە گوفتارت هەموو
چیی وتت دیارن لە روخسارت هەموو
خۆ ئەوەی فەرمووت هەزاری بێنە سەر
راستە، ئەمما روون کەوە بۆم موختەسەر
ئەو وتی، خەڵکی رەشۆك بوون دڵنیا
ئەم جیهانە وا بەدەست ئەمری خودا
هیچ گەڵایەك ناوەرێ تا ئەو نەڵێ
خۆر بە ئەمری ئەو نەبێ، نابێ هەڵێ

تا نەفەرمویٚ ئەو بە پارووی ناو دەمیٚ
دەی برۆ خوار، ئەستەمە بڕوا ژەمیٚ
جا کە ئەو هیٚنای و بەندەی خویٚندەوە
تازە بەندەش دیارە هەر بەندەی ئەوە
جا بەبیٚ ویست و چاوەڕوانی ئەو
وەك پەپوولە دیٚتە دەوری رۆژ و شەو
ژیان و ژینی بۆ خودا تەرخان دەکا
پشت لە گەنجینە و لە ترس و ژان دەکا
هەر لە ئەشقی وین هەموو ئیمان و دین
نەك لە بۆ باخی بەهەشت و تامی ژین
ئەشقی ئەو کوفری لەبەرچاو خستووە
ترسی دۆزەخ نەك بلّیٚی وای کردووە
بەندەیەکی خووخدەی وابیٚ ئەریٚ
ئەم جیهانە هەر بەفووی ئەو ناگەڕیٚ؟
گەر وەهایە ئەو نزا و پاڕانەوەی
بۆ خودایە یان قەزا و بادانەوەی
مەرگی وی و عەولادی چەندی بیٚتە پای
بۆ خودا شیرینە وەك هەنگوینە لای
دیارە بۆیە وا نزای دابەستووە
خوا بە دووعا بەندەکانی ویستووە

(مەسنەوی مەولەوی. دەفتەری سیٚیەم)

## بەفیٚلّ وەقسەهیٚنانی بالوول:

مەولەوی لە دەفتەری دووەمی مەسنەویدا، لە هەقایەتی "ئەو پرسیارکەرەی بە فیٚلّ و گزە، ئەو گەورەپیاوەی هیٚنایە قسە کە خۆی شیٚت کردبوو"، بەبیٚ ئەوەی ناوی بالوول بیٚنیٚ، بە ڕوونی باسی تایبەتمەندییەکانی ئەو ژیرە شیٚوە شیٚتەمان لە هەقایەتیٚکی ئاوەهادا بۆ دەگیٚڕیٚتەوە:

یەك وتی لەوشارەدا ئاقڵ نییە
جیا لەو ئەو شێتۆکەیە، دەردت چییە
حەیزەرانی کردە ئەسپ و سوار بووە
دێ لەگەڵ منداڵ و زۆر لاسار بووە
ئەو بە تەگبیرە و مشووری ئاگرە
ژیر و بەرچاوڕوون و زۆر پێداگرە
خۆی لە شێتیدا وەها شاردووەتەوە
خۆ دەنا پیتۆڵی سەردەم هەر ئەوە
خۆ دەنا شێت زۆرە، جێی متمانە نین
گوێرەکەی زێڕینی هۆزی سامرین
وەك وەلی ئەو راشکاوانە و بەدڵ
پێت دەڵێت و رازی تۆ نادا بەگڵ
خۆ دەنا تۆ نیت ئەوەن زاناو شەپاڵ
کوا دەزانی فەرقی میسك و پەین و پاڵ
خوازیار بانگی لە بالوول کرد سوار
راگرە و راوەستە تۆ بگرە قەرار
ئەسپە دارینەی بەرەو غاردا بەتاو
دەی بفەرموو چیت دەوێ بیڵێ تەواو
تا بە لووشکە لێی نەداوی ئەسپە کۆت
بیکە پرسیارت، وەڵامم زۆرە بۆت
نەیبوو دەرفەت تاکوو پرسیارێ بکا
سواری ئەسپی خۆی بوو، تا غارێ بکا
جا گوتی لەو کووچەیە یان قوژبنێك
وێڵم و دەخوازێ دڵ لێرە ژنێك
جا گوتیان سێ جۆرە ژن هەن کامەیان

یەك وەكوو گەنجینەیە و دوان برك و ژان
یەك لەوانت گەر بویْ گیان و دڵی
بۆ ئەتۆیە و یەك لەوان نیوەچڵی
سێهەمیان نابێتە ژن بۆ تۆ بڕۆ
ڕێگەكەم بەردە و مشووری خۆت بخۆ
ئەسپەكەم با لووشكەیەكت لیْ نەدا
لاچۆ ڕێم بەردە، دەبا قۆڕت نەكا
شیخە ئەسپی تاو ئەدا و منداڵ لە دووی
گەنجە دیسان بانگی كرد وەك دیتبووی
دەی وەرە ئەو ڕازە بۆ من لێك دەوە
ڕەمزی ئەو سیْ ئافرەتەم بۆ لێك كەوە
هاتەوە و پێی گوت، مرادت بێنە دی
ئەو ژنەی وا تۆ یەكەم مێردی دەبی
ئەو ژنەی كچ بووكە تۆ هێناتە ماڵ
گشتی لای تۆیە دڵی بۆ ماڵ و حاڵ
ئەو هەموو گیان و دڵی لای تۆ دەبیْ
ژیان و مەرگی خۆی لە باڵای تۆ دەبیْ
بێوەژن نیوەی دڵی لاتە و خەیاڵ
هەر لە لای مێردی یەكەم دایناوە ماڵ
جا ئەگەر منداڵی لەو مێردەی هەبیْ
تا هەیە، هەر دیل و ئەسپێردەی دەبیْ
لاچۆ لای ئەسپم بە جووتە لێت دەدا
قۆڕ دەبی و لەو دوندە تووڕ و فڕێت دەدا
هەی لە ئەسپی كرد و تاوی دا بەتاو
لەشكری منداڵ لە دووی كردیانە قاو
ئەو هەتیوە بانگی شێخی كردەوە

گیانە پرسیارم هەیە و جوابم دەوە
هاتەوە و پێی گوت چ بوو دیسان ئەرێ
ئەو هەتیوە گۆیەکەی بردم سەرێ
جا گوتی گەورەم وەها زانای ئەتۆ
پێم بڵێ ئەو کردەوانە چین لەبۆ؟
تۆ لەسەر گشت ئەقڵەوەی بۆ وا دەکەی
تۆ هەتاوی و خۆت وەها ریسوا دەکەی
ئەو گوتی، لەم شارە هەرزە و پێنەزان
ئافەتی هزر و جیهانی ئاقڵان
خوازیارن ببمە قازیی مەحکەمە
چیی ئەوان بێژن کەمە، بێژم کەمە
چیی ئەوان بێژن گەمارە یانە پاك
من دەبێ دەستەونەزەر بم، سینە چاك
گەرچی شەرعی مە شتی وای تیا نییە
جیا لە توێشووی رێ لەسەر دنیا نییە
بۆیە خۆم شێت کردووە و رازیم بەوە
تاکوو گەمژە و میر لە کۆڵم ببنەوە
من بە رواڵەت گێژ و شێواوم بەڵام
چۆن بووم جاران و، ئێستەش هەر وەهام
ئەقڵی من گەنجێکە، من کاولاشی ویم
من دەنا ساویلکە و دێوانە نیم
ئەو کەسەی دیی پاسەوانی ئەم شەوە
بێت و گەر خۆی شێت نەکا، شێت هەر ئەوە
زانیاریم کاتێ هەڵدەقوڵێ بەتاو
کوا بەهای لای من نەزان و بۆرە پیاو

**سەرچاوەکانی هەقایەتەکەی سەرەوە:**

بەدیعوزەمانی فرووزانفەر لە پەیوەندی لەگەڵ سەرچاوەی هەقایەتی "بە فێڵ وەقسەهێنانی شێخ بالوول، ئەوانەی خوارەوەی هێناوەتەوە:

٦٥. پرسیارکەرێك، کە بە فێڵ شێخ بالوول دێنێتە قسە
یەکێ دەیگوت لە کوێیە پیاوێ زانا
کە تەگبیرێکی پێ بکەم بۆ گرفتێ
(ص ١٥٦)

سەرچاوەکەیشی ئەم هەقایەتەیە کە دەڵێ: و قال رجل اردت النکاح فقلت... (عقد الفرید، ج٤ ص ١٥٩)

هەقایەتێکی دیکەش لەو جۆرە هەیە، کە زموخشەری لە بەشی "النسا و نکاحهن"ی ڕبیع الابراردا گێڕاویەتەوە و دەڵێ: "کابرایەك تەگبیری لە داوود کرد چۆن ژن بێنێ، ئەویش گوتی لە سولەیمان بپرسە.... هەقایەتێکی دیکەش هەیە ڕێك لەوە دەچێ لەو ئەسکەندەرنامەیەدایە کە بە پەخشان نووسراوەتەوە:

دەڵێ، لە کۆندا لە شاری میسر پیاوێکی گەورە هەبوو بە ڕەچەڵەك دەچۆوە سەر ئیسحاق، ڕەزای خوای لێ بێ و ئەو گەورە پیاوە زانایەك بوو، خەڵکی بۆ چاکە و ڕێگەی باش هان دەدا و ئامۆژگاریی دەکردن و گەلێ شاگردیشی هەبوو و یەکێك لە شاگردەکانی ویستی ژن بێنێ و نەشیدەویست بەبێ ئەمری ئەو ژن بخوازێ...

لە جوامع الحکایاتیشدا ئەو هەقایەتە وەك گێڕانەوەکەی زموخشەری گێڕدراوەتەوە:

دەگێڕنەوە لە سەردەمی دەسەڵاتی داووددا، سڵاوی خوای لێ بێ، کابرایە چووە لای و گوتی، ئەی پێغەمبەری خوا، دەمەوێ ژنێ بێنم، بفەرموو ژنێکی چۆن بێنم؟

داوود، سڵاوی خوای لێ بێ گوتی: بچۆ لای سولەیمانی کوڕم و تەگبیر بەو بکە. کابرا هەستا چووە لای سولەیمان کە هێشتا منداڵ بوو و لەگەڵ منداڵان لەسەر کۆگایەکی خۆڵ گەمەی دەکرد، کابرا دەستەونەزەر ڕاوەستا و قسەی دڵی خۆی بە سولەیمان گوت. سولەیمان گوتی، زێڕی سوور و زیوی سپی بۆ تۆ باشە و خۆت بپارێزە لە قورقوشم و سواڵەت. کابرا لێی تێنەگەیشت و هاتەوە خزمەتی داوود، سڵاوی خۆای لێ بێ و بۆی گێڕاوە. داوود گوتی: ئەوە

یانی، زێڕی سوور کچۆڵەیەکی شەقڵ نەشکاوە، زیوی سپی، بێوەژنێکە، کە هەر مێردێکی کردبێ، بەڵام گەنج بێ و قورقوشم ژنی بەتەمەنە و هەر تۆزێك ناخۆشی ببینێ چرچولۆچ دەبێ و دەژاکێ و تۆزێکی زۆری لێ بکەی، ڕەش هەڵدەگەڕێ. سواڵەتیش ئەو ژنەیە کە منداڵێکی هەبێ و هەر تۆزێکی زۆر بۆ بێنی دەشکێ و هیچی لێ شین نابێتەوە. ئیتر کابرا بەرچاوی بەو قسانە ڕوون بۆوە و گەلێ ڕەحمەتی بۆ بنەماڵەی نەبی نارد.

نیکلسۆنی ڕۆژهەڵاتناس لە شەرح و ڕوونکردنەوەی مەسنەوی و گێڕانەوەی (جوامع الحکایات، باب ٢٣ از سه) دەڵێ، ئەو هەقایەتانە لە "بستان العارفین"ی ئەبولەیسی سەمەرقەندیدا هاتوون.[١]

١ فروزانفر، بدیع الزمان، قصص مثنوي، انتشارات امیرکبیر، چاپ سوم، تهران ١٣٦٢، ص٧٢

**بالوول له کتێبی لەتایفولتەوایفدا:**

مەولانا فەخرەدین عەلی سەفی، کتێبێکی داناوه به ناوی لەتایفولتەوایف، که تێیدا کۆمەڵێك هەقایەتی سەرنجڕاکێش و شتی دەگمەن و ناوازەی له نێو توێژه جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ کۆ کردووەتەوە.

لەتایفولتەوایف کۆمەڵە هەقایەتێکی زۆر بەنرخە، که ئەو زانا نووسەره بەو سەلیقه و وردبینییەوه کۆی کردوونەتەوە و ڕێکی خستوون و به یادگار بۆی بەجێ هێشتووین.

له نێو بابەتەکانی کتێبەکەدا، سێ هەقایەتیش له بارەی بالوولەوە هەیە، که دەقاودەق بۆ خوێنەره ئازیزەکانمانی دێنێنەوە.

**١ـ بالوول و دۆستایەتیی بەقەرزی هارروونەڕەشید**

ڕۆژێکیان هارروون له بالوولی پرسی: کێت له هەموو کەس خۆشتر دەوێ؟

بالوول گوتی:

ئەو کەسەی زگم تێر بکا.

هارروون گوتی: ئەگەر من زگت تێر بکەم، خۆشت دەوێم؟

بالوول گوتی: خۆشەویستی به قەرز نابێ.

**٢ـ بالوول و هاوڕێکەی خەلیفە**

ڕۆژێکیان یەکێك له هاوڕێکانی خەلیفە به بالوولی گوت:

ـ بۆ لێره دانیشتووی؟ هەستە و بچۆ لای خەلیفە، که هەر شێتێکی بچێته لای پێنج دەرهەمی دەداتێ.

بالوول گوتی:

ـ جا ئەگەر ڕاست دەکەی خۆت بچۆ، با ده دەرهەمت بداتێ.

"واته تۆ له خەڵك شێتتری"

**٣ـ بالوول و شێتەکانی بەسره**

بالوول بەغدادی که له بەسره بوو، پێیان گوت:

ـ بەسره چەند شێتی تێدایه؟

گوتی: ناژمێردرێن. بەڵام ئەگەر دەڵێن با ئاقڵەکانتان بۆ بژمێرم، ئەوان زۆر نین.

له کتێبی کەشکۆڵی شەمسدا، هەقایەتەکەی خوارەوە ئاوا گێڕدراوەتەوە:

"له بەسره بە بالوولیان گوت، شێتەکانی شارمان بۆ بژمێرە، بالوول گوتی:

ـ شێتەکانی شار لە ئەژمار نایەن. ئەگەر دەخوازن با ئاقڵ و ژیرەکانتان بۆ بژمێرم. بەڵێ لە ڕاستیدا شێتی زۆر جۆری هەیە و جۆراوجۆرە و ڕێگە و ڕەنگەکانی شێتی لە ژمار نایەن، بە گشتی هەر کەس لە هەقیقەت و عەدالەت و قۆناغی بەختەوەری لاڕێ بوو، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر ڕێچکەی هەوا و هەوەس و خەیاڵاتی شەیتانی و لە بازنەی ئەقڵ و تێگەیشتن دەچێتە دەرێ.

**٤ـ بالوول و وەزیرەکەی هاڕوون:**

ڕۆژێکیان وەزیرەکەی خەلیفە بە بالوولی گوت: دڵت خۆش بێ کە خەلیفە ئاقڵی کرد و کردتی بە شوانی بەراز و ورچان.

بالوول گوتی: هەر ئێستا هەستە و ئیتر هەرچی گوتم بە قسەم بکە، تۆ ڕەعیەتی منی.

خەلیفە و ئەوەی لە مەجلیسەکەش بوون دایانە پێکەنین و وەزیر بەخۆیدا شکایەوە.

"ئەم هەقایەتە لە کتێبی بەزمی ئێرانیشدا کە سەید محەمەد تەباتەبایی نووسیوێتی، هاتووە."

**٥**

**ـ هاڕوون و بالوول و عۆلیان**

ڕۆژێکیان هاڕوونەڕەشید بە لای گۆڕستانێکدا ڕادەبرد. سەیری کرد ئەوەی بالوول و عۆلیانە شێتە دانیشتوون و قسە دەکەن. ویستی بڕێکیان پێ ڕابوێرێ. ناردی هەردووکیان هێنان. گوتی:

من ئەمڕۆ شێتان دەکوژم. بڵێن با میرغەزەب بێ.

دەسبەجێ میرغەزەب بە شمشیرەوە هات و عۆلیانیان ڕاکێشا بۆ ئەوەی لەسەری بدا، گوتی:

ـ ئەوە چ دەکەی هاڕوون؟

گوتی: ئەمڕۆ شێتان دەکوژم.

گوتی: سوبحانەڵا، ئێمە لەو شارەدا دوو شێت بووین، بە تۆوە بووینە سێ. تۆ ئێمە بکوژی، ئەی کێ تۆ بکوژێ؟[1]

## ٧ـ بالوول لە کتێبی خەرقەی دەروێش

دکتۆر محەمەدی ئیحسانی تەباتەبایی، کۆکەرەوەی کتێبی "خەرقەی دەروێش" لە کتێبەکەی خۆیدا لە هەر بابەتێکەوە شتێکی هێناوە و زۆر لێزانانە و مامۆستایانە بابەتی جۆراوجۆری لە کتێبەکەیدا لە تەنیشت یەکتری داناوە و زۆر جوانیش باشاری کردووە. بەجۆرێك، کە خۆی دەنووسێ:

"هەر وەك چۆن بەشێك لە ترمە و ماهووت و شاڵ و ڕانکە و چۆغە و هەریر و عەبا لە باشترین خوری و مەرەز و مووی حەیوان دروست دەکرێن، پارچەپارچەکانی خەرقەی دەروێشیش لە هەقایەت و ڕەوایەت و قسەوباس و نەقڵ و نووسراو و قسەی نەستەق و تەوس و تەشەر و چیرۆك و ئەفسانە و وەعز و ئامۆژگاری و پەند و ڕێنوێنی و خێر و بەڵگەهێنانەوە پێك هاتووە و مەبەستی سەرەکیش هەر ئەوەیە کە شێخ خوای لێ ڕازی بێ فەرموویەتی:

ڕێگەیە و قووڵکە و چاڵ، چاو دەبینێ و ڕۆژی ڕوون

بۆ ئەوەی هەر کەسە بڕوانێ بەرپێی خۆی ببینێ

ئیحسانی دوو هەقایەتی "بالوول و دڵتوندییەکانی هاڕوون" و "بالوول و خەرقە و نانی جۆ و سرکە"ی لە کتێبەکەی خۆیدا هێناوەتەوە کە ئێمەش دەقاودەق دەیانهێنینەوە.

**١ـ بالوول و دڵتوندییەکانی هاڕوون:**

ڕۆژێك بالوول لە هاڕوون وەژوور کەوت، سەیری کرد ئەوە خەلیفە سەری لەبەر خۆی ناوە و ئاگای لێ نییە کێ دێتە ژوورێ، لەو حاڵەدا بالوول دایە قاقای پێکەنین، خەلیفە بە قاقاکەی بالوول ڕاچەنی و سەیر دەکا ئەوە بالوول بێ شەرمانە پێی پێدەکەنێ، گوتی:

ـ ئەوە بە چی پێ دەکەنی بالوول؟

گوتی ـ بەو فکرە قۆڕانەی تۆیان هەڵگرتووە.

هاڕوون گوتی:

---

١ . علی صفی، مولانا فخرالدین، لطایف الطوایف. به سعی و اهتمام، احمد گلچین معانی. شرکت نسبی اقبال و شرکا. چاپ سوم. دی ماه ١٣٥٢ ص ٤١٧

ـ نا، من بیرم لە بێبەقایی دنیا دەکردەوە.
بالوول گوتی:
ـ دیتت باشی بۆ چووم. چونکە تۆ نابێ وا بیر بکەیەوە دنیا وەفای بۆ تۆ نەبووە، چونکە ئەگەر وا بووایە، تۆ لە جێی مووسای کوڕی جەعفەر دەبووی و ئەو لەجێی تۆ دەبوو، بەلاّم ئەگەر گوتبات، دنیا وەفای بۆ خەڵك نییە، دیسان دەمگوت، ڕاست دەکەی، چونکە خۆ ئەم دنیایە کەسی تێدا نییە کە دنیا وەفای بۆیان هەبێ.
بە کورتی، شاعیرێك، ئەو قسەوباسەی ئەوانی لەو دوو بەیتە شێعرەدا کورت کردووەتەوە:
گوتی هاڕوون، هەزاران خۆزگە دنیا
وەفای هەبوایە بۆ خەڵك و مرۆڤان
گوتی، بالوول ئەی خەلیفەی عالەمێ
ئەگەر هەیبا، مرۆڤیشی تیا دەبوو
ئەگەر بنیادەمیشی تێدا بووایە، هەرگیز حەکیمێکی وەك دیوژەن لە ڕۆژی ڕووناکدا بە چرایەکەوە بەشوێنیدا نەدەگەڕا."
لە کتێبی بنچینە مێژووییەکانی پەند و قسەی نەستەقدا، ئەو هەقایەتە بە شێوەیەکی دیکەش نووسراوەتەوە:
ـ ڕۆژێکیان بالوول هاتە لای هاڕوون و دیتی لە بیر ڕۆچووە. گوتی:
ـ ئەوە بۆ وای؟
هاڕوون گوتی:
ـ بیر لە بێوەفایی دنیا دەکەمەوە.
بالوول گوتی:
تۆ نابێ بیری وا بکەیەوە، ئەگەر جیهان وەفای نەبووایە، قەت پادشایەتی بەمیرات بۆ تۆ بەجێ نەدەما.

## ٢ـ بالوول و خەرقە، نانی جۆ و سرکە

ڕۆژێکیان بالوول بە سەروقژێکی شێواو و ئالۆزەوە لە هاڕوونەڕەشید وەژوور کەوت و لە بەردەم خەڵکەکە ڕاوەستا، خەلیفە پێی گوت:
ـ ئەوە بالوول تۆ بۆچی ئەو سەروریشەت داناهێنی؟

بالوول دەسبەجێ بە نووکی پەنجەی کەوتە شانەکردنی ڕیشی، هاڕوون دەستی لە گیرفانی نا و لە قاوغە ئاوێنەکەی گیرفانی شانەیەکی جوانی دەرهێنا و گوتی:

ـ هانێ، ڕدێنت بەوە دابهێنە.

بالوول شانەکەی لێ وەرگرت و سەر و ڕدێنی داهێنا و بە هەر دوو دەستی شانەکەی داوە بە خەلیفە. خەلیفە گوتی:

ـ ئەو شانەیەم پێشکەش بە تۆ کرد. هەڵیگرە بۆخۆت و سەر و ڕدێنتی پێ دابێنە.

بالوول شانەکەی ڕاگرت و ماوەیەك پێ چوو هەروا بە دەستییەوە بوو. خەلیفە ئاگای لێ بوو و گوتی:

ـ شانەکە لە گیرفانت نێ.

بالوول گوتی:

ـ گیرفانم نییە، چونکە لەوە زیاتر هیچم نییە ئەوەش بۆ داپۆشینی عەیبەی خۆمە و گیرفانی نییە و پێویستیشم بە گیرفان نییە، چونکە هیچم نییە لە گیرفانمی بنێم و شوکرانەبژێریشم شەڕی گیرفانی لەکۆڵ کردوومەوە.

ئەو بابەتەیان ئاوا کردووەتە شیعر:

هەرکەسێ هەیبێ لە دز دەترسێ

خواناسان پاشەکەوتیان نەکردووە و ناترسن

خەلیفە فەرمانی دا، عابایەك لە عاباکانی ئەویان هێنا، کە چەند گیرفانی هەبوو و هەر لەوێش لەبەریان کرد.

بالوول عاباکەی خۆی کۆ کردەوە و لەبن باڵی نا. هاڕوونەڕەشید گوتی:

ـ بیبەوە و لە ژوورەکەت هەڵیواسە.

بالوول گوتی:

ـ من ژووری وام نییە شوێنی جل هەڵواسینی هەبێ.

خەلیفە گوتی:

ـ ژوورێکی بدەنێ با خەڵوەتی و هەموو کەلوپەلێکی هەبێ. کە ژوورەکە دابین کرا، بالوول چوو و لەوێ لە گۆشەیەکدا دانیشت، کە لێیان پرسیی بۆ نایەیتە دەرێ؟

گوتی:

ـ دەترسم یەکێك بێتە نێو ژوورەکەم و دەست لە کەلوپەلەکانم وەربدا و من کەسم نییە هەموو ڕۆژێ بێ و شتەکانم بۆ ڕێکوپێك بکات و ماڵەکەم خاوێن بکاتەوە.

کە خەلیفەیان لێ ئاگادار کردەوە، گوتی:

ـ کەنیزێکی جوانی بۆ تەرخان بکەن خزمەتی بکا.

وەختێ کەنیزەکەیان بۆ برد، گوتیان:

ـ ئەوە خەلیفە پێی بەخشیوی بۆ ئەوەی خزمەتت بکا.

بالوول سواری حەیزەرانەکەی خۆی بوو و بە غاردان هاتە بەر تەختەکەی خەلیفە و شانەکەی داوە بە خەلیفە و گوتی:

هانێ شانەت، هەتاکوو ئەوەم هەبێ ناسرەوم
بەو عابا کۆن و شڕەم، شیرینە خواردن و خەوم
کە تازە بێ جلی من، ئازار و دەرد چ زۆرن
با پیرۆز بێ لەوانەی وەك ئێوە مفتەخۆرن

هاڕوون پێکەنینی بەو هەڵسوکەوتەی بالوول هات و گوتی:

**هەر بەراستی جوانیان هۆنیوەتەوە:**
هەرچی ژیری عالەمە بێ خەم نییە
شێت بە ئەی دڵ، شێتی خۆی دنیایەکە

بالوول گوتی:

ـ ئەگەر ڕووی قسەت لە منە، زۆر بەجێیە و، خوا بکا زمانی تۆ ببێتە قەڵەمی خواکەت و ئەگەر مەبەستیشت خۆتە، لە خۆڕا قسەی وا دەکەی، چونکە مەحاڵە ئەوەی بەدەستت هێناوە، دیسان بەدەستی بێنییەوە.

هاڕوون گوتی:

ـ باشە چۆنت زانی من شێتم و تۆ ژیر؟

بالوول گوتی:

ـ لەبەر ئەوەی تۆ بەو هەمووە کەرەستە و ئیمکاناتەی بۆ ئاوەدانکردنەوەی قیامەتێ بەدەستتەوەیە، هیچ ناکەی و ئەوەندەی خەمی جلوبەرگی زستانێتە، ئەوەندە بیر لە مەرگ و

ڕۆژی قیامەتێ ناکەیەوە، بیر ناکەیەوە ئەو دەمەی دەتەوێ لە پردەکەی سیراتێ بپەڕیتەوە و لەسەر پردێ بەربینگیان گرتی و حیساب و کیتابیان لێت ویست، دەڵێی چی؟

ـ هاڕوون بەداماوییەوە گوتی: نازانم.

بالوول لەسەری ڕۆیشت:

تۆ وای دانێ هیچ حیسابێکیشیان لێت نەوێ و بەس لە خۆراك و جلوبەرگت بپرسنەوە و بڵێن بۆمانی ڕوون بکەوە، دەڵێی چی؟

ـ هاڕوون گوتی:

ـ بە ڕاستی نازانم.

ـ بالوول گوتی:

فەرمان بدە تاوەیەکی سوورکراوە ئامادە بکەن و وای دانێین پردی سیرات شتێکی ئاوا سادەیە، من و تۆ هەر کام بە نۆرە دەچین و لەسەر ئەو پردە حیسابی خۆمان پاك دەکەین.

هاڕوون گوتی:

ـ بڕۆن سێڵێکی سوورەوەکراو بێنن.

کە سێڵەکەیان هێنا، بالوول بە پێی پەتی، پێیەکی لەمبەر و پێیەکی لەوبەری سێڵەکەوە دانا و لەو مەودایەدا گوتی:

ـ بالوول و خەرقە، نان و جۆ و سرکە.

جا لە پردەکە پەڕییەوە. یانی من لە نان و جۆ و سرکە زیاتر خواردنم نەبوو و جلوبەرگەکەشم لە خەرقە و عەبایەك زیاتر نییە. بەڵام ئەگەر هاڕوونەڕەشید بیەوێ لەسەر ئەو پردە ڕاوەستێ و باسی عابای ئەتڵەس و دیبا و هەورێشم و زێڕکفت و ملپێچ و شاڵ و کڵاوی ڕازاوە و پشتێونی موڕەسەع و کراس و بنکراسی هەریر و پانتۆڵ و بندەرپێی بێوێنە و خۆراکی وەك گۆشتی سوێسکە و کەو و مامز و شەراب و خواردنەوەی جۆراوجۆر و خواردنی ئیشتیابزوێن و باسی شەوەژووان و دەستبازی و عەشقبازییەکانی خۆی و چێژوەرگرتن لە کچۆڵەی دڵڕفێن و بیستنی مۆسیقای گیانتاوێنی خۆی بکا، هەر لە نووکی پەنجەوە هەتا تۆقی سەری دەبرژێ.

هاڕوون کە گوێی لەوە بوو گوتی:

ـ بالوول دەیەوێ ڕابوێرێ، بۆیە وا باشترە بیبەنە تیمارخانە و لەپێشدا مەلحەمێکی لە پێی بدەن، دوای ئەوەش زگی تێر کەن با لە برسان وڕێنە نەکا.
بالوول گوتی:
ـ هاڕوون، من پێویستیم بە چاکە و خێری تۆ نییە، چونکە ئاگر هەرگیز دۆستەکانی خوا ناسووتێنێ و زگە برسییەکەی منیش بە نانەجۆیەك تێر دەبێ، بەڵام چاوی برسیی ئێوە هەر گڵی گۆڕ تێری دەکات.
بالوول ئەوەی گوت و سواری حەیزەرانەکەی بوو و ڕۆیشت.

## ٨ـ بالوول لە کتێبەکەی بەزمی ئێراندا

کتێبی بەزمی ئێران، نووسینەوەی سەید محەمەد ڕەزا تەباتەباییە. هەمووشی بەسەرهاتی شیرین و خۆشە لە سەر قسەئەنگێوی و بەدەموپەلیی کەسەکانە. دانەر سەبارەت بە دانانی ئەو کتێبە دەڵێ:
"ساڵی ١٣٣٨ی کۆچی مانگی، کە هێشتا هەندێ ئاسەواری یەکەم شەڕی جیهانی مابوو، لە نەجەفەوە هەستام بچم بۆ مەشهەد و لەبەر نالەباریی ڕێگەی ئێران، بە کویتەی هیندستاندا چوومە زیارەت و لە بەمبەئی دابەزیم و لەوێوە بە لەکنهوردا چووم بۆ دیتنی قایمەقامی ڕامپوور و ماوەیەکیش لەوێ مامەوە و کەڵکم لە کتێبخانەکانی ئەوێ وەردەگرت. کتێبی بەزمی ئێران بەرهەمی خوێندنەوەکانی ئەو کاتمە."
تەباتەبایی لە کتێبەکەی خۆیدا گەلێك هەقایەتی بالوولی هێناوەتەوە و ئێمە بە تۆزە دەستکارییەکەوە نووسینەکانی ئەوتان لێرەدا بۆ باس دەکەینەوە:

### ١. بالوول و بینا تازەکەی هاڕوونەڕەشید

بالوولە ژیرەی خۆشێتکردوو، ڕۆژێك چووە نێو ئەو بینایەی وا هاڕوون تازە دروستی کردبوو. هاڕوون کە دیتی زۆری پێ خۆش بوو و داوای لێ کرد شتێك لەسەر دیواری بیناکە بنووسێ، بالوول نووسیی:

"رفعت الطين و وضعت الدين، رفعت الجص و وضعت النص فان كان مالک فقد اسرفت ولله لا يحب المسرفين و ان كان من مال غيرک فقد ظلمت، ولله لا يحب الظالمين"...

واتە: دينت بەلاوە ناوە، گڵ و قوڕت هەڵناوە. گەچت بەرز کردەوە، دەق(نەس)ت ڕەفز کردەوە. ئەگەر ئەو بينايەت بە ماڵی خۆت دروست کردووە، ئيسرافت کردووە و خودای گەورە ئيسرافکەرانی خۆش ناوێ، ئەگەر بە ماڵی خەڵکيشت دروست کردووە، ئەوە زوڵمت کردووە و خوايش زاڵمانی خۆش ناوێ.

هەر ئەم هەقايەتە حەمدوڵا مستەوفی ساڵی ٧٣٠ی کۆچی مانگی لە کتێبی "تاريخ گزيدە"دا تەواوتر هێناوييەتەوە و لە سەرەتاکەيدا نووسيويێتی:

"شێخ بالوول "دەڵێن" ئامۆزای هاڕوونەڕەشيد بوو.

لە کۆتاييەکەشيدا دوای گێڕانەوەی هەقايەتەکە، ئەوەی لێ زياد کردووە:

"دەشگێڕننەوە ئەو دوو بەيتە شيعرەيش قسەی بالوولە، کە لەسەردەرانەی بيناکەی هاڕوون نووسيويێتی:

"تقبل ايها المامون نصحي

ولا تنظر الي قصر مشيد

فانك ميت من غير شك

كموت ابيك هارون الرشيد

بالوول و خەليفە:

ڕۆژێکيان خەليفە بە بالوولی گوت:

ـ دەتەوێ مووچەيەکت بۆ ببڕمەوە و ڕاسپێرم لە خەزێنە چيت پێويستە بۆتی دابين بکەن، بۆ ئەوەی خەمی ئەو شتانەت نەبێ و هەموو ڕۆژێ بێيە لامان؟

بالوول گوتی:

ـ ئەگەر سێ عەيبی تێدا نەبايە، قايل دەبووم.

خەليفە بە سەرسووڕمانەوە پرسيی:

ـ چ عەيبێك؟

بالوول گوتی:

ـ يەکەم: ئەوەی کە تۆ نازانی من چيم پێويستە هەتا بۆمی دابين بکەی.

خەلیفە گوتی: ئەی عەیبی دووەم؟

بالوول گوتی: دووەم ئەوەی کە نازانیٚ کەی حەوجیٚ و ئاتاجم، هەتا ڕێك لەو کاتەدا دابینم بکەی.

خەلیفە گوتی: سێیەم؟

بالوول گوتی:

سێیەم ئەوەی کە نازانی چەندەم پێویستە، هەتا ئەوەندەم ـ نە زۆر و نەکەمترـ بۆ دابین بکەی و لە کەم و زۆرییەکەی تووشی چەرمەسەریم نەکەی.

خەلیفە گوتی: یانی چی؟

بالوول گوتی: خوای گەورە کە دابینکەری ڕسق و ڕۆزیی منە، ئاگای لە هەر سێکیانە و ئەوەی پێویستمە و لەو کاتەدا کە پێویستمە و شیاوی چەندەم، دەمداتیٚ و لەوانەیە ئەگەر ڕۆژێك کارێکی بێجێم کرد، تۆ ڕقت لێم هەستیٚ و مووچەکەم ببڕی.

## ٣ـ بالوول و هاڕوون لە دەرەوەی شار

ڕۆژێکیان هاڕوونەڕەشیدی عەباسی لە دەرەوەی شار بالوولی دیت و گوتی، ئامۆژگارییەکم بکە.

بالوول گوتی:

ـ ئەی هاڕوون، ئەو کەسەی خودای مەزن جوانی و ماڵی دنیای بداتیٚ و ئەویش بەو جوانییەی خۆیەوە خۆی بپارێزیٚ و داوێنپاك بیٚ و بە سەروەت و سامانەکەشی هەژاران بلاوێنێتەوە و دەستیان بگریٚ، ئەوا خودا ناوی دەخاتە ڕیزی دۆستەکانی خۆیەوە.

هاڕوون کە ئەوەی بیست، پێی وا بوو بالوول قەرزبارە، هەر بۆیە گوتی:

ـ ئەوە فەرمانمان دا قەرزەکانت بۆ بدەنەوە.

بالوول گوتی:

ـ قەرز بە قەرز نادرێتەوە و ئەوەی بەدەست تۆوەیە، ماڵی خەڵکە و بیدەوە بەوان و منەت لەسەر مەکە.

## ٤ـ بالوول و سەقەتی:

سەقەتی کە خۆی موریدی ڕێی تەریقەتە دەگێڕێتەوە، ڕۆژێکیان بە گۆڕستانێکدا ڕادەبردم، بالوولم دیت لەسەر قەبرێك دانیشتووە و هەردوو لینگی خۆی شۆڕ کردووەتەوە و گەمە بە خاك و خۆڵەکە دەکا. پێم گوت:

ـ ئەوە بۆ لە گۆڕستانێ دەژیی؟

بالوول گوتی:

ـ لەبەر ئەوەی خەڵکی ئێرە هیچ ئەزیەتێکم نادەن و ئەگەر نەیەمە لاشیان، خراپەم ناڵێن.

## ٥ـ بالوول و مەسەلەی میرات

کابرایەکی سوننە مەزهەب لەوانەی جگە لە دایك و باوك و عەولاد پێیان وایە هەندێ لە خزم و کەسەکانیش میراتیان دەکەوێ پێیان دەڵێن (عصبە)، بە گاڵتە و تەوسەوە لە بالوولی پرسی:

ـ کابرایەك مرد و میراتگرەکانیشی دایك و کچێك و ژنەکەیەتی و هیچیشی لەپاش خۆی بەجێ نەهێشتووە. ئەو وەرەسەیە چییان پێ دەبڕێ؟

بالوول گوتی:

ـ کچەکە هەتیویی پێ دەبڕێ و دایکە شینگێڕی و ژنەکەشی ماڵوێرانی و هەرچی پاش ئەوە ماوە، بە عەسبەی دەبڕدرێ.

## ٦ـ بالوول و قازی

کابرایەك چووە حەجێ. لەبەر ئەوەی منداڵی ورد بوون، ١٠٠٠ دیناری زێڕی بردە لای قازی و لە بەرچاوی کارمەندەکانی دادگا بە ئەمانەت بەوی سپارد و گوتی:

ـ ئەگەر لەو سەفەرە ئەجەل بەربینگی پێ گرتم، تۆ ڕاسپاردەی منی و چیت پێ خۆشە بە منداڵەکانمی بدە.

قەزا و قەدەری خوا وای هێنا کابرا لە ڕێگەی حەجێ مرد، کە منداڵی گەورە بوون و خۆیان ناسی، داوای ئەمانەتەکەی باوکیان کردەوە، قازی گوتی:

ـ من نامەوێ سەد دینار پترت بدەمێ و بەپێی وەسیەتەکەی باوکیشت ئەگەر بە حەزی خۆم شتێکت نەدەمێ هیچت ناکەوێ.

مندالّی داماو نەیانزانی چ بکەن. چاریان نەبوو کردیانە هەرا و پەنایان بۆ هەرکەس دەبرد، ئەو حیلە شەرعەیان پێ پووچەڵ نەدەبۆوە، هەتا بالوول پێی زانی. بالوول هەڵیگرتن و بردنییە لای قازی.

ـ بۆ هەقی ئەو هەتیوانە نادەی؟

قازی گوتی:

ـ باوکیان وەسیەتی کردبوو چیی خۆم پێم خۆشە بیاندەمێ و منیش لە سەد دینار پتریان نادەمێ.

بالوول گوتی:

ـ قازی، ئەوەی بۆ خۆتت پێ خۆشە، بۆ خەڵکیشت پێ خۆش بێ، یانی تۆ دەتەوێ بە قسەی خۆت هەر سەد دیناریان بدەیەی. کەواتە هەر ئەوەندەیەی بۆ خۆتت دەوێ هەرچەندە هیی خۆشت نییە، بیدە بەوانیش کە هەقی خۆیانە. (باوکی هەتیوەکانیش گوتبووی، ئەوەندەی بۆ خۆتت پێ خۆشە، ئەوەندەش بدە بەوان). قازی کە ئەو جوابەی لە بالوول وەگرت، ناچار بوو قەرزی هەتیوەکان بداتەوە.

## ٩ـ بالوول لە کەشکۆڵەکەی شێخ بەهاییدا

بەهائەدین محەمەد عاملی، ناسراو بە شێخ بەهایی، مەلا و خواناس و حەکیم و شارەزای بیرکاری و ئەستێرەناس و شاعیر و ئەدیب و مێژوونووس و لێکۆڵەر و زانای بەناوبانگ، بەپێی نووسراوەکەی خوالێخۆشبوو سەعیدی نەفیسی لە کۆتایی سەدەی نۆ و سەرەتای سەدەی دەدا، پیاوێکی دەگمەن و بێوێنە بوو و کەس لە ئێران هێندەی وی زانا نەبوو.

بنەماڵەکەی ئەو خەڵکێکی بەناوبانگی ئیسلام بوون و هەر لە هەوەڵەوە لە "جەبەل عامل" لە ناوچەی شام و سووریە لە گوندێك بەناوی جەبەع یان جەباع دەژیان و لە تۆرەمەی حارسی کوڕی عەبدوڵای ئەعوەری هەمەدانی بوون کە ساڵی ٦٥ی کۆچی مردووە.

شێخ بەهایی سێزدە ساڵ بووە و نەبووە، کە لەگەڵ باوکی چووەتە قەزوین و بە داب و کولتووری ئێرانی پەروەردە بووە و هەر لە سەرەتاوە حەزی لە زانین بووە و زۆر بە کەفوکوڵەوە بەشوێن زانست کەوتووە.

ئەو کابرایەکی لەخواترس و دەروێش و دوور لە هەواوهەوەس بووە و لایەنگری زانین بووە و خەڵکی زۆر خۆش ویستووە و دەستودڵاوا بووە و هەر سیفەت و خەسڵەتێکی پیاوێکی زانا و سۆفی پێویست بووە هەیبێ، هەیبووە و تێیدا بووە.

شێخ بەهایی ساڵی ١٠٣٠ نەخۆش کەوت و شەوی ١٢ی شەوال مرد و تەرمەکەیان بردە مەشهەد و لەسەر وەسیەتی خۆی لە "پایین پا" هەر ئەو شوێنەی کاتێ لە مەشهەد بوو، وانەی لێ دەگوتەوە، بە خاکیان سپارد.

شێخ بەهایی بەرهەمی زۆرن کە زۆربەیان لە ئێرانێ چاپ کراون. لە دوو کتێبی ئەودا بەناوەکانی (کەشکۆڵەکەی شێخ بەهایی) و (کۆی شیعر و بەرهەمەکانی شێخ بەهایی)دا چەند هەقایەتێکی بالوول هەیە کە دەقاودەقی دەیانخەینە بەر دیدی خوێنەرە خۆشەویستەکانمان.

**١ـ بالوول و زاهید:**

زاهیدێك گوتی: ڕۆژێکیان چوومە گۆڕستانێك و لەوێ بالوولم دی، لێم پرسی، ئەوە لێرە چ دەکەی؟

گوتی:

ـ لەگەڵ خەڵکێك هەڵدەستم و دادەنیشم، کە ئازارم نادەن و ئەگەر لە قیامەتێ خافڵ بم وەبیرم دێننەوە و ئەگەر لێشیان دوور بکەومەوە، غەیبەتم ناکەن.

**٢ـ بالوول و پرسیارکەر**

خەڵکێك لە دەوری بالوول بوون، یەکێکیان لێی پرسی:

ـ دەمناسی؟

گوتی:

ـ ئەرێ وەڵا، دەزانم کوڕی کێشی. تۆ وەك دۆمەڵانی کێوی وای، نە ڕەگت هەیە و نە لق.

## ٣. سێکوچکەی شێتان

بالوول و عۆلیانە شێت چوونەی لای هاڕوون. قسەی لەگەڵ کردن، هەردووکیان بە هەڵە وەڵامیان داوە. هاڕوون ئەمری کرد میرغەزەب لەسەریان بدا.

عۆلیان گوتی:

ـ تا ئێستا دوو شێت بووین، ئەمجار بووینە سێ.

## ٤. بالوول و هاڕوون له سه‌فه‌ری حه‌ج

که هاڕوون له ڕێگه‌ی حه‌جێ گه‌یشته کووفه، خه‌ڵك هاتنه ده‌رێ بیبینن. له که‌ژاوه‌دا دانیشتبوو. بالوول هه‌رای کرد:

- هاڕوون!

خه‌لیفه پرسیی:

- ئه‌وه کێیه وا بێشه‌رمه؟

گوتیان:

- بالووله.

هاڕوون په‌رده‌ی که‌ژاوه‌ی لادا. بالوول گوتی:

- ئه‌ی ئه‌میری موسوڵمانان، له زمان قه‌دامه‌ی کوڕی عه‌بدوڵای عامرییه‌وه بۆیان گێڕاومه‌ته‌وه، که گوتوویه‌تی:

- پێغه‌مبه‌ری خوام دی له حه‌جێ خه‌ریکی ڕه‌جمی شه‌یتان بوو، که‌سیشی به‌ده‌وره‌وه نه‌بوو که له خه‌ڵك بده‌ن و خه‌ڵکی لێ دوور بکه‌نه‌وه. هه‌ر بۆیه خاکه‌ڕایی تۆ له‌م سه‌فه‌ره‌دا له لووتبه‌رزییه‌که‌ت باشتر بوو.

- هاڕوون به‌کوڵ گریا و گوتی:

- بالوول، به‌رده‌وام به.

بالوول گوتی:

- ئه‌و که‌سه‌ی خودا ماڵی دنیا و جوانی و ده‌سه‌ڵاتی بداتێ، ئه‌ویش به ماڵه‌که‌ی چاکه بکا و به‌جوانییه‌که‌شییه‌وه داوێنپاك بێ و به ده‌سه‌ڵاته‌که‌شییه‌وه دادپه‌روه‌ر بێ، ئه‌و که‌سه له دیوانی خودا ناوی له ڕیزی پیاوچاکاندا ده‌نووسرێ.

هاڕوون گوتی: به‌جێیه. ئیتر ئه‌مری کرد خه‌ڵاتی بکه‌ن.

بالوول گوتی:

- من پێویستم پێی نییه، بیده به‌و که‌سه‌ی لێت ئه‌ستاندووه.

هاڕوون گوتی:

- ده‌ی باشه، مووچه‌یه‌کت بۆ ده‌بڕمه‌وه با په‌کت نه‌که‌وێ.

بالوول گوتی:

ـ ئەی ئەمیری موسوڵمانان، من و تۆ هەردووکمان نانخۆری خوداین، مەحاڵە تۆی لەبیر بێ و منی لەبیر نەبێ.

## ٥ـ هەقایەتی بالوول و موعتەزلییەکە

دەگێڕنەوە لە بەغدا هەموو ڕۆژێ زانایەکی موعتەزلی پێشنوێژیی دەکرد، یەکێك لە خەلیفەکانی بەنی عەباسی کە بەدەسەلات گەیشتبوو، ئیجازەی بە موعتەزلییەکە دابوو پێشنوێژی بکا. ئەو خەلیفەیە خزمێکی نزیکی بالوول بوو.

لەبەر ئەوەی بالوول لە ڕادەبەدەر ژیر و زانا بوو و زۆریشی ڕق لە موعتەزلییەکە بوو، هەموو ڕۆژێك دەچووە مزگەوتێ و لەوێ جنێوی بە موعتەزلییەکە دەدا. کە جەماعەت دیتیان ئەوە بالوول قسەی ساردوسووك بە کابرا دەڵێ، بالوولیان لە مزگەوتێ وەدەر نا و دوای ئەوە نوێژەکەیان دابەست. ئیتر بالوول ڕۆژێکیان دەستی دایە خڕکەبەردێك و چووە مزگەوتێ و لە بن مینبەرەکە خۆی حەشار دا. کە وەختی نوێژ هات، خەڵکە ڕیزیان بەست و موعتەزلی نوێژی دابەست.

کە لەنوێژێ بوونەوە، دەستی کردە موعیزە. گوتی: لە ڕۆژێ قیامەتێدا شەیتان عەزاب نادرێ، لەبەر ئەوەی دۆزەخ ئاگرە و شەیتانیش لە ئاگرە و کار لە یەکتر ناکەن.

بالوول ویستی بێتە دەرێ، دانی بە جەرگی خۆیدا گرت. دیسان موعتەزلی شتێکی دیکەی خوێندەوە و گوتی: چاکە و خراپە لە خواوەیە و بە ئەمری خوایە.

بالوول ویستی بێتە دەرێ و دیسان خۆی زەوت کرد.

لەو حەیسوبەیسەدا کابرای موعتەزلی دیسان شتێکی خوێندەوە کە دەڵێ: دەکرێ لە ڕۆژی قیامەتێدا بەچاوی سەر خودا ببینین.

بالوول ئیتر گەیشتە ئێسکی و خۆی پێ نەگیرا و دەرپەڕی و خڕکەبەردەکەی لە تەپڵی سەری کابرای دا و سەری شکاند.

بالوول لە مزگەوتێ دەرپەڕی. جەماعەت کە وای دی، هەستان و کابرایان بردە لای خەلیفە و شکایەتیان لە بالوول کرد.

خەلیفە زۆری پێ ناخۆش بوو و تووڕە بوو و بیری لەوە دەکردەوە بالوول سزا بدات و گوێی با بدات.

لە پڕ بالوول بە سەرڕووتی و پێخاوسی و بەبێ سڵاو وەژوور کەوت و ڕێك چوو لە سەرووی مەجلیسەکەوە و لە ژوور کابرای موعتەزلی و خەلیفەوە دانیشت.

کە خەلیفە چاوی بە بالوول کەوت، زۆری بەسەردا ڕووخا و بەگژیدا هات و گوتی:

ـ هەی شێتی بێ ئەدەب. تۆ بە چ هەقێك خۆتت پێ لە ئیمامی زەمان گەورەتر و زاناترە؟

بالوول گوتی: ئەی خەلیفەی زەمان، خۆ مناقشە و چەلەحانێ نابێ دڵ ئێشانی تێدا بێ. ئەو کابرایە باسی سێ شتی کرد و بچووکتان بە خڕکەبەردێك هەر سێ مەسەلەکەم بۆ حەل کرد. ئەگەر خەلیفە گوێم لێ ڕاگرێ، بۆی ڕوون دەکەمەوە بچووکت هیچ بێ ئەدەبیم نەکردووە، جگە لەوەی جوابی مەسەلە و مەتەڵەکەی ئەوم داوەتەوە. خەلیفە فەرمووی:

ـ دا بڵێ بزانم.

بالوول ڕووی لە موعتەزلییەکە کرد و گوتی:

ـ ئەی موعتەزلی، تۆ خۆت گوتت شەیتان لە قیامەتێ سزا نادرێ، لەبەر ئەوەی دۆزەخ ئاگرە و شەیتانیش ئاگرە و ئاگر کار لە ئاگر ناکا. وایە؟

موعتەزلی گوتی: بەڵێ.

بالوول گوتی:

ـ ئەی ئەو بەردەی بە سەری تۆمدا کێشا چ بوو؟

گوتی: گڵمتکە بەرد بوو. (لە گڵ بوو).

بالوول گوتی:

ـ ئەی بۆچی سەری تۆی شکاند و ئازاری پێ گەیاندی؟ (لێرەدا مەبەست ئەوەیە بنیادەم کە خۆی لە گڵ دروست کراوە نابێ بە بەردێکی گڵمت ئازاری پێ بگات چونکە هەردووکیان لە یەك ڕەگەزن.)

موعتەزلی بێدەنگ بوو.

بالوول دیسان گوتی:

ـ ئەی ئیمامی موسوڵمانان، تۆ خۆت گوتت، سبەینێی قیامەت خودا دەبینین.

گوتی: بەڵێ.

بالوول گوتی:

ـ ئەو بەردەی لەسەرتم دا ژانی هەیە؟

گوتی: بەڵێ.
بالوول گوتی: بێنە ژانەکەیم پێ نیشان بدە.
موعتەزلییەکە گوتی: جا ژان چۆن دەبینرێ؟
بالوول گوتی: ئەی ئیمامی زانا، ژان شتێکی زۆر بچووکە لە خوڵقێنراوەکانی خودا، جا تۆ مەخلووقێکی بچووك نەبینی، چۆن دەتوانی خودا ببینی؟
دوای ئەو قسەوباسە موعەزلی بێدەنگ بوو و وەڵامی نەداوە و دیسان بالوول پرسیی:
ـ جەنابی ئیمام، تۆ خۆت گوتت خێر و شەڕ هەردووکیان لە خوداوەن.
گوتی: بەڵێ.
بالوول گوتی: جا ئەگەر وا بێ، کەواتە من ئەم کلۆ بەردەم بە ئەمر و ڕەزای خودا لەسەری تۆ دا، ئەی باشە تۆ بۆچی زویر بووی، خۆ من بە ئەمری خودا وام کردووە.
ئیتر موعتەزلی قسەی پێ نەما و بێدەنگ بوو و لە شەرمان هەستا مەجلیسەکەی بەجێ هێشت، چونکە ئەگەر خۆر هەڵبێ شەمشەمەکوێرە چاوی نابینێ.
من و تۆ لێمان ڕوونە و دەزانین
شەمشەمەکوێرە چاوی بەخۆر هەڵنایە

**گێڕانەوەی دووەم:**

سەید محەمەد ڕەزا تەباتەبایی لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی "بەزمی ئێران" ڕێك لەو هەقایەتەی لەبارەی ئەبوحەنیفەی زانا و بالوولەوە هێناوەتەوە و دەنووسێ:
"ڕۆژێکیان بالوول ڕێی کەوتە لای ماڵی ئەبوحەنیفە، ئەبوحەنیفە خەریکی دەرسگوتنەوە بوو و دەیگوت:
ـ من ڕەخنەم لە سێ شتە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەقڵ یەك ناگرنەوە، یەکەم کە دەڵێن، ئاگر شەیتان ناسووتێنێ لەبەر ئەوەی شەیتان خۆی لە ئاگرە، ئای ئاگر چۆن ئاگر دەسووتێنێ؟ دووەم، کە دەڵێن، خوا بەچاو نابینرێ و چۆن دەکرێ شتێك هەبێ و نەی بینی؟ سێیەم کە دەڵێن، خودا خوڵقێنەری هەموو شتێکە و هەرچی هەیە لەوڕایە و لەگەڵ ئەوەشدا بەندەی خودا دەستی ئاوەڵایە، ئەوەش لەگەڵ ئەقڵ یەك ناگرێتەوە.

که ئەوەی گوت، بالوول کلۆ بەردێکی هەڵگرت و تێی هەڵکرد. کلۆ بەردەکەی نێوچاوانی سمی و خوێن شۆڵاوگەی بەست. شاگردەکانی ئەبوحەنیفە بالوولیان گرت. کە ناسییانەوە لەبەر خزمایەتییەکەی لەگەڵ خەلیفە نەیانوێرا لێی بدەن و شکایەتیان بردە لای خەلیفە.

خەلیفە بالوولی بانگ کرد. بالوول هات و خەلیفە بەگژیدا هات و گوتی:

ـ ئەوە بۆچی سەری ئەبوحەنیفەت شکاندووە؟

بالوول گوتی:

ـ من نەم شکاندووە.

خەلیفە گوتی، ئەبووحەنیفە بێنن. بە نێوچاوانی هەڵبەستراوەوە هێنایان. بالوول ڕووی تێ کرد و گوتی:

ـ من کەی لەتۆم داوە؟

ئەبوحەنیفە گوتی:

ـ لەوە خراپتر کە سەرمت شکاند و شەوی دوێنێ شەوێ لەبەر ژان خەوم لێ نەکەوتووە؟

بالوول گوتی: کوا ژانەکەت؟

زاناکە گوتی: ژان نابینرێ.

بالوول گوتی: کەواتە ژانێك لەگۆڕێ نییە، درۆیان دەکەی، ئەی تۆ خۆت نەتگوت شتێکی نەبینرێ، نییە!؟ دوای ئەوەش ناکرێ کەستەك و گلەمەتیش ژانت پێ بگەیەنێ، چونکە هەردووکتان لە گڵ دروست کراون. هەر وەك چۆن ئاگر ئاگر ناسووتێنێ، گڵیش گڵ نایەشێنێ. پاش هەموانیش ئەوە من نەبووم لێم دایت.

ئەبوحەنیفە گوتی: ئەی کێ بوو؟

بالوول گوتی: هەر ئەو خوایەی تۆ پێت وایە هیچ کارێك بەبێ ئەمری وی ناکرێ و بەندەی خودا بەدەست خۆی نییە.

هاڕوون جوابەکەی بەدڵ بوو و ئەبوحەنیفە بە سەرکزی مەجلیسەکەی بەجێ هێشت.

## گێڕانەوەی سێیەم:

ڕۆژێکیان بالوول چووە مزگەوتێك کە ئەبوحەنیفە لەوێ قسەی دەکرد و دەیگوت: جەعفەری کوڕی محەمەد واتە ئیمام سادق بڕوای بە سێ شت هەیە و من ڕەخنەم لە هەر سێ

شتەکە هەیە. یەکەم ئەو دەڵێ، خودای گەورە هەیە بەڵام نە لە دنیا و نە لە قیامەتێ نابینرێ. دەی باشە چۆن دەبێ شتێك هەبێ بەڵام نەبینرێ؟

دووەم دەڵێ، شەیتان بەئاگر دەسووتێ و ئازاری پێ دەگا. لە حاڵێکدا شەیتان لە ئاگر خوڵقێنراوە، جا چۆن دەبێ ئاگر ئازار بە ئاگر بگەیەنێ؟ سێیەم ئەو دەڵێ بەندەی خودا هەر کارێك بکەن، خۆیان دەیکەن و دەستیان ئاوەڵایە، لە حاڵێکدا بەپێی ئایەتەکان هەرچی خودا نەیکا نابێ.

بالوول هەر گوێی لەو قسانە بوو، گڵمەتێکی هەڵگرت و بە سەری ئەبوحەنیفەیدا دا و سەری شکاند. ئەبوحەنیفە شکایەتی بردە لای خەلیفە و....

ئەو هەقایەتە فڕی بەسەر ئەبوحەنیفەوە نییە:

لە کتێبەکەی "خدمات متقابل اسلام و ایران"ـی نووسینی مورتەزا موتەهەریدا هاتووە:

"ئەبوحەنیفە نوعمانی کوڕی سابتی کوڕی زەوتی، یان نوعمانی کوڕی سابتی کوڕی نوعمانی کوڕی مەرزبان (مردنەکەی لە ساڵی ١٥٠ی کۆچی)دا کابرایەکی ئێرانییە و یەکێکە لە ئیمامە گەورەکانی ئەهلی سوننە. لە نێو سوننەکاندا، دوای پێغەمبەر و خولەفای ڕاشدین و حەسەن و حوسێن، کەس هێندەی ئەبوحەنیفە جێی ڕێز نییە. لە ئێران لایەنگری کەمە، لە دەرەوەی ئێران پتر لە سەد ملیۆن کەس لایەنگری هەیە."

کەواتە کەسێکی ئاوا ناکرێ بیروباوەڕیشی وابێ.

لە لایەکی دیکەشەوە بەپێی نووسینی حەمدوڵای مستەوفی:

"ئیمام ئەبوحەنیفە، ئاڵاهەڵگری مورتەزا عەلی بوو ڕەزای خوای لێ بێ و ئەمیری موسوڵمانان عەلی بۆی پاڕایەوە: بارك الله فيك و فى نسلك. هەر بۆیە بەو پلەیە گەیشت."

هەر بەپێی نووسینەکەی حەمدوڵای مستەوفی، خەلیفە ئەبوجەعفەری مەنسووری دەوانیقی خەلیفەی دووەم لە بەندیخانەی کرد و هەر لەوێشدا گیانی سپارد." ساڵی ١٥١ی کۆچی.

بەو پێیە ئەگەر ئەبوحەنیفە لە ساڵی ١٥١ی کۆچیدا لە زیندانی ئەبومەنسووردا مردبێ، کەواتە لە سەردەمی هاڕووندا نەژیاوە کە وەها هەقایەتێکی لەسەر بێ و گومانی تێدا نییە ئەو هەقایەتە فڕی بەسەر ئەبوحەنیفەوە نییە و لەوانەیە هەر بەو شێوەیە بووبێت کە شێخ بەهایی خوای لێ خۆش بێ، لە کەشکۆڵەکەی خۆیدا هێناویەتەوە و کەسی سەرەکیی هەقایەتەکەش هەر موعتەزلییەکە بووبێ.

### ١٠ـ بالوول له كەشكۆڵی شەمسدا:

له کتێبەکەی کەشکۆڵی شەمسی سەید عەتائۆڵا شەمسی دەوڵەتئابادیدا کە ساڵی **١٣٥٩** چاپ و بڵاو کراوەتەوە، پێنج هەقایەت بە ناوەکانی: بالوول و کردەی شێخەکان ـ بالوول و شەرابخواردنەوەی هارووون ـ بالوول و هەژارەکە ـ بالوول و مزگەوتدانان ـ چەلەحانێی بالوول و زاناکە، بەرچاو دەکەون.

کتێبی کەشکۆڵی شەمس، ١٠٠٠ لاپەڕە دەبێ و **٩٧٥** هەقایەتی تێدایە، کتێبەکە جگە لەو هەمووە لاپەڕە و هەقایەتە جۆراوجۆرانەی تێیدایە، هیچ پێشەکییەکی نییە و بەسەرهات و ژیاننامەی نووسەری تێدا نییە و نەشنووسراوە بۆچی کۆ کراوەتەوە و بۆچی نووسراوە و سەرچاوەشی دیار نییە.

### ١ـ بالوول و کردەوەی شێخەکان

یەکێك لە زاناکانی سەردەم بە بالوولی گوت:

ـ لە حەدیسدا هاتووە، ڕۆژی قیامەتێ کردەوەی شێخان دەخەنە تای تەرازوویەکەوە و کردەوەی هەموو خەڵکی دنیاش دەخەنە تایەکەی دیکەوە، ئاواش تای تەرازوو هەر بەلای شێخەکاندا قورسترە.

بالوول گوتی:

ـ ئەگەر وابێ، دیارە تەرازووەکە تێك چووە.

### گێڕانەوەی دووەم:

لە کتێبی بنچینەی مێژوویی پەند و قسەنەستەقەکاندا، ئەم هەقایەتە ئاوا گێڕدراوەتەوە: "کابرایەك حەدیسێکی دەگێڕاوە و باسی گەورەیی ئەبووبەکری دەکرد، کە لە قیامەتێدا ئەگەر لە ئادەمەوە هەتا دوایین مرۆڤ بخەنە تای تەرازوویەکەوە و ئەبووبەکر بخەنە تایەکەی دیکەیەوە، دیسان تای ئەبووبەکر قورسترە.

بالوول گوتی: ئەگەر بڵێم درۆیە، دڵت دێشێ، کەواتە دیارە تەرازووەکەی خودا لاسەنگ و خراپە.

## ٢ـ بالوول و شەرابخواردنەوەی هارِوون

نووسیویانە، رِۆژێکیان بالوول لە هارِوون وەژوور کەوت و سەیری کرد ئەوە هارِوون خەریکی خواردنەوەیە. لەو کاتەدا هارِوون ویستی بڵێ خواردنەوە حەرام نییە، لە بالوولی پرسی:

ـ باشە ئەگەر یەکێك ترێ بخوات، لێی حەرامە؟

بالوول گوتی: نەخێر.

هارِوون گوتی: ئەگەر دوای ترێخواردنەکە و خواردنەوەی ئاو، ماوەیەك لەبەر تاوێ دانیشێ، حەرامە؟

بالوول گوتی: نەخێر.

هارِوون دیسان پرسیی: دەی باشە بۆچی ئەو ترێ و ئاوە ئەگەر ماوەیەك لەبەر تاوێ دانرێن، حەرامە؟

بالوول گوتی: ئەگەر تۆزێك خۆڵ بەسەر یەکێکدا بکەن، هیچی لێ دێ؟

هارِوون گوتی: نەخێر.

بالوول گوتی: ئەگەر دوای خۆڵ بەسەرداکردنەکە تۆزێکیشی ئاو بەسەردا بکەن، ئاخۆ هیچی لێ دێ؟

هارِوون گوتی: نەخێر.

بالوول گوتی: ئەی ئەگەر ئەو ئاو و گڵە تێکەڵ بکەن و خشت و کەرپووچی لێ دروست بکەن و بەسەری بنیادەمیدا بدەن، هیچی لێ دێ؟

هارِوون گوتی: چۆن هیچی لێ نایە، کەرپووچ سەری پیاو دەشکێنێ.

بالوول گوتی: وەك چۆن گڵ و ئاو لێك بدەی، سەری بنیادەم دەشکێنێ، ئاو و ترێش شتێکی وای لێ دەکەوێتەوە، کە قانوونی شەرع حەرامی کردووە و خواردنەوەکەی زیانی بۆ بنیادەم هەیە و حەدی شەرعیی لەسەرە.

هارِوون سەری سوورِ ما و ئەمری کرد شەرابەکە هەڵگرن و سفرەکەی خرِ بکەنەوە. (بەسەرهاتەکانی بالوول)

### ٣. بالوول و هەژارەکە

ڕۆژێکیان عەرەبێکی هەژار و برسی بە بازاڕەکەی بەغدادا ڕادەبرد، چاوی بە چێشتخانەیەك کەوت و ئەوەندەی بۆنەکە پێ خۆش بوو، نانە ڕەقەی لە توورەکە دەرهێنا و بەسەر هەڵمی خواردنەکەی ڕاداشت و کە نەرم بۆوە، خواردی.

چێشتلێنەرەکە، سەیری کرد هەتا نانەکەی خوارد. کە عەرەبەکە هەستا بڕوا، چووە پێشی و داوای پارەی لێ کرد. هەژارە گوتی:

ـ کورە پارەی چی، خۆ هیچم نەخواردووە.

چێشتلێنەرەکە گوتی: نانەکەت بە هەڵمی مەنجەڵەکەی من خاو کردەوە.

لێیان بوو بە قڕە. هەرایەکی لێ کەوتەوە و خەڵکیان لێ خڕ بوونەوە. بە ڕێکەوت بالوولیش بەوێدا ڕادەبرد. کابرای عەرەب بالوولی کردە قازی. بالوول لە چێشتلێنەرەکەی پرسی:

ـ ئەو کابرایە خواردنی لێ خواردووی؟

چێشتلێنەرەکە گوتی: نەخێر، بەڵام بۆن و هەڵمەکەی هەڵمشتووە.

بالوول چەند دراوێکی زیوی لە گیرفانی دەرهێنا و نیشانی دا و ئینجا هەڵی هاویشتن و گوتی:

ـ دەی فەرموو زرینگەی ئەو دراوانە دەبیستی؟

چێشتلێنەرەکە گوتی: بەڵێ بیستم.

بالوول گوتی: کەواتە زرینگەکەیان هەڵگرەوە.

چێشلێنەرەکە گوتی: جا ئەوە کوێی پارەیە.

بالوول گوتی: ئەگەر عەدالەتت دەوێ، ئەوەی بۆن و هەڵم دەفرۆشێ، دەبێ هەر زرینگەش هەڵگرێتەوە.

بەو قسەیە، هەموان پێکەنین و کابرای چێشلێنەر قسەی نەما و شەرمەزار بوو.

گێڕانەوەی دووەم

ئەو هەقایەتە لە کتێبی "تەمسیل و مەسەل"ـیشدا ئاوا گێڕدراوەتەوە:

"سەردەمانێك کابرایەك کەبابخانەی هەبوو. دووکانەکەی دووکەڵکێشێکی هەبوو. ڕۆژێکیان کابرا مشتەریی زۆر بوو و خێرا خێرا کەبابی لێ دەدا و دەیدا مشتەرییەکانی.

پیاوێکی لێقەوماوی برسی کە لەتەنانێکی پێ بوو، چووە سەربانی کەبابخانەکە. کاتێ دووکەڵی کەبابەکە دەهاتە دەرێ، پاروو پاروو نانەکەی وەبەر دەدا و دەیخوارد. لەپڕ کەبابچییەکە هاتە دەرێ و دیتی. پێی گوت:

ـ بێنە پارەی ئەو دووکەڵە کەبابەم بدەیە کە نانت پێ خوارد.

کابرا نەیدایە و کێشەیان بردە لای قازی. مەسەلەکەیان بۆ قازی گێڕاوە. قازی بە کابرای گوت: پارەت چەند پێیە بمدەیە.

کابرا چەند دراوێکی دا بە قازی. قازی پووڵەکانی لە لەپی دەستیدا هەڵخلاند و بە کەبابچییەکەی گوت:

ـ وەشوێن کاری خۆت بکەوە. ئەو دووکەڵی کەبابی خواردووە، هانێ تۆیش زرینگەی پووڵەکە هەڵگرەوە.

(زاد عەلی فەڕوخیانی، شازدە ساڵان ـ قوتابی ـ دێهدەشت ـ کۆهکیلوویێ ـ خەزەڵوەری ١٣٥٣).

## ٤. بالوول و دانانی مزگەوت

فەزڵی کوڕی ڕەبیع لە بەغدا مزگەوتێکی دروست کرد. ئەو ڕۆژەی دەیانویست سەردەرانە و لاشیپانەی بۆ بکەن، پرسیاریان لە فەزڵ کرد، کە ئاخۆ دەفەرموێ چیی لەسەردەرانەکەی بنووسن؟

بالوول لەوێ بوو، لە فەزڵی پرسی:

ـ ئەو مزگەوتەت بۆ کێ دروست کردووە؟

فەزڵ گوتی: بۆ خودا.

بالوول گوتی: جا ئەگەر بۆ خودات دروست کردووە، ناوی خۆتی لەسەر مەنووسە.

فەزڵ تووڕە بوو و گوتی:

ـ باشە بۆ نەینووسم؟ خۆ دەبێ خەڵك بزانن کێ ئەوەی داناوە.

بالوول گوتی:

ـ دەی باشە، بنووسە بالوول دایناوە.

فەزڵ گوتی:

ـ شتی وا ناکەم.

بالوول گوتی: ئەگەر هەر بۆ خۆهەڵکێشان و ناوبانگ دروستت کردووە، پاداشتەکەی خۆتت سووتاندووە.

فەزڵ نەیزانی بڵێ چی، تۆزێك مات بوو، دوایی گوتی:

ـ بالوول چیی گوت، ئەوەی لێ بنووسن.

ئیتر بالوول ئەمری کرد، ئایەتێکی قورئانیان لەسەر نووسی.

## ٥. چەلەحانێی بالوول و زانایەك

یەکێك لە زانا بەناوبانگەکانی ئەهلی سوننە، کە خەڵکی خۆراسان بوو، هاتە بەغدا هارڕوون بانگی کرد. کە زاناکە گەیشتە دارولخەلافە، هارڕوون پێشوازییەکی گەرمی لێ کرد و زۆری ڕێز گرت و بە حورمەتەوە لای خۆی داینا و دەستی کرد بە قسە لەگەڵی.

لەو جەنگەیەدا بالوولیان لێ وەژوور کەوت و هارڕوون خولقی کرد دابنیشێ. زاناکە سەیرێکی ڕواڵەتی هەژارانە و هەڵسوکەوتی سادە و ساکاری بالوولی کرد و بە سەرسووڕمانەوە بە هارڕوونی گوت:

ـ بە ڕاستی خەلیفە زۆر دڵنەرم و خۆمانەیە، کە ئاوا ڕێز لە فەقیر و هەژاران دەگرێ و دەستیان بەسەردا دێنێ.

بالوول زانیی، ئەو زانا لەخۆباییە مەبەستی ئەوە، بۆیە زۆر بوێرانە ڕووی تێ کرد و گوتی:

ـ سەیری ڕواڵەتم مەکە و زۆریش بە زانستە کرچوکاڵەکەی خۆت مەنازە. من ئامادەم بەحس و مناقشەت لەگەڵ بکەم و بۆت بسەلمێنم تۆ نەخوێندەواری.

زاناکە بە زویرییەوە گوتی:

ـ بیستوومە تۆ شێتی و منیش کارم بەسەر شێتانەوە نییە.

بالوول لە وەڵامیدا گوتی: من نالێم شێت نیم و دانی پێدا دەنێم، بەڵام تۆ دان بە نەزانینی خۆتا نانێی.

هارڕوون لە بالوول مۆڕ بۆوە و گوتی:

ـ بێدەنگ بە.

بالوول بە هارڕوونی گوتی:

ـ ئەو کابرایە بە زانستەکەی خۆی دەنازێ و من ئامادەم چەلەحانێی لەگەڵ بکەم.

هارڕوون بە کابرای گوت:

ـ مادام وایە، زەرەری چییە هەندێ شتی لێ بپرسی؟

زاناکە گوتی:

ـ بە مەرجێك لێی دەپرسم، ئەوەیش ئەوەیە، مەتەڵێکی لێ دادێنم، ئەگەر هەڵی هێنا، هەزار دینار زێڕی سووری دەدەمێ، ئەگەر نەشیزانی، با ئەو هەزار دەرهەمم بداتێ.

بالوول گوتی: من پووشێکیش چییە ماڵی دنیام نییە، بەڵام ئەگەر مەتەڵەکەم هەڵێنا، هەزار دینارەکەت لێ دەستێنم و دەیدەمە خەڵکی موستەحەق و هەژار، ئەگەر نەشمزانی، دەبمە عەبد و خولامی تۆ.

زاناکە قەبووڵی کرد و لە بالوولی پرسی:

"ژنێك لە ماڵەکەی خۆیدا لەگەڵ مێردەکەی دانیشتووە. هەر لەو ماڵەدا یەکێکی دیکە نوێژی دابەستووە و یەکێکیش ڕۆژووی گرتووە. لەو دەمەدا کابرایەك وەژوور دەکەوێ. هەر وەژوور دەکەوێ، ئیتر ژن و مێردەکە لێك حەرام دەبن و نوێژ و ڕۆژووی کابرای نوێژکەریش بەتاڵ دەبنەوە. تۆ دەزانی ئەو کابرایەی لێیان وەژوور دەکەوێ کێیە؟

بالوول دەسبەجێ گوتی:

ـ ئەو پیاوە پێشتر مێردی ژنەکە بووە و چووەتە سەفەر و سەفەرەکەی زۆری خایاندووە. خەبەریان دایە ژنەکەی و گوتیان مردووە. ژنەش لەسەر ئیزنی قازیی شەرع مێردی بەو کابرایە کردەوە کە ئێستا لەگەڵی دانیشتبوو و لەو نێوەدا ژنە دوو کەسی بەکرێ گرت، یەکێکیان نوێژی مردوو بۆ مێردەکەی بکات و یەکێکی دیکەش ڕۆژووی بۆ بگرێت. ڕێك لەو کاتەدا کۆنەمێردەکەی کە پێیان وایە مردووە، دێتەوە. هەر وەژوور دەکەوێ، مێردە تازەکەی لێ حەرام دەبێ. ئەو نوێژەی بۆشی دەکرا و ئەو ڕۆژووەش بۆی گیرابوو، بەتاڵ دەبنەوە.

هاروون و ئەوانی دیکەش زۆر خۆشحاڵ بوون بالوول ئەو مەتڵۆکەی هەڵێنا و هەمووان دەستخۆشیان پێ گوت، بالوول گوتی:

ـ جا ئێستا نۆرەی منە.

زاناکە گوتی:

ـ فەرموو.

بالوول گوتی:

ـ ئەگەر هیزەیەك پڕ بکەن لە شیر و یەکێکی دیکەش پڕ بکەن لە سرکە، جا بمانەوێ لەو دووانە شەربەتێك دروست بکەین، دەفرێکی سرکە هەڵدەگرین و دەفرێکیش شیر و بۆ ئەوەی شەربەتەکەیان لێ دروست بکەین، هەردووکیان لە دەفرێکی دیکە دەکەین، دوایی دەبینین کە مشکێکی تێدا خنکاوە، تۆ دەزانی ئەو مشکە لە هیزەی شیرەکەدا بووە یان لە سرکەکەدا؟

کابرا زاناکە هەرچی سەری هێنا و برد نەیزانی چ جوابێك بداتەوە.

هاروون داوای لە بالوول کرد خۆی وەڵامەکە بداتەوە. بالوول گوتی:

ئەگەر ئەو پیاوە دانی بە نەزانینی خۆیدا نا، جا مەتەڵەکەتان بۆ هەڵدێنم.

کابرا ناچار دانی پێدا نا.

ئیتر بالوول گوتی: مشکەکە هەڵدەگرین و لە ئاوێدا جوان دەیشۆینەوە. دوای ئەوەی شیر و سرکەکەمان لێ کردەوە، زگی هەڵدەدڕین. جا ئەگەر سرکەی لە زگیدا بوو، ئەوە دیارە لە هیزەی سرکەکەدا بووە و بە سرکەی مردووە، بۆیە دەبێ سرکەکە بڕێژین، ئەگەر شیریشی تێدا بوو دیارە لە هیزەی شیرەکەدا بووە. بۆیە دەبێ شیرەکە بڕێژین.

ئەوەی لەوێ بوون سەریان لە زیرەکیی بالوول سووڕ ما و بارەقەڵایان پێ گوت و کابرای زاناش سەری بەرداوە و ناچار بوو بەپێی مەرجەکەیان هەزار دینار بداتە بالوول. بالوول دینارەکانی وەرگرت و بەسەر هەژارانی بەغدایدا بەشییەوە.

## ١١ـ بالوول لە کتێبی "بنچینە مێژووییەکانی پەند و قسەی نەستەق"دا

بنچینە مێژووییەکانی پەند و قسەی نەستەق، بەرهەمی مەهدیی پەرتەوی ئامۆملییە لە دوو بەرگدا کۆی کردووەتەوە و کتێبخانەی سەنایی بڵاوی کردووەتەوە. لە پێشەکیی کتێبەکەدا دانەر نووسیوێتی:

"چەند کتێبێك لە بارەی پەند و قسەی نەستەقەوە نووسراون و توێژەرگەلێکی زانای وەك خوالێخۆشبوو عەلی ئەکبەری دێهخودا و محەمەد عەلی جەمالزادە و ڕۆحی شاد بێ سادقی هیدایەت و ئەمیر قولی ئەمینی و... زۆریان خۆ پێوە ماندوو کردووە و هەر کام لەو بوارەوە باسێکی تێروتەسەل و بەسوودیان کردووە، کە جێی ڕێز و پێداهەڵگوتنە. هەرچۆنێك بێ جیاوازیی نێوان ئەم کتێبە و بەرهەمی ئەو زانایانەی ناوم هێنان، ئەوەیە، کە لە کتێبەکانی ئەواندا زیاتر باسی ئەوە کراوە، کە ئەم پەندە لە کوێ و چۆن و بۆچی هاتووە، بەڵام لەم کتێبەدا ئەو پەند و حیکمەت و قسە نەستەقانەم هێناوەتەوە کە بنچینەی مێژووییان هەیە و ڕاستی و دروستییەکەیان و هۆکاری دروستبوونیان لە گێڕانەوە دەرچووە و بووە بە دڵنیایی و ڕاستەقینە."

لەم کتێبەدا ئاماژە بە چەند بەسەرهاتێکی بالوول کراوە و ئێمە لێرەدا دەیانهێنینەوە گۆڕێ:

### ١ـ بالوول و دەنگی گوێز:

ڕۆژێك کابرایەك چەند دەنکە گوێزی دا بە بالوول و گوتی:
ـ بیان خۆ و دوعام بۆ بکە.
بالوول خواردنی بەڵام هیچ دوعای بۆ نەکرد.
کابرا گوتی:
ـ گوێزەکانت خوارد، عافیەتت بێ، بەڵام من گوێم لە دوعات نەبوو.
بالوول گوتی:
ـ دڵنیا بە ئەگەر لە ڕێی خودادا بەخشیوتن، خودا خۆی لە تەقەی شکانیان بووە.

### ٢ـ بالوول و کرنۆشی ژوورەکە

ڕۆژێکیان بالوول چووە بەسرە. جا لەبەر ئەوەی نەیدەویست کەس بیناسێ و نەبێتە بارگرانی بەسەر کەسەوە، ژوورێکی بەکرێ گرت و تێیدا حەواوە، بەڵام ژوورەکە ئەوەندە کۆن و کاول بوو، هەر سووکە بایەکی دەهات، یان بارانێك دایکردبا، پەردووەکانی دەجووڵان و دەنگیان دەهات.
بالوول چووە لای خاوەن خانووەکە و بۆی گێڕاوە. خاوەنی خانووەکە کابرایەکی سوعبەتچی بوو، بە بالوولی گوت:
ـ خەمت نەبێ، چونکە وەك چۆن هەموو بوونەوەرەکانی سەر دنیا تەسبیحات و یادی خودا دەکەن، دار و پەردووی بانی ژوورەکەش خەریکی زیکری خودایە.
بالوول گوتی: خۆ ڕاست دەکەی، بەڵام هەموو زیکر و تاعەتێك سوژدەیەکی بەدواوەیە، من دەترسم ژوورەکەی تۆش بگاتە سوژدە، بۆیە هاتووم بەر لەوەی شتەکە بقەومێ، تەگبیرێکی لێ بکەی.

### گێڕانەوەی دووەم:

ئەبونەواس شاعیرە ئێرانییە بە ڕەچەڵەك عێراقییەکەش شتێکی وای لەسەرە و دەڵێن:
"ڕۆژێکیان ئەبونەواس لە ماڵی برادەرێکی میوان دەبێ و دەنگێك لە میچی ژوورەکەوە دێ. لە خاوەن ماڵ دەپرسێ:

ـ ئەوە دەنگی چییە؟
گوتی: خەمت نەبێ، ئەم میچە خەریکی زیکر و تاعەتی خودایە و کاری بەسەرمانەوە نییە.
ئەبونەواس دەسبەجێ هەستا و چووە دەرێ.
خاوەن ماڵ پرسیی: بۆ ڕۆیشتی؟
گوتی: دەترسم میچەکەت حاڵی لێ بێ و لە زیکر و تەسبیحات تێپەڕێ و دەست بکا بە ڕکوع و سوژدە و بەسەرماندا بڕووخێ.

### ٣ـ بالوول و کۆچی مردووان

ڕۆژێك بالوول لە گۆڕستانێ دەگەڕاوە. خەڵك لێیان پرسی:
ـ لە کوێ بووی؟
گوتی: لای ئەو کاروانەی لە وڵاتەکەی ئێمە دابەزین.
پرسییان:
ـ هیچ پرسیارێکیشت لێ کردن؟
گوتی: بەڵێ، پێم گوتن، کەی لێرە دەڕۆن؟
گوتیان: چاوەڕێی ئێوەین، هەرکات هەمووتان گەیشتنە ئێمە، ئەوکات وەرێ دەکەوین.
٤ـ بالوول و عەرەبەکە
عەرەبێك وشترەکەی گرِوێ ببوو. پێیان گوت: ڕۆنی گەرچەکی تێ هەڵسوو.
عەرەبەکە بەرەو شار ڕۆیشت و لە دەرەوەی بەغدا تووشی بالوول بوو. جا چونکە دەیناسی، پێی گوت:
ـ وشترەکەم گرِوێ بووە و دەڵێن ئەگەر ڕۆنی گەرچەکەی لێ بدەم چاك دەبێتەوە، بەڵام پێم وایە نزای تۆ گیراترە. گەورەیی بکە، بۆی بپاڕێوە بەشکم وشترەکەم چاك بێتەوە.
بالوول گوتی:
ـ ئەگەر ڕۆنی گەرچەك بکڕی و لەگەڵ دوعاکەی من تێکەڵی بکەی، لەوانەی چاك بێتەوە، ئەگینا دوعای من بە تەنیا کاری تێ ناکا.
٥ـ بالوول و بەهای خەلافەت
ڕۆژێکیان بالوول لە هاڕوونەڕەشید وەژوور کەوت. هاڕوون گوتی:
ـ ئامۆژگارییەکم بکە.

بالوول گوتی:

ـ ئەی خەلیفە، ئەگەر لە بیابانێك تینوێتی تەنگت پێ هەڵچنیێ و بێیە سەرەمەرگ، چ شتێك دەدەی بۆ ئەوەی قومە ئاوێکت دەست بکەوێ و تینوێتیت بشکێنی؟

هارووون گوتی:

ـ سەد دیناری زێڕ.

بالوول گوتی:

ـ ئەی ئەگەر خاوەن ئاوەکە بەهیچ نرخێك نەیدا، چ دەکەی؟

هارووون گوتی: ئەی باشە چیی دەوێ؟

بالوول گوتی:

ـ وای دانێ نیوەی پلەوپایەی خەلافەتەکەی تۆی بوێ و حەزیشی لێ بێ ببێتە شەریك و برابەشی خەلافەتەکەت.

خەلیفە بیرێکی کردەوە و وەڵامی داوە:

ـ نیوەی خەلافەتەکەمی دەدەمێ و هەناوم فێنك دەکەمەوە و تینوێتییەکەم دەشکێنم.

بالوول گوتی:

وای دانێین کردت بە شەریکی خەلافەتەکەشت و ئاوەکەشت یەك بین هەڵچۆڕاند و وای دادەنێین دوای ماوەیەکی کورت، "باگیر بووی" و بەهیچ کلۆجێ "با"ت لێ نەبووەوە، ئەو دەم چەندە دەدەی بە پزیشکێك وات لێ بکا بایەکت لێ بێتەوە؟

خەلیفە بەبێ بیرکردنەوە گوتی:

ـ مادام مەسەلەی گیان و ژیان لەگۆڕێیە، نیوەکەی دیکەی خەلافەتەکەشم دەدەم بە پزیکشەکە و خۆم ڕزگار دەکەم.

بالوول بزەیەکی تاڵی هاتێ و گوتی:

ئەو خەلافەتەی قومێك ئاو و ترێك نەهێنێ، تۆخوا شیاوی ئەوەیە ئەوەندەی پێ بنازی و چاکە لەگەڵ خەڵکی خودای نەکەی؟

## ٦ـ بالوول چۆن "جیم"* بوو؟ کوردییەکەی "جیم" دەبێتە فیزماڵك...

مەسەلەی فیزماڵك و خۆشاردنەوەی بالوول لە فەرهەنگی فارسی و قسەی سەر زاروزمانانداا زۆر بیستراوە و لەنێو خەڵکەکەی خۆماندا کەس نییە چەند جارێك ئەو ئیدیۆمەی نەهێنابێتەوە یان نەی بیستبێ، یان لەوانەیە دەگمەن کەسێك نەزانێ بنچینە مێژووییەکەی ئەو پەندە چییە.

"هەر کەس خۆی لە خەڵکێك بشارێتەوە یان بەهۆی کەتنێکەوە خۆی لە خەڵك بشارێتەوە، پێی دەڵێن: فیزماڵکی دایێ".

جگە لەوانەی زانیارییان زۆرە و خەریکی لێکۆڵینەوەن، دەگمەن کەسێك دەزانێ "فیزماڵك" چییە و لە کەیەوە ئەو قسەیە بە واتای خۆشاردنەوە هاتووە.

بەڵام بنچینە مێژووییەکەی ئەم پەندە:

لە کەشکۆڵەکاندا ناوی بالوول زۆرن، بەڵام ئەو بالوولەی ئێمە مەبەستمانە، کابرایەکە لە سەردەمی هاڕوونەڕەشیددا ژیاوە و یەکێك بووە لە شاگردە تایبەتەکانی ئیمام جەعفەری سادق.

بالوول یەکێك بووە لە خزمە نزیکەکانی هاڕوون و دەشڵێن دایك برای بووە و سەرەڕای ئەو نزیکایەتییەش ئیمامی یەکەمی شیعەکان و وەچە و تۆرەمەکەی ئەوی زۆر خۆش ویستووە. دەڵێن لە شاری کووفە لەدایك بووە و ناوی خۆی وەهەب کوڕی عەمر بووە.

شێتییە ڕواڵەتییەکەی لەبەر ئەوە بووە کە هاڕوون بۆ بەردەوامبوونی خەلافەت و پاراستنی پێگە و دەسەڵاتەکەی خۆی، بڕیاری دا ئیمام جەعفەری سادق لەناو بەرێ و زۆری بیانوو پێ دەگرت و گێچەڵی پێ دەکرد بۆ ئەوەی شەهیدی بکات. بەڵام کە بۆی نەچووە سەر، ئیمامی شەشەمی تۆمەتبار کرد بەوەی سەربزێویی کردووە و داوای فتوای لە زانایانی سەردەمی خۆی و یەك لەوان بالوول کرد. هەندێکیان فتوایان دا بەڵام بالوول بە ئەمری ئیمام سادق خۆی شێت کرد بۆ ئەوەی فتواکە لەکۆڵ خۆی بکاتەوە.

---

* وشەی جیم لە ئیدیۆمی فارسیدا واتە خۆدزینەوە لە کارێك. هاوواتای ئەم ئیدیۆمە لە کوردیدا "فیزماڵك"ـە، کە تایبەت بۆ ڕێوی بەکار هاتووە، کە چۆن بە خشکە خۆی لە چاوی ڕاوچی دزیوەتەوە. دواتریش وەك ئیدیۆم بۆ ئەو کەسانە بەکار هاتووە کە خۆیان لە کارێك دزیوەتەوە و گوتوویانە: فیزماڵکی دایێ. لێرەدا دانەری کتێبەکە وای هێناوەتەوە کە ڕەگە مێژووییەکەی ئەو ئیدیۆمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پیتی "ج"ـیەی ئیمام سادق وەك ئاماژەیەك دەریدەبڕێت و بالوول و هاوڕێکانی هەرکامە بە شێوەیەك تێی دەگەن و لێکی دەدەنەوە.

ئەو هەقایەتە لە ڕاست ناچێ، چونکە ناکرێ ئیمامێکی بێگوناح، ڕاشکاوانە بە پیاوێکی ژێر بڵێ خۆت شێت بکە. ڕاستییەکەی ئەوەیە، ڕۆژێکیان چەند هاوڕێ و دۆستێکی تایبەتی ئیمام سادق لەسەر خۆشەویستیی ئەو حەزرەتە ڕاوەدوو دەنرێن و هاڕوون دەستی کردبوو بە بیانووگرتن پێیان بۆ ئەوەی هەرکەس ئیمامی سەردەمی خۆش دەوێ لەناوی بەرێ.

ئەوەدەمەی ئەو حەزرەتە لە مەدینە دەژیا، ئەوانە دەچنە لای و تەگبیرێکی پێ دەکەن. ئیمام جەعفەری سادق بە یەکێك لە پیتەکانی ئەلف بێ، وەڵامی دانەوە. پیتەکەش پیتی "ج" بوو. واتە بە هێما پێی گوتن ئێرە جێ بهێڵن و فیزماڵکی دەنێ. جا لەبەر ئەوەی پرسیارکەرەکان لەترسی سیخوڕ و جاسووسی خەلیفە نەیاندەوێرا لەوە پتر پرسیاری لێ بکەن و بڵێن بۆمانی ڕوون بکەوە، پەیامەکەیان هەر ئاوا بە هێما وەرگرت و بردیانەوە بۆ لای هۆگر و موریدەکانی لە بەغدا. هەر کامەشیان پەیامەکەیان بە کەیفی دڵی خۆیان لێك داوە و ئاوا لە دەهۆی هاڕوون ڕزگار بوون.

هەندێکیان پیتی "ج"ـیان وەك جێهێشتنی نیشتمان لێك داوەو عێراقیان بەجێ هێشت. هەندێکیان بە "جبل" واتە چیای لێ تێگەیشتن و ڕوویان کردە شاخ، بەڵام بالوول بە "جنون" واتە شێتیی تێی گەیشت و خۆی شێت کرد و لێی سواری ئەسپە حەیزەرانەکەی بوو. سەرەڕای ئەوەی زۆریش دەوڵەمەند بوو، وازی لە هەموو خۆشییەکانی دنیا و خزم و کەسی خۆی هێنا و ڕێگەی شێتیی هەڵبژارد کە لایەنە عیرفانییەکەی پتر تێدا بەدی دەکرێ و دەستی کرد بە ڕاستبێژی و خەڵکی نەزان و بێ ئاگای بەرەو ڕێگەی ڕاست و عەدالەت هیدایەت کرد.

هەندێکی دیکە دەڵێن، هاڕوون دەیەویست بالوول بکاتە قازیی بەغدا، بەڵام چونکە بالوول بەهیچ کلۆجێ ئامادە نەبوو پیشەی دادوەری وەرگرێ، بە ئەمری ئیمام سادق خۆی شێت کرد و غەزەب و قینی هاڕوونی لەکۆڵ خۆی کردەوە.

بەڵێ، بالوول لە وەها چاخ و سەردەمێکدا دەژیا و وەك باس کرا، هیچ چاری نەبوو، جگە لەوەی "فیزماڵکی بداتێ" بۆ ئەوەی خۆی لە مەترسییەکان ڕزگار بکات.

سەرنجێك لەسەر ئەم هەقایەتە:

بە ڕواڵەت هەقایەتی "بالوول چۆن فیزماڵکی دایێ" و فارس واتەنی "جیم شد"، ناکرێ پەیوەندیی بە ئیمام سادق و هاڕوونەڕەشیدەوە هەبێ، لەبەر ئەوەی ئیمام سادق لە ساڵی ١٨٤ی کۆچی مانگیدا لە مەدینە مردووە و لە بەقیع نێژرا. لە لایەکیشەوە هاڕوون تازە لە ساڵی ١٧٠ یان ١٧١دا بوو بە خەلیفە. لەوانەیە مەسەلەکە لە سەردەمی مەنسوور، خەلیفەی دووەمی

عەباسیدا بووبێت کە ئەو کات ئیمام جەعفەری سادقیش زیندوو بووە یان پەیوەندیی بە ئیمام مووسای کازمەوە هەبێ، کە لە سەردەمی خەلیفە هاڕوونەڕەشیدا ئیمامەتی لە ئەستۆ بووە.

## ١٢ـ بالوول لە گۆڤارە ناوخۆییەکەی قوتابخانەی سرووشدا

قوتابخانەی دواناوەندیی سرووش، بەناوی **"پیك منتظران"** دووەمین بلاڤۆکی خۆی بە هاوکاری و هیممەتی کۆمەڵێك قوتابیی خۆی لە کۆتایی ساڵی ١٣٧٩دا دەرکرد. ژمارەیەك لەو بلاڤۆکە گەیشتە دەست نووسەری ئەم کتێبە و لە لاپەڕەی ٥ی دا شەش کورتە هەقایەت لەبارەی بالوولەوە بلاو کرابوونەوە کە جەنابی جەلال مەحموودی تەرجەمەی کردبوون و پێدەچێ چیرۆککگەلی "قورسایی خەڵك لەسەر زەوی" و "دەمەوێ بزانم دەنگم تاکوێ بڕ دەکا" و "بیرە سەرەونخوونەکان" هیی بالوول نەبن. لەبەر ئەوەی بالوول کابرایەکی زۆر زانا بووە و ئەو هەقایەتانە لەگەڵ زانست و خەزێنەی زانینەکانی بالوول یەك ناگرنەوە.

ئەگەرچی بالوول خۆی دابوو لە شێتی و کار و ڕەفتاری هەر لە شێت و بێ ئەقڵان چووە، بەڵام بەو خۆشێتکردنەوە، زۆر جاران قسەی ژیرانەی کردووە و خەڵکی دەربار و تەنانەت پیاوەمەزنەکان و خەڵکی ئاسایی و ڕەشۆکیشی بە ئامۆژگاری و پەند و قسەی حەکیمانەی خۆی بەئاگا هێناوەتەوە.

هەر بۆیە ناکرێ ئەو هەقایەت و بەسەرهاتانەی تێیاندا بالوول کراوەتە بنیادەمێکی بێ ئەقڵ و ناتێگەیشتوو، متمانەیان پێ بکرێ و بڵێین هیی بالوولن.

### ١ـ قورسایی خەڵك لەسەر زەوی

ڕۆژێکیان بە بالوولیان گوت: باشە بۆ هە ڕۆژ دەبێتەوە خەڵك لە ماڵ دێنە دەرێ و هەر کام بەرەو لایەك دەڕۆن؟

بالوول گوتی: لەبەر ئەوەی ئەگەر هەموویان بەرەو یەك شوێن بڕۆن، پارسەنگی زەوی تێك دەچێ و بەر دەبنەوە.

### ٢ـ نانخواردنی بالوول

لە بالوولیان پرسی:

ـ بۆچی لەبەر چاوی خەڵك بە هەر پێنج پەنجەکەت نان دەخۆی؟

گوتی: ـ لەبەر ئەوەی شەش پەنجەم نییە.

## ٣. دەمەوێ بزانم دەنگم تا کوێ دەڕوا

بالوول بانگی دەدا و وەك بای شەماڵیش ڕای دەکرد. لێیان پرسی:

ـ بۆ وا دەکەی؟

گوتی:

ـ بزانم دەنگم تا کوێ بڕ دەکا.

## ٤. هەڵەی قازی

سەگێك لە شەقامێك و لە نێوان دوو ماڵدا گووی کردبوو. خاوەنی هەر دوو ماڵەکە لەسەر ئەوەی کامیان دەبێ خاوێنی بکاتەوە، لێیان بوو بە شەڕ و ئاخرییەکەی چوونە لای قازی. بالوولیش لەوێ بوو.

کە مەسەلەکەیان بۆ قازی گێڕاوە، قازی داوای لە بالوول کرد، مەسەلەکەیان بۆ یەکلا بکاتەوە، بالوول دەسبەجێ ڕووی تێ کردن و گوتی:

ـ جا ئەوە ڕوونە، سەیەکە لە شەقامێ گووی کردووە، شەقامیش ملکی گشتییە و هیچتان لەسەرتان نییە خاوێنی بکەنەوە، ئەوە ئەرکی سەر شانی قازییە.

## ٥. بیرە سەرەونخوونەکان

بالوول لەگەڵ یەکێك لە برادەرەکانی خۆی بۆ فێربوونی زانست و زانیاری چووە قۆنیە. هاوڕێکەی منارەیەکی بەرزی دیت، شتی وا هەر نەدیتبوو. بۆیە لە شێخی پرسی:

ـ ئەوەیان چۆن داناوە؟

شێخ وەڵامی داوە: ـ ئەوەی دەیبینی، بیرێکی سەرەونخوونکراوە.

## ٦. گەڕان بەشوێن خەودا

بالوول نیوەشەوێك بە شەقامی شاردا دەخولاوە، دارۆغە دیتی و بەسەرسووڕمانەوە لێی پرسی:

ـ بەو نیوەشەوە لەو شەقامە لەچی دەگەڕێی؟

گوتی:

ـ خەوەکەم زڕاوە و ڕەویوە. لە خەوەکەم دەگەڕێم.

## ١٣. بالووڵ و هاڕوون لە کتێبی "بالوولی زانا"دا

ژیر مەبە با خەمی شێتان نەخۆی
شێت بە با ئاقڵەکان خەمت لێ بخۆن

کتێبی "هەقایەت و قسەخۆشەکانی بالوولی زانا" کۆکردنەوە و نووسینەوەی عەبدوڵا نیازمەند و بڵاوکردنەوەی "دامەزراوەی ئەلوەفا" کە ساڵی ١٣٧١ دووەم چاپی لێ بڵاو کردووەتەوە، کۆمەڵێك هەقایەتی لەسەر بالوول تێدا هاتووە، کە من پێم وایە هەندێکیان فڕیان بەسەر بالوولەوە نییە و هەر ئەو هەقایەت و بەسەرهاتە خۆشانەن کە لە ئەدەبیاتی فارسیدا باو بوون و کاکی نووسەر بەناوی بالوولەوە ڕازاندوونیەتەوە.

لەوەش گرینگتر ئەوەیە، کە لە کتێبی گۆڕیندا، ئاماژە بە سەرچاوەی هیچ کام لە هەقایەتەکان نەکراوە و لە لێکۆڵینەوەشدا ناکرێ بچیتەوە سەر بنچینەیان و لە ڕاستبوون و ناڕاستبوونیان بکۆڵییەوە. لە کۆتایی کتێبەکەشدا هیچ ئاماژەیەك بە سەرچاوە گشتییەکان و ئەو شوێنانە نەکراوە کە پشتی پێ بەستوون.

سەرەڕای ئەوانەش، زەحمەت و ماندووبوونەکانی دانەر و بڵاوکەرەوە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵێك لەو هەقایەتانەی هیی بالوولن، جێ ڕێز و شیاوی دەستخۆشییە.

لەم بەشەی کتێبەکەماندا، هەشت هەقایەت لە بالوول و هاڕوونەڕەشیدمان هێناوەتەوە، کە نموونەیان لە نووسراوە و کتێباندا بەدی ناکرێ. لە هەر جێیەکیش پێویست بووبێ و لە پەراوێزدا ڕوونمان کردووەتەوە.

### ١. لە بالووڵ کەرتر

هاڕوونەڕەشید خەلیفەی عەباسی لە مەجلیسێکدا کە هەموو پیاوان و ماقووڵەکانی مەملەکەتی تێدا کۆ ببوونەوە، ویستی گاڵتە بە بالوول بکا. لێی پرسی:

ـ جەنابی بالوول، بڵێ بزانم، تا ئەمڕۆ لەم دنیایە کەست لە خۆت کەرتر دیتووە؟

بالوول دەسبەجێ گوتی:

ـ نەوەڵا.

دوایی ئاماژەیەکی بە خەلیفە کرد و گوتی:

ـ ئەوە یەکەم جارە لەخۆم کەرتر دەبینم.

## ٢. بالوول و چاندنی تۆوی کاڵەك

ڕۆژێکیان بالوول چووە لای خەلیفە و گاڵتەی پێ کرد و گوتی:

ـ تۆ دەزانی من پێغەمبەرم؟

خەلیفە لە وەڵامدا گوتی:

ـ پێغەمبەر دەبێ موعجیزەیان هەبێ.

بالوول گوتی:

ـ بەڵێ، موعجیزەشم هەیە.

خەلیفە گوتی:

ـ لەبەر چاوم تۆوی کاڵەك بچێنە و پێی بڵێ هەر ئێستاش شین بێ و کاڵەکیشی پێوە بێ، با پێکەوە کاڵەك بخۆین.

بالوول گوتی:

ـ جەنای خەلیفە چوار ڕۆژم مۆڵەت بدەیە.

خەلیفە گوتی:

ـ نایدەم.

بالوول گوتی:

ـ کوڕە هەی بێ ئینساف. خودای گەورە چوارمانگ دوای چەقاندنی تۆوەکە ئینجا کاڵەکەکە دەدا، من بەندەی ئەوم هێشتا تۆ چوار ڕۆژم مۆڵەت نادەیەی؟

## ٣. بالوول و وەزیری هارووون

ڕۆژێکیان لە هەنتەشی خەلیفەدا وەزیر و گزیر و پیاوماقووڵانی مەملەکەت کۆ دەبنەوە. بالوولیش لەوێ دەبێ. یەکێك لە وەزیرەکان گاڵتە بە بالوول دەکا. دەڵێ:

ـ ئەی بالوول، ئەوە بۆچی خۆت کردووەتە قەشمەر و گاڵتەجاڕی منداڵەوردکان و بەسەری ڕووت و پێخاوسی بە کۆلاناندا سواری حەیزەرانێك دەبی و ڕا دەکەی و خۆت لەخەڵك شێت کردووە و خەڵکیش بەشێت دەزانی؟

بالوول دەسبەجێ پرسیی:

- ئەرێ ئەوە کێیە؟
وەزیرەکە گوتی:
- سەیرە نامناسی؟ چما نازانی من وەزیری حەزرەتی خەلیفەم؟ دوای ئەوەش، ئەوەندە بەدینم، هەموو شەوێ دەچمە میعراج و دوای چەند سەعات گەڕان بە ئاسماناندا دێمەوە سەر زەوی.
بالوول گوتی:
- تکا دەکەم بفەرموو، تا ئێستا وا هەبووە لە ئاسمانێ شتێکی نەرم بەر دەموچاوت بکەوێ؟
وەزیرەکە گوتی:
- بەڵێ زۆر جاران.
بالوول گوتی:
- ئەو شتە نەرمە، کلکی کەرەکەی من بووە.

## ٤. بالوول و ژمارەی شێتەکان

خەلیفە، ڕۆژی جەژن لە دارولخەلافەی بەغدا دانیشتبوو و هەرچی دەوڵەمەند و بەگزادەیە، بە جلوبەرگی فەرمییەوە دەهاتنە لای. لەو کاتەدا بالوول بە جلوبەرگێکی شڕەوە هاتە ژوور و ڕێك چوو لە لای خەلیفەوە دانیشت.
خەلیفە زۆری پێ ناخۆش بوو و ویستی تەریقی بکاتەوە. لە بالوولی پرسی:
- ئەرێ جەنابی شێخ، دەکرێ بڵێی ئەم مەجلیسە چەند شێتی تێدایە؟
بالوول بەبێ ترس وەڵامی داوە:
- جەنابی خەلیفە، دوو کەس نەبێ، ئەوانی تر هەموو شێتن.
خەلیفە لەپێشدا وەی زانی یەکێك لەو دووانە خۆیەتی. پرسیی:
- دوو کەسەکە کێن؟
بالوول دەسبەجێ گوتی:
- یەکێکیان منم، ئەوی دیکەش هێشتا نەهاتووە.

## ٥. بالوول و ڕۆژی قیامەت

خەلیفە هارووونەڕەشید زۆر هەوڵی دەدا گاڵتە بە بالوول بکا و هەر هەلێکی بۆ ڕەخسابایە، سەری دەخستە سەر. بەڵام بالوول زۆر زیرەك و وردبین بە شێتەشێتەی خۆی وەڵامی گورچوبڕی لە مستی دەنا.

ڕۆژێکیان خەلیفە لە ئەندەروونە تایبەتەکەی خۆیدا، لەگەڵ زبێدەی خێزانی "دایکی ئەمین" دانیشتبوو. ناردی بەشوێن بالوولدا بۆ ئەوەی تۆزێکی پێ ڕابوێرێ.

بالوول وەژوور کەوت و خەلیفە دوای سڵاوئەستاندنەوەی خوڵکی کرد دانیشێ و دەسبەجێ لە بالوولی پرسی:

ئەرێ بالوول، کەی قیامەت ڕادەبێ؟

بالوول گوتی:

ـ جەنابی خەلیفە ئێمە دوو ڕۆژی قیامەتمان هەیە. یەکێکیان بچووك و ئەوی دیکەش گەورەکەیانە. جەنابت کامیان دەفەرمووی؟

خەلیفە گوتی:

ـ یانی چی؟ گەورە و بچووکی چی؟

بالوول گوتی:

ئەگەر زبێدەخاتوون بمرێ، قیامەتی بچووکە و ئەگەر حەزرەتی خەلیفەش کلکی ڕەپ بکا، ئەوە قیامەتی گەورەیە.

(کلك ڕەپکردن، لێرەدا مەبەست تووڕەبوونی خەلیفەیە.)

### ٦ـ بالوول و حیلەی ئەسپ

ڕۆژێکیان بالوول لەلای هاروونەڕەشید دانیشتبوو. خەڵکێکی زۆر پیاوماقووڵ و دەمڕاستی لە خزمەتیدا بوون. هەر وەك هەمیشە خەلیفە ویستی بە بالوول ڕابوێرێ.

لەو کاتەدا دەنگی حیلە و کوڕژنی ئەسپێك لە یەسترمەخانەوە هەستا. خەلیفە بە گاڵتەوە بە بالوولی گوت:

ـ بچۆ بزانە ئەو حەیوانە دەڵێ چی، وا دیارە کاری بەتۆیە؟

بالوول چوو و هاتەوە و گوتی:

ـ ئەم حەیوانە دەڵێ، تۆ خوا تۆ حەیف نی لەگەڵ ئەو کەرانە دانیشتووی؟ تا زووە ئەو مەجلیسە بەجێ بێڵە، چونکە لەوانەیە کەرێتییەکەی ئەوان تۆش بگرێتەوە.

## ٧. بالوول هاڕوون نسحەت دەکا

بالوول ماوەیەکی زۆر بەغدای بەجێ هێشت و چووە شاری کووفە کە زێدی خۆی بوو. دوای ماوەیەك چۆوە بۆ بەغدا. خەلیفە هاڕوونەڕەشید کە بیستی بالوول هاتووەتەوە بەغدا، ناردی لەدووی. هەر بالوول گەیشتە دارولخەلافە، هاڕوون باوەشی پێدا کرد و ماچی کرد و زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێ کرد و پێی گوت:

ـ زۆر دەمێك بوو تاسەبارت بووم.

بالوول گوتی:

ـ دەنا من تۆم هەر لەبیریش نەبوو.

هاڕوون گوتی:

ـ وەڵاهی دەمێکە نەمدیتووی و لە ئامۆژگاری و نسحەتەکانت بێبەش بووم. ئێستا تکایە تۆزێك ئامۆژگاریم بکە، چونکە نسحەتەکانی تۆ بەردەوام منیان بەخەبەر هێناوەتەوە.

بالوول گوتی:

ـ چ ئامۆژگارییەك لەوە باشتر، ئیتر ئاماژەی بە بینا و کۆشکە ڕازاوەکان کرد و لەولاشەوە گۆڕستانەکەی نیشان دا و گوتی:

ـ ئەی هاڕوون، ئەو پادشا و ناسك و نازدارانەی بە مەزنی و شکۆ و دەسەڵاتەوە لەو کۆشك و تەلارانەدا ژیان، ئێستا لەوپەڕی بێدەسەڵاتی و زەلیلیدا سەریان ناوەتە سەر گڵ و هەر بەم زووانە، تۆش دەچیتە لایان.

ئەی هاڕوون بترسە لەو ڕۆژەی بۆ لێپرسینەوە لە بەردەم خوای خۆتدا ڕادەوەستی و ورد ورد لێت دەپێچنەوە.

بترسە لەو ڕۆژەی خودا ورد ورد و بە عەدالەتەوە لێت دەپرسێتەوە، ئەو ڕۆژە چ دەکەی؟. لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا تۆ ڕووت و قووت، بە کۆڵێك گوناح و کەتن و تاوانەوە لە بەردەم خوای خۆتدا چ دەکەی؟

هەتا درەنگ نەبووە، تۆبە بکە و زیندانەکانت، کە پڕت کردوون لە خەڵکی بێتاوان، بەتاڵ بکە و ئەوەندەش ناهەقی لە ئیمامی موسوڵمانان مەکە و دڵی ڕەسووڵی خودا مەیەشێنە، هەتا دەرفەتت ماوە، بیرێك لەخۆت بکەوە و ئەوەش بزانە لە ڕۆژی پەسڵانێدا هیچ کام لەو خزمەتکار و لایەنگرانەت بەدەنگتەوە نایەن و هەرچی گەنجینەی زێڕت هەیە، هێندەی تۆزێکیش چییە کار

ناکەنە سەر کردەوەکانی تۆ. ئەی هارۆون، من ئەوەی خودا پێی خۆش بوو، پێم گوتی و ئیتر قسەم نەما. جا کەیفی خۆتە.

خەلیفە هارۆون، ڕەنگی بە ڕوخسارەوە نەما و هەموو گیانی لەرزی و لە فکرەوە چوو و ئەوەندەی کار تێ کرد، فرمێسك لە چاوی لووزەوی بەست، بەڵام پێشینان گوتوویانە: تۆبەی گورگ مەرگە.

## ١٤. بالوول لە کتێبەکەی مەشەدی گوڵین خانمدا:

مەشەدی گوڵین خانم، ناوی پیرەژنێکی خەڵکی بروجێردە، کە هەر لە تەمەنی لاوییەوە لەگەڵ دایك و باوکی لە تاران گیرساونەتەوە و جەنابی عەلی جەواهێر کەلام، بە ڕۆژنامەنووس و دیپلۆماتی ئێرانی "ساتن"ـی ناساند. گوڵین خانم لە چەند چاوپێکەوتنێکدا ١١٨ هەقایەتی زۆر سەرنجڕاکێشی ـ کە لە زەینیدا بوون ـ بۆ ئێراننناسی بەناوبانگ "پاڤێل ئێلوان ساتن"ی گێڕاوەتەوە. ئەو کۆمەڵە هەقایەتە ساڵی ١٣٧٤ بە هەوڵ و کۆششی هۆگرانی کولتوور و فەرهەنگی ئێران، بەناوی هەقایەتەکانی مەشەدی گوڵین خانم، لەسەر ئەرکی ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی مەرکەز، چاپ و بڵاو بووتەوە و ساڵی ١٣٧٦ بۆ دووەم جار دیسان چاپ کراوەتەوە.

لە نێوان هەقایەتەکانی کتێبەکەدا، هەقایەتێك بەناوی "مشکە ئاسن خۆرەکان" هیی بالوولە و دەقاودەق لێرەدا دەینووسینەوە:

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو. جگە لەخودا هیچ کەس نەبوو. لە قەدیمدا پادشایەك ڕۆژێك دانیشتبوو. سەیری کرد دەرگای بارەگاکەی کەوتە سەر پشت. گوتیان پادشا، بەرگی نوێت لێ مەبارەك بێ، پەیامهێنەرێك لە فەرەنگەوە هاتووە."

پادشا گوتی: پەیامهێنەر بۆ هاتووە؟

گوتیان: نازانین.

گوتی با بێ.

پەیامهێنەر هات. سڵاوی کرد. دامودەستووری بەجێ هێنا. کورسییەکیان بۆ دانا. دانیشت. دوایی بەو شتانەی ئەو دەم باو بوون، میوانداریيان کرد.

پادشا پرسیی: باشە، بڵێ بزانم بۆ هاتوویە ئەم شارە؟

پەیامهێنەرەکە گوتی: پادشامان منی ناردووە چوار پرسیار بکەم. ئەگەر وەڵامەکەیانت زانی، ئەوە باشە، ئەگینا دەبێ ئامادە بی بۆ شەڕ و خاکت بە توورەکە دەکێشین.

شا گوتی: زۆر باشه. پرسیارەکانت بکه. بزانم چییه؟

گوتی: پرسیاری یەکەم ئەوەیە، نێوەندی دنیا کوێیه؟ پرسیاری دووەم: مردووەکانی دنیا زیاترن یان زیندووەکان؟

گوتی: ئەی سێیەم؟

گوتی: کاولاش و وێرانەی دنیا زیاترن یان ئاوەدانییەکانی؟

ئەی چوارەم؟

ـ چوارەمیش ئەوەیە، ئاسمان چەند ئەستێرەی پێوەیه؟

شا ڕووی له وەزیری دەستی ڕاستەی کرد و گوتی، دەڵێی چی؟

وەزیری دەستی ڕاست ڕووی له وەزیری دەستی چەپ کرد، که دەبێ چی جواب بدەینەوە؟

وەزیری دەستی چەپ گوتی: جارێ چل ڕۆژی دەرفەت لێ وەرگرە.

گوتیان زۆر باشه.

داوایان کرد پەیامهێنەر چل ڕۆژیان مۆڵەت بداتێ، گوتیان، یان وەڵامی پرسیارەکانت دەدەینەوە، یان خۆمان بۆ شەڕ تەیار دەکەین. شەوێ هاتنەوە و کۆ بوونەوە. سبەینێ تەگبیر و ڕایان کرد. هەرچی هێنایان و بردیان، ئەقڵیان پێی نەشکا چ وەڵامێکی بدەنەوە. پێنج ڕۆژی مابوو بۆ چل ڕۆژەکە. شا هەموو وەزیرانی بانگ کرد و گوتی:

ـ ئەرێ وەڵامتان داوە یان نا؟ ئەگەر وەڵامی نەدەنەوە و شەڕ هەڵگیرسێ، من لەپێشدا لەسەری ئێوە دەدەم.

دەرکەوانێك لەبەر دەرگاوە گوتی: پادشام بەرگی نوێی لێ پیرۆز بێ، ئەگەر بفەرمووی، لەم شارەدا یەکێك هەیە، ناوی بالوولە. بەو ئەقڵە نقوستانەیەوە، کاری زۆر گەورە ڕادەپەڕێنێ.

شا گوتی، زۆر باشه بڕۆن بیهێنن.

وەزیری دەستی ڕاست گوتی: بەڵێ کەسێکی وا هەیە، بەڵام چونکە خەڵکی ئێرە نییە، جاری وایە لێرەیە و جاری واشە لێرە نییە.

شا ئەمری کرد: چار نییه، بگەڕێن بیدۆزنەوە.

چوون و شار گەڕان. بالوولیان دۆزییەوە. بالوول گوتی: زۆر باشه بەیانی دێمە خزمەتی پادشا.

با جاریّ لەوەی گەڕێین، وەرە لە بالوولی ببیستە. بالوول خەریك بوو دەچۆوە ماڵەکەی خۆی، لەسەر ڕێیە دەبینیّ ئەوە پیرێکی ڕیش چەرموو دەگری و ئاو لە ڕدێنی شۆڵاوگەی بەستووە. بالوول زۆری بەزەیی پێیدا هاتەوە، گوتی:

ئەوە چیی لیّ قەوماوە؟

گوتی: سڵاو مامە پیرە.

پیرە سلاوی ئەستاندەوە. بالوول پرسیی: پیرە دەردت چییە؟

پیرە گوتی: بەتۆچی؟ تۆ حەکیمی؟ دەردی بێدەرمانمە.

گوتی: دەی باشە، دەهێڵیّ مژێك لەو نێرگەلەیەت بدەم؟

گوتی: ئەها، ئەوە لەبەر ئەو نێرگەلەیە بوو سڵاوت کرد و لیّت پرسیم. من لە هەموو ژیانمدا یەك شاییم پووڵ هەبوو. ئەویشم دا بە تووتن. جا ئێستا بیدەم بە تۆ بیکێشی؟ دەی باشە وەرە مژی لیّ بدە. بەشکم ماندووییت بحەسێتەوە.

بالوول لێی وەرگرت و کێشای و گوتی: دەی باشە مامە پیرە، بڵیّ بزانم کێشەت چییە، بۆچی دەگریێی؟

گوتی: جا مادام وایە، با بۆت بگێڕمەوە، من بازرگان بووم، بازرگانی ئاسن. لە پێشدا بازرگان بووم. ئاسنێکی زۆرم کڕی، لە کاروانسەرا شاردمەوە. کە چووم بیانهێنمە دەریّ بۆ فرۆشتنیّ، دیتم هیچی نەماوە. گوتم، ئەوە کوا؟ کاروانسەرادار گوتی:

ـ من نازانم، لەوانەیە مشك خورادبێتی.

گوتم: ئەی هاوار، چما عەمباری ئاسن، نۆك و پاقلەیە مشك بیخوا؟

گوتی: من نازانم، هەرچۆنێك بیّ، دیارە خواردوویەتی.

چوومە لای قازی. شکایەتم کرد. گوتم، جەنابی قازی حەوت عەمبارم ئاسن هەبوو، ئێستا دەچم هیچی نەماوە. خاوەنی کاروانسەراکە دەڵیّ، نازانم لەوانەیە مشك خواردبێتی.

قازی گوتی: کاروانسەرادارم بۆ بێنن.

کە هێنایان، نازانم چیی بە قازی گوت، قازی دەسبەجیّ لای ئەوی گرت و گوتی: بەڵیّ مامە گیان، خۆ شتی خواردن نەبووە خاوەنی کاروانسەراکە خواردبێتی، دیارە مشك خواردوویەتی.

زانیم قسەیەکی دیکە بکەم، قازی ئەمر دەکا لە فەلاقەم بکەن. ناچار تاقە شاییەکم پارە پێ بوو، ئەویشم دا بە تووتن و ئەم نێرگەلەیەم خۆش کرد. ئەوە دەیکێشم و بۆ بەختەکەی خۆم دەگریم. بالوول گوتی:

ـ دەی باشە، هیچت بەدەستەوە نەماوە؟ چیی دیکەت هەیە؟

کابرا گوتی: هەر گوێدرێژێکم هەیە، ئەوەتا لەبن ئەو دیوارەیە.

بالوول گوتی: ئەو کەرە ڕاگرە. کە سەیری کرد، دیتی، چاوێکی کوێرە و گوێیەکیشی بڕدراوە. لاقێکیشی سەقەتە. بالوول گوتی:

ـ مامە پیرە، ئەو گوێدرێژەت قسەی لەسەر نییە. من ئەوە دەڕۆم، ئەگەر هاتن لێتی بکڕن، تۆ لە پێنج سەد تمەن مەیە خوارێ.

پیرە پێکەنی. گوتی: مامە گیان، میسرییەکەی بە بیست تمەنە، ئینجا کێ ئەم کەرە سەقەتە زامارە بە پێنج سەد دەکڕێ؟

گوتی: تۆ چکارت بەوە داوە. من دوعایەکی خێرت بۆ دەکەم، مشتەریت بۆ بێ. تۆ لە پێنجسەت تمەن کەمتری مەدە.

دەسبەجێ بالوول لە پادشای ڕاسپارد. هاتە لای پادشا. لە شای پرسی: باشە پێم بڵێ ئەم پەیامهێنەرە پرسیارەکەی چییە؟

گوتی: یەکەم پرسیاری ئەوەیە، ناوەندی دنیا کوێیە؟

بالوول گوتی: جا ئەوە هەر هیچ نییە نا.

گوتی: دووەم پرسیاری دەڵێ، لەم دنیایەدا مردووە پترن یان زیندووە؟

بالوول گوتی: باشە ئەوەش هیچ نییە.

گوتی: سێیەم پرسیاری ئەوەیە، ئاخۆ دنیا، زۆرینەی کاولاش و چۆلە یان ئاوەدانی؟

گوتی: ئەی چوارەم؟

گوتی: دەڵێ: ئەستێرەی ئاسمان چەندن؟

گوتی: ئەوەشیان هیچ نییە.

شا کە دیتی، جۆرێك دەڵێ، هەر هیچ نییە، وەك بڵێی زانای سەردەمە.

گوتی: دەی باشە، من شتێکم دەوێ بۆمی ئامادە بکەن، تا من دوو سبەی بێمەوە و پەیامهێنەرەکە ببینم.

گوتیان: چیت دەوێ؟

گوتی: کەرێکم بۆ بدۆزنەوە، چاوێکی کوێر بێ، گوێیەکی بڕا بێ و لاقێکی شەل و سەقەت بێ.

شا گوتی: جا دەتوانن شتی وا بدۆزنەوە؟

گوتیان: دەبێ پەیدای بکەین.

وەزیری دەستی ڕاست هاتە شار و گەڕا. گوتی: ئەرێ کەری واتان پێ شك دێ؟

گوتیان: لەو خوارە پیرەپیاوێك هەیە، کەرێکی وای هەیە.

هاتنە لای پیرەپیاوە. گوتیان: مامە پیرە گوێدرێژەکەت نافرۆشی؟

گوتی: بەرێوەڵا ئەگەر کڕیاری هەبێ.

گوتیان: دەی باشە بە چەندی دەفرۆشی؟

کابرا گوتی: حەوت سەد تمەن.

گوتی: چما شێت بووی؟ ئەسپێك بە دووسەد تمەنە، تۆ کەرێك بە حەوت سەد تمەن دەدەی؟

گوتی: ماڵی خۆمە و وای دەفرۆشم و لەوەش کەمتری نادەم. جا دەتهەوێ ئەوەیە، ناتهەوێ ئەوەیە.

دەڵاڵەکە گوتی: ئاخر مامە پیرە وا نابێ، تۆزێکمان بۆ داشکێنە با بیکڕین.

پیرە وەڵامی داوە: هەر ئەوەندەیە، قڕانێکی سوابێ نامەوێ. پێنج سەد تمەن، دەتەوێ بیبە، ناتەوێ خوات لەگەڵ.

کورتی ببڕینەوە ناچار بوون بەوەندەی بکڕن. هاتنەوە ماڵی بالوول. بالوول گوتی:

جلێکم لە ماڵی پادشای بۆ بێنن.

چوون و بە شایان گوت: جلی دەوێ.

بالوول جلەکەی لەبەر کرد. لێی سواری کەرەکە بوو. ڕۆیشت تا گەیشتە بەر دەرگای دەربار. هەچەی لە کەرەکە کرد بۆ ژوورەوە.

قەرەوڵ پێیان گوت: مامە بەو کەرەوە بۆ کوێ؟

یەکێکی لەگەڵ بوو، گوتی: هیچی پێ مەڵێن، بۆ کوێ دەچێ با بڕوا. کە چوونە حەوشەکە، لەبەر ئەوەی کەرەکە کوێر بوو، وەنێو گوڵ و باخچە دەکەوت و دەچووە دەم هەسێڵەکە. بە پادشایان گوتی:

ـ ئەو سەگبابە شێتە، بەو کەرەوە وا خەریکە دێتە ژووری.

شا گوتی: کەس کاری پێی نەبێ، ئەگەر سەری منیش لێ بکاتەوە کەس دەنگ نەکا، ئەمڕۆ ئەوە دەردی من دەرمان دەکا. چیی پێ خۆشە با بیکا، ئەگینا ئەمڕۆ ڕۆژی وەڵامدانەوەمە، یان دەبێ جواب بدەمەوە یان خۆم بۆ شەڕ ئامادە بکەم.

خەڵك لە ترسی شا هیچیان نەگوت و ئەویش سەری بەرداوە و بە گوێدرێژەوە هاتە ژووری شا. کەرەکەی لە گۆشەیەکی ژوورەکە بەستەوە. گوتی: چەکوچێکم بدەنێ. بۆیان هێنا. هەر چوار دەوری ژوورەکەی پێوا، سینگەکەی لە نێوەڕاستی گوڵی مافووره هەوریشمەکەی ژووری پادشا داکوتا. کورسییەکیان بۆ دانا. ڕووی لە شا کرد و گوتی:

ـ دەی باشە، کوا پەیامهێنەرەکە، با بزانم پرسیارەکانی چین؟

وەزیر و گزیر هەموو دانیشتن. گوێقولاغ بوون بزانن چ وەڵامی پەیامهێنەرەکە دەداتەوە. پەیامهێنەرەکە دانیشت و ئەو لێی پرسی:

ـ فەرموو یەکەم پرسیارت چییە؟

پرسیی: نێوەڕاستی دنیا کوێیە؟

باللوول گوتی: ڕێك ئەو شوێنەیە وا من سینگی گوێدرێژەکەمم لێ داکوتا.

گوتی: شتی وا چۆن دەبێ.

گوتی: دەی بیپێوە.

پەیامهێنەرەکە قسەی نەما.

باللوول گوتی: دووەم پرسیارت؟

گوتی: ژمارەی مردوو پترن یان زیندوو؟

باللوول گوتی: مردوو.

گوتی: بۆ مردوو زیاترن؟

باللوول گوتی: لەبەر ئەوەی، ئەوانەی مردوون، مردوون، ئەوانەی زیندووشن دەمرن.

کە قسەی نەما، گوتی: ئەی لەم دنیایە شوێنە خراپ و کاولەکان زیاترن یان ئاوەدانەکان؟

باللوول گوتی: کاولبووەکان.

گوتی: بۆ؟

گوتی: لەبەر ئەوەی کاولبووەکە، هەر کاول بووە. ئاوەدانەکەش ئەگەر ئاگات لێی نەبێ کاول دەبێ.

گوتی: چوارم پرسیارت؟

گوتی: ئاسمان چەند ئەستێرەی پێوەیە؟

بالوول گوتی: چەند دانە؟

گوتی: بەڵێ.

گوتی: باشە، کەرەکەی من چەند تاڵە مووی پێوەیە بۆم بژمێرە؟ ئەگەر دەشڵێی پێوەی نییە ئەوە هیچ.

کابرا کە زانی قسەی پێ نەما، کلکی لە گەڵۆزی نا و هاتە دەرێ. شا گوتبووی هەر کەس وەڵامی بداتەوە، نیوەی دەوڵەتەکەمی دەدەمێ. جا گوتی: بالوول، ئێستا بڵێ بزانم چیت دەوێ، با خەڵاتت بکەم.

بالوول گوتی: پادشام بەرگی نوێی لێ پیرۆز و تەمەنی درێژ بێ، من حەوجێی ماڵی دنیایە نیم. هەر دوو حوکمم بۆ بنووسە. بۆم بنووسە بالوول شای مشکانە.

گوتی: مشک شای بۆ چییە؟

گوتی: چیت بەوە داوە قوربان. فەرمانێکم بدەیە کە لەمڕۆوە بالوول شای مشکانە.

شا گوتی: زۆر باشە. بۆی بنووسن و بیدەنێ، لەمڕۆوە بالوول شای مشکانە.

نووسیان و پێیان دا.

بالوول کە لە ماڵی شا هاتە دەرێ، بیست پیاوی بەکرێ گرت و هاتە لای ماڵی قازی. بە کرێکارەکانی گوت: دەوراندەوری ماڵی قازی بدەنەوە. چوون بە قازییان گوت:

ـ ئەوە خەریکن دەوری ماڵەکەت دەکۆڵن، ئێستا ماڵەکەت دادەتەپێ.

قازی بە ڕاکردن هات و بە کرێکارەکانی گوت: ئەوە بۆ وا دەکەن؟

گوتیان: ئەم کابرایە پێی گوتین وا بکەن.

قازی هاتە پێشێ و گوتی: چما شێت بووی؟ ئەوە بۆ دەوری ماڵەکەم هەڵدەکۆڵی؟

بالوول گوتی: لەم سەعاتەوە من شای مشکانم. مشکەکان ئاسنیان خواردووە. دەمەوێ ئێرە بدەمەوە و ئاسنەکان و مشکەکان بێنمە دەرێ.

قازی گوتی: بۆ ئاسن نۆك و پاقلەیە مشك بیخوا؟ مشك ئاسن ناخوا. ئاسن نادزێ.

بالوول گوتی: بۆم بنووسە، مشك ئاسن نادزێ و ناشیخوا.

قازی نووسی و دای بە بالوول.

بالوول کرێکاری کۆ کردنەوە و هاتە پشت کاروانسەراکە. گوتی: ئێرەم بۆ هەڵکۆڵن.

خاوەنی کاروانسەراکە گوێی لە زرمەی پاچ و پێمەڕە بوو. هاتە دەرێ و دیتی ئەوە هەڵیدەکەنن. گوتی: ئەوە بۆ وا دەکەن؟

گوتیان: بە قسەی ئەو ئاغایە.

لە بالوول چووە پێشێ و گوتی: بۆ شێت بووی کاری وا دەکەی؟

گوتی: من ئەمڕۆ پادشای مشکانم. دەمەوێ هەڵیکەنم و مشکەکان بە ئاسنەوە بێنمە دەرێ، کە دزیویانە و خواردوویانە.

کاروانسەرادار گوتی: بۆ چما ئاسن نیسك و ماشە! مشك بیخوا؟ ئەوە تێك چووی؟ مشك ئاسن دەبا؟

گوتی: نایبا؟

گوتی: نەخێر.

گوتی: فەرموو بۆم بنووسە.

خاوەنی کاروانسەراش نووسی، مشك ئاسن نابا. بالوول نووسراوەکەی لێ وەرگرت. نووسینی قازی و پیرەمێردەی بردە لای حاکم و ناردییە شوێن پیرەپیاوەکە.

قازی و خاوەنی کاروانسەرایان هێنا. گوتیان: ئەگەر مشك ئاسن ناخوا، ئەی ئەو حەوت عەمبارە ئاسنە چییان لێ هات؟ ئەگەر دەیخوا، ئەی بۆچی نووسیوتانە نایخوا؟

قسەیان پێ نەبوو. بە پیرەیان گوت: بچۆ دەفتەرەکەت بێنە، بزانین ئاسنەکەت چەندە بووە؟

پیرە چوو دەفتەرەکەی هێنا. ئاسنەکەیان حیساب کرد. حاکم لەسەر قازی و کاروانسەرادارەکەی کرد هەر ئێستا پارەی بدەنێ.

قازی بە کاروانسەراداری گوت: شتێکت لە گیرفانمان نا، لەسەرت بەجواب بێین و هەقت بدەینێ، حەیاشمانی پێوە چوو. ئەوەی پێت داین دەتدەینەوە، دەبێ شتێکیشی لەسەر دانێین؟

هەموویان داوە بە پیرە. کە دایانێ، هاتنە دەرێ.

بالوول سەری بردە بن گوێی پیرە و بە سرتە پێی گوت: کەرە سەقەت و کوێرەکەت سێ شایی نەدەکرد، بە پێنج سەد تمەن بۆم فرۆشتی و ئەوەش پارەی ئاسنەکەت. لە چاکەی ئەو مژە نێرگەلەیەی داتمێ بیکێشم ماڵاوا من ڕۆیشتم.

## ١٥ـ بالوول له كتێبی "كووچه"دا

ئەحمەدی شاملوو لە پیتی "ب"ێی لاپەڕە ٧٢٦٧ ی دەفتەری دووەمی کتێبی کووچەدا و لە کتێبی چیرۆکەکانی کتێبی کووچە لاپەڕەی ١٣٧یشدا (چاپی دووەم)، ساڵی ١٣٧٨، کە ناوەندی بڵاوکردنەوەی مازیار بڵاوی کردووەتەوە، چیرۆکێکی بەناوی بالوول و سەردادوەر و چوار هەقایەتیشی لە کتێبی لەتایفولتەوایف هێناوەتەوە. لەم بەشەدا تەنیا یەکەم هەقایەت دەنووسینەوە. هەقایەتی بالوول و سەردادوەرەکەی بەغدا لە ڕاستیدا جۆرێکی دیکەیە لە هەقایەتی مشکەئاسنخۆرەکانی کتێبەکەی مەشەدی گوڵێن خانم.

## بالوول و سەردادوەرەکەی بەغدا:

یەکێ بوو یەکێ نەبوو. جگە لە خودا هیچ کەس نەبوو. بازرگانێك هەبوو لەو بەغدایە پارەی لە پێستی گامێش دەئاخنی، بەڵام خەمی تەنیایی و بێکەسییەکەشی چیایەك هەڵی نەدەگرت. کەسی نەبوو و لەو دنیا پان و بەرینەدا تاك و تەنیا بوو. هەتا گەنج بوو، وەچەی لێ نەکەوتبۆوە. ئەو ژنانەی هێنابووشنی، بەو هیوایەی بەشکم منداڵێکی بۆ بخەنەوە، یەك لە دوای یەك مردبوون و چووبوونە بەهەشت و جەهەننەمەکەی خۆیان. خۆشی ئیتر پێیەکی لەسەر لێوی گۆڕ بوو. ڕۆژێکیان بیری لەوە کردەوە، کە باشترین کار ئەوەیە هەستێ بچێتە حەج و ماڵی خودا زیارەت بکا، نەکا ئەجەل لەناکاو بەرۆکی بگرێ و هیچ تویشوویەکی بۆ قیامەتێ پێ نەبێ. هەر بۆیە هەستا، هەرچی بووی و نەیبوو، فرۆشتی و کردییە سکەی زێڕ و لە توورەکەی چەرمینی نا و بردییە لای سەردادوەرەکەی بەغدا.

ـ جەنابی قازی، من ئاوام لێ قەوماوە و بێکەسوکار و وەجاغکوێرم. دەمەوێ بچمە حەجێ و هەرچی هەمە و نیمە ئەوەندە ئاڵتوونەیە، دیارە کەمیش نییە، بەڵام شوکرانەبژێرم کە یەك مسقاڵێش چییە ماڵی حەرامی تێدا نییە. ئەوە هێناومە بە ئەمانەت لە لای تۆ داینێم. ئەگەر ژیام و هاتمەوە، ئەوە هیچ، ئەگەر نەشهاتمەوە، بە وەکیلایەتیی من و لە ڕێی خوادا حەمام و مزگەوتێکی پێ دروست بکە و هەرچی لێشی ماوە، وەقفی مزگەوت و حەمامەکەی بکە، بەشکم هەم ناوێکمان بمێنێ و هەم خەڵکیش دوعایەکی بەخێرمان بۆ بکەن.

قازی گوتی: دیارە کاری ئاوا، هەر نیەتەکەی خێرە، چ بگا بە کردنەکەی. بەڵام من کابرایەکی گرفتار و لەخواترسم. لە خۆوە ناچمە بەر بارێکی قورس، کە ئەگەر خوای نەکردە قەزا و قەدەر هات و شتێکم بەسەر هات، هەر بەدناوی و حەیاچوونەکەم پێ ببڕدرێ. کەس نازانێ سبەی ڕۆژێ چیی بەسەر دێ. شەیتانی لەعنەتی چ تەڵەیەکی بۆ ناوەتەوە. بنیادەمیش ئەگەر خێرێکی پێ نەگا، بۆچی شەڕ تووشی خۆی بکا و سەری نایەشێ بۆ پرێسکەی لێ ببەستێ؟ بۆیە لێت ناشارمەوە، لەگەڵ خۆم ئادم کردووە و پەیمانم بەستووە قەت نەچمە بەر باری قورسی ئەمانەتدارییەوە. بنیادەم "نە"یەك دەڵێ و نۆ مانگ خوێنی دڵ ناخواتەوە. دیارە با ئەوەش بڵێم: "ئەمانەتداری" مەبەستم بەرپرسیارەتییەکەیەتی. بەرپرسیارەتیی ئەمانەتەکە قەبووڵ ناکەم، سبەی ڕۆژێ لەسەر پردەکەی سیراتێ بەرۆکم بگری و بڵێی، لەو خەرمانە دەنکە جۆیەکی کەم

بووەتەوە و دەبێ وەڵام بدەیتەوە. ناوەڵا تاقەتی ئەوەم نییە جوابی خودای بدەمەوە. بەڵام ئەگەر هەر نەتتوانی شوێنێکی باشتر بدۆزیتەوە، ئەم حوجرەیەی تەنیشتم شوێنێکی ئەمینە و کەس ڕێی ناکەوێتە ئەوێ. هەر کات حەزت لێ بوو دەتوانی توورەکەکانت سەربەمۆر بکەی و بیبەی و لەوێدا کوێت پێ خۆش بوو دایان بنێی. ئیشەڵا کە بە سلامەتیش هاتیتەوە، ئەوە دەیان بەیتەوە. من نە سەیری نێو توورەکەکانت دەکەم و نە حەزیشم لێیە بزانم خۆڵیان تێدایە یان زێڕ و گەوهەر. بەو مۆر و نیشانەی خۆت دایدەنێی، هەر بەو مۆر و نیشانەش هەڵیاندەگریتەوە. من بە پێویستی دەزانم، بڵێم، ئەگەر خوای نەخواستە دنیا هەزار شتەو نەگەڕایەوە، مووبەموو وەسییەتەکەت بەجێ بگەیەنم، باقی وەسەلام.

بازرگانەکە لە دڵی خۆیدا گوتی:

ـ ماشەڵا لەو پیاوە لەخواترسە. هەزار ڕەحمەت لەو ژەکەی مژیوتە.

زۆر بە منەتەوە توورەکەی سەربەمۆر کردن و بردنی لە حوجرەکەی تەنیشتییەوە دانان. سەیری کرد دەوراندەور سندووق دانراوە. گوتی: دیارە خەڵکی دیکەش لەسەر ئەو متمانەیەی بەو قازییەیان هەیە، ئەمانەتییەکانی خۆیان هەروا لەلای بەجێ دەهێڵن.

توورەکەی هەروا لە گۆشەی سندووقێکدا لەسەر یەك دانا و دەستی قازیی ماچ کرد و ماڵاوایی کرد و بەرەو زیارەتێ کەوتە ڕێ. ساڵێك و شەش مانگان لەوێ گەڕا و خولاوە. کە دیتی ئیتر دەستی لە بنی هەمبانە دەرچووە و ئەوەی هێناوییەتی، چیی نەماوە، هاتەوە بەغدا و سبەینێکەی چووە لای قازی و گوتی:

ـ جەنابی قازی، شوکری خودا بە ساغ و سلامەتی هاتمەوە.

قازی گوتی: بۆ چووبوویە کوێ؟

حاجی لە پێشدا هەر پێی سەیر بوو، بەڵام بیری کردەوە و لەبەر خۆیەوە گوتی: "سەیر نییە، ئەو داماوە هەموو ڕۆژێ ناچار سەد کەس ببینێ، خۆ لە جارێکیش زیاتر منی نەدیتووە." هەر بۆیە گوتی:

ـ هەقتە جەنابی قازی، هەقتە نەمناسیتەوە. ئەگەر لەبیرت بێ، ئەو ڕۆژی دەمەویست بچمە حەجێ، هاتمە خزمەتت گوتم: من کابرایەکی بێکەسوکارم و دەمەوێ بچمە حەجێ. هەمە و نیمە ئەو چەند توورەکە زێڕەم هەیە با لە خزمەتتدا ئەمانەت بێ، ئەگەر هات و شووشەی تەمەنم لەو سەفەرەدا بەردێکی لێ درا، گەورەیی بفەرموو و زەحمەت بکێشە بەناوی من مزگەوت و حەمامێکی پێ دروست بکە و باقییەکەشی بکە وەقفی ئەوان.

قازی نێوچاوانی تێك نا و گوتی: نەکا چوونە حەجت کردبێتە بیانوویەك بۆ ئەوەی بوختانێ بەخەڵکی بکەی؟ من کەی لە ژیانمدا بەپرسیارەتیی ئەمانەتی یەکێکم هەڵگرتووە، کە تۆ دووەم کەس بی؟

حاجی بە پێکەنینێکی داماوانەوە گوتی:

ـ بەڵێ جەنابی قازی، ئەمانەتەکەمت قەبووڵ نەکرد، مەبەستم ئەوە بوو ئیجازەت دام توورەکەکان سەربەمۆر بکەم و بیانبەم بە دەستی خۆم لەوە حوجرەیە لە جێیەك دایان بنێم و ئەگەر مەرگ مۆڵەتی دام و هاتمەوە، خۆم بێم و بیانبەمەوە، ئەگینا جەنابت هەر سەیریشت نەکردن.

قازی گوتی:

ـ کەواتە لێت سوور بێ ئەوە ئەمانەت وەرگرتن نییە. شتێك کە لە خۆت بەولاوە کەس نازانێ چییە و چەندەیە و بە دەستی خۆت بردووتە لە شوێنێك کە هەر خۆشت دەزانی کوێیە داتناوە، دیارە ئێستاش هەر خۆت دەزانی کوێیە و دەکرێ بچی بیانبەیەوە. بەڵام ئەوە پێی ناگوترێ "ئەمانەت وەرگرتن" ها.

حاجی بە ترس و سەرکزییەوە گوتی:

ـ وەڵڵا، بیللا، منیش هەر مەبەستم ئەوە بوو.

هەستا و چووە حوجرەکەی تەنیشت. دەرگای ئەو سندووقەی کردەوە کە نیشانی کردبوو. سەیرێکی توورەکەکانی کرد. عەرزی ئاغای خۆم بکەم، وەك چۆن ئێوەش بۆی چووبوون، کابرا بەندی جەرگ و دڵی پسا. توورەکەی لە جێی خۆیان بوون، بەڵام تاقە یەك سکەزێڕیش چییە تێیاندا نەمابوو. گۆشەی هەرکام لە توورەکەکان هێندەی ددانە مشکێکی پچڕپیبێتی، کون بوو. حەشایە خوایان تێدا نەهێشتبوو. بە هاوار و لەخۆدان هاتەوە و گوتی:

ـ کاکە، لێرە و لەسەر پردەکەی سیراتیش لە موسوڵمانی ناوەشێتەوە بەڵایەکی ئاوا بەسەر بەندەی خودای بێنن، کە تەنیا تاوانی ئەوە بووە متمانەی بە دینداری و خواترسیی قازیی مەزن بووە.

### قازی نێوچاوانی گرژ کرد و زاری لێ داپچڕی:

ـ کوڕە هەی مەلعوونی گڵاو. ئەوە بوختان بە دادوەری مەزنی داروڵخەلافە دەکەی؟ تۆ سەی کێی، هەی نەزان. ئەو دەمەت داخە، هەتا نەمداوە زمانت لە پشتەسەرتەوە دەربێنن. بە زمانی خۆت گوتت من تەنانەت سەیری نێو توورەکەکەشتم نەکردووە و ئەوەی لێرەش لەو دادگایەن هەموو شایەتن وات گوت. ئەگەر مشك چووبێتنە نێو سندووقەکانەوە (کە جێی

ددانیشیان به تووره‌کەکانتەوه دیاره) ئیتر به ئێمه چی؟ هەتا لەدین دەهریت نەکردووم، برۆ جەحەندەمت لێ پڕ بێ.

حاجی داماو و لێقەوماو، به گریانەوه هاته دەرێ. نه فلسێکی لەگیرفانیدا بوو، نه ڕێگەی دەربازبوونێکی لەپێش بوو. نه له ڕووی هەڵدەهات سواڵ بکا و نه نانه ڕەقەی له قوڕگی دەچووه خوارێ. فرمێسکی دەباراند و تووکی له قازی دەکرد و تفی لەخۆی و کەرێتییەکەی دەکرد و سەری خۆی هەڵگرتبوو و دەڕۆیشت. گەیشته کاولاشێك و له قوژبنێك ئەژنۆی لەباوەش گرت و گریا.

بالوولیش خوداوڕاستان بۆ پشوویەك هاتبووه بن سێبەری دیوارێکی ئەو کاولاشه، که به گریانی کابرا لەخەوێ هەستا. چووه پێشێ و لێی پرسی:

ـ براکەم، چیت لێ قەوماوه، بۆ وا دەگرییێ؟

حاجی بالوولی ناسییەوه، چونکه لەو بەغدایەدا هەر بالوولێك هەبوو. گوتی:

ـ برینم مەکولێنەوه بالوول. بەو سەری پیرییه بەدەستی خۆم قوڕم بەسەر خۆمدا کردووه، که هەر بمرم باشتره.

بالوول گوتی: مەرگ دەرمانی هەموو دەردێك نییه. بەتایبەتی ئەو زوڵمەی خراپەکارێك له بنیادەمی دەکا. ئەگەر بەسەهووش نەچووبێم، پێم وایه تۆش زاڵمێك مافی خواردووی. وایه.

حاجی پرێسکەی دڵی بۆ کردەوه و بالوول سەری بۆ لەقاند و گوتی:

ـ ئەو خێرلەخۆ نەدیوه، ئەم قازییەی بەغدا، زۆری کاری وا کردووه، بەڵام دەبێ تا درەنگ نەبووه دەرگای ئەو گەوڕەی لەسەر داخرێ. هەستە با بڕۆین و شوکرانەبژێر به که بەر لەوەی بەڵایەك بەسەر خۆت بێنی، تووشی من بووی. هەستان و چوونه بەردەرگای هاڕوونەڕەشید و بالوول به دەرگەوانەکەی گوت:

ـ خێرا به خەلیفەت بڵێ، بالوول هاتووه و دەیەوێ بتبینێ.

چوون و خەلیفەیان ئاگادار کردەوه. ئەمر کرا، خێرا بیبەنه لای. بازرگانەکەش هەر لەوێ چاوەڕێ ما. بالوولیان برده ژووری. کڕنۆشێکی کرد و ڕاوەستا. خەلیفه هەر پێی سەیر بوو، پرسی:

ـ ها، بالوول چ بووه وا ئێمەت بیر کەوتووەتەوه، ئەویش ئاوا؟

گوتی: خەلیفه تەمەندرێژ بێ. سڵاوی گوندی بێ تەماع نییه. هاتووم تکات لێ بکەم بەرپرسیارەیتییەکم بدەیتێ.

هاڕوون سەری بۆ لەقاند و گوتی: هەی بارەقەڵا، وەڵاهی وا دیارە ئاقڵ بووی... دەی باشە چ پلە و پایەیەکت دەوێ؟ خۆ ئێمە دڵی تۆ ناشکێنین. پێت چۆنە بتکەمە سەرۆکی شێتەکانی داروخەلافە؟

بالوول گوتی: هەی بەنۆکەرت بم. کوڕە ئەو کارە چەرمەسەرییەکەی زۆرە. چونکە دەبێ دڵی شێر و سەبری ئەیوبت هەبێ جا بتوانی دەرەقەتی ئەمیرەکانی سوپا و دەوروبەرییەکانی تۆ بێی. من دەمەوێ بمکەیە دەسەڵاتداری مشکەکانی داروخەلافە.

خەلیفە قاقایەکی کێشا و بە دەوروبەرییەکانی گوت:

ـ دیوتانە؟ کوڕە بالوولیش لە سەرۆکی مشکەکانی داروخەلافە بەولاوە هیچی قابیل نییە. زۆر باشە بالوول. ئەگەرچی خۆشێتکردنەکانی تۆ زۆربەی جاران حیکمەتێکیان تێدایە، ئەوە ئەم پلەیەمان بەتۆ بەخشی. برۆ شوکرانەبژێر بە.

بالوول گوتی: بەنۆکەرت بم. مشکەکانی بەغدا لە زۆڵێتیدا سەرتۆپی دنیان و بەناوبانگن، پلەوپایەی بەبێ ئەمر و ژمارەش فاتیحای بێ ئەلحەمدیشی بۆ ناخوێنن.

خەلیفە دیسان قاقایەکی کێشا و گوتی: ئەوە فەرمانەکەشم بۆت نووسی: لەمڕۆوە بالوول سەرکردە و بەرپرسی هەموو مشکەکانی داروخەلافەیە و دەسەڵاتی هەموو هۆزی مشکانی هەیە. ئەمە فەرمان و مۆری خەلیفەی موسوڵمانان هاڕوونەڕەشیدی عەباسییە و پێویستە هەموو خەڵکی شەریفی بەغدا ئاگادار بن. وەسەلام.

فەرمانەکەی مۆر کرد و دای بە بالوول.

بالوول گوتی: ئەی ئەمیر، دیارە تاك بە تاکی ڕەعیەتی تۆ بەجێهێنانی ئەمر و فەرمانت بە ئەرکی خۆیان دەزانن، بەڵام ئەوانەی فەرمانەکە بەڕێوە دەبەن و جێبەجێی دەکەن، بەدەستی بەتاڵ هیچیان پێ ناکرێ.

خەلیفە قاقایەکی دیکەشی کێشا و ئەمری کرد خەزێنەدار سەد دیناری زێڕیشی بداتێ.

بالوول بەدڵێکی خۆش و بەهەڵەداوان لە کۆشکی خەلیفەی هاتە دەرێ و لەگەڵ بازرگانەکە، کە هەروا چاوەڕێی بوو، بەرەو مەیدانە گەورەکەی بەغدا کەوتنە ڕێ، چونکە هەرچی بێکار و هەژاری داروخەلافە بوو، لەوێ کۆ دەبوونەوە و بەو دینارانە لەشکرێکی گەورەی بە پاچ و پێمەڕە و قوڵێنگەوە کۆ کردەوە و وەپێش خۆی دان و چوونە ماڵ و باخەکەی قازی و دەوریان دا. بە ئاماژەیەکی بالوول دەستیان کرد بە هەڵکۆڵین و دانەوەی دەوری ماڵەکەی. خوڵام و

نۆکەر و کارەکەر کە هاتنە دەرێ و ئەوەیان دی، بە هەڵەداوان خۆیان گەیاندە قازی و گوتیان: ئەوە بالوولە قوربان، دەڵێ دەبێ ئەو ماڵە سەروبن بکەن و خاکی بەتوورەکە بکێشن، فەرمانی خەلیفەشی پێیە و باسی مشك و دوور لەڕووت جەنابت و دزینی زێڕ و شتی وا دەکا. قازی هەستا و بەپەلە عەبای بەسەر شانی خۆیدا دا و خۆی گەیاندە بالوول و گوتی:

ـ دەزانم لەخۆڕا ئەو کەربازاڕییەت نەخستووەتە ڕێ. وەرە مەرد و مەردانە بڵێ بزانم بۆ وا دەکەی؟

بالوول گوتی: بەپێی فەرمانی هاڕوونەڕەشیدی خەلیفە من بوومەتە سەرۆکی مشکەکانی داروخەلافە. ئەو پیاوەش شکایەتی هێناوە و دەڵێ مشکەکانی ئەم ماڵەی تۆ زێڕەکانیان دزیوە. ئەگەر دەکرێ زێڕەکەی یان مشکەکانمان ڕادەست بکەی، چ باشتر. زەحمەتی ئێمەش کەم دەبێتەوە، ئەگینا ناچارم بەردی بناغەی ئەو خانووە دەربێنم، تا مشکەکان بە زێڕەکەوە دەگرم.

قازی کە دەیزانی دەرقەتی بالوول نایە و ماڵەکەشی بەسەردا دەڕووخێ، هەم زێڕەکەی لەدەست دەچێ و هەم ئابڕووشی دەچێ، وای بە باش زانی، زێڕەکان بە حاجی بداتەوە و لەکۆڵ خۆی بکاتەوە باشترە، گوتی: زۆر باشە، من وام پێ باشترە لە گیرفانی خۆم زەرەرەکەی ئەو کابرایە بژمێرم و لە دەرفەتێکی لەباردا ئەو مشکە زۆڵە دزانەش دەگرم و دەیاندەمە دەست خۆت سزایان بدە.

بالوول گوتی: زۆر ژیرانە و بەجێیە.

قازی ناردی قەپان و تەرازوویان هێنا، لەبەر چاوی خەڵکەکە دوو ڕبەی پڕ لە دیناری پادشاییان کێشا و توورەکەیان پڕ کرد و دایانە حاجی و پسوولەیان لێ وەرگرت و بەڕێیان کرد و سەروبەری کارەکەیان گرت. بەڵام بالوول زێڕەکەی هێنا لای هاڕوونەڕەشید و بۆی لەبنی کوولەکە دا و هەرچی شتی دیکەشی لەسەر سەگبابێتیی قازییەکە دەزانی، هەمووی لێ لەقاو دا و کێ لەدەستی زیانی بینیبوو، هەمووی دەناسین و هێنانی و ئاخرییەکەی گوتی:

ـ جا جەنابی هاڕوونەڕەشید، ئێمە لە پشت دەرگا داخراوەکانی باشووریشمانەوە خەڵکێکی بەئاگا و بەخەبەرین، کەچی تۆ لەسەر تەختی خەلافەت، کە دەروازەکانی بە باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا کراوەیە، لە گوێی گادا خەوتووی. قازییەکانت بەناوی مشك و چەقەڵەوە، ماڵ و سامانی خەڵك دەخۆن و بەناوی دینەوە دەستی هەژار و برسی و داماوان دەبڕن، بەتاوانی ئەوەی نانێکیان دزیوە، حاکم و ئەمیرەکانت سندووقە بەتاڵی پیرەژنان دەپشکنن بەشکم ڕەشەدراوێکیان تێدا بدۆزنەوە و کچۆڵەی عازەب بە ناوی کەنیزە و جارییە دەنێرنە حەرەمەکەی تۆ، بۆ ئەوەی خەوەکەت قورستر بێ و سپاسالارەکانت بەناوی خودا و

پێغەمبەرەوە گوند و دێهاتان دەسووتێنن و خەڵکی بێتاوان دەدەنە بەر مەودای شیر و قەناران و هەرچیی هەیانە نیانە بۆ تۆی دەنێرن بۆ ئەوەی بیکەیە زێڕ، لە بەرێکی بنووسی ئەڵاهوئەکبەر و لە بەرەکەی دیکەی ناوی خەلیفەی موسوڵمانان و تۆ بەیتولمالّی ئەو خەڵکە هەژارە لەسەر یەك کۆ دەکەیەوە... بڵێ بزانم من و تۆ کامەمان خەلیفەی خواین لەم سەر زەوییە؟

خەلیفە وەك لە کتێباندا هاتووە، تۆزێك نێوچاوانی گرژ کرد و ئەمری کرد قازییەکەیان بە تویّی کراسێك و پێڵاوێك و گۆرەوییەك و بن شەلوارێکەوە هێنا دەرێ و لە مەیدانەکەی بەردەم کۆشکێ ڕدێنیان هەموو هەڵکەند.

کڵاوێکی سووری قوتی گوڵێنگەداریان لەسەر کرد و بەراوەژوو سواری کەرێیان کرد و بە دەهۆڵ و زوڕنا بەنێو شاردا گێڕایان.

خەڵکیش ورد و درشت هوڕایان بۆ دەکێشا و دەیانقریواند و وەشوێنی کەوتبوون. هەر بەر دەرگای خەڵوەتەکە چۆل بوو، پاسەوان بە ڕاکردن چوونە لای خەلیفە و لە دەم یەکێك لە تەختەکان جێیەکی زێڕکفتیان بۆ ڕاخست بۆ ئەوەی هاڕوونەڕەشید لەوێ دانیشێ و سەیری ئەو کاروانی دیبا و ئەتڵەس و شاڵ و ترمە و مافوور و عەتر و گوڵاو و بەهارات و شەراب و سندووقی پڕ لە زێڕ و گەوهەر و توورەکەی چەرمینی پڕ لە زێڕ و خەڵامی کەمەرە زێڕ و کەنیزی بەلەك بلوورە بکات، کە لە ڕێی دوورەوە هێنابوویان بۆ خەلیفەی موسوڵمانان لە دارولخەلافەی بەغدا.

## ١٦ـ بالوول له کتێبی "با قسه بکەین و پێبکەنین"ـدا

کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٦٤ بوو، که به کەڵکوەرگرتن له سەرچاوەی جۆراوجۆری وەك کتێبەکانی "بالوولی زانا"ی عەلی سەدر و "بالوولی زانا"ی محەمەدی موتەدەین و ئەو سەرچاوەگەلەی له لاپەڕە ٤٦٩ی کتێبی "با قسەبکەین و پێبکەنین"ـدا هاتووە، دەستم کرد به کۆکردنەوە و چاپکردنی کۆمەڵێك هەقایەتی بالوول.

لەم کتێبەشمدا، دەمەویست هەموو ئەو هەقایەتانە بێنە نێو کتێبێکی تازەوە، بەڵام دوایی که له ڕووی چیرۆکەوە لێکم داوە، دیتم هەندێکیان زۆر لێك دەچن و لەوانەیە هیی یەك سەرچاوە بن، بۆیە لام بردن و دووپاتەم نەکردنەوە. بەڵام هەندێکیان که هەر هەقایەتی بالوول بوون و بەجۆرێکی دیکه گێڕدرابوونەوە، بەناوی "گێڕانەوەی دووەم و سێیەم" دیسان نووسیمنەوە بۆ ئەوەی ئەو بیرمەندانەی خوازیاری لێکۆڵینەوەن له هەقایەت و بەسەرهاتەکانی بالوول، شتی زیاتریان لەبەر دەست بێ.

### ١ـ بالوول و پیاوە ناشیرنەکه

کابرایەکی زۆر ناشیرین و ناڕەسەن له بالوولی پرسی:

ـ زۆرم حەز لێیه شەیتان ببینم، چ بکەم؟

بالوول گوتی:

ـ ئەگەر له ماڵەوە ئاوێنەت نییه، سەیری ئاوی ڕوون بکه دەی بینی.

### ٢ـ بالوول و خزمەتکار

یەکێك له خزمەتکارەکانی هاروونەڕەشید ماستی خواردبوو و هەندێکی به ڕدێنییەوە مابوو. بالوول که ماستەکەی دیت، پێی گوت: ئەمڕۆ چیت خواردووە؟

خزمەتکارەکه، که بالوولی پێ شێت بوو، به گاڵتەوە گوتی:

ـ کۆترم خواردووە.

بالوول گوتی:

ـ هێشتا نەتگوتبوو، زانیم.

کابرا گوتی: چۆن؟
بالوول گوتی:
ـ چونکە جیقنەکەی بە ڕیشتەوە نووساوە.

### ٣ـ بالوول و پزیشکەکەی دەربار

دەگێڕنەوە هاڕوونەڕەشید داوای کرد لە یونانەوە پزیشکێکی تایبەتی بۆ بێنن. کە هێنایان، هاڕوون زۆر بەناز و ڕێزەوە پێشوازیی لێ کرد و بردییە دەربار.

چەند ڕۆژان کاربەدەست و بەرپرسان دەچوونە لای، هەتا ڕۆژێکیان بالوولیش لەگەڵ چەند کەسێك چووە لای پزیشکەکە و دوای چاکوچۆنی و قسەوباسان، لە پڕ بالوول گوتی: ئەرێ قوربان ئیشی تۆ چییە؟

جا پزیشکەکە، کە پێشتر ناوبانگی بالوولی بیستبوو و دەیزانی شێتە، ویستی گاڵتەی پێ بکا، هەر بۆیە وەڵامی داوە:

ـ من پزیشکم و مردووان زیندوو دەکەمەوە.

بالوول گوتی: پیاوەتی بکە زیندووەکان مەمرێنە، لە مردووان گەڕێ.

ئەوی لەوێ بوون، بە هاڕوونەوە دایانە قاقای پێکەنین.

### ٤ـ پرسیاری هاڕوون لە بالوول

ڕۆژێکیان هاڕوون لە بالوولی پرسی:
ـ ئەرێ بالوول، حەز دەکەی خەلیفە بی و دەسەڵاتی هەموو شتێکت هەبێ؟
بالوول گوتی: نا حەز ناکەم.
هاڕوون پێی سەیر بوو، گوتی بۆ؟

بالوول گوتی: لەبەر ئەوەی من بەو چاوانەی خۆم تا ئێستا مەرگی سێ خەلیفەم دیتووە، بەڵام تۆ کە خەلیفەی تا ئێستا مەرگی دوو بالوولت نەدیتووە.

### ٥ـ بالوول و مەلۆتکەکەی ئیسحاق

ئیسحاقی کوڕی محەمەدی سەباح، کچێکی بوو. زۆری پێ ناخۆش بوو منداڵەکەی کچە و تووڕە بوو. دەمی لە خواردن و خواردنەوە نەدەدا. کە بالوول ئەمەی بیستەوە، چووە لای و پێی گوت:

ـ ئەرێ جەنابی ئەمیر، ئەو خەم و پەژارەیەت لە چییە؟
ئیسحاق گوتی:
ـ ژنەکەم کچی بووە.
بالوول گوتی:
ـ جا کچەکەت نقوستانە؟
ئیسحاق گوتی:
ـ نەخێر، ساخ و سلامەتە.
بالوول گوتی:
ـ یانی تۆ خەفەت لە منداڵێك دەخۆی کە خودا پێی داوی و هیچ کەمایەسییەکیشی نییە؟ ئەی پێت خۆش بوو لەبری ئەو کچە کوڕێکی شێتی وەك منی دابایەی؟ ئیسحاق دەستی کرد بە پێکەنین و داوای نان و ئاوی کرد و ئەمجارە ئیجازەی دا خەڵك بۆ پیرۆزبایی بچنە لای.

## ٦ـ بالوول و سەقەتی

سەقەتی کە لەسەر ڕێبازی دەروێشان بوو، ڕۆژێکیان بە بالوولی گوت:
ـ نان زۆر گران بووە، دوعایەکی بۆ بکە.
بالوول گوتی:
ـ من لە گرانبوونی نان ناترسم و خەمی ئەوەم نییە، ئەگەر دەنکە جۆیەك ببێتە مسقاڵێك زێڕیش کێشەم نییە. چونکە من هەر ئەوەم لەسەرە بەندایەتیی خودای گەورە بکەم و ئەویش لەسەرێتی ڕسق و ڕۆزیم بدا. هەروەك چۆن خۆی بەڵێنی داومەتێ.

## ٧ـ بالوول و خەلیفە

ڕۆژێکیان هاڕوونەڕەشید بڕە دراوێکی دا بە بالوول، بۆ ئەوەی بیدا بە هەژار و دەستکورتان.
بالوول دراوەکەی وەرگرت و زۆری نەبرد دایەوە بە خەلیفە. هاڕوون گوتی بۆ هێناتەوە؟ بالوول جوابی داوە:
ـ هەرچی بیرم لێ کردەوە کەسم پێ شك نەهات لە خەلیفە دەستکورتتر و هەژارتر بێ، هەر بۆیە بۆم هێنایەوە. چونکە دەبینم پیاوەکانی تۆ لەبەردەمی دووکانان ڕاوەستاون و بە شەق و

به تێهەڵدان پیتاك و باج لە خەڵکی وەردەگرن و بۆ خەزێنەکەی تۆی دێننەوە، هەر بۆیە زانیم تۆ لە هەموو دنیا هەژارتری و بۆم هێنایەوە.

### ٨ـ بالوول گرێو دەکا

کۆمەڵێك لە بن دارێك دانیشتبوون و پێکەوە قسەیان دەکرد. بالوول بەوێدا ڕابرد. گوتیان:

ـ وەرن با گاڵتەی پێ بکەین.

وێکڕا هەستان و هاتنە پێشی و پێیان گوت:

ـ بالوول، ئەگەر بچیتە بان ئەو دارە، دە دەرهەمت دەدەینێ.

بالوول قەبووڵی کرد و دەرهەمەکانی وەرگرت و لە قۆڵی کراسەکەی نا و ئەمجارە پێی گوتن:

ـ جا بچن پەیژەیەکم بۆ بێنن.

هەموو کردیانە هەرا و گوتیان: مەرجمان ئەوە نەبوو بە پەیژەدا سەر کەوی.

بالوول گوتی:

ـ لەلای من مەرج بوو.

(هەڵبەت بەجۆرێکی دیکەش ئەم وەڵامە دەگێڕنەوە کە بالوول گوتوویەتی: دەی خۆ مەرجیشمان نەبووە من بەبێ پەیژە سەرکەوم.... و.ك).

### ٩ـ بالوول و ئەستێرەناسەکە

کابرایەك هاتە لای هاڕوونەڕەشید و گوتی من ئەستێرەناسم. بالوول لەوێ بوو. جا ئەستێرەناسەکەش ڕێك لە تەنیشت بالوولەوە دانیشتبوو. بالوول لێی پرسی:

ـ تۆ دەزانی ئەوەی لە تەنیشتت دانیشتووە کێیە؟

کابرا گوتی: ناوەڵا.

بالوول گوتی:

ـ جا تۆ جیرانەکەی خۆت نەناسی، چۆن دەزانی ئەستێرەکانی ئاسمان دەڵێن چی؟

کابرا سەری لەو قسەیە سووڕ ما و هەستا ڕۆیشت.

### ١٠ـ بالوول و کتێب

ڕۆژێکیان بالوول چووە مزگەوت. جا چونکە ڕۆژی جێژن بوو، خەڵکێکی زۆر کۆ ببوونەوە، بالوول دەیویست بچێتە حوجرەکە، دیتی زۆری پێڵاو لێیە. ئینجا لەبەر ئەوەی جارێك

پێڵاوەکانیان لێ دزیبوو، ترسا نەکا دیسان لێی بدزن، یان لەگەڵ پێڵاوی دیکەدا لێی بگۆڕدرێ، هەر بۆیە لە دەسرۆکەیەکی پێچان و لەبن باڵی نان و چوو لە گۆشەیەکەوە دانیشت.

ئەو کابرایەی لە لایەوە دانیشتبوو، دیتی بن باڵی بالوول هەڵمساوە. گوتی:

ـ پێم وایە کتێبێکی زۆر بەنرخت پێیە، دەکرێ بڵێی چییە؟

بالوول وەڵامی داوە:

ـ کتێبی فەلسەفەیە.

پیاوەکە گوتی:

ـ لە کام کتێبفرۆشت کڕیوە؟

بالوول گوتی:

ـ لە پینەدۆزی.

## ١١ـ ئامۆژگارییە هەرە گەورەکەی بالوول بۆ هارون

ڕۆژێکیان هاروونەڕەشید ڕووی لە بالوول کرد و گوتی:

ـ بالوول ئامۆژگارییەکەمان بکە بەکارمان بێ.

بالوول گوتی:

ـ دیتنی کۆشك و تەلاری پادشاکانی ڕابردوو و تێفکرین لە گۆڕەکانیان گەورەترین پەند و ئامۆژگارییە بۆ تۆ. ئەوان زۆر لەو کۆشکانەدا بەناز و نیعمەتەوە ژیان و ئێستا هەمووان لە ئامێزی خاکی ڕەشا جیرانی مار و مێروون و بەهەزاران حەسرەت و دەرد و داخەوە لە گۆڕەکانیاندان و داوا لە خودای خۆیان دەکەن جارێکی دیکە بیانهێنێتەوە سەر دنیا و کاری باش بکەن. لێت سوور بێ زۆر نابا ئێمەش وەك ئەوانمان بەسەر دێ.

هاروون گوتی:

ـ بالوول چ بکەم خودام لێ ڕازی بێ؟

بالوول گوتی:

ـ کارێکی وا بکە خەڵکی خودات لێ ڕازی بێ.

هاروون گوتی:

ـ جا خەڵکی خودا چۆن ڕازی دەبن؟

بالوول گوتی:

ـ دادپەروەر و عادل بە و چیت بۆخۆت پێ ناخۆشە دەرهەق بەوانیش مەیکە، لەسەرخۆ گوێ لە ناڵەی مەزڵوومان بگرە و حەکیمانە وەڵام بدەوە و بە وردی بەدوایدا بچۆ و دادپەروەرانە ساغ بەوە و دوای لێکۆڵینەوەی تەواو، بڕیارەکەت بدە.

هاڕوون گوتی:

ـ دوای ئەوە؟

بالوول گوتی:

ـ ئەی هاڕوون، ئێستا کە خوای گەورە دەوڵەت و شکۆ و مەزنیی خەلافەتی بەتۆ بەخشیوە، بە پێداهەڵگوتن و ماستاوی دەوروبەرییەکانت لەخۆبایی مەبە و خۆت لێ نەگۆڕێ و هەرچۆنێك بێ خوا لەبیر مەکە. جۆرێك حوکمەت بکە، کە ئەوانەی دوای مەرگت ناتبینن و بەخشینی تۆیان بەر ناکەوێ و بەر غەزەبی تۆش ناکەون، تاریفت بکەن و پێتدا هەڵبڵێن. ئەی هاڕوون، خۆت لە گوناح بپارێزە و دادپەروەر بە و زوڵم لە بندەستانت مەکە، با لە ڕیزی ساڵحان و پیاوچاکاندا بی.

## ١٢ـ دانیشتنی بالوول لەسەر تەختەکەی هاڕوون

ڕۆژێکیان بالوول چووە نێو کۆشکەکەی هاڕوونەوە. کە دیتی کەس لەسەر تەختەکە نییە، دەسبەجێ و بەبێ ترس چوو لەسەر تەختەکەی هاڕوون دانیشت. خولامی دەربار کە دیتیان، بەربوونە گیانی و بە تێهەڵدان وەدەریان نا. کە خەلیفە لە ئەندەروون هاتە دەرێ، دیتی بالوول دەگری. لە پاسەوانانی پرسی:

ـ ئەوە بالوول بۆ دەگری؟

ـ عەرزیان کرد: لەسەر ئەوەی لە جێیەکەی تۆ دانیشتبوو، ئێمە لێیمان دا و دەرمان کردە دەرێ.

هاڕوون بەگژیاندا هات و چوو دڵی بالوولی دایەوە و دەستی بەسەریدا هێنا. بالوول گوتی:

ـ من بۆخۆم ناگریم، بۆ تۆ دەگریم.

ـ جا بۆچی بۆ من؟

بالوول گوتی:

ـ چونکە من هەر چەند ساتێك لە جێیەکەی تۆ دانیشتم ئەو هەمووە تێهەڵدانەم خوارد، ئەی تۆ کە هەموو عومرت لەوێ دانیشتووی دەبێ چەندەت تێ هەڵدەن؟

هارِوون خەفەت دایگرت و سەیرێکی بالوولی کرد. بالوول لەسەری ڕۆیشت:

ـ تۆ بیر لە دوارِۆژی خۆت ناکەیەوە و بۆت گرینگ نییە چیت بەسەر دێ؟

## گێڕانەوەی دووەم

بالوول و حاکمەکەی کووفە

دەگێڕنەوە بالوول سەری خۆی هەڵگرت و چووە نێو کۆشکی حاکمەکەی کووفە و لەسەر تەختی حاکم دانیشت. فەراش و پاسەوانان تێی بەربوون و بە تێهەڵدان هێنایانە خوارێ. کە حاکم گەیشتێ، بالوول ڕووی تێکرد و گوتی:

ـ باشە من هەر چەند ساتێك لەسەر ئەم تەختە دانیشتم ئەوەندەم تێهەڵدرا، خوا بزانێ چ بەسەر تۆ دێنن.

## ١٣ـ بالوول و شێخ جونەیدی بەغدایی

دەگێڕنەوە شێخ جونەیدی بەغدایی ڕێگەی سەفەری گرتە بەر و لە بەغدایێ چووە دەر، موریدەکانیشی وەشوێنی کەوتن. شێخ لە ڕێگایە پرسیاری بالوولی کرد، لە وەڵامیدا گوتیان:

ـ کابرایەکی شێتە.

ـ قسەی قۆڕ دەکا.

ـ دوورەپەرێزە.

شێخ گوتی:

ـ بیدۆزنەوە کارم پێیەتی.

زۆر گەڕان و لە دەشتێك دۆزییانەوە. شێخ چووە لای و سڵاوی لێ کرد. بالوول سڵاوی ئەستاندەوە و لێی پرسی:

ـ کێی؟

شێخ فەرمووی:

ـ منم. شێخ جونەیدی بەغدایی.

بالوول گوتی:

ـ ئەوە تۆی ئەو شێخە بەغدایییەی ڕێ نیشانی خەڵکی دەدەی؟

فەرمووی: بەڵێ.

بالوول گوتی:

ـ چۆن نان دەخۆی؟

شێخ گوتی:

ـ لە پێشدا بیسمیلا دەکەم و لەبەرخۆمەوە دەخۆم و پارووی چووکە دەکەم و لە لاشەویلگەی ڕاستەمەی دەنێم و لەسەرخۆ دەیجاوم و سەیری پارووی ئەوانی دیکە ناکەم و لە خواردنیدا خودا لەبیر ناکەم و هەر پارووەکی دەیخۆم، شوکرێکی خودای دەکەم و لە دەسپێك و تەواوبوونیشدا دەستم دەشۆم.

بالوول هەستا و ڕۆیشت و ئاوڕێکی لە شێخ داوە و گوتی:

ـ تۆ بەخێر ڕێبەری خەڵکی، کەچی نازانی نان بخۆی.

ـ موریدەکانی شێخ گوتیان:

ـ یا شێخ، ئەو کابرایە شێتە.

ـ قسەی قۆڕ دەکا.

ـ بێ ئەدەبە.

ـ شێخ جونەید گوتی:

ـ قسەی ڕاست دەبێ لە شێتی ببیستی.

ئەمجار وەشوێن بالوول کەوت، هەتا گرتییەوە، بالوول پرسی:

ـ تۆ کێی؟

شێخ وەڵامی داوە:

ـ شێخی بەغدایی نازانێ چۆن نانی بخوا.

بالوول گوتی:

ـ ئەی دەزانی قسان بکەی؟

فەرمووی:

ـ زۆری لێ ناڵێم و قسەی بێجێ ناکەم و بە پێی تێگەیشتنی بەرامبەرەکەم قسە دەکەم و خەڵك بانگهێشت دەکەم بۆ لای خودا و ئەوەندە قسە ناکەم خەڵك لێم وەڕەز بن و ئەو دەموساتەکانی زانستی ناخ و ڕواڵەت (زاهیر و باتین) لەبەرچاو دەگرم.

شێخ هەرچی لە بارەی دامودەستووری قسەکردنەوە دەیزانی، بۆی باس کرد، بالوول گوتی:

ـ نانخواردنەکەی هیچ، نازانی قسەش بکەیت.
ئیتر هەستا و ڕۆیشت. موریدەکانی دیسان گوتیان:
ـ یاشێخ، دیتت ئەو کابرایە شێتە؟
ـ تۆ چ چاوەڕوانییەکت لە شێتان هەیە؟
شێخ جونەید گوتی:
ـ کارم پێیەتی، ئێوە نازانن.
دیسان کەوتە شوێن بالوول هەتا گرتییەوە، بالوول گوتی:
ـ دیسان چیت لێم دەوێ؟ خۆ تۆ نە دەزانی نان بخۆی و نە دەشزانی قسان بکەی، ئەی دەزانی بخەوی؟
شێخ جونەید عەرزی کرد:
ـ بەڵێ.
بالوول گوتی:
ـ دا بڵێ بزانم چۆن دەنووی؟
شێخ فەرمووی:
ـ کە لە نوێژی خەوتنان بوومەوە، جلوبەرگی خەویّ لەبەر دەکەم و ڕەسووڵی خودا پێش خەوتنێ چیی کردووە منیش دەیکەم.
بالوول گوتی:
ــ زانیم دامودەستووری خەویش نازانی.
ویستی هەستێ و بڕوا، شێخ جونەید داوێنی گرت و گوتی:
ـ تکا دەکەم مەڕۆ. بالوول من هیچ نازانم، تۆ لە ڕێی خوادا فێرم بکە.
بالوول گوتی:
ـ جا لەبەر ئەوەی پێت لە نەزانیی خۆت نا، فێرت دەکەم، با پێت بڵێم هەرچی تۆ گوتت هەمووی فەرعە و ئەسڵەکە لە خواردنەکە دایە، کە دەبێ پارووەکەت حەڵاڵ بێ، ئەگەر پاروەکە حەرام بێ هەزار دامودەستووری ئاوا بە پووشێك و دڵت تاریکتر دەکات.
شێخ لەسەرخۆ لێی پرسی:
ـ ئەی قسەکردن؟

بالوول گوتی:

ـ بەڵام بۆ قسەکردنێ، دەبێ خودا چیی پێخۆشە ئەوە بڵێی و ئەگەر قسەکردنەکەت بۆ ماڵی دنیایە، بێدەنگ بی باشترە.

شێخ دیسان پرسیی:

ـ ئەی لەبارەی خەوتنەوە؟

بالوول گوتی:

ـ بەڵام لەبارەی خەوتنەوە، ئەوەی گوتت، دیسان هەر فەرع بوو و ئەسڵەکەی ئەوەیە، لە کاتی نوستنێدا قین و ڕق و بوغزو ئیرەیی موسوڵمانانت لەدڵیدا نەبێ و هەر یادی خودای بکەی تا خەوت لێ دەکەوێ.

جونەید لە بەرچاوی هەموو موریدەکانی، دەستی بالوولی ماچ کرد و دوعای بۆ کرد و لێك هەڵبڕان.

## ١٤ـ بالوول و مەتەڵەکانی خەلیفە

ڕۆژێکیان هارِوونەڕەشیدی خەلیفەی عەباسی، لە مەجلیسە تایبەتییەکەی خۆیدا کە حارسی خزمی و جەعفەری بەرمەکی(وەزیرە ئێرانییەکەی) و مەسرووری میرغەزەب و پاسەوانە تایبەتەکەی خەلیفەش لەوێ بوون و بالوولیش تازە هاتبووە لایان، گوتی:

ـ بالوول ئەمڕۆ دوو مەتەڵت لێ دادێنم، ئەگەر هەڵت هێنان، ئەوە ١٠٠٠ دیناری زێڕی سوورت دەدەمێ، جا کەیفی خۆتە چۆنی خەرج دەکەی و چیی لێ دەکەی، بەڵام نەیانزانی، ئەمر دەکەم ڕدێن و سمێڵت بە وشکی بتاسن و سواری کەرێکت بکەن و بە بازاڕ و کۆڵانی بەغدایدا بتگێڕن و ئاخرییەکەشی سەروبن بە دیجلەتدا بدەن.

حارس گوتی:

ـ مەرجێکی باشە. جا دڵنیاش بە ئەو شێتە هەر سەریشیان لێ دەرناکا.

جەعفەری بەرمەکی بە دڵسۆزییەوە گوتی:

ـ حەزرەتی خەلیفە، بێ وەی بی، شێت هیچیان لەسەر نییە.

بالوول گوتی:

ـ ئەرێ هارِوون، سەد جارم پێ نەگوتووی حەوجێم بە پارەی تۆ نییە؟

هارِوون پرسیی:

ـ ئەی لەسەر چی گرێو بکەین؟
بالوول مێشی لەخۆ دەردەکرد و گوتی:
ـ ئەمر بکە ئەو مێشانە ئەزیەتم نەکەن.
هاڕوون و دەوروپشتەکەی هەموو قاقایان کێشا و، هاڕوون بە پێکەنینەوە گوتی:
ـ شتی وا ناکرێ، چونکە مێش لە ژێر فەرمانی مندا نین.
حارس گوتی:
ـ دیوتە ئەو شێتە چاوەڕوانیی چەند بێجێی لە حەزرەتی خەلیفە هەیە؟
بالوول گوتی:
ـ جا یەکێك دەرەقەتی مێش نەیە، چاوەڕوانیی چیت لێی دەبێ؟
جەعفەر گوتی:
ـ بالوول داوای شتێکی وا بکە، خێری موسوڵمانانی تێدا بێ.
هاڕوون گوتی:
ـ دوو مەتەڵ دادێنم، ئەگەر هەڵتهێنان، ئەوە هەرچی داوای بکەی، دەتدەینێ.
بالوول گوتی: بە مەرجێك.
ـ ئەگەر خوای کرد و من مەتەڵەکانی تۆم هەڵێنا، دەبێ ١٠٠ کەس لەوانەی لە زیندانت کردوون، ئازاد بکەی.
هاڕوون گوتی:
ـ ئەی ئەگەر نەتزانین؟
بالوول گوتی:
ـ لەبری من ئەمر بکەن، سەد قەمچی لەو حارسە دڵڕەق و زمانپیسە بدەن.
هاڕوون بە پێکەنینەوە گوتی:
ـ ئەمر دەکەم هەر لەم سەرەوە بە دیجلەتدا بدەن و بتخنکێنن.
حارس گوتی:
ـ بەخوای سەیری خۆش دەبێ.
جەعفەر گوتی:
ـ خودا ڕەحم بە بالوول بکا.

حارس گوتی:

ـ هەر لە ئێستاوە بالوول مردووە.

مەسروور گوتی:

ـ خۆزگە خەلیفە ئەمر بکا، سەری وەك چەپکە گوڵێك لێ بکەمەوە.

هاروون بەتووڕەییەوە گوتی:

ـ گوێ بدەنێ. بالوول، ئەگەر مەڕێك و گورگێك و باقە گیایەکمان هەبێ و بمانەوێ یەکە یەکە بیانبەینە ئەوبەری دیجلە، چۆن بیانبەین کە نە گورگەکە مەڕەکە بخوا و نە مەڕەکەش گیایەکە؟

حارس بە دڵێکی خۆشەوە گوتی:

ـ دڵنیام هەر سەریشی لێی دەرناچێ.

بالوول گوتی:

ـ حارس، تۆ قەت بەچاوی خۆت نابینی من بە ئاوێدا بدەن. ئەی مەسروور، شمشێرەکەی تۆش هەرگیز خوێنی من نابینێ.

هاروون گوتی:

ـ دەی باشە، وەڵامی مەتەڵەکەی من.

بالوول گوتی:

ـ زۆر سادەیە، لە پێشدا دەبێ گورگ و گیایەکە بەجێ بهێڵین و مەڕەکە بپەڕێنینەوە. دوایی بێینەوە و گیایەکە بەرینە ئەوبەر و کە گیایەکەمان بردە ئەوبەری دیجلە، دیسان مەڕەکە بێنینەوە شوێنی خۆی و ئەمجارە گورگەکە بەرین. بەو جۆرە، هەم یەك بە یەك دەیانبەین، هەم نە مەڕەکە گیایەکە دەخوا و نە گورگەکە مەڕەکە.

هاروون گوتی:

ـ هەر بژی. وایە.

جەعفەر گوتی:

ـ وەڵا ئافەرم. ئەی کێ دەڵێ بالوول شێتە.

حارس گوتی:

ـ لەوەت نەجات بوو، لێم سوورە مەتەڵی دووەم نازانی.

بالوول گوتی:

ـ ئەم بەندەیەی خودا، هەر چاوی لە کەرەمی خودایە.

هارووون گوتی:

ـ جا مەتەڵی دووەم، بالوول بڵێ بزانم ئەوە چ دارێکە، ساڵێك تەمەن دەکا و دوازدە لکی هەیە و هەر لکێك ٣٠ گەڵای پێوەیە و لایەکی گەڵاکانی ڕووناك و لایەکەی دیکەیان تاریکە.

بالوول گوتی:

ـ ئەو دارە ساڵ و مانگ و ڕۆژە. لەبەر ئەوەی هەر ساڵێك دوازدە مانگە و هەر مانگێك ٣٠ ڕۆژی هەیە، کە نیوەی ڕۆژە و نیوەکەی دیکەی شەوە.

هارووون گوتی:

ـ ئافەرم، وایە.

جەعفەر گوتی:

ـ زۆر باش بوو، بالوول.

حارس گوتی:

ـ دیسان شانست هێنا.

بالوول گوتی:

ـ ئەوە شانسی ئەو داماوانەیە کە تۆ بەندت کردوون، ئەی خەلیفە، جا ئێستا کە وەڵامی مەتەڵەکانی خۆتت بیست، ئەمر بکە ئەو دە کەسەی ناوەکەیانم نووسیوە، بەریان بدەن.

هارووون گوتی:

ـ بێنە لیستەکەت. ئەی هاوار، کوڕە خۆ ئەوانە هەموویان بەرهەڵستکار و دوژمنی حوکمەت و خەلافەتن.

بالوول گوتی:

ـ ئەوانە هەمووان لەخواترسن و بە ناهەق گیراون.

حارس گوتی:

ـ ئەی ئەمیری موسوڵمانان، ئەوانە هەموویان شیعەن، بێت و ئازادیان بکەی، بەغدا دەشێوێنن و فیتنە دەنێنەوە.

جەعفەر گوتی:

ـ ئەی خەلیفە، ئەو بەندییانە بەر بدەی، هەم خودات لێ ڕازی دەبێ و هەمیش خەڵك و بنەماڵەیان دڵخۆش دەکەی.

بالوول گوتی:

ـ ئەی هاڕوون، جا ئێستا کە خوای گەورە دەوڵەت و خەلافەتی پێ بەخشیوی، بە پێداهەڵگوتن و ماستاوی خەڵکی هیچ و پووچی دەوروپشتت لەخۆبایی مەبە و خۆتت لێ نەگۆڕێ و خودا لەبیر مەکە. وا حوکمەت بکە، کە دوای مەرگیشت ئەوانەی ناتبینن و هیچیان لەکەرەمی تۆ پێ نابڕێ و لە غەزەبیشت ناترسن، پەسنت بڵێن و تاریفت بکەن.

حارس گوتی:

ـ کوڕە مووت لەسەری زمانی بێ، ئاوا باسی مەرگی خەلیفە نەکەیەوە.

بالوول گوتی:

ـ ئەی هاڕوون، خۆت لە گوناح بپارێزە و دادپەروەر بە و زوڵم لە بندەستەکانت مەکە، با بکەویتە گەڵ ساڵح و پاکان.

هاڕوون قسەکانی بالوولی زۆر پێ خۆش بوو، گوتی:

ـ ئافەرم و بارەقەڵا، قسەی جوانت کرد. جەعفەر، فەرمان بدە پێنج کەس لەو بەندییانە بەر بدەن.

بالوول گوتی:

ـ ئەی خەلیفە، ئەگەر دادپەروەریش نی، لانیکەم لەسەر بەڵێنەکەی خۆت بە و بەجێی بێنە.

هاڕوون گوتی:

ـ جەعفەر، دە کەسیان ئازاد بکە.

جەعفەر گوتی:

ـ فەرمانتە خاوەن شکۆ.

حارس گوتی:

ـ جەنابی خەلیفە، ئەوەی کردت بەجێ نییە. سبەی ڕۆژێ بە هەموو ئێراقدا بڵاو دەبێتەوە و دەڵێن خەلیفەی موسوڵمانان بە قسەی شێتێك، دە دوژمنی حوکمەتی ئازاد کردووە.

هاڕوون گوتی:

ـ بێدەنگ بە حارس.

بالوول گوتی:

ـ پادشاکان خۆیان دەزانن چ باشە و چ خراپ. من ئەوە دەڕۆم با بە ئیشەکانم ڕابگەم.

بالوول هەستا و ڕۆیشت.

هاڕوون گوتی:

ـ کە هەر دەڕۆی، داوایەکی دیکەش بکە، بالوول گوتی:

ـ هەر ئەوەندەم لێت دەوێ بە قسەم بکەی، بەڵام مخابن دەسەڵات و دنیاپەرستی دڵەکەتی وا ڕەق کردووە، تۆسقاڵێکیش چییە ئامۆژگارییەکانی من کاری تێ ناکات. ئەسپەکەم بۆ بێنن با سوار بم و بڕۆم.

بالوول ئیتر سواری حەیزەرانەکەی خۆی بوو و بە دەنگی بەرز گوتی:

ـ ئەسپەکەی خۆم بە هەزار ئەسپی یەسترمەخانەکەی خەلیفە ناگۆڕمەوە. دەی ئەسپە نەجیم و باوەفاکەی خۆم، لەو کۆشکە زێڕینەی خەلیفە بمبە دەرێ و بمگەیەنە کاولاشەکانی شار... دوور بکەونەوە، لاچن، ئەسپەکەم دەتانگەزێ و جووتەتان لێ دەدا. ئاگادار بن، دەی گیانی من، دەی، خێراتر، دەی...

حارس گوتی:

ـ کوڕە ئەو کابرایە هەر شێتێکە ئاو نایپالێوێ.

هاڕوون بە پێکەنینەوە گوتی:

هەرچی وشیارە دەبینم خەمێکی هەیە

شێت بە ئەی دڵ، کە شێتی ئالەمێکی هەیە

# بەشی دووەم

## بالوول لە گەنجینەی کولتووری خەڵکیدا

کەس نییە لە ئێران بالوول نەناسێ و بە ڕێزەوە لێی نەڕوانێ و سەرەڕای ئەوەی بەشێتیش ناوی بێنێ، بەڵام بە پیاوێکی زانا و زیرەك و خواناسی نەزانێ و حیسابی ئەو لەگەڵ هاڕوونەڕەشید و دەوروپشتەکەی لێك نەکاتەوە.

لە نێوان ساڵانی ١٣٤٠ هەتا کۆتایی ساڵی ١٣٥٦ـدا خەڵکی شار و گوندەکانی ئێران لە ناوچەی جۆراوجۆرەوە، پتر لە چل هەقایەتیان لەسەر بالوول ناردووەتە ناوەندی کولتووری خەڵکی، کە هەر ئەوانە بەتەنێ گەنجینەیەکن لە زانیاری و بیروباوەڕی خەڵکی وڵاتەکەمان لەسەر کەسایەتیی بالوول.

دانەری ئەم کتێبە، لە ساڵانی ڕابردوودا زۆر جاران سەردانی ناوەندی گۆرینی کردووە، کە ئێستا لە ژێر چاودێریی ناوەندی تۆژینەوەی دەنگ و ڕەنگدا بەڕێوە دەچێ، و زۆرم لەو چیرۆکانە کۆڵیوەتەوە کە خەڵك لەسەر بالوول گێڕاویانەتەوە و بەرهەمی لێکۆڵینەوەکانیشم، ئەم هەقایەتانەن وا لێرەدا هێناومنەتەوە.

پاش بڵاوبوونەوەی بەرگی یەکەمی پەند و قسەی نەستەق، دەستەیەك لە خاوەنڕایان کەوتنە تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی. یەکێك لەوان قەدەمعەلی سەرامی بوو. ناوبراو نووسیویێتی:

"ئەگەر بمانەوێ وردتر و کونجکۆڵتر قسە بکەین، دەبێ وەباڵ بکێشین بیرمەند و زاناکانی وڵاتی ئێران هەر لەو سەردەم و ڕۆژگارانەوە کە ژیانیان دەستی پێ کردووە، گرنگی و بایەخیان داوەتە کولتوور و کەلەپووری خەڵکە ڕەشۆکەکەی خۆیان. لەوانەیە ئاڤێستای مینەوی، یەکەم هەمبانەی زانیاری و ئەدەبیاتی ئێمە بێ، کە تێکەڵی کولتووری گەلانی ئێرانیش بووە. لە

ئەدەبیاتیشدا یەکەم بەرهەم و باشترین بەرهەم ئەوەیە کە بە زمانی فارسیی دەری نووسراوە و لە زمانی خەڵکی ڕەشۆکەوە وەرگێراوە.

کۆکردنەوەی کەرەستەی کولتووری گشتی و باو، لەگەڵ ئەوەدا کە چەند ساڵان لەوەپێش لە دامەزراوەی ناوەندی کولتووری گەلانی ئێران لە ڕادیو و تەلەفزیۆنی نیشتمانیی ئێرانەوە دەستی پێ کردووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ئەوەی خەڵك لێرەو لەوێ تاك و لۆ کردوویانە، لە چاوی ئەو بەڵگانەی لەو دەدوازدە ساڵەدا ناوەندی کولتوور و کەلەپووری خەڵکی ئێران کۆی کردووەتەوە، زۆر کەمە. پەندوقسەی نەستەقەکە، سێیەم کتێبە، کە ناوەندی کولتووری خەڵکی بڵاوی کردووەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا با بڵێم کارەکەیان جێی دەستخۆشییە و پەند و قسەی نەستەق، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە، کە دەکرێ لە بری کاری زیانگەیەن، لە ڕێگەی ڕادیو و میدیا گشتییەکانی دیکەوە، ئامارێکی بەنرخ بڵاو بکرێتەوە و ڕێیەکی باشتر بگرینە بەر." **(سەرامی، قەدەمعەلی، ڕۆژنامەی ئیتلاعات، ژمارە ١٤٢٦٠)**

لە بەرگی یەکەمی کتێبی پەند و قسەی نەستەقدا، تەنیا هەقایەتێکی بالوول گێڕدراوەتەوە بەناوی "بزن بەپێی خۆی، مەڕ بەپێی خۆی".

من هەر ئەم هەقایەتەم، دەقاودەق لە زمانی یەکێك لە هاوکارەکانمەوە کە خۆی خەڵکی شیمالی ئێرانە، بیستبوو و ئەوەش بەو مانایەیە کە هەقایەتی گۆرین زۆر بەناوبانگ بووە و لەنێو خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی ئێراندا باو بووە.

لە بەرگی دووەمی کتێبی پەند و قسەی نەستەقدا، کە ساڵی ١٣٧٥ بۆ سێیەم جار چاپ کراوەتەوە، کە تۆژەر و لێکۆڵەری کولتوور و کەلەپووری خەڵکی، جەنابی ئەحمەدی وەکیلیان بە سەرمایەی ناوەندی بڵاوکردنەوەی سرووش چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. هەقایەتی زیاتری لەسەر بالوول تێدایە:

- کەوای تازە، پڵاو بخۆ...
- بووکێ لەگەڵ تۆمە، خەسوو گوێت لێ بێ (فارسییەکەی دەڵێ: دیوار لەگەڵ تۆمە، پەسار گوێت لێ بێ)
- قەرەوڵ لە بازاڕە.
- سەودای دیتوو و نەدیتوو

هەقایەتەکانی خەڵکی هەروەها لە کتێبی "فەرهەنگی ئەفسانەی گەلانی ئێران"یشدا هەیە. بەڕێزان عەلی ئەشرەفی دەروێشیان و ڕەزا خەندانی مەهابادی، لەساڵی ١٣٧٩دا لەسەر ئەرك و سەرمایەی ناوەندی کتێب و کولتوور، دەستیان دایە کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەفسانە ئێرانییەکان، لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیاندا بەناوی "فەرهەنگی ئەفسانەکانی خەڵکی ئێران"، سەد و سی و پێنج ئەفسانەی زۆر باشی ئێرانیان چاپ کردووە، لە لاپەڕە ٤٣٩ تا ٤٥١ی ئەو کتێبەدا، پێنج هەقایەتی بالوول بە ڕیز لە کتێبی "ئەفسانەکانی مەڵبەندی هەمیشە بەهار"، "ئەفسانەکوردییەکان" و "گەنجینەکانی ئازەربایجان"ـدا نووسراونەتەوە کە لەم کتێبەدا دەقاودەق دایان دەنێینەوە.

ئەم هەقایەتانەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە خەڵکی وڵاتەکەی ئێمە، بالوول دەناسن و قسەکانیشی دەزانن و ئەگەرچی بالوول کابرایەکی عەرەب بووە و، خەڵکی وڵاتێکی دیکە بووە، بەڵام خەڵکی وڵاتی ئێمە چونکە بنەماڵەی پێغەمبەریان زۆر خۆش دەوێ، ئەویشیان خۆش ویستووە و بەردەوام پشتیان بە پەند و ئامۆژگارییەکانی ئەو بەستووە و لە هەرجێیەك بە پێویستیان زانیوە، ئاماژەیەکیشیان پێ کردووە بۆ ئەوەی ڕێزیان گرتبێ و یاد و ناوەکەشی هەروا بە زیندوویی بمێنێتەوە.

## ١٧ـ بالوول لە فەرهەنگی ئەفسانەکانی خەڵکی ئێراندا

### بالوولی زانا

ئەم هەقایەتە بەناوی "ئەفسانەی بالوولی زانا" لە کتێبی ئەفسانەکانی "مەڵبەندی هەمیشە بەهار"دا نووسراوەتەوە. بالوول کابرایەکی هەژارە و لە شێتان دەچێ. ئەو لە هەقایەتەکاندا تەنانەت ئەگەر برای پادشاش بێ، خۆی هەر هەژارە، خۆشێتکردنەکەی ئەو قەڵغانێك بووە و پاراستوویەتی لەوەی کە بەردەوام لە هەنتەشی پادشا و ملهوڕاندا هەقبێژ بووە.

یەکێك بوو، یەکێك نەبوو، پیرەژنێك هەبوو دوو کوڕی بوو. یەکێکان بالوولی زانا و ئەویتریان کوێخای ئاوایی بوو. شەوێکیان بازرگانێك لای دایە ماڵی ژنە و لەوێ گیرساوە و داوای کرد دە هێلکەی مریشکی بۆ بکوڵێنن. پیرەژنە هەر دە هێلکەکەی بۆ کوڵاند و دایێ بیخوا. بازرگانەکە خواردی و پرسیی:

ـ هەقەکەی دەکاتە چەند؟

پیرەژنە گوتی:

ـ بە نانەکەیەوە، سێ شایی.

بازرگانەکە گوتی:

ـ بەیانی کە ویستم بڕۆم، سێ شاییەکەت دەدەمێ. بەیان بۆوە و پیرەژنە بەر لە بازرگانەکە وەخەبەر هات و چووە دەشتێ. کە بازرگانەکە هەستا، ژنە لە ماڵێ نەبوو. لەبەرخۆیەوە گوتی:

ـ ساڵی دادێ، سێ شاییەکەی بە زیادیشەوە دەدەمێ.

ساڵ هاتەوە و بازرگانەکە لای داوە ماڵی پیرەژنە و لەبری سێ شایی، تمەنێکی دایێ. پیرەژنە بە بەکەیفخۆشییەوە چووە لای دراوسێکەی و بۆی گێڕاوە، جیرانەکەی گوتی:

ـ کچێ فێڵی لێ کردووی. ئەگەر ئەو دە هێلکەیەت وەبەر مریشکەکەت نابایە، دەبوونە جووچکە و جووچکە دەبوونە مریشك، مریشك هێلکەیان دەکرد و ئێستا دەلیایەکت پارە دەبوو.

پیرەژنە چووە لای کوێخا و شکایەتی کرد. کوێخا بازرگانەکەی لە زیندانێ کرد. ڕۆژێکیان بە ڕێکەوت سەرێکی زیندانی براکەی دا و لەوێ بازرگانەکە سەربردەی خۆی بۆ بالوول گێڕاوە. بالوول چوو و دوو فەردەی گەنم لە براکەی وەرگرت. ئەمجارە چووە لای دایکی و مەنجەڵێکی لێ وەرگرت. دایکی گوتی: بۆ چیتە؟

بالوول گوتی:

ـ دەمەوێ گەنمەکان بکوڵێنم و دوایی بیانچێنم.

پیرەژنە چووە لای کوڕەکەی دیکە، واتە لای کوێخا و گوتی:

ـ کوڕە ئەو برایەی تۆ هەر بەراستی شێتە. دەیەوێ گەنمی کوڵاو بچێنێ.

کوێخا و دایکی کە هاتنەوە، چوونە لای بالوول. کوێخا گوتی:

ـ جا خۆ گەنمی کوڵیو شین نابێتەوە.

بالوول گوتی:

ـ باشە هێلکەی کوڵاو جووچکەی لێ بێتە دەرێ، ئەی چۆن گەنمی کوڵیو شین نابێتەوە؟

کوێخا گوتی:

ـ هێلکەی کوڵاویش جووچکەی لێ نایەتە دەرێ.

بالوولی زانا گوتی:

ـ ئەی ئەگەر وایە، ئەو بازرگانە داماوەت بۆ لە زیندانێ توند کردووە؟

کوێخا قسەی پێ نەما و ناچار بازرگانەکەی بەر دا. بالوولی زانا تمەنەکەشی لە دایکی ئەستاندەوە و دایەوە بە کابرای بازرگان و گوتی:

ـ ئەوەش هەقی ئەوەی لە زیندانێ کرای[1].

**بالوولی زانا و کابرای بازرگان:**

بالوول یەکێکە لە ڕوخسارە ئەفسانەییەکان: کابرایەکی هەژاری زۆر زیرەك و وردبینە. بە کورتی، یەکێك لەو هەقایەتانەی نیشانەی زیرەکی و مووئەنگێویی بالوولە، لە کتێبی "ئەفسانە کوردییەکان" لێرەدا دەنووسینەوە:

یەکێ بوو یەکێ نەبوو، لە سەردەمانی پێشوودا بازرگانێك هەبوو، ڕۆژێکیان بە لای شاری بەغدادا ڕادەبرد. لە پشت دەروازەی شار ڕاوەستا و نۆکەرەکەی خۆی نارده شاری چل هێلکەی مریشکی بۆ بکڕێ. نۆکەر ڕۆیشت و لە بازاڕ چل هێلکەی کوڵاوی لە پیرەژنێك کڕی و هاتەوە. هێلکەیان خوارد و هەستان ڕۆیشتن.

بازرگانەکە، کە زانیی نۆکەرەکەی لەبیری چووە پارەی هێلکەکان بداتە پیرەژن، بە سندووقدارەکەی خۆی گوت، پارەی ئەو هێلکانە بخاتە سەودا و کارەوە با بەهرەی بێتە سەری و هەر کات ڕێیان کەوتەوە شاری پیرەژنەکە، بیدەنەوە.

حەوت ساڵان ڕابرد و بازرگانەکە ڕێی کەوتەوە شاری بەغدا. بازرگانەکە بە نۆکەرەکەی گوت، بڕۆ پیرەژنە بدۆزەوە و بیهێنە. نۆکەر چوو و پیرەژنەی دۆزییەوە. بازرگانە پارەی هێلکەکانی بە سوودی حەوت ساڵەکەیەوە دایێ. پیرەژنە بە کەیفخۆشییەوە ڕۆیشتەوە. جیرانەکەی دیتی و گوتی: چییە بۆ وا بەکەیفی؟ پیرەژنە بۆی گێڕاوە. جیرانەکەی گوتی:

ـ کەرە گیان، بازرگانەکە بەکەری زانیوی. هەر هێلکەیەی جووچکەیەکی دەبوو، دەیکردە چل جووچکە، جووچکە دەبوونە مریشك و هەر کام شەش هێلکەیان دەکرد، جا وەرە لێکی دەوە بزانە چەندەی فێڵ لێ کردووی.

---

١ ئەفسانەی بالوولی زانا. ئەفسانەکانی مەڵبەندی هەمیشە بەهار، لاپەڕەی ١٦١. کۆکەرەوە سەید حوسێن میرکازمی.

پیرەژنە چووە لای قازی و شکایەتی لە بازرگانەکە کرد و قازی ناردی بازرگانیان هێنا و قسەی جیرانی پیرەژنەی بۆ بازرگانەکە گێڕاوە و گوتی:

ـ تۆ فێڵت لەو پیرەژنە کردووە.

ئاخرییەکەی بڕیاری دا و هەرچی بازرگانە هەیبوو و نەیبوو، هەمووی لێ زەوت کرد و دای بە پیرەژنە. بازرگانەکە بە داماوی و دڵپڕی بە شاریدا دەسووڕاوە، کە تووشی بالوول هات.

بالوول گوتی: چیت لێ قەوماوە. بازرگانەکە هەمووی بۆ گێڕاوە. بالوول فێری کرد، بچێ فەردەیەك گەنم بکڕێ و بیبا و لە حەوشەکەی ماڵی قازی بیکوڵێنێ و لوێچ لوێچیش بیچێنێ. کە قازی هاتە دەرێ، گوتی:

ـ ئەوە چ دەکەی؟ چما پیاو گەنمی کوڵیو دەچێنێ؟ ئاخر گەنمی کوڵاو شین دەبێتەوە؟

جا پێی بڵێ: ئەی هێلکەی کوڵیو جووچکەی لێ دەبێ؟

ئەویش دەڵێ، نەخێر. جا بازرگانەکە داوای سامانەکەی بکاتەوە.

بازرگانەکە وای کرد و سامانی خۆی وەرگرتەوە[1].

**بالوولی زانا و خەلیفەی بەغدا:**

یەکێکە لەو هەقایەتانەی حیکمەتیان تێدایە و تێیدا سوود لە سیحر و جادووش وەرگیراوە.

بالوول و خەلیفەی بەغدایێ برا بوون. ڕۆژێکیان بالوول منداڵی شاری بردنە دەم دەریا و لەوێ کۆخێکیان بۆ خۆیان ساز کرد. خەلیفە بەخۆی و دوو ژنەکەیەوە بۆ گەشت و سەیرانێ هاتنە دەم دەریا. ژنە گەورەکەی خەلیفە لە بالوولی پرسی:

ـ ئەرێ ئەو کۆخەم پێ دەفرۆشی؟

بالوول پرسیی:

ـ بە چیم لێ دەکڕی؟

ژنە گوتی:

ـ شۆرباو قەتێیەکی خۆشت بۆ لێ دەنێم.

---

١ـ بالوولی زانا و بازرگان ـ ئەفسانە کوردییەکان، لاپەڕەی ١٢٦ـ کۆکەرەوە: م.ب . ڕۆدینکۆ. وەرگێڕان: کەریمی کەشاوەرز.

بالوول قایل بوو و سێ جاران گوتی: ڕازیم.

بەڵام ژنە گچکەی خەلیفە پێدەکەنی. ژن چوونەوە ماڵێ. ژنە چکۆڵەی خەلیفە خەونی دیت و لای وابوو، ئەوە ژنە گەورە لە باخەکەی بەهەشتێ لە کۆشکێکدا دانیشتووە. بەخەبەر هات. سێ جار خەوت و هەستاوە، هەر ئەو خەونەی دیتەوە. بەیانی چووە لای بالوول و داوای لێ کرد خانووە ڕەملێنەکەی بە سەد سکەی زێڕ پێ بفرۆشێ، بالوول قەبووڵی نەکرد. ژنە هەرچی کردی، بالوول نەچووە بن بار. ژنە یەخەی خۆی دادڕی و بە ڕاکردن چووە لای خەلیفە و گوتی:

ـ براکەی پڕی داوەمتێ و بە حاڵی سەی خۆمم لە دەست ڕاپسکاند. خەلیفە هەڵیکێشایە شمشێر و گوتی:

ـ کوا بالوول؟

بالوول لەو دەمەدا مەنجەڵێك و یەك دوو گەز "جاو" و پێمەڕەیەکی هەڵگرت و چووە گۆڕستانەکە. گۆڕێکی هەڵکەند و لە سەر لێوارەکەی ڕاوەستا. خەلیفە گەیشتێ و نەڕاندی:

ـ سەرت دەپەڕێنم.

بالوول گوتی:

ـ کوڕە، من و تۆ براین، دەستت بێنە و پێت لەسەر پێم دابنێ با یەکتر ماچ بکەین، دوایی بمکوژە. منیش ئەوە گۆڕ و کفنی خۆمم ئامادە کردووە.

هەر خەلیفە پێی نایە سەر پێی بالوول و دەستی دایە دەستی، بالوول سووڕایەوە و خەلیفەی مەودای هەزار ساڵان هەڵداشت. کە خەلیفە هاتەوە هۆش خۆی، سەیرێکی دەوروبەری کرد، ڕۆیشت و ڕۆیشت تا گەیشتە گوندێك، لە هەرکەسی دەپرسی، بەغدا لە کام لایە، کەس نەیدەزانی. هەتا پێیان گوت: پیرەپیاوێك هەیە تەمەنی سەد ساڵانە، لەوانەیە ئەو بزانێ. خەلیفە ڕۆژەڕێیەك ڕۆیشت هەتا پیرەی دیتەوە. پیرە بە هاوسەرەکەی گوت:

ـ فەرش لەبەر پێی ئەم میوانە ڕابخە.

ژنە هەڵنەستا. پیرە چەند جاران تێی خوڕی، ژنە مێشێکیشی لێ میوان نەبوو. ئاخرییەکەی خۆی هەستا و لبادێکی بۆ ڕاخست. دوایی چوو تێهەڵدانێکی باشی لە ژنە دا. ئەوجار خواردنی هێنا. بەڵام خەلیفە گوتی:

ـ تا نەڵێی ڕێی بەغدا بە کام لادایە، دەم لە خواردنێ نادەم.

پیرەپیاوەکە گوتی:

ـ من برایەکم هەیە دووسەد ساڵە. لەوانەیە ئەو بزانێ. بەڵام من نازانم.

خەلیفە هەستا و ڕۆژەڕێیەك ڕۆیشت تا پیرە دووسەدساڵەکەی دیتەوە و چووە ماڵی. پیرە بە ژنەکەی گوت:

ـ فەرشێك ڕابخە با میوانەکەمان دانیشێ.

پیرەژنەکە بە بۆڵەبۆڵ و قۆنەقۆن هەستا و لباد و باڵنجێکی هێنا.

پیرەپیاوەکە گوتی:

ـ تا ئێستا گوێم لەو ناوە نەبووە. بەڵام برایەکم هەیە تەمەنی سێسەد ساڵە، لەوانەیە ئەو بزانێ.

خەلیفە هەستا و ڕۆژەڕێیەکی دیکەش ڕۆیشت هەتا گەیشتە ماڵی پیرە سێسەد ساڵەکە و بوو بەمیوانی. ژنی پیرەمێردە هەر میوانەکەی دیت، هەستا و لبادێکی بۆ ڕاخست و چەند باڵنجیشی بۆ دانا. پێ و پلی خەلیفەی شوشت و وشکی کردەوە. خانەخوێ فەرمووی کرد بۆ نانخواردن. خەلیفە گوتی:

هەتا نەڵێی بەغدا لە کام لاوەیە، دەم لە خواردنێ نادەم.

خاوەن ماڵ گوتی:

ـ نازانم، بەڵام بیستوومە دەڵێن لە قسن و زیارەتگەکەی ئێمە دارێك هەیە و باڵندەیەك یەك پشوو لەسەری دەگەڕێ. خەڵکی ئەوێ خێراتێ دەکەن و باڵندەکەش دوعا دەکا، دوایی لە شەققەی باڵ دەدا و دەڕوا، جا دەڵێن ڕێگەی بەغدا بەولایەدایە کە باڵندەکە بەرەو ئەوێ دەفڕێ.

نانیان خوارد و پیرەپیاوەکە بە ژنەکەی گوت:

ـ بڕۆ شووتییەك بێنە با تاقیی بکەینەوە، ژنە ئەگەرچی دووگیانیش بوو، لە چل پلیکانان چووە خوارێ و شووتییەکی هێنا.

پیرەپیاوەکە شووتیەی ڕێك گوشی و گوتی:

ـ نا، ئەمەیان باش نییە، بیبەوە و یەکی دیکە بێنە.

ژنە دیسان چل پلیکانان چووە خوارێ و هاتەوە سەرێ و دیسان هەر ئەو شووتییەی هێناوە.

سێ جاران وای کرد. خەلیفە گوتی:

ـ ژنەکەت دووگیانە، چۆن دەتوانێ چل پلیکانان بچێتە خوار و بێتەوە سەرێ؟

شووتییەکەیان شکاند و خواردیان و خەلیفە لە خاوەن ماڵی پرسی:

ـ تەمەنت چەندە؟

گوتی: سێسەد ساڵ.

پرسی: باشە بۆچی براکەت سەد ساڵیشە و ئەوەندە لەتۆ پیرترە و تۆ گەنجتر ماوی؟

خانەخوێ گوتی:

ـ ئەوە بە ژن کەوتووە. ژنەکەی کەرە و، تێی هەڵنەدا کار ناکا.

خەلیفە پرسیی:

ـ ئەی براکەی دیکەشت کە دووسەد ساڵە، هەر بەتەمەنتر دیارە. بۆ؟

پیرە گوتی:

ـ چونکە ژنەکەی ئەو سەگ سیفەتە، هەر حەپە و بۆڵەی دێ و کار دەکا. بەڵام ژنەکەی من وا نییە. خۆ ئێمە لەو شووتییەش زیاترمان نەبوو، کەچی ئەوەندە جاران ئەو چل پلیکانە چووە خوارێ و هاتەوە سەرێ.

بەیانی خەلیفە چووە زیارەتگەکە و دەمی هەڵفڕینی باڵندەکە، لاقی گرت و هەستا و باڵندەکە بردییەوە لەو گۆڕستانەی داناوە کە بالوول لەوێوە هەڵیداشتبوو. سەیری کرد بالوول لە بەر ئاگرێ دانیشتووە و مەنجەڵێکی وەسەر ئاگر ناوە و گۆڕێکیش هەڵکەندراوە. بالوولی لەگەڵ خۆی بردەوە کۆشك. ئەوجار ئەمری کرد دوو وشتریان هێنا. لاقی چەپەیان لە کلکی یەکیان خست و لاقی ڕاستەی لە کلکی ئەوی دیکەیان و هەر یەکەیان بۆ لایەك ڕاو نا. ژنە گچکەی خەلیفە لەنێوەڕاستەوە هەڵدڕا و لەو گۆڕەدا ناشتیان کە بالوول هەڵیکەندبوو[١].

## بالوولی زانا و بالوولە شێت:

بالوولی زانا و بالوولە شێت، منداڵ بوون و خەڵکیان زۆر ئەزیەت دەکرد. ئەوان بزۆز و نەحەجمیو بوون. بالوولە شێتە سواری حەیزەرانێك دەبوو و دەیگوت:

ـ ئەوە ئەسپی منە، ئەسپی منە.

---

١ – سەرچاوە: بالوولی زانا و خەلیفەی بەغدا ـ ئەفسانە کوردییەکان ـ لاپەڕەی ١٥٨. کۆکەرەوە: م. ب، ڕۆدینکۆ. ـ وەرگێڕ: کەریمی کەشاوەرز.

ئیتر بالوولی زاناش سەری لەدوو دەنا و دیانکردە گەمە و هەرا. بالوولە شێتە ئەوەندەی دەگوڕاند و دەنگەدەنگی کرد، دەروجیران هاواریان لێ هەستا. ژنێك هاتە دەرێ و گوتی:

ـ دەبێ بەڵایەك بەسەر ئەو شێتوشوورە بێنم، تا عومری بێ ئاوا ژیان لە خەڵك تێك نەدا.

ژنە چوو و تەندوورەکەی نێڵ دا و دوو ئەنگوتکی گرت و ژەهری تێ کردن، بۆ ئەوەی بیانکاتە نان و بیان دا بە بالوولە شێتە و بالوولی زانا، بیخۆن و پێی بمرن و ئیتر دەنگیان ببڕێتەوە. ژنە نانەکانی هێنا. بانگی بالوولی زانای کرد و گوتی:

ـ هانێ ئەو نانە گەرمانە بخۆن. منیش نەزرم کردبوو. نانم کرد. یەکیان بۆ تۆ و یەکیشیان بۆ بالوولە شێت.

ـ نانەکانیان لێ وەرگرت. قرچەی گەرمای هاوینێ بوو. گوتیان:

ـ واباشترە نانەکان بەرینە دەم هەسێڵەکەی یازدەرە و لەوێ هەم مەلەی بکەین و هەمیش بیانخۆین.

جا عەرزتان بکەم، کوڕی ژنەکە ماندوو و شەکەت و تینوو لە دەشتێ دەگەڕانەوە. لایان دا لە دەم هەسێڵەکە پشوویەك بدەن و بڕۆنەوە. بالوولی زانا و بالوولە شێتە کە دیتیانن، بەزەییان پێیاندا هاتەوە. بالوولی زانا گوتی:

ـ وەرن ئەو نانە گەرمانەتان بدەینێ. ژنێك بە نەزر دای بە ئێمە. کوڕی ژنە حەوت کەس بوون. هەر کام پاروویەکیان لێ خوارد و هەر لەوێ پێڕاهاتن و مردن.

بالوولە شێتە بە براکەی گوت:

ـ هەتیو ئەو ژنە ژەهری تێکردبوون. بۆیە مردن. وەرە با نانەکان لە هەسێڵەکە بهاوێین و بڕۆین. چونکە لێرە بەجێ بمێنن، سەگ و شتی وا دەیخوا و دەتۆپن.

نانەکانیان لە ئاوێ هاویشت و گەڕانەوە گوندی. بالوولە شێتە بە سواری ئەسپە دارینەکەی بە کۆڵاناندا کردییە هەرا و تەپوتۆز و بەدەنگی بەرز گوتی:

ـ هەر کەس چاڵ هەڵکەنێ، خۆی تێی دەکەوێ.

بالوولە شێتە ئەسپەکەی تاو دەدا و دەیگوتەوە. ژنە هەر هاتە دەرێ و چۆوە ژوورێ، کوڕی نەهاتنەوە. ژنەیان ئاگادار کردەوە، ژنە خەڵکی خڕ کردەوە و چوونە لای هەسێڵەکەی یازدەڕە. دەبینن ئەوە هەر حەوت کوڕی مردوون. سەیرێکی دەوروبەریان کرد، دیتیان نانەکانی ژنە کەوتوونەتە سەر ئاوێ. ژنە بەسەری خۆیدا دا و خۆی ڕنی و گوتی: هەر خۆم بە خۆمم کرد[1].

---

١ بالوولی زانا و بالوولە شێتە. گەنجینەکانی ئەدەبی ئازەربایجان. لا ٢٦٢ـ کۆکردنەوە و وەرگێڕان: حوسێن داریان.

## ١٨ـ بالوول له کتێبی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق:

### ١ـ بالوول و "مەڕ بە پێی خۆی و بزن بە پێی خۆی"

"هارووونەڕەشید کابرایەکی زاڵم بوو و خەڵکی زۆر ئەزیەت دەدا، هەر بۆیە بالوول زۆری لێ تووڕە بوو و جاری وابوو کەس پێکەنینی بەسەر لێوەوە نەدەدی. ڕۆژێکیان هاڕوون لێی پرسی، لەچی تووڕەی؟ بەڵام بالوول وەڵامی نەداوە، هەتا هاڕوون کەسێکی ڕاسپارد و گوتی:

ـ وەشوێن بالوول بکەوە و مەهێڵە هەست نەکا، لە هەر کوێ پێکەنی، ئاگادارم بکەوە و دەرهەمێك خەڵاتی خۆت وەرگرە.

کابرا چەند ڕۆژان چاوی بەسەر بالوولەوە بوو، بەڵام نەیدی پێ بکەنێ. هەتا ڕۆژێکیان بالوول لە بەردەم قەسابییەك ڕاوەستا و چاوی بڕییە نێو دووکانەکە. بەدەم سەیرکردنەوە زەردەخەنەیەکی کرد.

کابرا دەمودەست چووە لای هاڕوون و بۆی گێڕاوە. هاڕوون ناردییە شوێن بالوول و گوتی:

ـ لە دووکانی قەسابییەکە بەچی پێکەنیی؟

بالوول گوتی:

ـ چیت لێ وەشێرم، بڕوات بێ زۆر نیگەرانی ئەوە بووم لە قیامەتێ منیش بە ئاگری خۆتەوە بسووتێنی، بەڵام ئەمڕۆ دیتم : مەڕ بە پێی خۆی هەڵدەواسرێ و بزن بە پێی خۆی*.

### ٢ـ بالوول و "کەوای تازە، نانەکە بخۆ"

"دەڵێن، ڕۆژێکیان بالوولیان بانگهێشت کرد. بالوول بە جلوبەرگێکی کۆنەوە چووە میوانییەکە و لە لای سەروو دانیشت. میوان یەك لە دوای یەك هاتنە ژوورێ و ئەوەندەیان بە بالوول گوت:

ـ تۆزێك بکشێوە، تۆزێك داکشێ، هەتا بالوول گەیشتە بەر دەرگا و لەسەر پێڵاوی میوانان دانیشت نانەکەی خوارد.

پاش چەند ڕۆژان، بالوول دیسان هەر لەو مەجلیسە داوەت کرابوو. ئەم جارەیان جلوبەرگێکی تازە تازەی بە قەرز وەرگرت و لەبەری کرد و چووە میوانی. هەر وەژوور کەوت و لەبەر دەرگاکەوە دانیشت، بەڵام هەرچی دەهات، سەیرێکی دەکرد و دەیگوت:

---

* ئەو بەسەرهاتە خاتوو مەریەمی بەختیاری لە تەنگەکی زەنگەنە بۆی گێڕاینەوە ڕەشەمەی ١٣٤٩

ـ ئەریٚ کاك بالوول بۆ لەو خوارە دانیشتووی؟ تۆزێك وەرە ژوورتر برا.

ئەوەندەیان خولّق کرد، هەتا بۆ کاتی نانخواردنەکە گەیشتە لای سەروو.

کە نانیان هێنا و خواردنی جۆراوجۆریان ڕیز کرد و هەموو دەستیان کرد بەخواردن، بالوول قۆڵی کەواکەی گرت و لە قاپی پلاّوەکەی نا و گوتی:

ـ فەرموو، کەوای تازە نانی بخۆ دەی.

ئەوەی لەویٚ بوون، سەریان سووڕ ما و لێیان پرسی:

ـ ئەوە بۆ وا دەکەی؟ چما کەواش نانی دەخوا؟

بالوول لە وەلاّمدا گوتی:

ـ کوڕە من هەر ئەو کەسەم فلاّنە شەو لێرە میوانتان بووم و کەس بەهەندیشی نەگرتم و پالّتان پێوەنام تا بردتانمە سەر پێلاّوەکان، هەر چونکە جلوبەرگم کۆنە بوون، دەی وا دیارە ئەو ڕێز و حورمەتە هیی من نییە و هیی جلەکانمە، بۆیە جێی خۆیەتی بلّێم:

ـ کەوای تازەن نانی بخۆ.

پیاوماقوولاّنی مەجلیسەکە بەخۆیاندا شکانەوە و بارەقەلاّیان بە زیرەکیی بالوول گوت.

(ئەم هەقایەتە لە فارقان گێڕدراوەتەوە، بەفرانباری ١٣٥٢) تێبینی: لە بەدیعولوەقایعدا، ئەم هەقایەتەیان لەسەر سەعدیی شیرازی گێڕاوەتەوە.

خوالێخۆشبوو دێهخوداش لە بەرگی یەکەمی پەندی پێشینانەکەیدا، ئەو پەندەی بە کورتی هێناوەتەوە و کەسایەتییەکەی ئەو مەلای مەشهوورە.

لە لاپەڕەی ٢٨٥ی بەرگی سێیەمی نامەی دانشوەراندا، ئەو پەندە دراوەتە پالّ کەمالەدینی ئیبنی مەیسەم، شیکەرەوەی کتێبی نەهجولبەلاغە.

## ٣ـ دیوار لەگەڵ تۆمە، پەسار گوێت لێ بێ*

هەر کاتێك بیانەوێ ناڕاستەوخۆ شتێك بە کەسێك بڵێن، ئەو پەندەی بۆ دێننەوە.

هەر لە زمانی فارسیشدا شتێکی دیکەی وەك ئەم پەندەیان هەیە دەڵێ: دەرگا بەتۆی دەڵێم، دیوار گوێت لێ بێ"، کە سەربردەکەی ئاوایە:

دەڵێن بالوول بە ڕۆژ بە بیاباناندا دەگەڕا. ڕۆژێکیان لەگەڵ کەسێك بووە هاوڕێ، کە گوێدرێژێکی بە بارێکی قورسەوە پێ بوو. لە نیوەی ڕێیە کە دەچوونە ئاوەدانییەك، بالوول لێی پرسی:

ـ ناوت چییە؟ لە کام هۆزی؟ لە کوێوە دێی؟ کوڕی کێی؟

بە کورتی ورد ورد لێی پرسی و کابراش وەڵامی داوە. بالوول سەیری کرد، خۆ کابرا هیچ لە ناونیشانی ئەو ناپرسێ. ویستی تێی بگەیەنێ، کارێکی خراپ دەکا. ڕێك لەو کاتەدا جۆگەیەکیان لێ دەرکەوت. بالوول هەنگاوی خۆش کردن و بەجێی هێشت و لە جۆگەکە پەڕییەوە. کابراش کە گەیشتێ، دەیەویست بپەڕێتەوە، کەرەکەی بە بارەوە لە قوڕێ چەقی و چیی کردی، نەیتوانی بیهێنێتەوە دەرێ. نەیدەزانی چ بکا. بالوولییش زۆر دوور کەوتبۆوە. کابراش ناوی نەدەزانی بۆ ئەوەی بانگی بکا، بۆیە بەناچاری بەدوویدا ڕای کرد هەتا گرتییەوە و گوتی:

ـ ئاوام بەسەر هاتووە.

بالوول گوتی:

ـ باشە ماڵ کاول، من لە بەیانییەوە پرسیار لە تۆ دەکەم و دەڵێم خەڵکی کوێی و کوڕی کێی و لە کوێوە دێی؟ تۆ هەر لێت نەپرسیم ئەی ناوی تۆ؟

کورتی ببڕینەوە چوون و کەر و بارەکەیان هێناوە دەرێ و کەوتنە ڕێ تا گەیشتنە کاروانسەرایەك. کە ویستیان لێك هەڵبڕێن، کابرا گوتی:

ـ من دەمەویست هەتا دەمرم، خزمەتت بکەم.

بالوول گوتی:

ـ بە مەرجێك.

کابرا گوتی: چ مەرجێك؟

گوتی: من چیم کرد، تۆش بیکەی.

---

* کورد دەڵێ: خەسوو لەگەڵ تۆمە، بۆکێ گوێت لێ بێ

کابرا گوتی باشە و لەوێ چوونە نێو کۆڕێکەوە. کابرا چەقۆیەکی پێ بوو، لە گیرفانی دەریهێنا و نیشانی بالوولی دا و گوتی:

ـ کەس چەقۆی ئاوای نییە ها.

بالوول گوتی:

ـ ئەوە نیشانی خەڵکی مەدە.

هەرچۆنێك بێ ڕۆیشتن تا گەیشتنە مەجلیسەکە. بالوول لە قەراغەوە دانیشت و کابرا چووە لای سەروو. کە پیاوماقووڵان دەهاتن، وردە وردە پاڵیان پێوە دەنا هەتا گەیاندیانە بەر دەرگا. ئەوەیان یەکێك بوو لە پەندەکانی بالوول و بەقسەشی نەکردبوو.

کە سفرەیان ڕاخست، خانەخوێ شووتییەکی هێنا. چەقۆ نەبوو. کابراش دەستی لە گیرفانی خۆی نا و چەقۆکەی دەرهێنا و داینێ. شووتییەکەیان پێ شکاند، بەڵام خاوەن ماڵ کە تەماحی ڕێ نیشتبوو، گوتی:

ـ ئەم چەقۆیە هی منە، ئەوە لە کوێت هێناوە؟

کابرای داماو زۆری سوێند خوارد، بێ سوود بوو. بە کورتی چی نەمابوو لە زیندانیی توند بکەن. بالولیشیان سوێند دابوو ڕێنوێنیی نەکا. دوو ڕۆژیان مۆڵەت پێ دا بێتاوانیی خۆی بسەلمێنێ. کابرا ڕووی لە چۆل و بیانان کرد هەتا گەیشتە بن دیواری حەسارێك. بالوول چووە ئەو بەری حەسارەکە، بۆ ئەوەی سوێندەکەی نەشکێنێ گوتی:

ـ دیوار لەگەڵ تۆمە و پەسار گوێت لێ بێ، بەیانی کە بانگیان کردی، بڵێ، زۆر لەوەپێش، کە لەخەوێ هەستام، دیتم ئەو چەقۆیە لە سەر سینگی باوکم دانراوە و گۆشاوگۆش سەریان بڕیوە و چەقۆکەیان جێ هێشتووە.

کابرا وای کرد و خاوەن ماڵە درۆزنەکەیان خستە بەندیخانەوە*.

---

* "بانەمەڕی ١٣٥٢، عەلی ئەسغەری بیرانوەند، تەمەن حەڤدە ساڵان. لە خورەم ئابادی لوڕستان. ئەویش لە کابرایەکی بیستووە بەناوی، عەلی بیرانوەند تەمەن شێستوحەوت ساڵ.

## گزیر لە بازاڕە:

ئەو پەندە بۆ ئەو کەسانەیە، کە تەرازووەکەیان لاسەنگە و گزی دەکەن. یانی، ئەگەر یەکێك بیەوێ گزە و فێڵ لە کڕیارەکەی بکا و شتی بە گران پێ بفرۆشێ، پێی دەڵێن: "گزیر لە بازاڕە"، واتە دەستێکی نەبەدی و نادیار تۆڵەی لێ دەکاتەوە. بەسەرهاتەکەشی ئاوایە:

"رۆژێکیان هارِوونەرِەشید بە بالوولی گوت، دەستت ئاوەڵا دەکەم وەك نوێنەری من بچۆ و بازاڕی بەغدا، ئەگەر یەکێکت دیت زوڵم لە یەکێکی دیکە دەکا، یان دووکاندارێك لە فرۆشتنێدا گزە لە خەڵك دەکا، هەر لەوێ دادپەروەرانە تۆڵەی لێ بکەوە و خەتاکار سزا بدە. بالوول بەناچاری قەبووڵی کرد و دەستێك جلوبەرگی گزیرانی لەبەر کرد و کەوتە رێ و چووە نێو شاری. سەیری کرد ئەوە پیرەپیاوێکی وشکەڵەفرۆش* چەند وشکەڵەداری لە بەردەمی داناوە، لەو دەمەدا لاوێك بەوێدا رابرد و لکە دارێکی رفاند و دەرچوو.

بالوول زۆری پێ ناخۆش بوو، ویستی بیکاتە هەرا و بڵێ: بیگرن "لەو دەمەدا لاوەکە سەرەنگرێ بوو و تەلاشی دارەکەی لە ورگی رۆچوو. خوێن فیچقەی کرد.

بالوول لەبەرخۆیەوە گوتی:

ـ هەقی خۆت بوو.

هات بڕوا، سەیری کرد ئەوە دووکاندارێك دەفرێکی ماست دەکێشێ و نووکی پەنجەی لە تەرازووەکە ئەنگاوتووە و ماستی کەمتر دەدا بە کڕیارەکەی، بالوول ویستی بڵێ:

ـ مامە بۆ وا دەکەی؟

لەو دەمەدا گوێدرێژێك هاتە بەردەم دووکانەکە و سەری لە هیزەی ماستەکە نا. دووکاندارەکە تێی خوڕی، گوێدرێژە سەری وەلێواری هیزە ماست کەوت و سەرنخوونی کرد و هەمووی ڕشت.

بالوول چەند هەنگاوێك چووە پێشتر، سەیری کرد ئەوە قوماشفرۆشێك خەریکی پێوانی قوماشە و لە پێوانیدا پەنجە نیوگەزی خوار دەکاتەوە و هەر جارەی بەشێك لە قوماشەکە پاشقول دەدا. چووە پێشێ و ویستی لێی بکاتە هەرا، لەو دەمەدا مشکێکی دیت گورج خۆی کرد بە دووکانەکەدا و چووە نێو قوماشەکانەوە.

* وشکەڵ: داری وشك. ئەو دارەی بۆ ئاوردوو بەکاری دێنن.

بالوول چیتر نەگەڕا، هەر لەوێوە گەڕاوە و چۆوە لای هاڕوونەڕەشید و گوتی:
ـ گزیر لە بازاڕە، نە منی دەوێ و نە کەسی دیکەش[1].

## ٥ـ بالوول و سەودای دیتوو و نەدیتوو:

هەر کات یەکێك خودا بەسەریدا برژێنێ و سەودایەك بکا و خێرێکی زۆری لێ بکا و یەکێکی دیکەش تەماع بیگرێ و هەر ئەو سەودایە بکاتەوە و بە پێچەوانەوە زەرەرمەند بێ و دوای ئەوەش بکەوێتە گلە و گازاندە، خەڵك پێی دەڵێن: کاکە گیان، فلانەکەس بۆیە بەدەستییەوە هات، نەدیو سەوداکەی کرد. بەڵام تۆ دیتت و کردت" ئەوەش هەقایەتێکی هەیە:

دەگێڕنەوە، شەوی جومعەیەك، زبێدەی ژنی هاڕوونەڕەشیدی خەلیفەی موسوڵمانان، دەچێتە گۆڕستان فاتیحایەك بۆ مردووان دابدات. سەیر دەکا ئەوە بالوول لە بن کێلێك دانیشتووە و خەریکی شتێکە. زبێدە کە نزیك دەکەوێتوە، دەبینێ ئەوە بالوول وەك منداڵۆچکان هەندێ وردکەبەردی لەسەر یەك هەڵچنیوە و خانووچکەیەکی دروست کردووە و سەیری دەکا. زبێدە پێی دەڵێ:

ـ بالوول ئەوە چ دەکەی؟

بالوول وەڵام دەداتەوە:

ـ خەریکم ماڵی قیامەتێ دروست دەکەم.

زبێدە دەڵێ:

ـ نایفرۆشی؟

بالوول دەڵێ:

ـ با، دەیفرۆشم.

زبێدە ملوانکە گرانباییەکەی خۆی دەدا بە بالوول و لێی دەکڕێ و دەڕوا. بالوولیش ملوانکەکە دەفرۆشێ و پارەکەی بە سەر هەژاراندا دابەش دەکا.

شەوێ کە هاڕوونەڕەشید دەنوێ، لەخەویدا زبێدە دەبینێ ئەوا لە کۆشکێکی بەشکۆدا لەگەڵ کۆمەڵێك ژنی زۆر جوان خەریکی قسە و پێکەنینە و زۆریش بەکەیفە. هاڕوون بەیانی بۆ زبێدەی دەگێڕێتەوە. زبێدە دەڵێ:

---

[1] ـ خەرمانانی ١٣٥٤ـ مرادی عەبدولی، تەمەن پەنجاو یەك ساڵ، ئەفسەری ئەرتەش، لە حوسێن ئابادی مەلایر.

ـ بەڵێ، دوێ شەوێ چوومە گۆڕستان. بالوولم دیت خەریك بوو بە وردکەبەرد خانووچکەیەك دروست دەکا، بە ملوانکەکەی خۆم لێم کڕییەوە و ئەوە خانووی قیامەتمە، کە بە ملوانەکەکەم لە بالوولم کڕی.

هاڕوونیش لەبەر خۆیەوە دەڵێ:

ـ خراپ نییە منیش شەوی جومعەی بچمە گۆڕستان و خانووی قیامەتم لە بالوول بکڕم.

حەوتووی دواتر هاڕوون بە تەماعی کڕینی خانووی قیامەتێ دەچێتە گۆڕستان و تووشی بالوول دەبێ، دەبینێ ئەوە لە بن کێلێك دانیشتووە و بە وردکەبەرد خانوویەك دروست دەکا.

خەلیفە بە کەیفخۆشییەوە لێی دەچێتە پێشێ و دەپرسێ:

ـ ئەوە چ دەکەی بالوول؟

ـ هیچ، خەریکم خانووی قیامەتێ دروست دەکەم.

هاڕوون دەڵێ: زۆر باشە، ئەی نایفرۆشی؟

بالوول سەیرێکی خەلیفە دەکا و دەڵێ:

ـ با، دەیفرۆشم.

خەلیفە خۆشی خۆشی دەست لە گیرفانی دەنێ و مستێك سکەی زێڕ دەدا بە بالوول، بەو هیوایەی خانووەکی باشی لە قیامەتێ بە نەسیب بێ، ئیتر دێتەوە شار.

شەوێ کە دەخەوێ، هیچی نایەتە خەوی، بەیانی هەڵدەستێ، بە تووڕەییەوە دەنێرێ بە دوای بالوولدا.

کە بالوول دێننە هەنتەشی، لێی دەپرسێ:

ـ بالوول، ئەی بۆچی ئەو خانووەی بەمنت فرۆشت، وەك خانووەکەی زبێدەی خێزانم نەهاتە خەونم؟

بالوول پێدەکەنێ و دەڵێ:

ـ جەنابی خەلیفە، زبێدەی نەی دیتبوو سەوداکەی کرد، بەڵام تۆ دیتبووت جا کردت. هەر بۆیە ئەو بردییەوە و تۆ نەتبردەوە[1].

---

١- جۆزەردانی ١٣٥٤ ـ ئەختەرەدەولەی قارەمان، لە زمانی خاتوو بەتوولی کیانییەوە، لە ئیستەهباناتی فارس.

## بەشی سێیەم

## بالوول لە هەقایەتەکانی خەڵکدا

### ١ـ بالوول و هاوڕێکەی هاڕوون:

ڕۆژێکیان بالوول لە بەر پلیکانەکانی کۆشکەکەی هاڕوون دانیشتبوو، کە هاودەمەکەی هاڕوون هات و پێی گوت:

ـ بالوول، هەستە پارە بە بێ ئەقڵان دەدەن.

بالوول پرسی:

ـ چەندەیان دەدەنێ؟

گوتی: سەد دینار.

بالوول گوتی: بیست دیناری بۆخۆت هەڵگرە و هەشتاکەی دیکەیم بۆ بێنە با هەمووان بزانن من و تۆ لە بێ ئەقڵیدا وەك یەکین[١].

### ٢ـ بالوول و نرخی خەلیفە:

ڕۆژێکیان خەلیفە لەگەڵ بالوول چووە حەمام، لە حەمام هەر بۆ سوعبەت ڕووی لە بالوول کرد و پرسی:

ـ هەر بەڕاست بالوول، من غولامی تۆ بووایەم، نرخم چەندە دەبوو؟

بالوول سەیرێکی سەرتاپێی خەلیفەی کرد و گوتی:

ـ پەنجا دینار.

---

١ـ بەفرانباری ١٣٥٦ ـ ئەختەرەدەولەی قارەمان، کارمەندێکی ٦٥ساڵان.

خەلیفە هەڵچوو و گوتی:

ـ شێت و شوور، هەر ئەو پەشتەماڵەی بەخۆمدا داوە، پەنجا دینار دێنێ.

باڵوولیش گوتی: دەی قوربان منیش هەر ئەوم حیساب کردووە[2].

ـ باڵوول و ئەو کابرایەی بوو بە کەر

دەڵێن لە سەردەمانی زوودا، کابرایەکی قڕنیس "ڕەزیل" هەبوو، دەیەویست دیوارێك هەڵچنێ. بەڵام چون دەیەویست حەوشەکەی زۆر گەورە بێ، دیوارەکەی زیاتر بردە پیشێ و بردییە نێوەندی کۆڵانێ. لەو دەمەدا باڵوول گەیشتێ، سەیری کرد کابرا دیوارەکەی هێناوەتە نێوەڕاستی کۆڵانەکە. پێی گوت:

ـ کاکە گیان، ئەو کۆڵانە ئەوەندە تەسك مەکەوە، ڕۆژێك ئاخری خۆت تێیدا گیر دەکەی.

کابرا گوێی نەدایە و کاری خۆی کرد و دیوارەی هەڵچنی. هات و ڕابرد، دوای چەند ساڵان کابرا مرد. ڕۆژێك بە ڕێکەوت باڵوول ڕێی کەوتەوە ئەو کۆڵانە و سەیری کرد ئەوە کابرایەك بەخۆی و گوێدرێژەوە لە نێوەڕاستی کۆڵانەکە گیراوە. باڵوول کە دیتنی، چووە پێشێ و بە سرتە بە کەرەکەی گوت:

ـ باشە پێم نەگوتی ڕۆژێك ئاخر خۆت لەم کۆڵانە تەنگەبەرەدا گیر دەکەی و بە قسەت نەکردم، ئەوەتا قەتیس ماوی.

هەر باڵوول وای گوت، کەرەکە کەوت و تۆپی.

کەردار دەستی کرد بە هەرا و هاوار و بە باڵوولی گوت:

ـ ئەوە چیت کرد، کەرەکەمت تۆپاند.

باڵوول کابرای کەرداری بردە لایەك و لەسەرخۆ هەموو شتەکەی بۆ لەبنی کوولەکە دا. خاوەن کەرەکە بە سەرسووڕمانەوە گوتی:

ـ یانی ئەو گوێدرێژە، هەر ئەو کابرایە بوو؟

باڵوول زەردەخەنەیەکی هاتێ و بەجێی هێشت[1].

---

١ – گەلاوێژی ١٣٥٦ ناسر مرادی، تەمەن حەڤدە ساڵ، قوتابی لە ئاوایی مەمەسەن، لە زمانی محەمەدی ڕەنجبەران کە لە نوورابادی مەمەسەنی قوتابی بوو.

٢- بانەمەڕی ١٣٥٥ . خاتوو فەرەحی میسباحی، تەمەن ٢٧ ساڵ، کابانی ماڵێ، خەڵکی سەنگەسەری سمنان، لە زمانی قادر قولی میسباحییەوە تەمەن ٥٥ ساڵ و وەرزێر.

### ٤. بالوول و شەڕی میرات:

بالوول لە شەوی خێراتی کابرایەکدا کە تازە مردبوو، بانگهێشت کرابوو بۆ نانخواردن. کە شیو دانرا، بالوول بەسپایی لە بن کراسەکەیەوە سێ بێچووە پشیلەی دەرهێنا و تۆزێك لە خواردنەکەی بۆ ڕۆ کردن. بەڵام هەرکامەیان بۆ ئەوەی پتریان بەر بکەوێ، پێك هەڵپڕژان و کردیانە هەڵا، لەو دەمەدا خاوەنماڵ پێی زانی و بە بالوولیان گوت:

ـ ئەو پشیلانەت بۆ هێناوە؟

ـ ئەوە بۆ وا دەکەی؟

ـ چما سفرە بۆ پشیلە دانراوە؟

ـ کوڕە توخوا ئەو پشیلانە کردوویانەتە چ قەرەچی ئۆینێك.

بالوول زۆر لەسەرخۆ گوێی دابوونێ و پێی گوتن:

ـ ئەم شەڕ و هەرایەی ئەوانە، ڕۆژێك بەربینگی وەچەی ئەم کابرا دەوڵەمەندەش دەگرێتەوە، ڕۆژێك تۆرەمەی ئەو خوالێخۆشبووەش لەسەر دابەشینی سەروەت و سامانی باوکیان ئاوا مل لەبەر ملی یەکتری دەنێن.

بالوول بەو پشیلانە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگری بۆ سەلماندبوون[1].

### ٥. بالوول و نرخی هەنار:

بالوول سەردەمانێك ویستی ببێتە دێوەرە، کەرەستەی ئامادە کرد و دەستی پێ کرد. ڕۆژێك لە ڕۆژان بارێکی هەناری کڕی و لە کەری بار کرد و چووە گوندێك، هەنارەکانی لە ماڵی برادەرێکی خۆی دانا و کەرەکەی بەستەوە و چووە دەرێ. کە هاتەوە، زانیی ژنی برادەرەکەی هەندێ هەناری لێ دزیوە.

لەو کاتەدا کەرەکەی بالوول زەڕاندی، بۆ ئەوەی بە خاوەنەکەی بڵێ برسیمە و جۆم دەوێ.

بالوول هەلی بە دەرفەت زانی و زەڕینی کەرەکەی کردە بیانوو و گوتی:

ـ کەرە گیان، هەی سندانت لێ بدا، ئەوە دەڵێی چی هەر دەڵێی لێی هەڵگراوە و هەڵگیراوە؟

---

١ – ڕێبەندانی ١٣٥١. عەسکەری موستەحەقی، ئەردەبیل

بەڵام کەرەکە هەر لێی نەبڕییەوە، بۆیە گوتی:

ـ دەی هەڵگیراوە هەڵگیراوە، ژنی برادەرەکەی خۆمانە، خۆ خەڵك نییە، ئێستا لەبری ئەوە جۆت دەداتێ.

بەڵام کەرەکە زەڕی هەستابوو و نەیدەبڕییەوە. بالوول بە تووڕەییەوە بەسەریدا نەڕاندی و گوتی:

ـ سندان، بۆ نایبڕییەوە، هەڵیگرتووە با هەڵیگرتبێ، دەی بە تۆ چی؟

هەرچۆنێك بێ ژنە تێگەیشت بالوول زانیویێتی، زۆر تەریق بۆوە و هەستا سێ هێندەی نرخی هەنارەکانی جۆ لە پێش کەرەکە کرد. هەر جۆیەکەی لەبەر کرد، کەرەکە بێدەنگ بوو.

بالوول بە کەرەکەی گوت:

ـ هەر ئەوەت دەویست[٢]؟

## ٦ـ بالوول و کابرای قەرزبار:

دەگێڕنەوە ڕۆژێك کابرایەك چووە لای شێخ بالوول و گوتی:

ـ ئەرێ جەنابی شێخ، قەرزێکم هەیە و پێم نادرێتەوە، هەموو ڕۆژێش کابرای خاوەن قەرز دێتە سەرم. حەیام پێوە ناهێڵێ. چ بکەم؟ دەستم لێ هەڵناگرێ.

بالوول گوتی:

ـ دەی باشە، پووڵەکەی بدەوە.

کابرا گوتی: دەی نیمە ئێستا.

بالوول گوتی: سبەینێ کە هات، هەر پرسیارێکی کرد، تۆ هەر بڵێ "بەڵێ" خۆی دەزانێ و دەڕوا.

سبەی بەیانی کابرای خاوەن قەرز هاتە بەر دەرگای قەرزبارەکە و خاوەماڵ دەرگای لێ کردەوە. کابرای خاوەن قەرز سڵاوی کرد و سڵاوی ئەستێنراوە و قەرزبارەکە گوتی:

ـ بەڵێ.

قەرزدار گوتی: ئەرێ ئەو پارەیەی من چیی لێ هات؟

قەرزبار گوت: بەڵێ.

---

١- ڕەشەمەی ١٣٥٢ . محەمەد ڕەزا شادمانی. فەسا

قەرزدار گوتی: نیتە؟
قەرزبار گوتی: بەڵێ.
قەرزدار گوتی: یانی دەتەوێ قەرزەکەت نەدەیەوە؟
قەرزبار گوتی: بەڵێ.

خاوەن قەرز زۆری پێناخۆش بوو، کابرای قەرزبار ئاوا بێ پێچوپەنا جوابی داوە، دەرەقەتیشی نەدەهات، بۆیە سەری خۆی بەرداوە و ڕۆیشت و نەهاتەوە. قەرزبارەکە دوعای بەخێری بۆ بالوول کرد هەتا ڕۆژێك دەوڵەمەند بوو و قەرزی کابرای داوە[1].

### ٧ـ خوازبێنییەکەی بالوول:

دەگێڕنەوە، کابرایەك ڕۆژێك لە ڕۆژان بالوولی ناردە خوازبێنی. بالوول چووە لای باوکی کچە و دوای خواردنەوەی شەربەت و شیرینی، لە باوکی کچەی پرسی:

ـ ئەرێ نالێی ئەو شێتە بۆ هاتووەتە سەر بەرەی من؟

باوکی کچە سەرێکی بادا و بالوولیش بەبێ شەرم و حەیا گوتی:

ـ وەڵا هاتووم کچەکەت بخوازم بۆ کوڕی فلانی، بۆ ئەوەی بیگێ.

باوکی کچە وەك شێر هەڵچوو و بالوولی فڕێ دا دەرێ. بالوول هاتەوە لای کابرا و گوتی: تکایە یەکێکی دیکە بنێرە بۆ خوازبێنی و ئەگەر دایانێی، دەست لە کچە مەدە هەتا خۆم ئاگادارت نەکەمەوە.

گەنجەکە قەبووڵی کرد و خوازبێنیکەرێکی دیکەی نارد و کورتی ببڕینەوە باوکی کچەش قایل بوو و زەماوەندێکی تێروتەسەلیان کرد، بەڵام لەسەر ئەو قەولەی زاوا بە بالوولی دابوو، توخنی کچە نەکەوت، چەند ڕۆژی بەسەردا چوو، دایك و باوکی کچە کردیانە هەرا، لە زاوایان پرسی، مەسەلە چییە، زاوا هیچی پێ نەگوتن، دایك و باوکی کچە دەستوداوێنی بالوول بوون. بالوول پێی گوتن:

---

١- بەفرانباری ١٣٥١ ـ عەلی ئەکبەری بازوبەندی ـ فیتەرـ نیشابوور، لە زمانی کەربەلا مەلا حوسێنی بازوبەندی حەفتا ساڵان، بەننا.

ـ باشه پیاوی چاك، لەبیرت چۆتەوە ئەویٚ شەویٚ گوتم "کچەکەت بدە بە فلانەکەس با لەگەڵی بنویٚ و منداڵی ببیٚ، باشە بۆ پیٚت ناخۆش بوو؟ ئەی باشە ئیٚستا بۆ پیٚت ناخۆشە لەگەڵی نەنوستووە؟"

باوکی بووك خۆی بەسەر لاقی بالوولدا کیٚشا و گوتی:

ـ دەستم بەداویٚنت، لەبەر چاوی دەروجیران حەیام چوو، کوڕە گووم خوارد، بە قوربانت دەبم ئەو هەتیوە ئاقڵ بکە بەشکم بچیٚ و ببیٚتە زاوا.

ئیتر بالوول قەبووڵی کرد و بە زاوای گوت:

ـ جا ئیٚستا برۆ بیگەوزیٚنە هەتیو[1].

## ٨ـ بالوول و هەقدەستی حەمامچییەکە:

رۆژیٚکیان بالوولی ژیر، چووە حەمامیٚ، کە وەژوور کەوت، حەمامچییەکان بەگویٚرە پیٚویست بەپیٚشوازییەوە نەهاتن، زۆریشیان بیٚ حورمەتی پیٚ کرد، چونکە پیٚیان وابوو هەژارە و پارەی نییە و دەستخۆشانەیان ناداتیٚ.

بالوول دوای حەمامەکەی، هات و جلوبەرگەکەی لەبەر کردەوە و ١٠٠٠ دیناری کە ئەو کات پارەیەکی زۆر بوو، دا بە حەمامچی و کریٚکارەکانی. هەر هەموو سەریان سووڕ ما و تەریق بوونەوە و پەژیوان بوونەوە لەوەی ڕیٚزی بالوولیان نەگرتووە. هەرچۆنیٚك بیٚ حەوتووەك دواتر بالوول هاتەوە حەمام، ئەم جارە هەرچی کریٚکار و حەمامچییە بەپیٚشوازییەوە چوون و هەرکامەیان بە نۆرەی خۆی، خزمەتیٚکیان کرد. نیٚو حەمامەکەیان جوان و زەریف بۆ خاویٚن کردەوە و لفکەیان لە پشتی دا و دوای شوشتنیشی شەربەتی هەناریان دایە و خاولی و پەشتەماڵی وشك و شەقڵ نەشکاویان بۆ هیٚنا و جوان جوان وشکیان کردەوە. دوایيش حەمامچییەکە ئەمری کرد چا و نیٚرگەلەیان بۆ هیٚنا.

ئەمجارەیان چاوەڕوان بوون بالوول زۆر زۆر لەوەی پیٚشتریان بداتیٚ. بالوول دوای ئەوەی پیٚلاوەکانی کردە پیٚی، دەستی لە گیرفانی نا و دیناریٚکی لەپیٚش دانان و سەری خۆی بەرداوە و ڕۆیشتە دەریٚ، حەمامچی و کریٚکارەکانی سەریان سووڕ ما، بۆیە حەمامچییەکە بە ڕووقایمییەوە بە بالوولی گوت:

---

١ بەفرانباری ١٣٥١ ـ مراد عەبدولی، چلونۆسالان

- ئەریٚ باشە بۆچی جاریٚ دی ئەو هەمووە پارەیەت داینیٚ و ئەمجارەیان وا کەمت دانا؟
بالوول بەدەم ڕۆیشتنەوە گوتی:
- جاری پیٚشوو هەقدەستی ئەمڕۆم پیٚ دان و ئەمڕۆش هەقی ئەویٚ ڕۆژیٚم دانیٚ. بۆ ئەوەی فیٚر بن[1].

## ٩. بالووڵ و کابرای قەرزدار

دەگیٚڕنەوە کابرایەك بڕە پارەیەکی لای برادەریٚکی خۆی بوو و برادەرەکەی نەیدەداوە و هەر ڕۆژیٚکی بۆی دەچوو، دەیگوت:
- بەیانی وەرە بتدەمیٚ.
گوتبووی، سبەینیٚ دەتدەمیٚ و ئەو سبەینیٚیەش هەر نەدەهات، هەر ڕۆژیٚك بەسەردا دەهات، سبەینیٚیەکی بەدوودا بوو، قەرزدارەکە ماندوو بوو و ڕۆیشت و تەگبیری بە بالوول کرد و بالوول پیٚی گوت:
- لیٚی گەڕیٚ با بچیٚتە سەفەر، دوایی بچۆ لای منداڵەکانی و ئەوان چیبیان گوت، تۆ پیٚی قایل بە.
کابرا قەبووڵی کرد و چاوەڕوان ما، هەتا ڕۆژیٚك قەرزبارەکە چووە سەفەریٚ. کابرای خاوەن قەرزیش، هەلی بە دەرفەت زانی و چووە لای یەکیٚك لە کوڕەکانی قەرزبارەکە و داوای قەرزەکەی کردەوە، کوڕی قەرزبارەکە خەریك بوو داریٚکی دەچەقاند، ویستی زیرەکی بکا. دسبەجیٚ بە کابرای خاوەن قەرزی گوت:
- دەبیٚ ڕاوەستی تا ئەم دارانە پیٚ دەگەن و بەر دەگرن، جا ئیٚمە دەیانفرۆشین و پارەی تۆی لیٚ دەدەین.
کابرای خاوەن قەرز ناچار گوتی، باشە:
- زۆر باشە بنووسە، بەو مەرجەی ڕۆژیٚکی دیکەی لە دوو نەبیٚ و ئەمڕۆ و سبەینیٚی نەبیٚ.
کوڕی قەرزبارەکە قەبووڵی کرد و لەسەر کاغەز بۆی نووسی و ئیمزای کرد و دایە قەرزدارەکە.

---

١ ڕەشەمەی ١٣٥٢ . ئەکرەمی فەتحی پوور ... فەسا

ماوەیەك بەسەر چوو، هەتا قەزربارەکە لە سەفەرەکەی گەڕاوە. کوڕە هەر باوکی گەیشتەوە، گوتی:

ـ باوکە، ئەو کابرایەی هەموو ڕۆژێ دەهاتە ماڵمان و داوای قەرزەکەی دەکردەوە، لە کۆڵ خۆمانم کردەوە.

باوکی پرسیی: چۆن؟

کوڕەکەی گوتی: بۆم نووسی، هەر کات ئەم دارانە بەریان گرت، میوەکانی دەفرۆشین و پارەی تۆی لێ دەدەین.

باوکی گوتی: هەتیوە کەرە، من بۆم نووسیبوو سبەینێ بۆی وەرەوە دەتدەمێ، هەموو ڕۆژێش سبەینێیەکی لەپێشە، بەڵام ئەو دارانە دوای چەند ساڵێکی دیکە بەر دەگرن و دەبێ پارەکەی بدەمێ، بەڵام ئەو سبەینێیەی من بۆیم نووسیبوو، هەتا قیامەت نەدەگەیشت.

ئاخرییەکەی، کە دارەکان بەریان گرت، کابرا بەپێی نووسراوەی کوڕە هاتەوە بۆ قەرزەکەی و پارەی خۆی وەرگرتەوە و دوعای بەخێری بۆ بالوول کرد[١].

## ١٠ـ بالوول و سوودی ڕاستبێژی

دەگێڕنەوەن بالوولی ئامۆزای هاڕوونەڕەشید و یەکێك بوو لە شاگرد و موریدەکانی ئیمام جەعفەری سادق. لەگەڵ ئەوەدا کە هاڕوون بە خوێنی سەری ئیمام جەعفەری سادق تینوو بوو، بە پێچەوانەوە بالوول قەت پشتی ئیمامی بەر نەدەدا.

ڕۆژێکیان کە پیاوەکانی خەلیفە دەچوون ئیمام جەعفەری سادق بگرن و بیکوژن، بە ڕێکەوت بالوول پێی زانین و بە پەلە خۆی گەیاندە ماڵی ئیمام و پێی گوت:

ـ قوربان، نەوەی ڕەسووڵەڵا، ئەوە بۆچی دانیشتووی؟ پیاوەکانی هاڕوون بەڕێوەن و دێن ئەزییەتت بدەن.

دوای ئەو قسەیە، دەسبەجێ سەبەتەیەکی گەورەی لە گۆشەیەکی ماڵەوە دۆزییەوە و عەرزی کرد، گوتی:

ـ گەورەم، وەرە لەو سەوەتەیەدا دانیشە.

---

١ ـ عەلی ئەکبەری بازوبەندی، تەمەن بیست و شەش ساڵ. فیتەر، لە زمانی کەربەلا مەلا حوسێن بازوبەندی.

حەزرەت بە قسەی کرد و لەوێدا دانیشت و بالوولی سەوەتەکەی هەڵگرت و لەسەر سەری خۆی دانا و لە ماڵێ چووە دەرێ و چەند هەنگاو لەولاترەوە تووشی پیاوەکانی هاڕوون هات. یەکێکیان لێی پرسی:

ـ ئەوە لە کوێ بووی؟

بالوول گوتی: لە خزمەتی ئیمام جەعفەری سادقدا بووم.

ـ ئەی دەزانی ئێستا لە کوێیە؟

بالوول گوتی: بەڵێ، ئەوەتا لەو سەوەتەیەدایە وا لەسەر سەرمە.

پیاوەکانی خەلیفە دایانە قاقای پێکەنین و گوتیان:

ـ ئەگەر ئێمە لەتۆ شێتتر نەبین، بۆ ڕادەوەستین و گوێ لە قسەی تۆ دەگرین. ئیتر بەبێ ئەوەی سەیری سەوەتەکەی بکەن، خێرا لێیان دا و ڕۆیشتن. بالوولیش بەپەلە لەوێ ڕۆیشت. کە شوێنێکی گونجاوی بۆ ئیمام دۆزییەوە، سەوەتەکەی دانا، سەیری کرد ئیمام ڕەنگی بە ڕووەوە نەماوە. عەرزی کرد:

ـ قوربان خێرە؟

حەزرەت فەرمووی:

ـ کوڕە ماڵ ئاوەدان، ئەوە بۆ گوتت ئەوەتا لەم سەوەتەیەدایە؟

بالوول عەرزی کرد:

ـ لە دەورت گەڕێم، زۆر جاران لە زمانی خۆتم بیستووە کە ڕاستگوتن زیانی نییە، ئەمڕۆش بۆم دەرکەوت.

بەو جۆرە ئیمام هەتا ماوەیەك لە بەڵای پیاوانی خەلیفە دوور بوو[1].

### ١١ـ بالوول و هاڕوون و پردەکەی سیرات

ڕۆژێکیان هاڕوونەڕەشیدی خەلیفەی عەباسی بە کاولاشێکدا تێدەپەڕی، سەیری کرد بالوول ئەوە لەوێ دانیشتووە و چەند بەردێکی لەسەر یەك کەڵەکە کردووە و ئاسنێکی بەسەردا ڕایەڵ کردوون و ئاگرێکیشی لەبن ئاسنەکە کردووەتەوە و سوور بووەتەوە.

هاڕوون لە بالوولی پرسی:

---

١ ـ سەرماوەزی ١٣٥٦ـ ـ مراد عەبدولی، پەنجاوچوار ساڵان، خوڕەم ئابادی لوڕستان

ـ دەی، ئەوەیان چییە؟

بالوول گوتی:

ـ ئەوە پردی سیراتە، هەرکەس بەسەر ئەمەدا بپەڕێتەوە، دیارە دەتوانێ لە سیراتیش بپەڕێتەوە.

هاڕوون گوتی:

ـ جا دایکی درۆت نەگاوە، خۆت پێیدا بپەڕەوە.

بالوول دەسبەجێ پێڵاوەکانی داکەند و عەباکەشی لەبن هەنگڵی نا و گۆچانەکەی بەدەستەوە گرت و پێی نایە سەر ئاسنەکە و گوتی:

ـ ئەی هاڕوون، خۆم و گۆچان و پێڵاوەکانم.

تا ئەو سێ قسەیەی کرد، پەڕییەوە ئەوبەری ئاسنەکە.

هاڕوون گوتی:

ـ یانی ئەگەر منیش بپەڕمەوە، دەتوانم لە سیراتیش بپەڕمەوە؟

ـ بالوول گوتی: بەڵێ.

هاڕوون دەسبەجێ پێڵاوی داکەند و لەبن باڵی نا و پێی نایە سەر ئاسنە سوورەوەبووەکە و ویستی پێیەکەی دیکەی دابنێ و بپەڕێتەوە، بالوول دەسبەجێ دەستی گرت و گوتی:

ـ ڕاوەستە بالوول، لە بنێڕا چیت هەیە و نییە ناوی هەمووان بێنە.

هاڕوون گوتی:

ـ هەتیو لاقم سووتا.

بالوول گوتی:

ـ وەڵام بدەوە، بۆ پەڕینەوە لە سیرات هەروا سووك و سانایە؟ ئەوەی بەسەرت هاتووە و لە دنیا چیت کردووە دەبێ هەمووی بڵێی.

هەرچۆنێك بێ، بالوول ئەوەندەی هاڕوون ڕاگرت، هەتا بنی پێی هاڕوون سووتا. هاڕوون تاقەتی نەما و خۆی فڕێ دا خوارێ و هەزار جنێویشی بە بالوول دا.

بالوول کە ئەوەی دیت گوتی:

ـ خۆڵت بەملی، ئەی لەودنیا چ دەکەی[1]؟

---

١ ـ محەمەد باقری سادقی، ئەلیگودەرزی لوڕستان.

## بەجۆرێکی دیکەش

بالوول و خەرقە و نانی جۆ و سرکە
"سوکباری و سەربەستی"
"هارۆونەڕەشید لە بالوولی پرسی، لەو دنیا چۆنمان لێ دەپرسنەوە؟
بالوول گوتی: سێڵی نانکردنەکە سوور بکەنەوە و بە هارۆونیشی گوت:
بە پێخاوسی بەسەریدا بڕۆ و دارایی و سامانەکەت بژمێرە.

هارۆون هەر پێی کرا بڵێ، تەختم هەیە و وڵاتم هەیە و حەرەمسەرام هەیە و پادشام و خەزێنەم هەیە، لەوە پتری پێ نەگوترا و هاتە خوارێ، نۆرەی بالوول هات و چووە سەر سێڵەکە و گوتی: بالوول و پەڵاس(خەرقە) و نانی جۆ و سرکە، ئیتر بەوبەریدا خۆی فڕێ دا و بە هارۆونی گوت:
"لێپرسینەوەی قیامەتێ بەو جۆرەیە."

## ١٢ـ دانیشتنی بالوول لەسەر تەختەکەی هارۆون

دەگێڕنەوە ڕۆژێکیان کەڕەی بەیانی، بالوول وەدەر کەوت و چووە بارەگاکەی هارۆون و لەسەر تەختەکەی دانیشت. فەڕاشی دەربار بە دار و تێلا تێی بەربوون و پێیان گوت:

ـ وەرە خوارێ بێ شەرم، ئەوە جێی خەلیفەیە.
ـ کێ ڕێی داوی لەوێ دانیشی؟
ـ ئەو گووە لە دەمت زیادە، دەڵێی لە گیانی خۆت بێزاری.

بالوول دوای تێهەڵدرانێکی زۆر، لە تەختەکەی هارۆون هاتە خوارێ و چوو لەبەر دەرگای حەوشە دانیشت و ئەژنۆی لە باوەش گرت و دەستی کردە گریان. هارۆون لەو دەمەدا دەهاتە بارگاکەی خۆی. بالوولی دیت ئەوە زۆڕەزۆڕ دەگری. پرسیاری کرد. فەڕاشی دەربار باسی دانیشتنەکەی ئەویان لەسەر تەختی هارۆون گێڕاوە. هارۆون بە بالوولی گوت:

ـ بالوول گیان، براکەم، قەیناکا دەی، مەگری.

بالوول سەری هەڵێنا و گوتی:

ـ کوڕە ماڵوێران، من بۆ خۆم ناگریم، بۆ تۆ دەگریەم.

هارۆون بەسەرسامی لێی پرسی:

ـ باشە بۆچی بۆ من؟

بالوول گوتی:
ـ من هەروا چەند ساتێك لەسەر تەختەكەی تۆ دانیشتم ئەوەندەیان تێهەڵدام، خوا بە هاناتەوە بێ، تۆ کە جێی مووسای کوڕی جەعفەرت داگیر کردووە و لەجێی ئەو دانیشتووی، بڵێی چەندەت تێهەڵدەن[1]؟

## ١٣ـ ژنهێنانی بالوول

دەگێڕنەوە بالوولی ئامۆزای هاڕوونەڕەشید و یەکێك لە شاگردە زۆر باشەکانی مەدرەسەی ئیمام جەعفەری سادق بوو. کە ئیمام لەسەرەمەرگدا بوو، داوای بالوول و چەند قوتابییەکی دیکەی کرد و بۆ هەر کامەیان پیتێکی لەسەر کاغەز نووسی و پێی دان. بالوول سەیری کرد ئەوا حەزرەت پیتی "ج"ی بۆ وی نووسیوە واتە "جنوون" و شێتی. بۆیە خۆی شێت کرد و لەبەر چاوی خەڵکیش خۆی شێت دەکرد و کاری شێتانەی دەکرد و هەرچی خەلیفە هاڕوون هەوڵی دەدا واز لەو شێتییەی بێنێ، هەر بە قسەی نەدەکرد.
هەتا ڕۆژێك:
ڕۆژێکیان وەزیرەکەی هاڕوونەڕەشید بە خەلیفەی گوت، ژن بۆ بالوول بێنێ، بەشکم دەست لەو خۆشێتکردنەی هەڵگرێ. خەلیفەش بە قسەی کرد و کچی بنەماڵەیەکی بەناوبانگی بۆ خواست. حەوت شەو و ڕۆژان کردیانە شایی و لۆغان و دوای تەواوبوونی شاییەکە، دەستی بووکیان خستە دەستی بالوولەوە و ناردییانە پەردوو.
بالوول چوو لە قوژبنێك کروشمەی کرد. بووکێ ماوەیەك ڕاوەستا و سەیری کرد بالوول هەر نابزوێ. ئاخرییەکەی چووە پێشەوە و لێی پرسی، ئەوە بۆ وای؟ بۆچی نایە لام و مات بووی؟
بالوول کە دیتی بووکێ دەستی لێ هەڵناگرێ و یەکپشوو پرسیاری لێ دەکا، هەستا و لێی چووە پێشێ و گوێی بە سکی بووکەوە نا و گوتی:
ـ وەی باوکەڕۆ، وەی باوکە وەی.
ئەمجارە وەك بزووت دەرپەڕییە دەرێ. بووکێ تا بەیانی بەتەنێ دانیشت. بەیانی زوو مەسەلەکەیان بۆ هاڕوون گێڕاوە. هاڕوون ئەمری کرد، بالوول لە هەر کوێیەك بێ بیدۆزنەوە و

---

١ـ عەباسی نیکو ڕەنگ. چل ساڵان. خەیات. لوڕستان

بیهێنن. بالوولیان دۆزییەوە و هێنایانە خزمەتی هارۆون. خەلیفە گوتی: بۆچی ڕات کردووە؟ بالوول لە وەڵامدا گوتی:

ـ جەنابی خەلیفە، من هەر دەستیشم وەژنەکەم نەکەوتووە، بەس گوێم لە زگی ڕاگرتووە و هیچی دی.

هارۆون بە سەرسووڕمانەوە پرسی:

ـ جا بۆچی وات کرد؟ چیت بیست؟

بالوول گوتی:

ـ گوێم لێ بوو یەکێ دەیگوت، باوکە پێڵاوم نییە، یەکی دیکە دەیگوت، کڵاوم نییە، سێیەمیان دەیگوت، عەبام دەوێ. هەر بەراستی زەندەقم لەو هات و هەرایە چوو، بۆیە ڕام کرد[١].

---

١ ـ مراد عەبدولی، پەنجاوچوارساڵان، مەلایر

**جۆرێکی دیکەش:**

بەڕێز عەباسی نیکورەنگ لە ئەلشتەرەوە کۆتایی ئەو هەقایەتەی سەرەوەی ئاوا نووسیوەتەوە:

بالوول کە گەیشتە خزمەتی خەلیفە گوتی:

ـ جا تۆخوا ئەوە ژنە یان شاری فەرەنگە؟ چوومە لای و گوێم هەڵخست. سەیرم کرد هات و هەرایەکە هەر مەپرسە. یەکێ دەڵێ باوکە نان، یەکێ دەڵێ باوکە پارە، یەکی دیکە دەڵێ مێردم دەوێ، یەك دەڵێ ژنم دەوێ، زەنازەنایەکە سەگ خاوەنی خۆی ناناسێتەوە. من تاقەتی ئەم شاری فەرەنگەم نییە. من ژنم ناوێ.

*. دەڵێن لە بالوولیان پرسی، خەڵکی کوێی؟ گوتی وەڵا نازانم، چونکە هێشتا ژنم نەهێناوە.

*. بەجۆرێکی دیکەش (شیوەی سێیەم)

یەکێك لەو دراوسێ خۆشمەشرەب و کتێبخوێنانەی ئێستا لە چاوەیەکی ئەو ئاپارتمانەدا دەژی کە منی تێدا دەژیم، دەڵێ لە کتێبێکدا مەسەلەی ژنخواستنەکەی بالوولم ئاوا خوێندووەتەوە، جا ناوی کتێبەکەشی لەبیر نییە:

"بالوولی خزمی هارروونەرەشید کە دەشڵێن دایك برای بووە، هەر بۆیە هاموشۆی هارروونی کردووە. دەگێڕنەوە هەر بە ڕەبەنی ژیاوە و ژنی نەهێناوە و هەر جارێکیش خزم و کەس هانیان داوە ژن بێنێ، بە بیانووی جۆراوجۆر خۆی لێ دزیوەتەوە و ملی ڕانەکێشاوە. هەتا ڕۆژێکیان خوشکێکی بالوول کە پێی وابوو ئەگەر بالوول ژن بێنێ واز لەو سەرشێتییەی دێنێ و ماڵ و حاڵێکی دەبێ، چووە لای هارروون و پێی گوت تۆ ژنی بۆ بخوازە.

جا لەبەر ئەوەی هەموو خەڵکی دەربار و بەتایبەتی خەلیفەش زۆریان پێ خۆش بوو بالوول ژن بێنێ و بەلای ئەوانەوە ژنهێنانی بالوول ڕابواردنێکیش بوو، بۆیە هارروون ئەمری کرد و دەسبەجێ ئەمرەکەی هارروونیان بە بالوول ڕاگەیاند.

بالوول زانیی هیچ بڕوبیانوویەکی نییە بۆ ئەوەی بێ ئەمریی خەلیفە بکا و ئیتر بە کلك پێوە ببوو و لێشی سوور بوو ئەگەر مل بادا، خەلیفەیەکی زاڵمی وەك هارروون بێ ئەملاوئەولا سزای دەدا. هەربۆیە زۆر بە ترسەوە خۆی گەیاندە خوشکەکەی و گلەیی لێ کرد کە ئەوەت بۆ کردووە و ئێستا چار چییە، خوشکەکەی بە بالوولی گوت:

ـ هیچ ڕێگەیەك نییە، دەبێ ژن بێنی و تەواو.

دەسبەجێ ڕێوڕەسمی زەماوەندەکەیان بۆ ساز کرد و شەوی زاوایەتی هات و دەستی بووکێیان لە دەستی بالوول نا و ناردیاننە پەردوو.

لە نەکاو دیتیان ئەوە بالوول وەك مێژۆکە دەلەرزێ و ئەوەندەی تین لەدەستیدا نییە دەستی بووکێ بگرێ. هەرچۆنێك بێ ناردیاننە ژوورێ و پەردەیان داداوە و دەرگایان داخست.

بەپێی دابونەریتی ئەودەم، دوو بەربووك کە یەکێیان ڕاسپاردەی خەلیفە بوو، لە پشت دەرگایە ڕاوەستان بۆ ئەوەی شایەت بن کە بووك و زاوا پێکەوە نوستوون. ڕاسپاردەکەی خەلیفە ڕاسپێردرابوو هەر شتێك قەوما بۆ خەلیفەی بگێڕێتەوە.

هەردووکیان هەستوخوستیان لەخۆیان بڕی و گوێیان هەڵخست و چاویان بڕییە نێو پەردووی بووك و زاوا بۆ ئەوەی بزانن چ دەقەومێ، هەردووکیان گوێیان لە سرتوخرتێك بوو، بەڵام نەیاندەزانی چ باسە.

لە پڕ دیتیان بالوول بە هاوارهاوار و بەبێ مێزەر و کڵاو و بە پێخاوسی و ڕووت و قووت وەك گایەکی لەبن چەقۆی قەساب دەرپەڕیبێ، ئاوا دەرپەڕییە دەرەوە و ڕای کرد.

هەردووکیان بەسەرسووڕمانەوە چوونە ژوورێ و لە بووکێیان پرسی چ باسە؟ بووکە گوتی: بالوول دوای ئەوەی خۆی ڕووت کردەوە، لە ژوور سەرم دانیشت و چاوی لە چاوم بڕی و لە بن لێوەوە شتێکی گوت و لێم دوور کەوتەوە و دیسان هاتەوە لام. زۆر ترسام و سێیەم جار کە هاتەوە گوێی بە زگمەوە نا، دەتگوت دەیەوێ شتێك ببیستێ، ئیتر نازانم چ قەوما لە پڕێکا دەرپەڕی و بە هاوارکردن غاری دا و ڕۆیشت.

راسپاردەکەی خەلیفە مەسەلەکەی بۆ خەلیفە گێڕاوە. هاڕوون کە زۆری پێ خۆش بوو بزانێ بالوول بۆ وای کردووە، ئەمری کرد وڵات سەنگ و سووژن بدەن و بیدۆزنەوە و بیهێننەوە لای.

ئەمری خەلیفە جێبەجێ کرا و بالوولیان لە شوێنێکی دوور دۆزییەوە و بە ڕێز و حورمەتەوە هێنایانەوە لای خەلیفە.

خەلیفە لێی خۆش بوو و داوای لێ کرد ڕاستییەکەی پێ بڵێ، بالوول کە سێ شەو و ڕۆژ بوو دەمی لەهیچ نەدابوو و تینی قسەکردنی تێدا نەمابوو، داوای ئاو و نانێکی کرد.

بە ئەمری خەلیفە نان و ئاویان بۆ هێنا. کە خواردی گوتی:

ـ كە دەستی بووكیان لە دەستم نا، وەمزانی ئەوە مەسرووری میرغەزەبی خەلیفە سەرمی خستووەتە سەر چەرمینەی ملپەڕاندن، هەر وەمزانی ئەوە مێشێكم و كەوتوومەتە نێو داوی جاڵجاڵۆكەوە، لەو كاتەدا زگی ژنەكەشمم وەك هێلانەی باڵندەیەك هاتە بەرچاو، كە كۆمەڵێك جووچكە سەریان لێ وەدەرناوە و گوێم لە دەنگیان ڕاگرت. یەكێكیان لە برسان دەگریا و یەك نەخۆش بوو و دەیناڵاند و یەكێ جلوبەرگی شڕ بوون و دەنووزاوە و ئەویتر پێڵاوی دەویست و یەكێ جنێوی دەدامێ كە بۆچی ژنت هێنا و منت بوو، ئیتر خۆم لەبەر ئەو هەرا و زەنازەنایە ڕانەگرت و ڕام كرد. ئێستاش ئەوە ئامادەم لە هەنتەشی خەلیفەدا و لەسەر پەڵاسی چەرمین بكەومە سەر چۆكان و مەسرووری میرغەزەب لەسەرم بدا، بەڵام نیری كۆیلەتیی ژن و منداڵ نەكەمە ملم.

خەلیفە لێی خۆش بوو و بەرەڵای كرد. بالوولی زانا ئیتر بەو فێڵە توانیی جارێكی دیكەش ئەمری خەلیفە جێبەجێ نەكا.

## ١٤. بالوول و خرمەی گوێز

خەڵكی حوسێن ئابادی نازمی مەلایر، پەندێكیان هەیە بەناوی "چەق چەقی گوێز" یان خرەی گوێز، كە تا ڕادەیەك ڕەسەن و خۆماڵییە و هەر كات یەكێك داوای یارمەتی لە هەژارێك دەكا و هەژارەكە شتێكی دەداتێ، كابرای سواڵكەر دوعایەك بۆ هەژارەكە ناكا، ئەگەر لێی دەپرسن بۆچی دوعات بۆ نەكرد، دەڵێ، كوڕە ئەو خۆی لەو سەرەوە گوێی لە خرمەی گوێزان دەبێ.

"شەوێكی جومعە بالوول بۆ فاتیحایەك چووە گۆڕستان. لەوێ كابرایەك كە بالوولی دەناسی، چەند گوێزێكی بە خێر دایێ كە فاتیحایەكی بۆ دابدا، بالوول بەبێ ئەوەی فاتیحا بۆ مردووی خێرومەندەكە دابدا، دانیشت و یەك یەك گوێزەكانی شكاند و كاكڵەكەی خواردن و توێكڵەكەی فڕێ دان. كابرا پەشیمان بۆوە كە بۆچی ئەو خێرەی كردووە، بە دەنگی بەرز گوتی:

ـ كوڕە وەڵاهی من لە تۆ شێتترم.

بالوول پرسیی: بۆ؟

گوتی:

ـ من ئەو گوێزانەم بە خێر دا بە تۆ و ئەتۆش نە فاتیحایەكت بۆ خوێند و نە گوتت خوا عافوویان بكا.

بالوول دەستی كرد بە پێكەنین و گوتی:

ـ قسەكەی یەكەمت ڕاست بوو. تۆ شێتی نەك من.

ئەوجار گوتی:
ـ باشە پیاوی چاك، تۆ دەڵێی ئەو گوێزانەت بە خێر دا بە من. منیش شكاندمن و خواردمن. چما تۆ ئەوەندە كەری نازانی ئەو خودایەی لەو سەرەیە خۆی گوێی لە خرمەی گوێزەكانە* ؟

## ١٥. تاڵەموویەكی بالوول

دەڵێن ڕۆژێكیان بالوول هەندێ پارەی پێویست بوو، بەڵام هەرچی گەڕا بۆی پەیدا نەبوو. هەتا پێیان گوت:

لە نێو سەڕافەكانی بازاڕدا یەكێك هەیە قەرز دەدا.

بالوول ڕاست چووە لای و گوتی:

ـ پێویستم بە چەند دینارێكە.

سەڕافەكە گوتی:

ـ چیت هەیە بۆ بارمتە داینێی؟

بالوول گوتی: هیچ.

سەڕافەكە گوتی: ئەگەر تاڵێكی مووی ڕدێنت بەجێ بێڵی، دەتدەمێ.

بالوول شانەیەكی لە گیرفانی دەرهێنا و ڕدێنی داهێنا. بەو داهێنانە موویەك بە شانەكەیەوە هات. بالوول لێی كردەوە و ماچی كرد و لە كاغەزێكەوەی پێچا و دای بە سەرافەكە.

سەڕافەكە لێی وەرگرت و دە دیناری دایە بالوول. یەكێك لە هاوڕێكانی بالوول كە سەیری كرد بالوول پارەی هەیە، گوتی:

ـ باشە خۆ تۆ پارەت نەبوو، ئەوە لەكوێت هێنا؟

بالوول گوتی، لە فلانە سەڕافم وەرگرت.

پرسیی: ئەی چیت بە بارمتە دانا؟

گوتی: تاڵە موویەك.

ئاشناكەی بالوول دەسبەجێ چووە لای سەڕافەكە و گوتی:

ـ مام حاجی بیست دینارێكم پێویستە.

---

* جۆزەردانی ١٣٥٥

سەڕافەکە پرسیی: چیت هەیە بۆ بارمتە؟
کابرا گوتی: لە ڕدێنم زیاتر هیچ.

سەڕافەکە گوتی، باشە و دەستی برد و لوێچیێ لە ڕدێنیێ هەڵکەند و دایە سەڕافەکە و سەڕاف سەیرێکی کرد و گوتی:

ـ کاکە من پارەم نییە بتدەمیێ.

کابرا گوتی: ئەی بۆ دات بە بالوول؟

سەڕاف گوتی: بالوول شانەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و لەسەرخۆ ڕدێنی داهێنا و تاڵەموویەك بە شانەکەیەوە هات و ماچی کرد و لە کاغەزێکی وەپێچا و دای بە من، بەڵام براڵە، تۆ قولێکت لە ڕدێنت هەڵکەند، جا تۆ بەزەییت بە ڕدێنی خۆتدا نەیە، ئەی چۆن بەزەییت بە پووڵەکەی مندا دێتەوە؟ بڕۆ خودا ڕسقت بدا برا[1].

## هەر ئەو هەقایەتە لە کتێبی پەندوقسەی نەستەقدا

ئەم هەقایەتە لە لاپەڕەی ٢٣ی بەرگی دووەمی پەند و قسەی نەستەقدا بە ناوی "ئەو تاڵە مووە جیاوازە لەو قولە مووە"، هاتووە بەڵام ناوی بالوولی نەهێناوە. دانەرەکەش ئەو پەندەی ئاوا لێك داوەتەوە:

ئەگەر یەکێك بیەوێ پارە لە یەکێکی دی قەرز بکا و شتێك بە بارمتە دابنێ و بەڵێن بدا زۆر لەوە زیاتر دەداتەوە بە کابرا، بەڵام درۆش بکا، ئەو پەندەی بۆ دێننەوە.

## ١٦. بالوول و تیری ڕێك و ڕاست

دەڵێن، ڕۆژێکیان خەلیفە هاڕوونەڕەشید کە دەشڵێن برای بالوول بووە، ئەمری کرد کۆشکێکی تایبەتی بۆ دروست بکەن. جا ئەمری خەلیفە هەر شتێك بێ، دەبێ بە گیان و دڵ جێبەجێ بکرێ. یەکدابەدوو کرێکار و بەننایان لێ خڕ کردەوە و کەرەستەیان ئامادە کرد و دیواریان هەڵچنی تا گەیشتنە تاق و نیم تاق.

١ ڕێبەندانی ١٣٥٦ـ عەباسی نیکورەنگ. چلویەك سالان. لوڕستان.

جا ئەو دەم وا باو بوو، داروپەردوویان بەسەر کاریتەدا ڕایەڵ دەکرد و حەسیریان لەسەر ڕادەخست و گڵەبانیان دەکرد و سواخیان دەدا. بۆ ئاڵوودار و پەردووی سەربانەکە ئەمریان کرد لە هەر شار و مەڵبەندێك چیی ئاڵووداری ڕاست و بێ گرێیە بیهێننە بەغدا بۆ کۆشکەکەی خەلیفە.

دیارە پارەیەکی باشیشیان دەدا، ماوەیەك ڕابرد و خەڵکی مەڵبەند و ناوچە و شوێنان کەوتنە جموجۆڵ کە چیی داری ڕاست و بێ گرێن بیاندۆزنەوە و بیانبەنە بەغدایە بۆ فرۆشتنێ.

زۆری نەبرد هەواڵیان هات کە ئاڵووداری بێ گرێی شار و وڵاتان گەیشتوونەتە نزیك بەغدا، خەڵکێك لەبەردەم دەروازە گەورەکەی شار کۆ بوونەوە و چاوەڕێ بوون ئاڵوودارەکان ببینن و ئاخرییەکەی پاش ماوەیەك دار گەیشتن، بە ڕێکەوت خەلیفە و بالوولیش لە نێو خەڵکەکەدا بوون.

لەو زەنازەنایەدا لە ناکاو بالوول لە خەڵکەکە جوێ بووەوە و بەرەو ئاڵوودارەکان ڕۆیشت، خەڵکەکە بالوولیان دیت کە چووە پێشێ و سەری بردە بن ئاڵووداریك و شتێکی گوت و ماڵاوایی لێ کرد و بەجێی هێشت و هاتەوە نێو خەڵکەکە.

هاڕوونەڕەشید بە پێکەنینەوە پرسیی، ئەوە بالوولە شێتە چیت بەو دارانە گوت؟ دا بیگێڕەوە بزانم؟

بالوول لەسەرخۆ گوتی:

ـ لە ئاڵوودارەکانم پرسی، چما ئێوە چین و کێن و لەکوێوە هاتوون کە خەلیفەی بەغدا و ئەو هەمووە خەڵکە هاتوونەتە پێشوازتان؟

هاڕوون پرسیی:

ـ ئەی دارەکان چییان گوت؟

بالوول گوتی: دارەکان گوتیان لەبەر ئەوەی ئێمە ڕاست و بێگرێین، هەر بۆیە خەڵك ڕێزمان دەگرن[١].

***

دەڵێن بالوول بە شاراندا دەگەڕا و ویستبای لە هەر جێیەك بگیرسێتەوە، لە پێشدا خەڵکەکەی تاقی دەکردەوە و ئەگەر خەڵکەکە ساویلکە بووایەن، لەوێ دەماوە و ئەگەر خەڵکی شارەکە لەو زیرەکتر بووایەن، زۆر زوو باروبنەی خۆی دەپێچاوە و دەچووە شارێکی دی.

---

١ ـ ڕەشەمەی ١٣٥٦. عەلی ئەسغەر یوسفی گومروکچی. بیستودووساڵە لە قەزوین ـ ١٧. بالوول و تاقیکردنەوەی خەڵکی شاران

بالوول لە گەڕانەکەی خۆیدا گەیشتە هەمەدان و بۆ تاقیکردنەوەی خەڵکی شارەکە، لە دەوری خۆی کۆی کردنەوە و گوتی:

ـ کەس هەیە بتوانێ وەڵامی پرسیاری من بداتەوە؟

گوتیان: چ پرسیارت هەیە، بیکە.

بالوول گوتی: من کەڵەشێرێك و گوێدرێژێك و داروێك (یەك شایی)ـم پێیە، بەو پارەیە چ شتێك بکڕم هەم خۆم و هەم کەرەکەم و کەڵەشێرەکەشم تێر بخۆین؟

هێشتا قسەی تەواو نەکردبوو، منداڵۆچکەیەك هاتە بەرەوەو گوتی:

ـ کاڵەك بکڕە، خۆت ناوەکەی بخۆ و توێکڵەکەی بدە بە کەرەکەت و تۆوەکەی بدە بە کەڵەشێرەکەت.

بالوول هەر ئەو وەڵامەی لە منداڵۆچکەیەکی هەمەدانی بیست، لەسەرخۆ باروبنەی پێچاوە و ملی ڕێیەی گرت و ڕۆیشت هەتا گەیشتە شارێکی دی، ویستی خەڵکی ئەو شارەش تاقی بکاتەوە، چووە نێو حەمام و پەشتەماڵی لەخۆی دا و چووە نێو هەسێڵە ئاوەکە، چەند کەسێك لە هەسێڵەکەدا بوون، بالوول دوای چەند ساتێك بەپەلە هاتە دەرێ و گوتی:

ـ بۆسۆی پەرۆسووتاو دێ.

لە نەکاو هەرچی لە هەسێڵەئاوەکەدا بوون دەرپەڕینە دەرێ و سەیری خۆیانیان کرد و بالوول بە پێکەنینەوە لەبەرخۆیەوە گوتی:

ـ ئێرە بۆ من باشە، ئەو خەڵکەی لە پەشتەماڵێك پتریان پێوە نییە و لە نێو ئاویشدان، چۆن باوەڕیان بەو قسەیەم کرد، دەبێ زۆر ساویلکە بن.

هەر بۆیە لەو شارە ماوە و چەند ساڵێك هەر لەو ماڵەدا کە بە تاقی بالوول بەناوبانگە ژیا[١].

### ١٨. بالوول و ئەو دەستەی لە ئاوێ هاتبووە دەرێ

لەو سەردەمەدا کە زانای ئیسلامی بالوول دەژیا، ئەو بەسەرهاتە لە گوندێکی دەم دەریا یان ڕووبار هاتە گۆڕێ، خەڵکی گوند هەموو ڕۆژێ دەچوونە دەم ئاوێ و ڕایان دەبوارد، یان ماسییان دەگرت، ڕۆژێکیان کە بەپێی خووی هەمیشەیی خۆیان دەچوونە دەم ئاوێ، سەریان سووڕما، دیتیان ئەوە دەستێك لە ئاوەکە هاتووەتە دەرێ و هەر پێنج پەنجەشی لێك کراونەوە.

---

١ عەلی ئەسغەر یوسفی گومروکچی. لە زمانی حوسێنی ئەردانیان، چلوسێ ساڵان.

سبەینێ چوونەوە و دیسان ئەو دیمەنەیان دیتەوە. خەڵکی گوندەکەش خەڵکێکی ڕەشۆك بوون و هیچیان بۆ ساغ نەبۆوە، یەکێکیان خۆی پێ نەگیرا و گوتی:

ـ ئەرێ ئێوە هەر دەڵێن بالوول زانایە، دا بڕۆن بیهێنن و لێی بپرسن بزانین ئەو دەزانێ ئەم دەستە دەڵێ چی؟

یەکێکیان نارد و بالوولی هێنایە دەم ئاوەکە. بالوول سەیرێکی دەستەکەی کرد و دەسبەجێ هەڵێنا و چەمۆڵەیەکی لە دەستەکەی نێو ئاوەکە نا.

بالوول تاوێك دواتر دەستی هێنا خوارێ و دیسان بەرزی کردەوە و لەو کاتەدا دوو پەنجەی خۆی کردەوە و ئەوانی دیکەی قووچاند. لەو دەمەدا دەستەکەی نێو ئاوێ بزر بوو و ئیتر کەس نەیدیتەوە.

خەڵکەکە سەریان سووڕما و پرسییان:

ـ ئەوە چ بوو بالوول؟ ئەو دەستە چیی دەگوت؟

بالوول گوتی: دەیگوت ئاخۆ پێنج کەس پەیدا دەبن قەڵافەت و دڵ و بیرکردنەوەیان وەك یەك بێ؟

گوتیان دەی تۆ چیت پێ گوت؟

بالوول گوتی:

ـ منیش چەمۆڵەیەکم لێ نا و جنێوم دایێ و لە وەڵامیدا دوو پەنجەمم لێك کردەوە و پەنجەکانی دیکەمم لێك نان، بەو مانایەی دوو کەسیش پەیدا نابن. تۆ دەڵێی پێنج؟

بالوول ئاوا ئەو مەسەلەیەی بۆ خەڵکەکە حەل کرد و زیاتر لە جاران ڕێزیان گرت[1].

## بەجۆرێکی دیکەش

ڕۆژێك بالوول ڕێی کەوتە دەم یەکاوی عەرەب (شەتولعەرەب)، سەیری کرد ئەوە خەڵکێکی زۆر لە دەم یەکاوەکە کۆ بوونەتەوە و سەیری شتێك دەکەن، دڕی دا بە خەڵکەکە و چووە پێشێ و پرسیی:

ـ چ قەوماوە؟

گوتیان، ئەو دەستە دەبینی وا لەو ئاوەی هاتووەتە دەرێ، هەرچی دەکەین نوقم نابێ و کە لێی دەچینە پێشێ، دەچێتە بن ئاوەکە و هەر لێی دوور دەکەوینەوە، دێتەوە سەرێ، هەرچیشی تێهەڵدەکەین، هەر وەك خۆیەتی.

---

١ پووشپەڕی ١٣٥٧ ـ میل خوداکەرەمی، هەژدەساڵان، قوتابی، تویسرکان، لە زمان حەمەعەلی کەرەمی سی ساڵە وەرزێر.

بالوول هەمووانی بێدەنگ کرد و گوتی:

ـ ئێوە نازانن ئەوە دەڵێ چی؟

گوتیان، وەڵا، جا چۆن بزانین، قەت شتی وامان نەدیتووە.

بالوول تۆزێکی دی چووە پێشێ و دوو پەنجەی دەستی بەرز کردەوە و ئەوانی دیکەی قووچاند. دەستەکە لەناکاو نوقم بوو و ئیتر نەهاتەوە دەرێ. خەڵکەکە سەریان سوورِ ما. لە بالوولیان پرسی، ئەوە چ بوو؟

بالوول گوتی:

ـ ئەم دەستە دەیگوت، ئەگەر پێنج کەس یەك بگرن، دەتوانن دنیایەك داگیر بکەن، منیش پێم گوت، ئەگەر دوو کەسیش یەك بگرن، زۆر کاران ڕادەپەڕن*.

## ١٩ـ بالوول و ژنی جۆراوجۆر

کابرایەکی بێ ژن چووە لای بالوول و گوتی:

ـ قوربان دەمەوێ ژن بێنم، جەنابت چۆنت پێ باشە؟

بالوول پرسی:

ـ ژنێکی چۆن دێنی؟

کابرا بە سەرسووڕمانەوە گوتی:

ـ چما چەند جۆرە ژن هەیە؟

بالوول گوتی:

ـ سێ جۆر ژن هەیە.

کابرا سەری سووڕما و پرسی:

ـ سێ جۆر؟

بالوول گوتی: بەڵێ، جۆرێکیان ئەوەیە مێردی کردبێ و منداڵیشی لە مێردەی پێشووی هەبێ و تەڵاقی وەرگرتبێ. یەکی دیکە ئەوەیە تەڵاقی وەرگرتووە، بەڵام منداڵی نییە. سێیەمیشیان ئافرتێکە هێشتا مێردی نەکردووە.

---

* بەفرانباری ١٣٥٥ میرمستەفا مێهرجوویی، حەفتاودووساڵان، ئیسفەهان

کابرا گوتی: دەی جا!
بالوول گوتی: جا ئەگەر ئەوەی بەمنداڵێکەوە تەڵاقی وەرگرتووە، ئیتر هیچ شتێکی هیی تۆ نییە.
کابرا گوتی: چۆن؟
بالوول گوتی: لەبەر ئەوەی نیوەی هۆش و خەیاڵی لای مێردەکەی پێشوویەتی و نیوەکەی دیکەشی لای منداڵەکانێتی.
گوتی: ئەی ژنی دووەم؟
بالوول گوتی: ئەگەر بتهەوێ ژنێکی تەڵاقدراوی بێ منداڵیش بێنی، ئەوا نیوەی هۆش و خەیاڵی لای مێردەکەی پێشوویەتی و نیوەشی لای تۆ.
کابرا پرسیی: ئەی سێیەمیان؟
بالوول گوتی: ئەگەر ئافرەتەکە بەکچی بێنی، هەموو هۆش و خەیاڵی لای تۆ دەبێ. کەواتە زانیت سێ جۆرە ئافرەت هەیە، یەکەمیان هیچ شتێکی بۆ تۆ نییە، دووەمیان نیوەی هیی تۆیە و نیوەشی هیی مێرد کۆنەکەی و سێیەمیشیان هەر هەمووی هیی خۆتە*.

## ۲۰. بالوول و بارزگارنە چاوبرسییەکە

دەڵێن بازرگانێك هەبوو زۆر بەتەماع و چاوبرسی بوو و چیی گەنم و دانەوێڵەی دەستی دەکەوت، عەمباری دەکرد و دوایی بەنرخێکی گرانتر بە خەڵکی هەژار و داماوی دەفرۆشتەوە. ڕۆژێك لە ڕۆژان بازرگانە چاوبرسییەکە لە بازاڕێ تووشی بالول بوو، جا چونکە دەیزانی بالوول کابرایەکی بەمشوورە و دوارۆژ دەبینێ، بانگی کرد و گوتی:
ـ ئەرێ بالوولە شێتە بە ڕای تۆ ساڵی دادێ، چ شتێك لە هەموو شتومەکەکانی دی گرانتر دەبێ، بۆ ئەوەی بیکرم و ئەمباری بکەم؟
بالوول پێکەنی و شێتانە گوتی:
ـ ئەگەر دەتەوێ قازانجێ بکەی، ئەمساڵ پیاز بکرە.
بازرگانەکە بەگوێی کرد و چوو هەرچی سەرمایەی هەیبوو هەمووی دا بە پیاز و لە عەمباری کرد و بە تەماعی قازانجی زیاتر لە کاتی خۆیدا نەیفرۆشتەوە. زەمانێك کە دەچێ

---

* ناسر ساغی، چل و یەکساڵە، شەهرەزا، ئیسفەهان

سەری پیازەکەی بدا، چ ببینێ، ئەوە هەمووی چەکەرەی داوە و شین بووەتەوە و هەندێکیشی ڕزیوە، ناچار هەمووی فڕێ دا و لەسەر ساجی عەلی دانیشت.

بە ڕێکەوت لەو دەمەیدا کە پیازە ڕزیوەکەی فڕێ دەدا، بالوول پەیدا بوو، کابرای بازرگان پێشی پێ گرت و گوتی:

ـ دیتت چ بەڵایەکت بەسەر هێنام؟

بالوول گوتی: بۆ چ بووە؟

بازرگانەکە گوتی: ئەی تۆ ئەوەت پێ کڕیم و ئاوات بەسەر هێنام.

بالوول گوتی: دەی پیاوی باش، بۆچی بە قسەی پیاوێکی شێتت کرد؟ تۆ گوتت بالوولە شێتە چ بکڕم، منیش گوتم پیاز بکڕە. ئەگەر گوتبات، بالوولی زانا چ بکڕم، جا پێم دەگوتی، چ بکڕی سوودی لێ دەبینی.

بازرگانەکە هەر ئەوەی بیست، خۆی بەسەر پێڵاوی بالوولدا کێشا و گوتی:

ـ کوڕە گووم خوارد بالوولی زانا، جا ئەم جارە بڵێ چ بکەم بۆ ئەوەی زەرەرەکەم قەرەبوو بێتەوە.

بالوول بەزەیی پێیدا هاتەوە و گوتی:

ـ جا ئێستا بڕۆ گەنم بکڕە.

وا ڕێ کەوت ئەو ساڵە گەنم گران بوو و بازرگانەکە قازانجێکی باشی کرد و دوعای بەخێریشی بۆ بالوول کرد[1].

---

١ خاکەلێوەی ١٣٥٥ ـ مرادی عەبدولی، ئەفسەری ئەرتەش، حوسێن ئابادی مەلایر

### بەجۆرێکی دیکە

### کڕینی ئاسن و پیاز

بەڕێز عەباسی نیکوڕەنگ (بەرگدروو) لە ئەلشتەر ئاوا باسی ئەم هەقایەتەی کردووە:

"لەبەر ئەوەی بازرگانەکە لەپێشدا بە بالوولی گوت زانا، بۆیە پێی گوت بچۆ ئاسن بکڕە و ئەویش وای کرد و قازانجی کرد، بەڵام کە دووەم جار پێی گوت شێتە، ئەویش ڕای سپارد پیاز بکڕێ و بازرگانەکەش زەرەری کرد."

### دیسان بە شێوەیەکی دیکەش

### ڕاوێژ بە بالوول شا

ڕۆژێك کابرایەك چووە لای بالوول و گوتی:

- ئەرێ بالوولی زانا چ بکەم بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بم؟

بالوول گوتی:

- بڕۆ عەمبارێك شووتی بکڕە و هەفتەیەك چاوت بەسەرییەوە بێ.

کابرا چوو شووتییەکی زۆری کڕی و عەمباری کرد. وا ڕێ کەوت سێ حەوتوو دواتر نەخۆشییەك لە شار کەوتەوە و چەند کەسێك پێی مردن. حەکیم و دکتۆران گوتیان، ئاوی شووتی دەرمانی ئەو دەردەیە. خەڵك کە گوێیان لەم قسەیە بوو، چوون چیی شووتیی هەبوو کڕیان، بەڵام شووتی بەشی نەکردن، ئیتر ئەو پیاوەی بە قسەی بالوول شووتیی عەمبار کردبوو، هەلی بەدەرفەت زانی و دەرگای عەمباری کردەوە و بە نرخی زۆر زیاتر فرۆشتی و قازانجێکی زۆری کرد. یەکێك لە برادەرەکانی پێی گوت:

- باشە ئەو فکرەت چۆن بەزەیندا هات؟

کابرا گوتی: بالوول شای زانا ڕێی نیشان دام.

کابراش بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بێ، دەسبەجێ چوو بۆ لای بالوول و گوتی:

- ئەرێ بالوول شای شێتان، چ بکەم بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بم؟

بالوول بیرێکی کردەوە و گوتی:

ـ هەندێ پیاز بکڕە و عەمباری بکە، دوو مانگ دەرگای عەمبار مەکەوە.

کابرا چووە مەیدانی تەڕەفرۆشان و چیی پیازی لەوێ هەبوو هەمووی کڕی و عەمباری کرد. دوو مانگان دەرگای عەمباری نەکردەوە، دوو مانگ دواتر کە دەرگای کردەوە، لەبری پیاز سەیری کرد ئەوە دووکەڵی لێ هەڵدەستێ. پیاز ڕزیبوو. بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە ماڵی بالوول و پێی گوت:

ـ کوڕە ئەو بەڵایەت بۆچی بەسەر هێنام؟

بالوول زەردەیەکی هاتێ و گوتی:

ـ چما پیاوی شێت دەتوانێ ڕێی باش نیشانی خەڵکی بدا؟ تۆ بەمنت گوت بالوولە شێت چ بکەم، منیش وەك شێتان ڕێگام نیشان دای.

کابرا بە تووڕەییەوە گوتی:

ـ ئەی بۆچی برادەرەکەم ئەو هەمووە قازانجەی کرد؟

بالوول گوتی:

ـ ئەو پێی گوتم، بالوول شای زانا، منیش ژیرانە ڕێگەم نیشان دا[1].

## ٢١. بالوول و توونچیی حەمام

دەگێڕنەوە شەوێکیان شێخ بالوول بە بەردەرگای حەمامێکدا ڕادەبرد. لە پڕ گوێی لە دەنگێك بوو، دیار بوو یەکێك لە توونی حەمامەکەدا لەبەر ئاگرەکە دانیشتووە و دەڵێ:

ـ شوکرانەبژێرم خوایە کە نەبوومە حاکم، هەزار جار شوکرانەبژێرم نەبوومە قازی، شوکرانەبژێرم نەبوومە ئاغا، هەزارجار شوکرانەبژێرم نەبوومە شێخ بالوول.

کە بالوول ئەوەی بیست، حەزی کرد لە نزیکەوە کابرا ببینێ، بۆیە چووە خوارێ و سڵاوی لێ کرد و کابراش سڵاوی ئەستاندەوە. بالوول گوتی: باشە کە ناتهەوێ ببیە حاکم و قازی ئەوە شتێك، بەڵام پێم بڵێ بۆ ناتهەوێ ببییە بالوول؟ بۆ بالوول چیی لێ کردووی؟

توونچییەکە گوتی:

ـ ئاخر شێخ بالوول ناوبانگێکی هەیە، من شوکرانەبژێرم ئەوەم نییە.

---

١ ڕەشەمەی ١٣٥٢ ـ ئەحمەدی خزری، بیستوسێ ساڵە، مامۆستا، لە زمان باوکە خەفتاساڵانەکەیەوە.

بالوول ویستی کاراماتی خۆی بنوێنێ و یارمەتییەکی کابرا بدات، گوتی:
ـ مامەگیان، تکایە ئەو ئاسنە کۆڵەوەژەم بدەیە.
تونچییەکە بەبێ ئەوەی بڵێ بۆ! دەستی برد و ئاسنەکەی دا بە بالوول. بالوول لێ وەرگرت و دەستێکی پێدا هێنا و ئاسنەی کردە زێڕ، ئەمجارە زێڕەکەی دا بە کابرا و گوتی:
ـ ها.
تونچییەکە زۆری پێ ناخۆش بوو و گوتی:
ـ ئەوە بۆ وات کرد، من زێڕم نەدەویست.
بالوول گوتی: ئەوە دەڵێی چی؟ بیبە بیفرۆشە و بە ئاسوودەیی بژی.
توونچییەکە دەسبەجێ گوتی:
ـ نەخێر نامەوێ، هەر ئێستا زێڕەکەم بۆ بکەوە بە ئاسن.
شێخ بالوول گوتی: جا وەڵا ناتوانم بیکەمەوە ئاسن، هەر ئیجازەی ئەوەندەم هەیە.
تونچییەکە گوتی: زۆر باشە، خۆم وای لێ دەکەمەوە.
ئیتر لەبەر چاوی واق وڕماوی بالوول دەستێکی بە زێڕەکەدا کێشا و دەسبەجێ کردییەوە بە ئاسن.
شێخ بالوول هەر پێی سەیر بوو و زانیی ئەو کابرا بە ڕواڵەت داماو و لێقەوماوە، لە لای خودا زۆر لەو گەورەتر و خۆشەویستترە. هەر بۆیە هەستا و داوای لێبوردنی لێ کرد و بەجێی هێشت* .

## ٢٢. بالوول و گۆلاو

ڕۆژێکیان خەلیفە بە زۆر جبە و عەبایەکی لەبەر بالوول کرد و قەول وابوو میوانی یەکێك لە وەزیرەکان بێ. بالوول و خەلیفە و دارودەستەکەی بە کۆلانێکدا دەڕۆیشتن، لە ڕێیە نووشی گۆلاوێکی پیس بوون کە ئاوەڕۆی ئاودەستێکی دەهاتەوە سەر.
گەرما و تینی تاوەکە گۆلاوەکەی وەکوڵ هێنابوو و قوڵتەی دەهات و تۆقلەی پێ کردبوو.
بالوول لە پڕ باسکی لێك کردنەوە و داوای لە خەلیفە و هاوڕێکانی کرد ڕاوەستن. ئەمجارە دەستی لەبن گوێی نا و وەك بیەوێ گوێ لە شتێك بگرێ، تاوێك ئاوا بەبێدەنگی ڕاوەستا و ئەمجارە قیت بۆوە و عاباکەی خۆی داکەند و بە ئافەرم ئافەرم بەسەر گۆلاوەکەیدا دا و گوتی:

---

* ئەو هەقایەتەی سەرەوە دراوەتە پاڵ شێخ بەهایی و پینەچییە ئیسفەهانییەکە.

ـ کوڕە تەماشا قسەی چەند باش دەکا، وەڵا ئەم خەڵاتە بۆ وی باشە نەك بۆ شێتۆکەیەکی وەك من.

خەلیفە و دەوروپشتەکەی سەریان لێی سووڕ ما و گوتیان:

ـ ها بالوول، دیسان شێتییەکەت سەری هەڵداوە؟

ـ ئێمە وەمانزانی ئاقڵ بووی.

ـ باشە ئەو عابا جوان و گرانباییەی خەلیفە بە خەڵات پێی دابووی، بۆ خستتە سەر ئەو پیساییە؟

بالوول گوتی:

ـ ئاخر قسەی زۆر باش و بەجێی کرد بۆیە.

خەلیفە پرسیی:

ـ چما پیساییش قسان دەکا؟

بالوول گوتی:

ـ بەڵێ جەنابی خەلیفە، ئەگەر بەگوێ بی، زۆربەی شتە بێگیانەکانیش قسە دەکەن و دەکرێ لێیان ببیەی.

گوتیان: دەی باشە با بزانین ئەو پیساوە چیی دەگوت؟

بالوول گوتی:

ـ گۆلاوە پیسەکە پێمی گوت، من جاری جاران کام برنج هەرە باشە ئەو بووم، هەموو جۆرە گۆشتێك بووم، کام خواردن گرانباییە و خەڵك ملی خۆیانی بۆ دەشکێنن ئەوە بووم، جێگەم دووکان و ماڵان و لای سەرووان بوو، بەڵام بۆ چارەڕەشیم ماوەی هەشت نۆ سەعاتێك لەگەڵ ئەم خەڵکە دانیشتم، ئاخری و ئاقیبەتم ئەوە دەمبینی ئاوام بەسەر هات، ئەوەتا هەرچی بەلاما ڕادەبرێ بە نەفرەت و قێز و بێزەوە لووتی خۆی دەگرێ و خێرا تێدەپەڕێ.

لەو کاتەدا بالوول ڕووی لە خەلیفە و هاوڕێکانی کرد و گوتی:

ـ جا ئێستا جەنابت بفەرموو، ئاخۆ ئەو گۆلاوە شیاوی ئەوەیە خەڵات بکرێ یان منی شێت و شوور؟

خەلیفە کە ئەو قسانەی بیست، سەری داخست و خێرا دوور کەوتەوە. ئەوانەی لەگەڵیشیدا بوون، بەدوویدا ڕۆیشتن[1].

## ٢٣. بالوول و پشکنەری خواردەمەنییەکان

پشکنەری خواردەمەنییەکانی شاری بەغدا مرد، هەرچی گەڕان و کردیان پیاوێکی دەستپاك و ئەمین و دادپەروەریان پەیدا نەکرد کە بەرتیلخۆر نەبێت و درۆ نەکات. خەلیفەیان ئاگادار کردەوە، بە ئەمری خەلیفە بالوولیان کردە پشکنەری ڕسق و خواردەمەنییەکان و ئەویش هەرچەندەش پێی ناخۆش بوو، بەڵام یەك دوو ڕۆژان بە ناقایلی چووە بازاڕ و سەرلەبەر بازاڕەکەی پشکنی و دوایی یەکەوڕێ چۆوە ماڵەوە و ئیتر کەس لە بازاڕێ چاوی پێی نەکەوتەوە.

دەی خۆ دیارە، ئەگەر کەس بەسەر کاسبکارەکانەوە نەبێ و بەردەوام تێیان نەخوڕێ و پێش بە کەمفرۆشتن و گرانفرۆشییەکانیان نەگرێ، چ دەەومێ؟ ئەوانیش دەستیان کرد بە شڵتاغ و کردیان بە تێکەولێکە و گرانجانی و کارێکیان کرد، خەڵك هاواریان لێ بەرز بۆوە و خەڵکێك چوونە لای خاکمی شار و شکایەتیان کرد، حاکم ناردی بە دوای بالوولدا و هێنایان حاکم هەر چاوی پێی کەوت گوتی:

ـ شێخ بالوول، باشە مەگەر خەلیفە تۆی نەکردە چاودێری ڕسق و خواردەمەنی؟

بالوول گوتی: با.

پرسیی: ئەی بۆچی وازت لە چاودێریی هێناوە؟ خەڵك هەرایان لێ هەستاوە و سکاڵایان هێناوە.

بالوول گوتی: دەی من دوو سێ ڕۆژان چوومە بازاڕ سەیرم کرد ئەوە گزیر و چاودێری لێیە و ئیتر پێویست ناکا من لەوێ بم.

پرسیی: یانی چی، گزیر و چاودێری چی؟

گوتی: ڕۆژێکیان چوومە بازاڕ و سەرم لە هەموو دووکانەکان دا و لێم پرسین کاروبارتان چۆنە، سەیرم کرد ئەوانەی شتی باش دەفرۆشن، بە هەرزانی دەدەن و فێڵ و گزەش ناکەن، ئەوانە بازاڕیان گەرمە و برەویان هەیە، بەڵام ئەوانەی دزی و گزی دەکەن و گرانجانیشن، بەردەوام بازاڕیان سارد و کەسادە و بەردەوام ڕسقیان سواری بای شەماڵە.

حاکم گوتی: دەی؟

---

١ بەفرانباری ١٣٥٥ ـ میرمستەفا مێهرجوویی، حەفتاودووساڵان. ئیسفەهان.

بالوول گوتی: بۆ وێنە ڕۆژێکیان سەرم لە گۆشتفرۆشێك دا و سەیرم کرد، گۆشتی پەروار و باشی هەڵواسیوە و خەڵکێکی زۆریش ڕیزیان بەستووە، منیش لێی چوومە پێشێ و نۆرەم گرت تا نۆرەم گەیشتێ، هەروا چاویشم بەسەر کاروباری کابراوە بوو، دیتم گۆشتی باش و ئێسکی کەمیان دەداتێ و هەر قورسیشیان بۆ دەکێشێ و سڵاوی تەرازووەکەی دەداتەوە. نۆرەم گەیشتێ و قەسابەکە لێمی پرسی:

ـ چیت دەوێ؟ چەندەت گۆشت بدەمێ؟

گوتم، هیچ، بەڵام پرسیارێکم هەیە.

گوتی: فەرموو.

گوتم: کاروبارت چۆنە؟

گوتی: لەخوای بەزیاد بێ، زۆر باشم، کڕیارم زۆرن و دەخیلەم پڕە و هەر شوکرانەبژێرم.

ماڵاواییم لەو کرد و چوومە لای قەسابێکی دیکە، دیتم ئەوە چەند بزنی لەڕی بە قەنارەوە کردووە و تای تەرازووی سووکە و گرانجانە و ئێسکیش زۆر دەخاتە گەڵ گۆشتەکەی و لێم پرسی:

ـ کاروبارت چۆنە؟

زۆر بەناڕەحەتییەوە گوتی:

ـ بەخوای قازانج سەری مایە دەخوات و بێ بازاڕم.

بەو جۆرە بۆم ڕوون بۆوە کە گزیر و چاودێر لە بازاڕە، واتە ئەوەی شتی باشتر دەفرۆشێ و قورسی دەکێشێ و ئێسکی کەمتر لەگەڵ دەخا، دەڵێ شوکرانەبژێرم کارم زۆر باشە و بە پێچەوانەشەوە ئەوانەی کەم و خراپ و ئێسکی زۆری لەگەڵ دەفرۆشن، دەناڵێنن و دەڵێن بازاڕمان زۆر خراپە. کاسبکارەکانی دیکەش هەر وابوون، بۆیە منیش چوومەوە ماڵێ و گوتم، جا وەختێ چاودێر خۆی لە بازاڕە ئیتر چ پێویست دەکا من لەوێ بم، ئاوایە بەرهەمی چاکە و خراپە[1].

## ٢٤. بالوول و قازی و لێکدانەوەی خەون

لە سەردەمی هاڕوونەڕەشیددا، بازرگانێك هەزار دینار زێڕی سووری بە ئەمانەت لای قازیی شار دانا و دوای ماوەیەك چووە لای قازی و داوای ئەمانەتەکەی کردەوە. هەر پێی بە عەرزییەوە وشك بوو کە قازی حاشای لێ کرد و گوتی:

---

١ سەرماوەزی ١١٣٥٥ ـ میرمستەفا مێهرجوویی، حەفتاودووساڵان، ژمێریار

ـ پیاوی باش، ئەوە شێت بووی؟ پارەی چی؟ بتدەمە دەست داروغە پشتت لە زگت نەمتر بکا؟

بازرگانی داماو کە دەرەقەتی قازی نەدەهات، دەست لە گونان درێژتر بەهەناسەساردی هاتە دەرێ و پەژارە دای گرت. هەر بیریشی لەوە نەکردبوو کە قازییە بەناوبانگەکەی شار کاری وا خراپ بکا. لە نیوەی ڕێیە بە ڕێکەوت چاوی بە بالوول کەوت و دەستەوداوێنی بالوول بوو و گوتی: ئەمڕۆ لێرە و سبەی لە قیامەتێ دەستم بە داوێنت، فریام کەوە لەسەر ساجی عەلی دانراوم.

بالوول پرسیی: چ بووە؟

بازرگانەکە مەسەلەی بەئەمانەت دانانی هەزار دینار زێڕە سوورەکەی لای قازی بۆ گێڕاوە.

بالوول گوتی:

ـ خەم مەخۆ. ئەگەر بەگوێم بکەی، بەڵێن بێ کارێك بکەم قازی بە دەستی خۆی هەموو دراوەکەت بداتەوە.

بازرگانەکە گوتی: دەی خودا لە زارت بڕوانێ.

بالوول گوتی:

ـ بەیانی بەر لەوەی قازی نوێژی بەیانی دابەستێ، من دەچمە ماڵەکەی و تۆش وەرە بۆ ئەوێ و ڕێك بەدوای مندا لە دەرگای ماڵی قازی بدە. کە گوتیان کێیە؟ هاوار بکە و بڵێ هاتووم بۆ پووڵ و پارەکەم.

بازرگانەکە گوتی: ئەی ئەگەر جوابیان نەدامەوە؟

بالوول گوتی:

ـ ئەگەر جوابیان نەدایەوە، خەمت نەبێ، چەند ساتێك ڕاوەستە و دیسان لەدەرگا بدەوە.

بازرگانەکە قەبووڵی کرد و بە هەزار هیواو و ئاواتەوە چۆوە ماڵێ و چاوەڕێی کرد ڕۆژ بێتەوە.

سبەینێ بالوول بەر لەوەی ڕۆژ بێتەوە، هەستا چووە ماڵی قازی و لە دەرگای دا. قازی هێشتا هەڵنەستابوو. نۆکەر دەرگایان لێ کردەوە و هەواڵیان برد و گوتیان بالوول دەیەوێ چاوی پێت بکەوێ.

قازی بە هەڵەداوان لەخەوێ هەستا و هاتە پێشێ و سڵاوی لە بالوول کرد و لێی پرسی و فەرمووی ژوورەوەی کرد. بالوول وەژوور کەوت و یەك جێ گوتی:

ـ جەنابی قازی، شتێك قەوماوە بۆیە بەو کەرەی بەیانییە سەرودڵتم گرتووە.

قازی گوتی: فەرموو.

بالوول گوتی: دویٚ شەویٚ چووبوومە گۆڕستان فاتیحایەکی دادەم، لەسەر چەند گۆڕ فاتیحام دادا. لە نزیك یەکیٚ لە گۆڕەکان لەپڕ بن پێم هولٚۆلٚ بوو و ڕۆچوو. کەوتمە نێو چالێکەوە.

قازی زۆر بە پەرۆشەوە گوتی: ئەی هاوار، زۆر ناخۆشە.

بالوول گوتی: کە تەپوتۆزەکە نیشتەوە، سەیرێکی دەوروپشتمم کرد، وەمزانی کاژێر (کونی گەورە)ێکی گەورەیە، بەلاٚم کە لێی وردبوومەوە، دیتم نەخێر کاژێر نییە و ژوورێکی بچووکە و هەر چوار دەوری دەبریسکێتەوە. لە پڕ چاوم بە پاچێك کەوت، هەلٚمگرت و دەوری شتە بریسکەدارەکانم هەلٚکۆلٚی و سەیرم کرد، سوبحانەلاٚ، ئەوە حەوت کووپەی شایانە لەویٚ وەبن گلٚ دراون و هەمووشیان پڕن لە زنجیری زێڕ...

ڕێك لەو دەمەدا دەنگی دەرگا هات، بالوول بێدەنگ بوو. قازی بەپەلەپەل گوتی، بڕۆن بزانن کێیە دەلٚێی شووتیی بۆ نەخۆش هێناوە.

یەکێك لە نۆکەرەکانی قازی چووە پشت دەرگا و هاتەوە و گوتی:

ـ پیاوێکە دەلٚیٚ ئەو پارەیەی بە ئەمانەت دابوومیٚ، بمداتەوە.

قازی گوتی: پێی بلٚیٚ پاش سەعاتێکی دیکە بێتەوە.

دیسان ڕووی لە بالوول کردەوە و گوتی: دەی دەت گێڕاوە.

بالوول دیسان لە بنیٚڕا هەقایەتەکەی گێڕاوە هەتا هاتەوە سەر زنجیرە زێڕەکان و دیسان دەرگا زرمەی لیٚ هەستا. غولاٚمەکە چۆوە پشت دەرگا و هەرای کرد: کێیە؟

کابرای پشت دەرگا گوتی: بە جەنابی قازی بلٚێن من هەر ئەو کەسەم کە هەزار زێڕی سورم بە ئەمانەت پیٚ ئەسپاردووە بۆ ڕۆژی تەنگانە و ئێستاش بۆی هاتووم، قەرزدار خواردیانم.

قازی دیسان ویستی لەکۆلٚ خۆی بکاتەوە، لەوکاتەدا بالوول پرسی:

ـ ئەوە کێیە وا وەئامانی هێناوی؟

قازی کە دەیەویست تاریفی دەسپاکی و ئەمانەتدارییەکەی خۆی بۆ بالوول بکا، گوتی:

ـ کوڕە چووزانم، ئەمانەتدارییش هەر ژانەسەر و چەرمەسەرییە، قەبوولٚی ناکەی، مالٚی خەلٚك دەفەوتیٚ، قەبوولٚی دەکەی، ئەوەتا ئاوات بەسەر دیٚ. ئاخۆ تۆ خوا بەو کەرەی بەیانییە کاتی ئەمانەت وەرگرتنەوەیە؟

بالوول گوتی: بیدەیە با بڕوا و ملی خۆی بشکێنیٚ.

جاری سێیەم کە لە دەرگا دراوە، قازی دەسبەجێ بە غولامەکەی گوت، بڕۆ ئەو هەزار دینارەی لە فلانە جێیە، هەڵی گرە و بیدەیە با لەکۆڵمان بێتەوە.

وردە وردە تاو دەرکەوت و هێشتا قازی نوێژەکەی نەکردبوو و دەیەویست بزانێ بەسەرهاتی کووپەی شایانە و زێڕەکەی بالوول بەکوێ دەگات، دیسان ڕووی کردەوە بالوول و گوتی:

ـ دەی ئێوە فەرموون.

بالوول بە تام و بۆنێکەوە چۆوە سەر هەقایەتەکەی و لەسەری ڕۆیشت هەتا ئەمانەتی کابرا درایەوە و ئەمجارە گوتی:

ـ جەنابی قازی، کە چووم دەرگای کووپەم کردەوە، لە پڕ مارێکی گەورە هاتە دەرێ و لە ترسان لە خەو ڕاچڵەکیم، خەوەکەم زڕا، بۆیە هەستام هاتمە لای جەنابت خەونەکەم بۆ لێك بدەیتەوە.

قازی کە هەزار دینارەکەی لەکیس چووبوو و هیچیشی لە بالوول وەگیر نەکەوتبوو، هەروا ڕێزیشی دەگرت، گوتی:

ـ یانی تۆ بەم کەڕەی بەیانییە هاتووی من خەونت بۆ لێك بدەمەوە؟ باشە نەدەکرا کاتێکی دیکە بێی؟

بالوول گوتی:

ـ ببوورە، ڕاست دەکەی، من ناوەخت هاتووم، ئێستا دەڕۆم و کاتێکی دیکە دێمەوە خزمەتت.

بالوول ئیتر بە پەلە هەستا و لە ماڵی قازی هاتە دەرێ. قازی بە تووڕەییەوە لە نۆکەر و غولامەکانی خوڕی، کە بۆچی بەم کەڕەی بەیانییە دەرگاتان لەوانە کردەوە؟

بازرگانەکەش کە لە پشت کۆڵانەکە خۆی مات کردبوو، هەروا چاوەڕوانی بالوول بوو. هاتە پێشێ و دەستی بالوولی ماچ کرد و دووعای بەخێری بۆ کرد و بە کەیفخۆشییەوە بەرەو ماڵ بۆوە[١].

## ٢٥. بالوولی زانا و ئەمانەتخۆرەکە

دەگێڕنەوە کابرایەك دەیەویست بچێ بۆ سەفەر، هەندێ زێڕی هەبوو هەڵیگرت و هاتە لای زانای شار و گوتی:

ـ بەتەمای سەفەرێکم و هەندێ زێڕم هەیە دەمەوێ بە ئەمانەت لای تۆیان دابنێم.

---

١ ـ خەزەڵوەری ١٣٥٣ ـ فەرەیدوون تاهیری پەنجاوپێنج ساڵان، ئیسفەهان. لە زمانی حاجی محەمەد جەوادی تاهیری هەشتاوسێ ساڵان.

زاناکە قەبووڵی کرد و کلیلێکی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا و دایە کابرا و گوتی:

ـ برۆ دەرگای عەمبارەکە بکەوە و ئەمانەتەکەت لەسەر تاقەکە دابنێ و دەرگاکەی دابخەوە و کلیلەکەش لەسەر دەرگاکەوە دابنێ، هەر کات هاتییەوە کلیلەکە هەر لەوێیە و ئەمانەتی خۆت بەرەوە و برۆ.

کابرا بە قسەی کرد و دوای داخستنی دەرگاکە و دانانی کلیلەکە لە شوێنە دیاریکراوەکە، ڕۆیشت و بەبێ خەم سەفەرەکەی کرد، دوای ماوەیەك هاتەوە و داوای ئەمانەتەکەی کردەوە. با ئەوەشمان لەبیر نەچێ، هەر کابرا ڕێی سەفەرێی گرتە بەر، زاناکە تەماعی لێ نیشت و دەسبەجێ چووە عەمبارەکەی و توورەکەکەی هەڵگرت و چەند کونێکی لە دیوارەکە کرد یانی ئەوە مشك توورەکەکانیان بردووە، جا هاتەوە ژوورەکەی خۆی.

ئەمانەتدەرەکە کە داوای زێڕەکانی کردەوە، زاناکە پێی گوت:

ـ کلیلەکەت لە کوێ داناوە هەر لەوێیە و برۆ دەرگا هەڵگرە و توورەکەی خۆت بەرەوە، خاترجەمیش بە لە دوای تۆوە کەس نەچووەتە عەمبارەکە.

کابرا چوو کلیلەکانی هەڵگرت، کە چووە ژوورێ سەیری کرد هیچ شتێك لە جێی خۆی نەماوە، بە شڵەژاوی هاتەوە لای زاناکە و گوتی:

ـ هیچی لێ نەماوە.

زاناکە گوتی: لەوانەیە مشکان بردبێیان، خۆ دەنا خۆم نەمخواردوون.

هەرچۆنێك بێ کابرای داماو، بە سەرلێشێواوی و دەستی بەتاڵەوە لە ماڵی زاناکە هاتە دەرێ و وڕ و کاس بە شەقام و کۆڵانی بازاڕدا دەگەڕا. جا دەڵێن ئەوە لە سەردەمی بالوول و هاڕووندا بووە. کابرای داماو لە دەم ڕێ ڕاوەستابوو و نەرم نەرم دەگریا. بەرێکەوت بالوول بەوێدا ڕادەبرد، سەیری کرد ئەوە کابرا دەگری، لێی چووە پێشێ و پرسیی:

ـ بۆچی پەرۆشی؟ چیت لێ قەوماوە؟

کابرا بۆی لەبنی کوولەکە دا، بالوول زانیی فێڵی لێ کراوە و سەیری کرد ئەگەر یارمەتیی پیاوەکە نەدا، مافەکەی دەفەوتێ، هەر بۆیە گوتی:

ـ بەیانی چوار کرێکار بەکرێ بگرە و کەرەی بەیانی وەرە بەر دەرگای ماڵی کابرا زاناکە.

ئەمجار خۆشی بۆ وەرگرتنی فەرمان لە دەرباری خەلیفە چووە لای هاڕوونە ڕەشید. خەلیفە هەر چاوی بە بالوول کەوت گوتی:

ـ ئەوە خێرە ئەمڕۆ هاتوویە سەردانمان؟

بالوول گوتی: داوا دەکەم فەرمانێکم بدەیتێ.

هاڕوون شوکرانەبژێر بوو کە ئاخرییەکەی بالوول ئاقڵ بووە و داوای حوکمڕانی و پلەوپایە دەکات. هەربۆیە بە زەردەخەنەیەکەوە سەیری بالوولی کرد و پرسی:

ـ دەی باشە دەتەوێ ببیتە حاکمی کامە ویلایەت، با بۆتی بنووسم؟

بالوول گوتی:

ـ فەرمانی گرتنی ئەو مشکانەم بۆ دەر بکە وا لە ماڵی فلانە زانادا دەژین و دزییەکی گەورەیان کردووە.

هاڕوون بەو قسەیە هەڵچوو، بەڵام کە دیتی بالوول دەستی لێ هەڵناگرێ، ناچار ئەمری گرتن و ئیعدامی مشکەکانی نووسی و دایە دەست بالوول.

بالوول ئەمرەکەی وەرگرت و لەسەر چاوی دانا و بۆ وێرانکردنی ماڵی مشکان و قلاچۆکردنیان کەوتە ڕێ.

بەیانی زوو بالوول گەیشتە بەر ماڵی زاناکە و سلاوێکی لە کابرای زێڕخوراو و کرێکارەکانی کرد و ئەمری کرد:

ـ دەست بدەنە پاچ و پێمەڕە و هیم و بناغەی ئەو خانووە هەڵکۆڵن و مشکەکان بێننە دەرێ.

کرێکار خەریکی تێکدانی ماڵەکە بوون، کە کابرای زانا گوێی لە زرمەی پاچ و پێمەڕان بوو و بە هەڵەداوان هاتە دەرێ و سەیری کرد ئەوە چەند کەسێك بە پاچ و پێمەڕە بەربوونەتە تێکدانی خانووەکە. چووە پێشێ و تێیان خوڕی و گوتی:

ـ ئەوە بۆ وا دەکەن؟

بالوول لەسەرخۆ گوتی:

ـ کاکەگیان پێت ناخۆش نەبێ، کارمان بەکاری تۆ نییە، بە دوای چەند مشکێکدا دەگەڕێین.

زاناکە بەسەرسووڕمانەوە گوتی:

ـ مشك؟ یانی چی؟ ئێستا لە لای خەلیفە شکایەتتان لێ دەکەم.

بالوول گوتی:

ـ جا ئێمە خۆمان ئەمری خەلیفەمان هێناوە بۆ گرتنی ئەو مشکانەی زێڕی ئەو کابرایەیان دزیوە، دەبێ بیانگرین و ئیعدامیان بکەین.

ئیتر کابرا زاناکە دووقرانییەکەی کەوت و بۆ ئەوەی لەوە زیاتر حەیای نەچێ و ڕیسوا نەبێ، دەسبەجێ چۆوە ژووری و توورەکە زێڕی کابرای بە دەستلێنەدراوی هێناوە و دایەوە و خۆشی لە چنگی بالوول نەجات دا[1].

## ٢٦. بالوول و منداڵەکانی قازی

لە زەمانی هاڕوونەڕەشیددا، کاسبکارێك ویستی بچێتە مەککە، هەرچی هەیبوو و نەیبوو فرۆشتی و کردییە دینار و، لە پێشدا خەرجی سەفەرەکەی لێ هەڵگرت و بەلایەوە نا و ئەوی دیکەشی کە دەهەزار دینارێك زێڕی سوور بوو، بردییە لای قازییە بەناوبانگەکەی شار بۆ ئەوەی بە ئەمانەت دایبنێ و کە گەڕاوە لێی وەرگرێتەوە و کاسبیی پێوە بکا.

کابرا هەستا چووە لای قازی و سڵاوی کرد و مەسەلەکەی بۆ گێڕاوە، قازییەکە سپاسی کرد کە متمانەی پێ کردووە و گوتی:

ـ ڕۆڵە، ئەو دراوە بەرە و لە گۆزەیەکی بکە و بیهێنەوە و لەو سندووقخانەیەی ژوورەکەی منی دابنێ، هەر کاتیش هاتییەوە، هەڵیان گرەوە و دڵنیابە دەستیان بۆ نابەم، نەکا خوانەخواستە قەرزباری تۆ بم.

کابرای کاسبکار چوو لە بازاڕ گۆزەیەکی لەباری کڕی و هێنای و دراوەکەی تێ کرد و دەسترۆکەیەکیشی لێ بەست و بە دەستی خۆی لە سندووقخانەکەی ژووری قازیی دانا و دەستی قازیی ماچ کرد و چووە حەجێ.

زەمانی زوو، چونکە بە ئێستر و ئەسپ و گوێدرێژ و وشتر دەچوونە سەفەر، سەفەرەکەی کابرا ساڵێکی خایاند. کە هاتەوە دوای ئەوەی چەند ڕۆژێك هەروا خەریکی دیدار و بەسەرکردنەوەی خزم و دۆستان بوو، ڕۆژێکیان چووە ماڵی قازی و هەندێ دیارییشی بۆ برد و گوتی:

ـ جەنابی قازی، بفەرموون گۆزە ئەمانەتییەکەم بدەنەوە.

قازی زۆر لەسەرخۆ گوتی:

---

١ ـ خەزەڵوەری ١٣٥٢ ـ ئەسغەری ئاغایی، سیودووساڵان، وەرزێر و بەننا. لە ئەردەبیل. لە زمانی دەدەکشی جەوادی چلوحەوت ساڵان. وەرزێر.

ـ کورم، هەستە بچۆ، لە کوێت داناوە هەر لەوێیە، هەڵیگرە و بیبەوە. حاجی چووە خەزێنە دەستی برد و گۆزەکەی هێنا، کە سەری کردەوە، چ ببینێ، لە خۆڵ و وردە چەو زیاتر هیچی تێدا نییە. دەسبەجێ هاتەوە لای قازی و گوتی:

ـ ئەرێ جەنابی قازی، خۆ من ئەو گۆزەیەم پڕ کردبوو لە زێڕی سوور، کەچی ئێستا هەر وردکەبەردی تێدایە.

قازی زۆر لەسەر خۆ گوتی: کاکە حاجی، خۆ من توخنی نەکەوتووم. لەوانەیە حەڵاڵ نەبووبێ و خودا وای ویستبێ نەمێنێ.

حاجی نەڕاندی: ئەوە دەڵێی چی؟ من زێڕم دا بە جەنابت، تۆخوا ئەوە قسەیە دەیکەی؟

قازی گوتی:

ـ حاجی گیان، ئەوە نەتبیستووە لە کارەساتەکەی کەربەلا و سەفەرەکەی شامدا ڕاهیبێك گۆزەیەکی پڕ لە زێڕی سووری بە بارمەتە دانا و بۆ ماوەی شەوێك سەری ئیمامی حوسێنی وەرگرت، بۆ بەیانی کە سەرەکەی بردەوە، عومەری کوڕی سەعد ئەمری کرد گۆزەکەیان هێنا بۆ ئەوەی زێڕەکە دابەشێ، سەیری کرد زێڕی سوور هەمووی بووەتە وردە چەوی بیابان؟

حاجی گوتی: کوڕە دەزانم وایە، بەڵام ئەوە چیی بە سەر ئەوەی منەوەیە؟

قازی گوتی:

ـ لەوانەیە حەرام بووبێ، جا ئێستا کە چوویەتە ماڵی خودا و خۆت لە باری گوناحان پاك کردووەتەوە، خودا نەیویستبووە ماڵی حەرام بخۆی.

حاجی نەڕاندی: کوڕە ماڵی حەرامی چی؟

قازی گوتی:

ـ بچۆ بە شوێن کاروبارتەوە. ئەگەر خودا پێی خۆش بێ، ئەوە لەبری ئەو ماڵە حەرامە، تووشی حەڵاڵ دەبی.

کابرای داماو دەست لە گونان درێژتر نەیدەزانی چ بکا و دەرەقەتی قازییش نەدەهات، ناهومێد و داماو و سەرگەردان لە ماڵی قازی وەدەرکەوت و لە شار چووە دەرێ. ڕێی کەوتە لای گۆڕستانێك و بە ڕێکەوت لەوێ تووشی بالوول بوو کە خەریك بوو ماڵی قیامەتێی دروست دەکرد. لە پڕ چاوی بە کابرای سەر لێ شێواو کەوت، لێی پرسی، حاجیش سەرلەبەری بۆ گێڕاوە، بالوول گوتی:

ــ مانگێکم دەرفەت بدەیە بزانە بۆت لە قازی دەستێنمەوە یان نا.

حاجی کە هیچ دەسەڵاتی نەبوو، بە تۆزە هیوایەکەوە وەشوێن کاری خۆی کەوت. بالوول بەپێی ئەو بەڵێنەی پێی دابوو، قۆڵی لێ هەڵماڵی و بۆ سبەینێکەی چووە حەمام و پاك و خاوێن خۆی شوشت و دەستێك جلوبەرگی جوانی لەبەر کرد. عەبای تازەی لەبەر و مەندیلی نوێی لەسەر کرد و کەرەی بەیانی چووە ماڵی قازی. قازییان ئاگادار کردەوە کە بالوول کاری پێتە. قازی دەیزانی بالوول برای خەلیفەیە و کابرایەکی زاناشە، هەر بۆیە زۆر بە خۆشحاڵییەوە هەستا و چووە پێشوازی بالوول و بە ڕێز و حورمەتەوە خولکی کرد. بالوول پاش سڵاو و لێپرسین گوتی:

ـ جەنابی قازی، بە ڕاستی لە بێکاری وەڕەز بووم و تاقەتی پۆست و پلەوپایەی دەرباریشم نییە. دەمەوێ دەست بکەم بە دەرسگوتنەوە و خۆمی پێوە بخافڵێنم، بەڵام تاقەتی قوتابیی زۆریشم نییە و هاتووم پێم بڵێی چ بکەم؟

قازی ئەوەی لە خودا دەویست، گوتی:

ـ من ئامادەم هەر دوو کوڕەکەی خۆم بنێمە بەردەستت و چەند شاگردێکی دیکەشت بۆ هەڵبژێرم بۆ ئەوەی سوود لە سەرچاوەی زانیاری و زانستەکەی تۆ وەرگرن.

بالوول گوتی:

ـ من تاقەتی قوتابیی زۆرم نییە، هەر ئەو دوو کوڕەی خۆتم بەسە، قازیش ئەمری کرد دەسبەجێ هەردوو کوڕەکەیان هێنا و دەستی خستنە نێو دەستی بالوولەوە و نسخەتێکی کوڕەکانی خۆی کرد و ماڵاوایی لێ کردن.

بالوول منداڵەکانی قازیی بردە ماڵی یەکێك لە برادەرەکانی خۆی و چاوی بەسەریانەوە بوو و ئاگای لە دەرس و مەشقیان بوو و هەموو ڕۆژێ چەند سەعاتێك دەرسی پێ دەگوتن، قازی زۆری بە دڵ بوو. هەفتانە چەند شەوێك ئەو منداڵانە لەو ماڵە مانەوە کە بالوول بۆی دەسنیشان کردبوون. وردە وردە وایان لێ هات حەزیان لێ نەبوو بچنەوە ماڵی خۆیان. ئەوجار هەر شەوناشەوێك دەچوونەوە ماڵێ. وردە وردە ئیتر نەچوونەوە.

قازییش جارنەجارێك منداڵەکانی تاقی دەکردەوە و دەیدی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زاناتر و چاوکراوەتر دەبن. هەر بۆیە زۆر کەیفخۆش بوو کە خودا تووشی وەها نیعمەتێکی کردووە و برای خەلیفە و بالوولی مەزن مامۆستایەتی و بەرپرسیارەتیی منداڵەکانی لەئەستۆ گرتووە.

لە لایەکی دیکەوە، بالوول دوو بێچووە مەیموونی نێرەی کڕی و ڕایسپارد پەیکەرێك لە قازی دروست بکەن دەقاودەق لەخۆی بچێ. پەیکەرەکەی هێنا و لە ژوورێ لە سەر دۆشەگێك

داینا. هەرچی دەیدی وای دەزانی ئەوە قازییە و ڕۆژانە هەندێ نوقڵ و نەباتی لە کەلێنی مەندیل و گیرفانی عاباکەی پەیکەرەکە دەنا و بێچووە مەیموونەکانی برسی دەکرد و بە برسێتی بەرەڵای نێو ژوورەکەی دەکردن و ئەوانیش یەکسەر دەچوونە لای پەیکەرەکە و نوقڵ و شیرینییەکانیان لە نێو مەندیل و کەلێن و قوژبنی جلەکانی پەیکەرەکە دەردێنا و دەیان خوارد تا تێر دەبوون و ئەوجار لە سەر تەشك و داوێنی پەیکەرەکەی قازی لێی دەنووستن. مەیموون وایان لێ هات شکڵ و بیچمی قازییان لەدوورەوە دەناسییەوە.

ئیتر بالوول ئەمری کرد منداڵەکانی قازییان لەو ماڵە ڕاگواست و بردیاننە ماڵێکی دیکە و شاردیاننەوە و دوو بێچووە مەیموونەکەیان لە جێیان دانان. قازی ئاگای لەو باسە نەبوو. هەتا ڕۆژێکیان زۆر بیری منداڵەکانی کردبوو و یەکێکی نارده ئەو ماڵەی منداڵەکانی لەوێ دەرسیان دەخوێند. کابرا لە لای قازییەوە هات و بە بالوولی گوت:

ـ قازی فەرموویەتی منداڵەکانم بۆ بنێرەوە با چاوێکم پێیان بکەوێ.

بالوول بە ڕاسپاردەکەی قازیی گوت:

ـ زۆر بەداخەوە، چەند ڕۆژێکە منداڵەکانی قازی دۆنادۆن بوون و بوونەتە عەنتەر (نێرەمەیموون). زۆر زۆریشی پێوە نارەحەتم و شەو و ڕۆژ دەپاڕێمەوە بەشکم خودا لە گوناحی قازی خۆش بێ و ئەوانە بکاتەوە بنیادەم.

ڕاسپاردەکە بە سەرسووڕماوی و زۆر پەرۆش، بەغار چۆوە لای قازی و گوتی:

ـ ئەوە بۆ دانیشتووی؟ بالوول دەڵێ منداڵەکانت بوونەتە عەنتەر.

قازی هەر ئەوەی بیست، نەڕاندی: بڕۆن ئەو شێتوشوورەم بۆ بێنن.

جا کێ دەیوێرا بچێ و برای خەلیفە بێنێتە لای قازی. نۆکەر هەموو سەریان بەرداوە و کەس لەجێی خۆی نەبزووت.

قازی تاقە ڕێگەچارەی بەوە زانی شکایەت بەرێتە لای خەلیفە. دەسبەجێ هەستا و ئیجازەی وەرگرت چاوی بە خەلیفە بکەوێ و خۆی گەیاندە هاڕوونەڕەشید و مەسەلەکەی بۆ لەبنی کوولەکە دا. هاڕوون ئەمری کرد دەسبەجێ بالوولی بۆ بێنن. هەر بالوول گەیشتێ، خەلیفە لێی پرسی:

ـ مەسەلەی ئەو منداڵانەی قازی چییە؟

بالوول گوتی: بەداخەوە هەردووکیان بوونەتە عەنتەر.

ـ ئاخر شتی وا چۆن دەبیٚ؟ چما بنیادەم دەبێتە ئاژەڵ؟

بالوول گوتی:

ـ هەر ئێستا دەچم ئەو منداڵانەت بۆ دێنم کە بوونەتە مەیموون. لێرە بەرەڵایان دەکەم جا دەزانی درۆ دەکەم یان ڕاست.

بالوول هەستا و ڕۆیشت و بە دوو عەنتەرەکەوە گەڕاوە لای خەلیفە و لە مەجلیسەکەدا بەرەڵای کردن. لە پڕ شتێکی سەیر قەوما. بێچووە مەیموون کە خوویان بە پەیکەرەکەی قازییەوە گرتبوو، یەکسەر ئامبازی قازی بوون و بەسەر قەڵاندۆشکانیدا وەسەر کەوتن و دەستیان لە گیرفان و باخەڵی دەنا و گەمەیان بە ڕیشی دەکرد. قازی لەجێی خۆی دەرپەڕی و بە دەوری بارەگای خەلیفەدا ڕای کرد. بۆ هەر لایەکیش دەچوو، عەنتەرەکان لێی نەدەبوونەوە و خەڵکەکەی دەرباریش لەبەر پێکەنینان بوورابوونەوە. کورتی ببڕینەوە، عەنتەر ئەوەندە هۆگری قازی بوون، مەجلیسەکە هەمووان دڵنیا بوون ئەوە منداڵەکانی قازین و دۆنادۆن بوون.

قازی ناچار دەستەوداوێنی بالوول بوو، کە بۆی بپاڕێتەوە بەشکم منداڵەکانی ببنەوە بنیادەم.

بالوول گوتی: شتی وا نابیٚ.

هاڕوون پرسیی: مەسەلە چییە بالوول؟

بالوول گوتی: قازی گوناحێکی گەورەی کردووە و هەتا تۆبە نەکا و کێشەکەی حاجی چار نەکا، منداڵەکانی وەك خۆیان لیٚ نایەتەوە.

قازی خۆی بەسەر لاقی بالوولدا کێشا و داوای یارمەتیی لیٚ کرد و گوتی:

ـ تۆ چیی بڵێی وا دەکەم.

ئیتر قازی لە بەر چاوی هەمووان کەوتە سەر چۆك و تۆبەی کرد و دەسبەجیٚ یەکێك لە خزمەتکارەکانی نارد زێڕەکانی حاجی بێننەوە و هەر لەویٚ هەمووی داوە بە خاوەنەکەی و گەردن ئازایی لیٚ خواست.

بالوولیش گوتی بڕۆن منداڵەکانی قازی بێننەوە، ئەوە لە فلانە گۆشەی کۆشك دامناون.

خەلیفە بەو چیرۆك و بەسەرهاتە زۆر پێکەنی و دەستخۆشیی بە بالوول گوت و پشتی گرت و دەسبەجیٚ ئەمانەتخۆرەکەی لەسەر کارەکەی لابرد[١].

---

١ ـ خەرمانانی ١٣٥٣ ـ فەرەیدوون تاهیری، کارمەند. لە زمانی وتاربێژێکی لەنجانی ئیسفەهانەوە، ١٣١٨.

### بەجۆرێکی دیکە

ئەسغەری ئاغایی خەڵکی ئەردەبیل دەگێڕێتەوە، کە بالوول دوو جووچکە کۆتر دەگرێ و لە ماڵێ مێزەرێکی وەك مێزەرەکەی قازی دروست دەکا و دان و ئاوی کۆترەکان لەوێ دەکا. ئیتر کۆترەکان ڕادێن و لە هەرجێیەك شتی لە گوێن مەندیل و مێزەری سپییان دیتبایە، دەسبەجێ هەڵدەفڕین و دەچوون لەسەری دەنیشتنەوە و تا کۆتایی...

### بەجۆرێکی دیکەش

ئەبوتالیبی موەدەبیی کتێبفرۆش و حەمە سادقی موستعالەش کە خەڵکی زەنجانە، وای دەگێڕنەوە کە بالوول دوو بێچووە ورچ ڕادێنێ و لەبری منداڵەکانی قازی دەیانباتە مەجلیسەکەی خەلیفە.

### ٢٧. بالوول و جووچکە و هێلکەمریشك

ڕۆژێك لە ڕۆژانی کۆن، لە سەردەمی هاروونەڕەشیددا بازرگانێك بەخۆی و کاروانەکەیەوە گەیشتە بەغدا و ئەمری کرد بارونە بخەن و سەعاتێك بحەسێنەوە. ئەوجار خزمەتکارێکی نارد خواردنێك بکڕێ. غولامەکە چوو زۆر گەڕا هیچ خواردنی نەدۆزییەوە، هەتا تووشی پیرەژنێك بوو و پێی گوت:

ـ ئەرێ دایە خواردنت هەیە؟

پیرەژنەکە گوتی:

ـ لە هێلکەی کوڵیو پتر نیمە.

غولامەکە گوتی، قەیناکا، بیهێنە.

پیرەژنە دە هێلکەی کوڵیوی هێنا و دای بە غولامەکە. بە ڕێکەوت غولام چەند سکەیەکی زێڕی پێ بوو و وردە پارەی نەهێنابوو. ئەو کاتیش هێلکەی مریشك زۆر هەرزان دەبێ و غولامەش ئیجازەی نییە بۆ دە هێلکان دەست لە سکەی زێڕ بدا. لە لایەکیشەوە پیرەژنە پارەی نەبووە باقییەکەی بداتەوە. غولامە نازانێ چ بکا. ئاخری پیرەژنەن بەناچار دەڵێ:

ـ قەیناکا ڕۆڵە، بیبە و ئەگەر پارەی وردتان هەبوو بۆم بێنە.

غولام سپاسی کرد و هێلکەی برد بۆ بازرگان و مەسەلەکەی بۆ گێڕاوە و گوتی:

ـ لەبەر ئەوەی خوردەم پێ نەبوو، پووڵەکەم نەداوەتێ، بەڵام بەڵێنم دا زوو بۆی بەرم.

بازرگانەکە گوتی: قەیناکا دەیدەینێ.

کورتی ببڕینەوە، دوای نانی نیوەڕۆ باروبەندیلیان پێچاوە و بەرەو وڵاتێکی دیکە ڕۆیشتن. مەودایەك لە بەغدا دوور کەوتبوونەوە، کە غولام بە بازرگانی گوت:

ـ ئاغا دەزانی چ بووە؟

بازرگان پرسیی: نا، چ بووە؟

غولام گوتی: پووڵی پیرەژنەمان نەدا.

بازرگانەکە گوتی: تازە درەنگە، پووڵی هێلکەکان لە سەرمایەکەمان جوێ دەکەینەوە و کاسبیی پێوە دەکەین، تا دەگەڕێینەوە ئەو دەم یەك جێ هەمووی دەدەینەوە. باشە؟

غولام دڵی خۆش بوو و گوتی، لەوە باشتر نابێ.

ماوەیەك ڕابرد و پووڵی هێلکەی پیرەژنەکە زۆری هاتە سەر و زیادی کرد و بوو بە باری وشترێك بە وشترەکەوە. ڕۆژێك دیسان کاروانەکەیان ڕێی کەوتەوە بەغدا. بازرگانەکە بە غولامەی گوت:

ـ هەستە بڕۆ پیرەژنە پەیدا بکە و بیهێنە با ئەمانەتەکەی بدەینەوە.

غولام ڕۆیشت پیرەژنە بێنێ، کەچی گوتیان مردووە، بەڵام کوڕێکی هەیە دەچێتە کار. غولام لەبەردەرگایان ڕاوەستا هەتا کوڕەکەی هاتەوە و پێی گوت:

ـ کاکە گیان، ئەمانەتێکی دایکت لای من ماوەتەوە و ئێستا دەمەوێ لەگەڵم بێی و بتدەمەوە.

کوڕە کە لە خودای دەویست، لەگەڵ غولام کەوتە ڕێ و چوونە لای بازرگان. بازرگانەکە پێشوازیی لێ کرد و ڕێزی گرت و پێی گوت:

ـ کوڕم، ئەو وشترە بە بارەکەیەوە هی تۆیە، بیبە و بڕۆ و کاسبیی پێوە بکە.

کوڕی پیرەژنە وشتر و بارەکەی وەرگرت و چۆوە ماڵێ، ئەو هەواڵە لەپڕ بە شاردا بڵاو بۆوە، کە کوڕی فلان پیرەژن وشترێکی بە بارەوە میرات پێ گەیوە، هاڕوون دەسبەجێ پیاوێکی ناردە شوێنی و هێنایان. هاڕوون پرسیاری لێ کرد. کوڕەش لە بنێڕا بۆی گێڕاوە. هاڕوون بە تەوسەوە گوتی:

ـ تەح لەو بازرگانە بەئیمانەی! ئیتر ئەمری کرد و گوتی ئەو بازرگانەم بۆ بێنن. چوون و بازرگانیان هێنایە خزمەتی هاڕوون. هاڕوون لێی پرسی: ـ دا بڵێ بزانم ئەو وشترەت بە بارێك قوماشەوە چۆناوچۆن داوە بەو کوڕە؟

بازرگانەکە لە بنیڕا بۆ هاڕوونی گێڕاوە. هاڕوون گوتی:

ـ ئەگەر تۆ موسوڵمانێکی ڕاستەقینە بووایەی، دەبووایە دادپەروەریت ڕەچاو کردبا.

بازرگان بە سەرسووڕمانەوە گوتی:

ـ جەنابی خەلیفە، هەرچی پارەی ژنەکە بوو، بەبێ کەم و زۆر کارمان پێ کرد و بەهرەکەیمان دا بە کوڕەکەی.

هاڕوون گوتی:

ـ واش نییە. بۆ دایکی ئەو کوڕە دە هێلکەی مریشکی نەدابوو بە ئێوە؟

بازرگانەکە گوتی: بەڵێ قیبلەی عالەم.

هاڕوون گوتی: دەی باشە، دە هێلکە ئەگەر وەبەر مریشکێکی کورکی بنێی، دە جووچکە هەڵدێنێ. جووچکەکانیش گەورە دەبن و هێلکە دەکەنەوە و دیسان جووچکە هەڵدێننەوە. وایە؟

بازرگان کە نەیدەزانی ئاخرییەکەی چیی لێ دێتەوە، بە ترس و لەرزەوە گوتی:

ـ ڕاست دەفەرمووی قوربان.

کورتی ببڕینەوە هاڕوون وای لێك داوە، کە ئەوەی بازرگانەکە ناچار بوو لە هەموو ژیانیدا پەیدای کردبوو، بیداتێ و خۆی بە دەستی بەتاڵ لە کۆشکەکەی هاڕوون هاتە دەرێ و بە پەشێوی و شڵەژاوی تووشی بالوول بوو. بالوول کە بازرگانەی ئاوا دیت، ئەحواڵی پرسی. ئەویش بۆی لە بنی کوولەکە دا. بالوول ئاخرییەکەی گوتی:

ـ خەمت نەبێ چاکی دەکەم. جارێ بڕۆ لە جێیەك بحەسێوە تا من سامانەکەت لەو هاڕوونە مەلعوونە وەردەگرمەوە.

بالوول ڕاستەوڕێ چووە لای خەلیفە، هاڕوون هەر دیتی و گوتی:

ـ ئەوە شێتە لەکوێوە هاتووی؟

بالوول گوتی:

ـ هەر کەس برای وەك تۆی هەبێ، هەر دەبێ پێی بڵێن شێتە.

هارووون گوتی:

ـ دەی باشە چۆنە هاتووی؟

بالوول گوتی:

ـ هاتووم بمکەیە کوێخای گوندێك.

هارووون گوتی:

ـ باوەڕم پێت نییە، دەترسم خەڵك ئەزیەت بکەی.

بالوول گوتی:

ـ نا وا نییە، تۆ بمکە بە کوێخای فلاّنە گوند، ئیتر کارت پێم نەبیّ.

هارووون ئەمری کرد دەسبەجیّ حوکمەکەیان نووسی و دایانە بالوول. دوای ئەوە هارووون بە بالوولی گوت:

ـ ئەوە تۆم کردە نوێنەری خۆم لە فلاّنە گوند، بچۆ ئەویّ و دوای ڕاپەڕاندنی کارەکان وەرەوە. بالوول حوکمەکەی وەرگرت و دەسبەجیّ ڕۆیشت و چووە ئەویّ. خەڵکەکە هەر بالوولیان دیت گوتیان:

ـ خەلیفە بالوولی ناردووە فریامان بکەویّ. ئێمە نابیّ قسەی بشکێنین.

جا ئەو دەمەی بالوول هاتە ئەو گوندە، کاتی تۆوچاندن بوو. بالوول دەسبەجیّ ئەمری کرد باب نۆکەری ئاواییان هێنا. بالوول پیّ گوت:

ـ کە شەو داهات، دەچییە سەربان و بانگ دێڵی و جاڕ دەکێشی و دەڵێی: هەرکەس سبەی دەیەویّ تۆ و بچێنیّ، دەبیّ لە پێشدا دانەوێڵەکەی ببرژێنیّ یان بیکوڵێنیّ، جا دایچێنیّ.

باب نۆکەر چوو و جاڕی دا. خەڵك هەر پێیان سەیر بوو، لەبەر خۆیانەوە گوتیان:

ـ ئەو قسەقۆڕە چییە باب نۆکەر دەیکا، چما گەنم و جۆی برژیو شین دەبیّ؟

کوڕە هەر دەڵێی ئەو نوێنەرەی خەلیفە شێتە.

کورتی ببڕینەوە خەڵك هاواریان لیّ بڵند بوو و گوتیان:

ـ ئەوە چ حاکمێکە هارووون بۆی ناردووین؟

خەڵکی ئاوایی بە تووڕەییەوە هاتنە پایتەخت و لەبەردەم کۆشکەکەی هارووون کردیانە هەرا. هارووون گوێی لە دەنگەدەنگەکە بوو، ئەمری کرد چەند کەسێکیان وەك نوێنەر بێننە لای، کە خەڵکەکە هاتن، گوتیان:

ـ جەنابی خەلیفە، بیکە بۆ خاتری خودا، فریامان بکەوە.

ـ ئەو کابرایەی ناردووتە شێتە.

هارووون گوتی، لەسەرخۆ بن. پێم بڵێن بزانم چ بووە؟

گوتیان:

ـ ئەمری پێ کردووین لە پێشدا گەنم و جۆیەکەمان بکوڵێنین، دوایی بیچێنین. بێت و وا بکەینماڵوێران دەبین.

هارووون زۆری پێ سەیر بوو و ئەمری کرد دەسبەجێ بالوول بێنن. کە بالوول هات، خەلیفە پێی گوت:

ـ ئەوە شێتوشوور، گەنم و جۆی کوڵێنراو و برژیو چۆن شین دەبێتەوە؟

بالوول گوتی:

ـ بەرێوەڵا جەنابی خەلیفە شین دەبێتەوە. یەك و سەدیشی لێ دەکەوێتەوە.

خەلیفە بەسەرسوورمانەوە گوتی: شتی وا چۆن دەبێ؟

بالوول گوتی:

ـ وەك چۆن هێلکەی کوڵیو دەبێتە جووچکە و جووچکەکەی هێلکە دەکاتەوە و دەبێتەوە مریشك، گەنمی برژیویش ئاوا شین دەبێتەوە.

هارووون هێشتا دووقرانییەکەی نەکەوتبوو. گوتی:

ـ هێلکەی کوڵیو دەبێتە جووچکە چییە؟ یانی چی؟

بالوول گوتی:

ـ چما تۆ لەبەر خاتری دە هێلکەی کوڵیو، دەستت بەسەر ماڵ و سامانی ئەو بازرگانە داماوەدا نەگرت؟

هارووون ئەوجار تێگەیی، گوتی:

ـ بالوول، لای ئەو خەڵکە حەیام مەبە، بازرگانەکە بانگ بکە با بێ ماڵ و سامانەکەی وەرگرێتەوە.

بازرگانەیان هێنا لای خەلیفە، هارووون هەر لەوێ سامانەکەی داوە و داوای لێبوردنیشی لێ کرد. دوای ئەوە هارووون داوای لێبوردنی لە خەڵکی ئاواییەکەش کرد و هەمووان بە دڵێکی خۆشەوە بەرێ کردەوە.

ئەو مەسەلەیە لە زارێکەوە کەوتە شارێك و ماوەیەکی زۆر بوو بە نوقڵ و نەقڵی مەجلیسان و خەڵکی بەغدا١.

### بە شێوەیەکی دیکەش:

هەر ئەو هەقایەتە بەشێوەیەکی دیکەش لە نێو خەڵکی هەمەداندا دەگێڕدرێتەوە و دەڵێن:

ڕێبوارێك ڕێی کەوتە ڕستورانێك و مریشکێکی سوورکراوەی خوارد، بەڵام لەبیری چوو پارەکەی بدا. ساڵێك دواتر بە ڕێکەوت هاتەوە ئەو ڕستورانتە و چوو پارەی مریشکەکەی پار بدا، خاوەن ڕستوران گوتی:

لەبەر ئەوەی پار مریشکەکەت خواردووە، ئەگەر ئێستا ئەو مریشکە مابایە، چەند هێلکەی دەکرد و هێلکەش هەر کامە دەبووە مریشکێك و... بەو حیسابە تۆ دەبێ ٢٠٠ دینار بدەی. کابرای ڕێبوار هەر ١٠٠ دیناری پێ بوو. بە پەرۆشییەوە لە ڕستورانەکە هاتە دەرێ و بە ڕێکەوت تووشی بالوول بوو و مەسەلەکەی بۆ گێڕاوە. بالوول لەگەڵ چووە ڕستورانەکە و بە خاوەنەکەی گوت:

ـ من دەبمە زامنی و تا سبەی نیوەڕۆ پارەکەی دێنێ.

سبەی ئێوارێ بالوول و ڕێبوارەکە پێکەوە چوونە لای خاوەن ڕستوران، کابرا زۆر بە ناخۆشییەوە گوتی:

ـ ئێوە قەول بوو نیوەڕۆ بێنەوە نەك ئێوارێ.

بالوول گوتی: هەندێ گەنمم هەبوو، هەتا کوڵاندم و دامچاند درەنگ بوو.

خاوەن ڕستورانەکە گوتی: تۆ درۆیان دەکەی، خۆ گەنمی کوڵاو شین نابێتەوە.

بالوول گوتی: دەی گەنمی کوڵاو شین نەبێتەوە، ئەی مریشکی برژیو چۆن هێلکە دەکا؟ کابرا شەرم دایگرت و تەریق بۆوە و لە قسەکەی خۆی پاشگەز بۆوە١.

### ٢٨ـ بالوول دەبێتە بازرگان

---

١ ـ کۆکەرەوە: محەمەد باقری سادقی. لەدایکبووی ١٣٠٩. ئەلیگودەرز

١ ـ ساڵی ١٣٥٥. کۆکەرەوە، ڕەزا وارەستە بەهرامی، تەمەن ٣٩ ساڵان، عەمباردار، ئەسەدئابادی هەمەدان.

هاڕوونەڕەشید خەلیفەی عەباسی برایەکی هەبوو بەناوی بالوول کە ڕۆژانە لەگەڵ منداڵان بە کۆڵان و شەقامی شاردا غاری دەدا و گەمەی دەکرد و کە شەویش دادەهات، دەچووە کاولاشە کۆنان و لەوێ دەنوست و بەیانیان لەخەو هەڵدەستا و سواری دارێك دەبوو و وەك ئەسپ لێی دەخوڕی و دەگەیشتە لای هەر کەس دەیگوت:

ـ کاکە ئاگادار بە، دادە ئاگادار بە، ئەسپەکەم پیرە و ناپارێزێ.

ئاوا دەژیا.

ڕۆژێکیان یەکێك لە وەزیرەکان پێی گوت:

ـ جەنابی خەلیفە، ئەم بالوولە لە شار و کۆڵانان گاڵتە بە خەڵکی دەکا. بانگی کە بارەگا و کارێکی پێ بسپێرە با ئابڕووی خۆت و حوکمەتەکەت نەبا.

هاڕوون ناردی بالوولیان هێنا.کە بالوول هاتە هەنتەشی هاڕوون، هاڕوون پێی گوت:

ـ براکەم، ئەوە بۆ وا خۆت لەو خەڵکە کەر کردووە و حەیای خۆت و بنەماڵەکەت دەبەی کە لەم سەردەمەدا کەس هێندە بەناوبانگ نییە؟ بڵێ بزانم حەزت لە چ کارێکە تا پێتی بسپێرم.

بالوول هەروا سەری داختبوو و قسەی نەدەکرد و بالوولیش هەر قسەکەی خۆی پات دەکردەوە و دەیگوت حەزت لە چ کارێکە؟

بالوول سەری هەڵێنا و گوتی:

ـ دەتەوێ بازرگانیت بۆ بکەم؟

خەلیفە زۆری پێ خۆش بوو و گوتی:

ـ چۆنت پێ خۆشە وا بکە.

بالوول گوتی:

ـ ئەمر بکە بمکەنە سەربازرگان.

هاڕوون گوتی:

ـ ئەمر دەکەم.

بالوول گوتی:

سەد ئێستر و سەد غوڵام و بڕە پارەیەکیشم بدەنێ بۆ بازرگانی.

خەلیفە گوتی، زۆر باشە، چیی دیکە؟

بالوول گوتی:

ـ ببمە سەرۆكی ئەو كاروانە بازرگانییەی دەچنە میسر.

خەلیفە ئەمری كرد دەسبەجێ داخوازییەكانی بالوول دابین بكەن و ئەو بازرگانانەش بانگ بكەن كە دەچنە میسر.

ئەمری خەلیفە جێبەجێ كرا و سەد هێستر و غولام بە توورەكەی پڕ لە زێڕەوە بۆ بازرگانی ئامادە كران و بازرگانەكانیش كە دەمێك بوو بۆ بازرگانی ئامادە ببوون بۆ ئەوەی بە خۆراساندا بچنە میسر، بانگ كران و خەلیفە پێی گوتن:

ـ ئاگادار بن لەمڕۆوە بالوول سەرۆك و بەرپرستانە. هەتا دێنەوە دەبێ بە ئەمر و فەرمانی ئەو بجوولێنەوە.

گوتیان بەسەر چاو. بەیانی كاروانێكی بێ سەروبن كە بالوول سەرۆكی بوو، بەرەو خۆراسان و لەوێوە بەرەو میسر كەوتە ڕێ. دوای چەند مانگ كاروانەكە گەیشتە نزیك میسر، بالوول ئەمری كرد لە دەم دەریاكە باروبنەیان بەعەرزی دادا و خێوەتیان هەلدا.

كە شەو داهات، بالوول بە تەنیا چووە دەم دەریا و ڕۆیشت تا گەیشتە شوێنێك كە چێلی دەریایی لە ئاو هاتبوونە دەرێ و هەر كامەیان گەوهەرێكی شەوچرایان بەدەمەوە بوو. لە پێشدا گەوهەرەكەیان لەسەر تاتەبەردێك دادەنا و لەبەر ڕووناكاییەكەی دەلەوەڕان. كە تێریان دەخوارد، دیسان هەلیان دەگرتنەوە و دەچوونەوە نێو دەریا یان، مێشەلانەكانی دەوروبەر.

بالوول لە تاریكاییەكەی شەوێدا سەیری جوولە و كردەی ئەو مانگا دەرياييانەی كرد و ئەوجار وردە وردە بەرەو لای كاروانەكەی هاتەوە و هەموو بازرگانەكانی لە دەوری خۆی كۆ كردەوە و گوتی:

ـ جا ئەگەر من سەرۆكتانم، چیی گوتم، بلێن بەچاوان.

هەمووان گوتیان: بەسەر چاو، فەرموو.

بالوول گوتی: من و غولامەكان بە ئێسترەكانەوە لێرە دەمێنینەوە و ئێوە بچنە میسر و سات و سەودای خۆتان بكەن، كە گەڕانەوە وەرنە ئێرە با بچینەوە ولاتی خۆمان.

بازرگان لە ترسی هاڕوون گوتیان:

ـ دەبێ نووسراوێكمان بدەیەی، كە هەر شتێك قەومان، لەسەر ئێمە نەبێ.

بالوول نووسراوەی دانێ. دوای ئەوە کاروانی بازرگان بەرەو میسر ڕۆیشتن و بالوول و ئێستر و غولام مانەوە.

بالوول بە غولامەکانی گوت:

ـ ئێوە بحەسێنەوە و کارتان بەمن نەبێ.

ئاوا لە دەم دەریا مانەوە. کە شەو دادەهات، بالوول دەچووە لەوەڕگەی چێڵە دەریاییەکان و بەتەنێ خۆی لێ مات دەکردن. هەر مانگایەك گەوهەرەکەی لەسەر تاتەبەردێك دادەنا بۆ ئەوەی لەبەر ڕووناکاییەکەی بلەوەڕێ، بالوول لوێچێ ڕیخی هەڵدەگرت و لەسەری ڕۆی دەکرد و ڕووناکاییەکەی کپ دەکرد. کە مانگاکە دەهات هەڵیگرێتەوە، نەیدەدۆزییەوە و دەسبەجێ دەچۆوە نێو دەریا.

ماوەیەك شەوانە بالوول ئەوە کاری بوو. هەتا ڕۆژێکیان غولام لە دەوری خڕ بوونەوە و گوتیان:

ـ لەم ڕۆژانەدا کاروانەکە بە شمەك و کالای گرانبابییەوە دێنەوە و گالتەمان پێ دەکەن، تۆش هەر شەوانە دەڕۆی و بەیانیان دێیەوە، ئێمە چ جوابی خەلیفە بدەینەوە؟

بالوول بە غولامەکانی گوت:

ـ سوار بن و لەگەلم وەرن.

غولام سواری ئێستر بوون و بەدوای بالوولدا چوونە ئەو شوێنەی چێڵە دەریاییەکان لێی دەلەوەڕان. بالوول گوتی:

ـ ئەگەر بە قسەم بکەن، لە خۆراسان جگە لە هەقەکەی خۆتان، پاداشتێکی باشیشتان دەدەمێ، بەلام بێت و مل بادەن، هەر بگەمەوە ئەوێ، بە خەلیفە دەلێم لەسەرتان بدا.

غولام لە ترسان گوتیان: چیی بلێی بەسەر چاوان.

بالوول گوتی: ئەو تەپالانەی لەسەر ئەو بەردانەن، هەلیان گرن و خێرا لە جەوالەکانیان بکەن و سواری ئێسترەکانیان بکەن.

غولام وایان کرد، بالوول جەوالەکانی بژارد، دیتی سی جەوال بوون. ئەوجار ئەمری کرد ڕیخەکەی دیکەی قەراغ دەریاکەشیان لە جەوالەکانی دیکە کرد و لە ئێسترەکانیان نان. بالوول نیشانەیەکی لەسەر سی جەوالەکەی یەکەم دانا بۆ ئەوەی لەگەل جەوالەکانی دیکە تێکەل نەبن و نەگۆڕێن.

که بارەکانیان لە پەین و ڕیخی چێڵی دەریا پڕ کرد، بە ئەمری بالوول هاتنەوە هەواری کاروانەکە. چەند ڕۆژێك لەوێ مانەوە هەتا بازرگان بە کەیفخۆشییەوە و بە باری قوماشی ڕەنگاوڕەنگ و ئەتلەس و دیباوە هاتنەوە. کە بالوولیان دی، پرسییان:

ـ تۆ چیت کڕیوە؟

بالووڵ گوتی: ئێمە پەین و پاڵی چێڵی دەریاییمان کڕیوە.

بازرگان دایانە قاقای پێکەنین و بە سرتە بە یەکتریان دەگوت:

ـ خەلیفە دەیەوێ ئەم کابرا شێتە بکاتە بازرگان.

کورتی ببڕینەوە بە گاڵتە و گەپ و چەپڵەلێدانەوە بەرەو وڵات گەڕانەوە. بە ڕێکەوت لە نیوەی ڕێیە سەرمایەکی تووش و وەیشوومە هەڵیگرد و باران وەك گۆزەی سەروبن دەهاتە خوارێ. بازرگان تەنگاو بوون و سووتەمەنی و ئاوردوویان دەست نەکەوت. داوایان لە بالوول کرد چەند جەوالێکیان لەو پەین و تەپاڵانە پێ بفرۆشێ بیسووتێنن و خۆیان گەرم بکەنەوە.

بالوول گوتی:

ـ نووسراوێکم بە مۆرێکی تایبەت بدەنێ، کە لە پایتەخت هەر نرخێکیان لەسەر بارە تەپاڵەم دانا، ئێوە ئەو پارەیەم بدەنێ.

بازرگان بە گاڵتەوە گوتیان:

ـ بۆ چەند جەواڵە تەپاڵەیەك هەزار نووسراوت دەدەینێ؟

بالوول نووسراوی بە مۆر و واژۆوە لێ وەرگرتن، کە ئەو بارە تەپاڵانەی ماونەوە، بە هەر نرخێك فرۆشران، ئێوەش ئەوەندەم بۆ ئەمانەی ئێرە بدەنێ.

بالوول کە ئەو نامەیەی لێ وەگرتن، چەند جەوالێکی لەوانەی گەوهەریان تێدا نەبوو، دانێ تا بیسووتێنن و لەسەرمان ڕەق نەبنەوە.

سبەینێی ئەو شەوە ساردە، کاروان گەیشتە خۆراسان کە ئەو کات پایتەختی هاڕوونەڕەشید بوو. بالوول ئەمری کرد بارەکانی ئەویان لە نێو چەند خانووەك کرد و دەرگایان لێ داخستن و کلیلی لێ ئەستاندن و لە گیرفانی خۆی نا.

بالوول دوای ئەوە غوڵامەکانی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و هەرچی خەلیفە دابوویە بازرگانیی پێوە بکا و شتی پێ بکڕێ دای بە غوڵامەکان و بە دڵێکی خۆشەوە ناردنییەوە ماڵێ و بەیانی چووە لای خەلیفە و گوتی:

- جەنابی خەلیفە، وەرە بارەکەت وەرگرە.
خەلیفە کە لە زمانی بازرگانەکانەوە باسی بالوول و جەواڵە پەینەکانی بیستبوو، گوتی:
- جا پەینی ولاغم بۆ چییە؟
بالوول گوتی:
- بە سەهوو چووی، هەستە و وەرە بزانە چیم بە دیاری بۆ هێناوی، تا ئێستا هیچ بازرگانێك شتی وای نەهێناوە.

هارووون ناچار بوو و لەوانەشە هەر بۆ پێکەنینیش بووبێ، هەستا و لەگەڵ کۆمەڵێك لە وەزیرەکانی خۆی بەرەو ئەو خانووە چوو، ئەو خانووەی کەلوپەلەکەی بالوولی تێدا بوو.

بالوول چەند کرێکارێکیشی هێنا و پەین و پاڵەکەی پێ لەو سەبەتانە کردن وا ئامادەی کردبوون و لەبەر چاوی خەلیفە و وەزیرەکانی شوشتییەوە و لەبەر چاوی دەرپەڕیوی هەمووان لە هەر سەبەتەکەیەك چەند گەوهەرێکی نەخشینی دەرهێنا و لە سەر یەکی دانان و خەرمانێکی گەوهەری شەوچرای لێ دروست کرد.

هارووون و ئەمیر و وەزیرەکانی، کە لە ژیانیاندا گەوهەری وایان نەدیتبوو، نەیاندەتوانی چاویان لێ هەڵگرن. بالوول لەو کاتەدا گوتی:
- جا ئێستا جەنابی خەلیفە ئەمر بکە، ئەو بازرگانانەی لەگەڵ من بوون، بێنە ئێرە.
خەلیفە ئەمری کرد و هێنایانن. بالوول نووسینەکەی ئەوانی لەبەردەم خەلیفە دانا و گوتی:
- من چەند بارێکم لەو گەوهەرانە داوەتە ئەو برادەرانە، ئەوان بەپێی ئەم نووسینەی خۆیان دەبێ نرخی هەر بارێکم چەندەیە، ئەوەندەم پارە بدەنێ.

بازرگان کە ئاوایان دی، بەربوونە پاڕانەوە و گریان. لەبەر ئەوەی هەرچی هەیان بوو، بایی یەك گەوهەری شەوچرا نەدەبوو.

کورتی ببڕینەوە بالوول بەزەیی پێیان داهات و بەوەندە ڕازی بوو کە بازرگانەکان دایانێ و پارەکەشی برد لە شار بەسەر هەژار و داماواندا دابەشی کرد و خۆشی کە شەوداهات، دیسان چۆوە ماڵە کاولاشەکەی جارانی.

ماوەیەك پێ چوو، هارووون هاتە لای بالوول و لەبەری پاڕاوە دیسان بچێتەوە بازرگانی، بالوول دیسان داوای برە زێڕێك و چەند ئێستر و وشتر و غولامی کردەوە و چۆوە سەفەرە بازرگانییەکەی.

بالوول و کاروانەکەی لە شار وەدەرکەوتن و لە نێوان دوو کێودا باریان خست، بالوول بە غوڵامەکانی گوت، لە بەردی ئەم شاخە هەڵگرن و باری وشتر و ئێسترەکانی بکەن و بیانبەنە ئەو کێوەی دیکە و لەوێشەوە بەرد هەڵگرن و بیهێننە ئەم کێوە.

هەتا مانگێك ئەوە پیشەیان بوو. دوای مانگێك وشتر و وڵاخ هەر پێست و ئێسکیان مابۆوە، ئەمری کرد بەردەکانیان لێ بنێن و شەکەت و ماندوو هاتنەوە پایتەخت.

هارِوون کە بیستییەوە بالوول گەڕاوەتەوە بە خۆی و وەزیرەکانییەوە بە پێشوازییەوە هاتنە دەرەوەی شار. بالوول ئەمری کرد بارەکان ڕاستەوڕێ بەرنە خەزێنەی پادشا. دواییش ئەوانەی لەگەڵی بوون، ئیزنی دان و خۆی چووە خەزێنە و بەردەکانی لەبەردەم هارِوون و ئەمیرەکانی و لە تەنیشت گەوهەرەکانی سەفەرەکەی پێشووی هەڵچنی و ڕووی تێ کردن و گوتی:

ـ ئەرێ برادەرینە ئەم خەزێنەیە چەندەی زێڕ و گەوهەر تێدایە؟

گوتیان: لە هەژمار نایە.

گوتی: جا، ئەگەر هەر بۆ دانان بێ، فەرقی زێڕ و بەرد چییە؟

ئەوەی گوت و ڕۆیشت، بە شاردا دەسووڕاوە و ئەو پووڵەی خەلیفە دابوویێ شتی پێ بکڕێ دەیدایە هەتیو و هەژاران.

جا ئەو ئیدیۆمەی "ئەگەر هەر داینێی، چ زێڕ بێ و چ بەرد" لەو کاتەوە کەوتە سەرزاری خەڵك و ماوەتەوە.

کاڵەم دڕا و چم پێ نەبڕا[1].

---

١ عەلیڕەزا ئەمینی، کارمەند، نووراباد، مەمەسەنی، لە زمانی سەید جەواد ئەمینی، حەفتاودووساڵان. وەرزێر.

### به شێوەیەکی دیکەش

لە هەقایەتەکەی محەمەد باقری سادقیی خەڵکی ئەلیگودەرزدا دەڵێ: بالوول هەرچی خەلیفە پێی دابوو بازرگانیی پێوە بکا، دای بە نانەڕەقە و چووە دەم بەحرێ و نانەڕەقەکەی بەدەم ئاوێدا دا و بە ماسییەکانی گوت نانەکە بخۆن و لەبری ئەوە لەعل و مەرجانم بۆ بێنن. بۆ دووەم جار کە چووە دەم دەریا، نانەڕەقەی دا بە ماسییەکان و گوتی: ئەم جارەیان وردکەبەردم بۆ بێنن.

### ٢٩. بالووڵ و سێ کۆگا گڵ

ڕۆژێکیان خەلیفە بەخۆی و وەزیر و کۆمەڵێك هاوڕێیەوە بۆ سەیرانێ لە شار چوونە دەرێ، خەلیفە سەیری کرد ئەوە بالوول لە دەم ڕێ دانیشتووە و سێ کۆگای خۆڵ هەڵداوەتەوە یەکیان گەورە و ئەویتر نێونجی و سێیەمیان بچووکتر و سەیریان دەکا.

خەلیفە دەستی بەرز کردەوە و بە هاوڕێکانی گوت ڕاوەستن. هەموو لە دوای خەلیفەوە ڕاوەستان. وەزیریش تۆزێك لە پشت خەلیفەوە و لە شانی ڕاستی ڕاوەستا. کەس متەقی لێ نەهات. خەلیفە گوتی:

ـ بالوول دیسان شێت بووی؟ ئەوە بۆ لەم سەرەڕێیە دانیشتووی و گەمەی بە خۆڵ و خاك دەکەی؟

بالوول بەبێ ئەوەی گوێ بداتە قسەکانی خەلیفە و هاوڕێکانی، هەروا بەبێدەنگی دانیشتبوو و سەیری کۆگا خۆڵەکانی دەکرد.

خەلیفە سەیرێکی وەزیرەکەی کرد و گوتی:

ـ دیارە بالوول دەیەوێ باسی ئەو کۆگایانەمان بۆ بکا و بمانخاتە پێکەنین. جا کە وابێ سەفەر و سەیرانی ئەمڕۆمان هەر زۆر خۆش دەبێ، لێی بچۆ پێشێ بزانە ئەوانەی بۆ دروست کردووە.

وەزیر بە ئەمری خەلیفە چووە پێشێ و لە بالوولی پرسی:

ـ بالوول، دەزانم تۆ شتێکت لەبن سەری دایە، بۆیە ئەوانەت کۆ کردووەتەوە، هەر بۆیە دەبێ پێم بڵێی و منیش بۆ خەلیفەی بگێڕمەوە. بالوول بەبێ ئەوەی سەر هەڵێنێ و چاو لە کۆگاکان بترووکێنێ، گوتی:

ـ دەبێ خەلیفە خۆیشی بێتە پێشەوە.

وەزیر دەسبەجێ چۆوە لای خەلیفە و کڕنۆشێکی کرد و گوتی:

ـ گەورەم دەڵێ جەنابی خەلیفە خۆیشی دەبێ بێتە پێشێ جا پێی دەڵێم.

خەلیفە قاقایەکی کێشا و گوتی:

ـ با بچین بزانین ئەم شێتە ئەمڕۆ چ قەشمەری و گاڵتەیەکی لەبن سەریدایە، کە دەیەوێ بمانخاتە پێکەنین.

کە گەیشتە لای بالوول گوتی:

ـ ئەوە شێتە دەتەوێ بڵێی چی؟

بالوول گوتی:

ـ هێندەی خۆڵی ئەو کۆگا گەورەیان لەعنەتی خودا لەوەی خزمەتی دامودەزگای حوکمەت دەکا... هێندەی خۆڵ و خاکی ئەو کۆگا نێونجییەش، لەعنەی خودا لەوەی نهێنیی خۆی بە ژنەکەی دەڵێ. هێندەی خۆڵی ئەو بچووکەشیان لەعنەتی خودا لەوەی منداڵە هەتیوێك بەخێو دەکا.

خەلیفە قاقایەکی کێشا و بە پێکەنینەوە گوتی:

ـ لەو هەمووە لەعنەتەی هەڵت داوەتەوە.

خەلیفە بەو تەشەرەوە، بە دەوروبەرییەکانی خۆی گوت:

ـ ئیتر کارێکمان لێرە نییە، با بڕۆین.

هاوڕێکانی خەلیفە بە ئەمری خەلیفە ئەوێیان بەجێ هێشت. لە نێویاندا هەر وەزیر بوو، لەو قسانەوە کەوتە بیر و فکرەوە. وەزیر سەیری کرد هەر سێ شتەکەی بالوول لە ژیانی خۆیدا هەیە، یانی هەم خزمەتی دەزگای خەلافەت دەکا، هەم نهێنییەکانی خۆی بە ژنەکەی دەڵێ و کوڕە هەتیوەکەی براکەشی گەورە کردووە. هەربۆیە لەبەرخۆیەوە گوتی:

ـ بەڵام باشە بۆچی بالوول ئەوەندە لەعنەت دەنێرێ، من دەبێ قسەکانی بالوول تاقی بکەمەوە.

دەگێڕنەوە خەلیفە مەڕ یان بەرانێك و لە هەندێ هەقایەتدا ئاسکێکی زۆر جوانی هەبووە و بەردەوام بە شاریدا دەگەڕا و دەلەوەڕا، کەسییش نەیدەوێرا ئازاری بدات یان لەمپەری بۆ دروست بکا و هەسی بداتەوە، بۆ سبەینێکەی وەزیر دوو کەسی متمانەپێکراوی خۆی ڕاسپارد مەڕەکەی بۆ بگرن و لەو شوێنەی دیاریی کردبوو، بۆی بشارنەوە، دوای ئەوە وەزیر بە پیاوەکانی گوت:

ـ هەتا خۆم ئاگادارتان نەکەمەوە، نابێ مەڕەکە لەو حەشارگەیە بێننە دەرێ، دوای ئەوەش ئاگاتان لێی بێ و لەوەڕی باشی بدەنێ.

ئیتر وەزیر بە جلوبەرگی ئاساییەوە چووە بازاڕی ئاژەڵان و مەڕێکی لە چێودارێك کڕی، کە زۆر لە مەڕەکەی خەلیفە دەچوو، هێنایەوە و بە ژنەکەی گوت:

ـ ئەو مەڕەی خەلیفە دەمێکە بەشاریدا دەسوورێتەوە و خەڵکی وەگیان هێناوە. هێناومە سەری ببڕین و بیخۆین. خۆ کەس نازانێ ئێمە خواردوومانە، تۆش نەچی لای خزم و کەس و دەروجیران و خزمەتکارەکان لێم لەقاو بدەی؟

ژنەوەزیر گوتی:

ـ بەسەرچاو گەورەم، دڵنیا بە گڵی گۆڕ لێم نابیستێ. بەو جۆرە بە ئەمری وەزیر مەڕەکەیان سەر بڕی و دڵ و جەرگی مەڕەکەیان جوان برژاند و خواردیان و سەروپێیەکی خۆشیشیان لێ دروست کرد. گۆشتەکەشیان لە ژێرزەمینەکەی ماڵێدا کە ساردوخۆش بوو، شاردەوە، بۆ ئەوەی وردەوردە بیخۆن. بۆ بەیانی وەزیر لە ماڵێ وەدەر کەوت بچێ بۆ دەم دەریا، هێشتا لە ماڵێ وەدەرنەکەوتبوو، دیسان گەڕاوە و هەرای کرد:

ـ ئەوە بۆچی خزمەتکار بەردەرگای ماڵەوەیان گەسك نەداوە؟ داوێینی عاباکەم پیس بوو.

ژنی وەزیر دەسبەجێ گەیشتێ و گوتی: ببوورن، هەر ئێستا ئەمر دەکەم خاوێنی بکەنەوە. وەزیر ڕاست و چەپ زللەیەکی لە ژنەکەی دا. ژنە ساتێك تاسا و لە وەزیر ڕاما، ئەوجار دەنگی هەڵێنا و هەرای کرد:

ـ گۆشتی مەڕەکەی خەلیفە شانوباهۆی بەهێز کردووی و لە من دەدەی؟

ژنە هەر ئەو قسەیەی کرد دەسبەجێ ڕای کردە سەربان و لەوێ بە هەراهەرا گوتی:

ـ هۆی خەڵکینە، ئاگادار بن وزیر مەڕەکەی خەلیفەی کوشتووەتەوە و خواردوویەتی.

خەڵك گوێیان لە دەنگی بوو و یەکدابەدوو قسەکە لە زارێکەوە کەوتە شارێك و پیاوانی دەوڵەت و گزیرەکانی خەلیفە و خەڵکی دەرباریش بیستیانەوە و دواجار هاڕوونیش ئاگادار بۆوە.

وەزیر بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە ژنەکەی و لەبەری پاڕاوە و گوتی:

ـ کچێ بیکە بۆ خاتری ئەو نان و نمەکەی پێکەوەمان خواردووە، حەیام مەبە، سەهووم کرد.

وەزیر کە سەیری کرد ژنەکەی دەست هەڵناگرێ و هەر دەنەڕێنێ، خۆی بە عەرزیدا دا و گوتی:

ـ وەی باوکەڕۆ پشتم شکا، سەرم لەگێژەوە دێ.

کورتی ببڕینەوە زۆر داماوانە لەسەربانێ هاتە خوار و چووە ژوورێ. خزمەتکار وەشوێنی کەوتن و گوتیان:

قوربان ئەوە چ بووە؟

ـ گەورەم چیت بەسەر هاتووە؟

وەزیر کە خۆی نەخۆش خستبوو، پێی گوتن:

ـ وەزعم شڕە، تەختێکی خەوم بۆ دانێن.

دەسبەجێ تەختی خەویان بۆ هێنا و وەزیر درێژ بوو. ئەوە لەو لاشەوە خەلیفە هەر بیستی وەزیر مەڕەکەی کوشتووەتەوە، چەند پیاوێکی نارد و ئەمری پێ کردن:

ـ بڕۆن وەزیر بێننە کۆشك.

دوای ئەوە لەبن لێوەوە گوتی:

ـ ئەوە بۆیە ئەمڕۆ وەزیر نەهاتووەتە خزمەتمان.

پیاوی خەلیفە چوونە ماڵی وەزیر و ئەمری خەلیفەیان پێ ڕاگەیاند و وەزیر پێی گوتن:

ـ ئەوە دەمبینن وەزعم زۆر شڕە و ناتوانم ئێستا بێم، دوایی خۆم دێمە خزمەتی.

لەبەر ئەوەی وەزیر لەوان گەورەتر بوو، شەرمیان کرد بەزۆر بیبەن، هەر بۆیە چوونەوە لای خەلیفە و گوتیان:

ـ قوربان وەزیر زۆر نەخۆشە و ناتوانێ بە ڕێدا بڕوا، هەربۆیە نەمانتوانی بیهێنین.

خەلیفە کە بە تووڕەییەوە دەهات و دەچوو، پێی گوتن:

ـ هیچوپووچینە، لاچن لە پێش چاوم.

لەو دەمەدا خەلیفە ڕاوەستا و ئەمری کرد بە پێنج پیاوی چوارشانەی خۆی بچن وەزیر بێنن. ئەوانیش چوون و وەك پیاوەکانی پێشوو بە دەستبەتاڵی هاتنەوە. خەلیفە ئیتر تاقەتی نەما و بەردەوام دەیگوت:

ـ مەڕەکەم، مەڕەکەم، مەڕە جوانەکەم.

لە داخان بە قەمچی بەربووە پیاوەکانی. لەو دەمەدا یەکێك لە کاربەدەستە ناسراوەکانی دەربار هاتە ژوورێ و کڕنۆشێکی کرد و گوتی:

ـ جەنابی خەلیفە، وەزیر مامی منە، من دەچم و هەرچۆنێك بێ دەیهێنمە خزمەتت.

ئەوەی وا بڕیاری دابوو وەزیر بێنێ، برازاکەی خۆی بوو. ساوا بوو کە باوکی مردبوو و مامی بەخێوی کردبوو و وەبن باڵی خۆی دابوو. کە گەورەش ببوو مامی هێنابوویە دەربار و کردبوویە کاربەدەستی تایبەتی خەلیفە، بۆیە زۆر قەرزباری مامی بوو، بەڵام ئاواش بە یەك ئاماژەی خەلیفە و بەبێ ئەوەی ئیجازە لە وەزیر وەرگرێ، چووە ژوورێ و بەبێ سڵاو و ڕێزگرتن گوتی:

ـ من ڕاسپێراوم بتبەمە لای خەلیفە.

وەزیر گوتی:

ـ ڕۆڵەگیان، خۆ دەمبینی نەخۆشم و لەجێدا کەوتووم.

وەزیر هێشتا قسەکەی تەواو نەببوو، کوڕە لێفەی لەسەر لادا و لاقی وەزیری گرت و بە ڕاکێش ڕاکێش بردییە لای خەلیفە.

خەلیفە هەر چاوی بە وەزیر کەوت، بانگی میرغەزەبی کرد. میرغەزەب هات. وەزیر گوتی:

ـ ڕاوەستە جەنابی خەلیفە، مەڕەکەی تۆ زیندووە.

خەلیفە گوتی:

ـ ئەگەر ڕاست دەکەی، کوا؟

وەزیر گوتی:

ـ ئەمر بفەرموو با فلان و فلان بێن.

خەلیفە ئەمری کرد دەسبەجێ ئەو کاربەدەستانەیان هێنا. وەزیر پێی گوتن:

ـ خێرا بچن مەڕەکەی خەلیفە بێنن.

ئەوەندەی یەك و دوو مەڕەکەی خەلیفەیان هێنا.

خەلیفە گوتی:

ـ بڵێ بزانم وەزیر، ئەو گەمەیە چ بوو؟ بۆچی تووڕەت کردم و ئاژاوەت خستە نێو دەزگای حوکمەتەوە؟

وەزیر مەسەلەی سێ کۆگا خۆڵەکەی بالوولی بۆ گێڕاوە و گوتی:

ـ مەڕێکم کڕی و بە درۆ بە ژنەکەمم گوت ئەوە مەڕەکەی خەلیفەیە، مەڕەکەم سەربڕی و بە ژنەکەمم گوت سوڕ و نهێنیم لای کەس نەدرکێنێ، بەڵام هەر بە ئانقەست تۆزێکم تووڕە کرد، حەیای بردم. لە لایەکیشەوە ئەو کاربەدەستە غەوارە و بێگانانە هاتن و لەبەر ئەو ڕێزەی من لای جەنابت هەمە، پێداگر نەبوون لەسەر ئەوەی بەزۆر بمهێنن، خۆ نەخۆشیش نەبووم،

بەلاّم برازاکەم کە بە هەتیوی گەورەم کردووە و گەیاندوومەتە ئەو شوێنە، ئاوا سپلّەیی کرد و بە ڕاکێش ڕاکێش هێنامییە خزمەت جەنابت، خۆ جەنابیشت کە چەندی چەند ساڵە خزمەتت دەکەم لەبەر یەك مەڕ بەبیٚ ئەوەی لیٚی بکۆلّییەوە و بەدوایدا بچیت، میرغەزەبت هێنا لەسەرم بدریٚ، کەواتە جەنابی خەلیفە بالوول زانایە و شێت نییە١.

### ٣٠. هونەرفرۆشتنی بالوول بە هارووون

لە سەردەمانی زوودا، شێخ بالوول کە یەکێك بووە لە شاگردەکانی ئیمام جەعفەری سادق، لە گۆشەیەك دانیشتبوو و فەن و هونەری بەخەڵکی دەفرۆشت. خەبەر درا بە هاڕوون کە برای شێخ بالوول بوو، چەند کەسێکی ڕاسپارد بۆ ئەویشی بکڕن، بالوول پێی گوتن:

ـ هونەر بە ڕاسپێردراوان نافرۆشم، دەبیٚ هاڕوون خۆی بیٚ.

راسپاردە هاتنەوە لای هاڕوون و بۆیان گێڕاوە، هاڕوون خۆی سوار بوو و بە چەند سەربازێکەوە هاتە لای بالوول و گوتی:

ـ بیستوومە فەن و هونەری بە خەڵکی دەفرۆشی، بەشی منیش بدە با شتێکت لیٚ فێر بم.

بالوول گوتی:

ــ سەد دینارم بدەیە با هونەرێکت فێر بکەم.

هاڕوون نارەحەت بوو و گوتی:

ـ دینارێك یان دوو دینار لە خەڵك دەستێنی، لە منیش دە دینار وەرگرە.

بالوول گوتی:

ـ لە سەد فلسێکی کەم بیٚ پێت نافرۆشم.

هاڕوون کە ئەو هەمووە ڕێیەی بڕیبوو، ناچار بوو بە قسەی بکا، بۆیە ناعیلاج دەری هێنا و داییٚ و گوتی:

ـ دەی باشە، ئەوە سەد دینارەکە و هونەرەکەم بدەیە.

بالوول گوتی:

ـ هەرچی دەیکەی، بیر لە ئاقیبەتەکەشی بکەوە.

---

١ بەفرانباری ١٣٧٠ـ نەبیولاّ فەزیلەت، ٥٢ساڵان، ددانساز، سولەیمانئابادی هەمەدان، لە زمانی فەزڵعەلی سولەیمانئابادی.

هاڕوون دەسبەجێ هاتەوە کۆشکەکەی خۆی و ئەمری کرد لەسەر هەموو دەفر و ئامانی کۆشك نووسیان، هەرچی کردت بیر لە ئاقیبەتەکەشی بکەوە.

چەند ساڵانی بەسەردا تێپەڕی، وەزیر و وەکیل ویستیان هاڕوون بکوژن و خۆیان لەسەر تەختەکەی دانیشن، بیریان لەوە دەکردەوە کە چۆن هاڕوون لەناو بەرن، دەلاکی دەرباریان دیت، پارەیەکیان دایێ و قەولیان پێ دا ئەگەر لەکاتی چاکردنی سەروڕیشی هاڕووندا شادەماری ملی هەڵبڕێ، پلەوپایەیەکی باشی بدەنێ.

ڕۆژێکیان هاڕوون بانگی دەلاکەی کرد ڕدێنی بۆ چاك بکا. دەلاك خەریکی چاکردنی ڕیشی هاڕوون بوو و دەیەویست مووسەکە بە قوڕگ و شادەماریدا بێنێ و بیکوژێ، لەنەکاو چاوی بە دەفرێك کەوت لەسەری نووسرابوو، هەرچییەکت کرد، بیر لە ئاقیبەت و ئەنجامەکەی بکەوە. هەر ئەوەی خوێندەوە دەستی وەلەرزین کەوت، هاڕوون کە دیتی دەلاك دەستی دەلەرزن، گوتی، ئەوە بۆ دەستت دەلەزرن؟

سەلمانی لە ترسان زەندەقی چووبوو، هاڕوون لەسەرخۆ گوتی:

ـ ئەگەر ڕاستییەکەی نەڵێی، ئەمر دەکەم لەسەرت بدەن.

دەلاك گیانی لە خەتەردا بوو. ڕاستییەکەی گوت. گوتی، فلانە و فیسارە پارەیان داومێ و تەماعیان ناوەتە بەرم ئەگەر تۆ بکوژم پلە و پایەم دەدەنێ، بەڵام کە دەمویست کارەکە بکەم، چاوم بەو دەفرە ئاوە کەوت کە لەسەری نووسراوە، هەرچی دەیکەی بیر لە ئەنجام و ئاقیبەتەکەی بکەوە. ئیتر دەستم لەرزی و بیرم کردەوە بێت و تۆ بکوژم، دەمکوژنەوە و کە کوژراشم ئیتر پارە و پلەم بۆ چییە؟ بۆیە دەستم لەرزی و نەموێرا بتکوژم.

هاڕوون دەسبەجێ ئەمری کرد پیلانگێڕەکانیان گرت و سزایان دان و خۆشی چۆوە لای بالوول بۆ ئەوەی هونەرێکی دیکەشی فێر بکا.

بالوول گوتی:

ـ لەوەش پەشیمانم کە پێتم دا.

هاڕوون گوتی: بۆ؟

بالوول گوتی: ئەگەر ئەوەم نەدابایەی، ئێستا زیندوو نەبووی.

هاڕوون زۆری لەبەر پاڕاوە بەشکم هونەرێکی دیکەشی پێ بفرۆشێ. گوتی: چیت بوێ دەت دەمێ.

بالوول گوتی: شوێن و پلەکەی خۆتم بدەرێ.
هارِوون گوتی: جا من هەرشتێکم دەوێ لەبەر ئەو پۆست و پلەیەم دەمەوێ.
بۆیە چۆوە کۆشکەکەی خۆی.١

## ٣١. بالوول و خەڵکی شاری درۆزنان

رۆژێك لە رِۆژەکانی ساڵی ١٣٧٩ بۆ پرسە و سەرەخۆشیی ئاشنایەکم چوومە مزگەوتی ئەمیرەلموئمینین لە سەرەتای شەقامی کارگەری شمالی، وتاربێژەکە هەقایەتێکی بالوولی گێرِاوە. منیش هەر لە مێشکمدا رِامگرت و دوایی نووسیمەوە:

رۆژێکیان بالوول چووە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی هارِوونەرِەشید، لە کۆبوونەوەکەی خەلیفەدا جەعفەری بەرمەکی وەزیرە ئێرانییەکەی هارِوون و چەند کەسێکی نزیکی خۆی و مەسرووری میرغەزەب و پاسەوانە تایبەتییەکەشی دانیشتبوون.

هارِوون هەر بالوولی دیت، لێی پرسی:

ـ ئەوە لە کوێوە هاتووی؟

بالوول سڵاوی کرد و گوتی: لە شاری درۆزنانەوە دێمەوە.

هارِوون گوتی: شاری درۆزنان لە کوێیە؟

بالوول گوتی: ئەو شارە لە دەرەوەی بەغدایە و لە نزیك دەروازە گەورەکەی شار هەڵکەوتووە.

خەلیفە بەسەرسوورِمانەوە سەیرێکی جەعفەری بەرمەکیی کرد و پرسیی:

ـ تۆ ئەو شارەت دیتووە؟

جەعفەر گوتی: خەلیفەم تەمەندرێژ بێ، من تا ئێستا ناوی وەها شارێکم نەبیستووە.

کە جەعفەر قسەی تەواو بوو، هارِوون رِووی لە حازریان کرد و لێی پرسین: ئەی ئێوە؟

ئەوانیش گوتیان:

ـ ئێمە رِۆژ نییە جارێك لە دەروازەی بەغدا نەچینە دەرێ و نەیەینەوە ژوورێ، تا ئێستا ناوی وەها شارێکمان نەبیستووە. دڵنیاین وەها شارێکمان لە نزیکی بەغدایە نییە.

هارِوون رِووی لە بالوول کرد و گوتی: قسەت ما؟

---

١ ماشەڵا مەسروور، چل و حەوت ساڵان، بەکالۆریۆسی ئەدەبی فارسی، ساڵی ١٣٥٦.

بالوول گوتی: ئەگەر خەلیفە کاتی هەبێ و لەگەڵم بێ، ئەو شارەی پێشان دەدەم.

هاڕوون کە تەواو حەزی دەکرد بزانێ کوێیە و چاوی بەو شارە بکەوێ، بە خەڵکەکەی گوت:

ـ هەستن با پێکەوە بچین و ئەو شارە ببینین.

ئیتر هاڕوون و جەعفەر و ئەوانی دیکەش بە پێی نەریتی کۆن، جلوبەرگی ئاساییان لەبەر کرد و لەگەڵ بالوول لە کۆشك چوونە دەرێ و بە دەروازەی بەغدایەدا ڕابردن و ڕۆیشتن هەتا گەیشتنە گۆڕستانێکی گەورە لە دەرەوەی شاری و لە نزیك دەروازە گەورەکەی بەغدا.

هاڕوون پرسی:

بالوول، کوا ئەو شارۆچکەیەی گوتت؟

بالوول گوتی: ئەوەتا لێرەیە.

هاڕوون سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد و گوتی:

ـ ئەی بۆ من نایبینم؟ هەتا چاو هەتەر دەکا ئاوەدانیی لێ نییە.

بالوول گوتی:

ـ دوور مەڕوانە، سەیری بەر پێت بکە.

هاڕوون بەسەرسووڕمانەوە گوتی: گۆڕستان؟

بالوول گوتی: بەڵێ، ئەم گۆڕستانە.

هاڕوون پرسی:

ـ شارۆچکەی درۆزنان ئێرەیە؟

بالوول گوتی:

ـ بەڵێ جەنابی خەلیفە ئێرەیە.

هاڕوون بزەیەکی تاڵی نیشتە لێوی و سەری داخست و زانیی بالوول دەیەوێ شتێك بڵێ. بۆیە گوتی:

ـ دەی باشە ئەوە قەبووڵمان کرد. ئێرە هەوە، بەڵام بۆ ئەو ناوەت لەسەر داناوە؟

بالوول گوتی:

ـ ئەوانەی لەو گۆڕانەدا نووستوون، سەردەمانێك وەك من و تۆ و جەعفەر و مەسروور و ئەو خەڵکەی دی بنیادەم بوون و زیندوو بوون. لە ڕاستیدا خۆیان هاڕوونێك بوون و هەموو شتێکیان هەبووە و خەڵکێکی گوێلەمستیشیان هەبووە. باخ و ڕەز و مەزرا و کێڵگە و

خزمەتکاری زۆریان هەبووە و بەردەوام دەیانگوت: سپاکەی من، باخەکەی من، خانووەکەی من، ئەسپەکەی من، وشترەکەی من، ژنەکەی من، منداڵەکەی من، عەشیرەتەکەی من، خێڵەکەی من، ماڵ و سامانەکەی من... بەڵام کە من دێم و گۆڕەکانیان هەڵدەدەمەوە لە خاك و خۆڵ و لوێچێ ئێسك و پرووسکی پواو بەولاوە هیچیان تێدا نابینم. دەی دیارە هەمووان درۆیان کردووە و ئەوەی پێیان وابووە ملکی ئەوانە، هیچیان پێ نییە.

هاڕوون بە داخ و کەسەرەوە سەری ڕاوەشاند و گوتی:

ـ ئەی هاوار...

بالوول لەسەری ڕۆیشت:

ـ ڕۆژێك من و تۆش ئەو شارە بەجێ دێڵین و جا ئەو ڕۆژە دەزانین هیچ نەبووین و هەرچی کۆمان کردووەتەوە و هەڵمان گرتووە، هەر هەمووومان بەجێ هێشتووە و بەتەنیا هاتووین.

هاڕوون فرمێسك لە چاوی لووزەوی بەست و بالوول هەر بەردەوام بوو:

ـ ئەی هاڕوون، ئەمڕۆ سەرانسەری مەملەکەتی ئیسلامی لە ڕۆژهەلاتەوە تا ڕۆژئاوا و لە باکوورەوە هەتا باشوور لە بندەستی تۆدایە و تۆ تەنانەت دەتوانی بە هەورەکانیش بڵێی، لە هەر کوێیەك باران داکەن زەویی منە و بە خۆر بڵێی تیشك بخەیتە هەر شوێنێك پێگەڕی منە، بەڵام کە مردی و هاتییە ئێرە، هیچت پێ نابێ و لەو هەمووە ماڵ و سامان و دەسەڵاتەت هیچت بەدەستەوە نابێ، کەواتە ئاگادار بە و هەر بەڕاست موسوڵمان بە.

یان نازناوی ئەسکەندەریت بگۆڕە

یان ڕێوشوێنی ئەسکەندەرانە فێر بە

هاڕوون ئەو قسە تاڵانەی بالوولی کە پڕیش بوون لە حیکمەت، لە دڵ گران بوو، نێوچاوانی تێك نا و دەستی لێك دا، بەڵام چونکە بالوول قسەی هەق و ڕەق بوون، نەیدەتوانی هیچی پێ بڵێ، هەر بۆیە سەری داخست و بە زەین و فکری ئاڵۆزەوە لەگەڵ هاوڕێکانی بەرەو دەروازەی بەغدا گەڕانەوە.

## ٣٢. بالوول و پەندی "ئەگەر هەر نەیخۆی، چ بەرد بێ، چ زێڕ"

دەگێڕنەوە ئەم پەندە یادگاری بالوولە و سەربردەکەشی ئاوایە:

لەسەردەمی بالوولدا، لە شاری هەقایەتەکانی هەزارویەکشەوە واتە بەغدا، کابرایەکی قڕنیس و ڕەزیل دەژیا، کە لەچەری و ڕەزیلییەکەی کەوتبووە سەر زار و زمان. دیارە هەر کەس بکەوێتە گێژاوی ماڵی دنیاوە، نەك هەر ژیانی خۆی پڕ دەکا لە ئازار و پەژارە و ناخۆشی،

بگرە تەماع و چاوبرسێتییەکەی وای لێ دەکات ماڵ و منداڵەکەشی بە دڵی خۆیان نەخۆن و شت لەبەر نەکەن و چێژ لە نیعمەتەکانی خودا وەرنەگرن و تووشی خەم و ناخۆشی بن. جا ئەو کابرایە ئاوا بوو. بۆ وێنە، کە دەیدیت ئەوە مانگێکە ژن و منداڵەکەی حەزیان لە سەروپێیە و هەموو ڕۆژێ لەبەری دەپاڕێنەوە بۆیان بێنێ، بڕیاری دەدا بۆیان بکڕێ، کە دەشی بیستەوە لە شارێکی نزیك بەغدا نیو درهەم هەرزانترە، بە پێیان دەچوو لەوێ دەیکڕی. هەرچۆنێك بێ، ئەو کابرایە پارچە زێڕێکی هەبوو کە نەیدەزانی چۆن هەڵی گرێ. وەڕەز ببوو. شەوێك لەبن سەری دەنا و شەوێکی دی لە کون و کاژێرێکدا دەیشاردەوە و جارێك لەبەر پشتوێنی دەنا و شەوێك لە بن میچی ماڵێی قایم دەکرد، یان لە پێچ و گەوی جەمەدانییەکەی دەخست. کورتی ببڕینەوە کوێی پێ شك هات لەوێ شاردییەوە.

ئەوەندە نیگەران و پەرۆش و دڵەدوای زێڕەکەی بوو، کە نەکا لێی بدزن، شەوانە لە خەوێ ڕادەچەنی و دەچوو سەری لێ دەدا بزانێ ماوە یان نا. ئاخرییەکەی بڕیاری دا بیباتە شوێنێکی زۆر دوور و لە پشت گۆڕستانەکەی بەغدا بیشارێتەوە. زۆر بە ئەسپایی و بە پارێزەوە بردی، نەکا یەکێك بیبینێ. بەڵام بۆ چارەڕەشیی ئەو کابرایەك لە کۆنەقەبرێکدا پاڵ کەوتبوو. ئەو کابرایە لێی کەوتە شك و گومان و هەر خاوەن زێڕەکە دوور کەوتەوە، هاتە دەرێ و چوو زێڕەکەی لە بن گڵ هێنا دەرێ و خێرا لەوێ ڕۆیشت.

هێشتا خاوەنی زێڕەکە نەگەیشتبۆوە شار، کەلکەلە و وەسوەسە سەریان لەدڵی نا و گوتی، بەخوای جێی زێڕەکەم قایم نییە. بە هەڵەداوان گەڕاوە بۆ ئەوەی لەبن گڵ دەری بێنێتەوە و بیباتە شوێنێکی دیکە. کە گەیشتێ سەیر دەکا زێڕەکە نەماوە، یەك بەخۆی هاواری کرد و بێهۆش کەوت. ڕێبوارێك دیتی و سواری گوێدرێژەکەی کرد و بردییە شار.

خەڵك لێی کۆ بوونەوە و هەرچۆنێك بوو هێنایانەوە هۆش، کابرا هەر وەهۆش خۆی هاتەوە دەستی کرد بە گریان و شیوەن و بەسەرهاتەکەی گێڕاوە. ئەوانەی دەیانناسی، پێی پێکەنین و ئەویش بێ ئۆقرە، خۆڵی وەسەرخۆی دەکرد. لەو دەمەدا بالوول گەیشتێ و گوتی: ئەو کابرایە بۆ وا دەکا، خەڵکەکەش سەرلەبەریان بۆ گێڕاوە. بالوول پرسی:

ـ زێڕەکەت چەندە دەبوو؟

کابرا بە پەنجە و لەپی دەست ئەندازەی زێڕەکەی نیشان بالوول دا. بالوول هەستا چوو خڕکەبەردێکی ئەوەندەی بۆ هێنا و گوتی:

ـ ئەوەندە دەبوو؟

کابرا گوتی:

ـ بەڵێ.

بالوول گوتی: جا ئێستا برۆ ئەو بەردە بەرە و لەکوێت پێ خۆشە داینێ و بیشارەوە و وای دانێ زێڕەکەتە. چونکە ئەگەر هەر نەیخۆی و دەکاری نەکەی، فەرقی چییە بەرد بێ یان زێڕ. ئەگەر هەر نەیخۆی، چ بەرد بێ، چ زێڕ.

ئەم پەندەی بالوول بە نەمری مایەوە.[1]

## ٣٣ـ دوایین قسەی خۆش و گاڵتەی بالوول

نووسەرێکی خۆش مرخ، ئەم بابەتەی وەك دوایین قسەی نەستەق و گاڵتەی بالوول گێڕاوەتەوە و دەنووسێ:

"بالوول لە سەرەمەرگدا بوو، وەسیەتی کرد:

ـ لە کۆنەکفنێکم بپێچن جا بمنێژن.

لێیان پرسی: بۆچی کۆنەکفن؟

گوتی: ـ چونکە یەکەم شەوی قەبر نەکیر و مونکیر کە دێنە سەرم، با بەسەهوو بچن و پێیان وابێ کۆنەمردووم و دەستم لێ هەڵگرن و لەکۆڵم بنەوە.

بەو پێیەی بالوول زۆر شارەزای حەدیس و ئایەت و مەسەلەی سوال و جوابی یەکەم شەوی قەبر بووە، ئەستەمە وەها وەسیەتێکی کردبێ، چونکە ئەو لە هەمووان باشتر دەیزانی، بەو جۆرە کارانە ناکرێ نەکیر و مونکیر بخەڵەتێنێ و کڵاو لەسەر نێردراوانی خودا بنێ و هەر لە بنێڕا ئەو جۆرە قسانەی نەکردووە.

لەوانەیە ئەم وەسییەتە هیی ئەو کابرا قسەخۆشە بێ کە دەیەویست لەو دنیاش هەر گاڵتە بکا، بۆیە لە سەرەمەرگیدا ئەمری کرد سەر و بەریان پاك تاشی و لە کۆنەکفنێکیانەوە پێچا. یەکەم شەوی گۆڕ نەکیر و مونکیر هاتنە ژوور سەری و گوتیان:

کەچەڵ کەی مردووی نەمانزانیوە

سەرت بێ تووکە و کفنت ڕزیوە؟

---

١ لە زمانی، ڕەزاق ئازەری"ـیەوە، ٧٠ سالان، مامۆستای خانەنشین. خەڵکی نەهاوەند.

کابرای قسەخۆش گوتی:
پار مردم، پێرار مردم
بە ئەمری خوای جەبار مردم

نەکیر و مونکیر بەسەرسوورمانەوە سەیرێکی یەکتریان کرد و لەو کاتەدا نیگایان بۆ هات:
- وازی لیَ بێنن و لێی مەپرسنەوە.
شتێکی وەك ئەوە خۆش لەسەر بالولیش لە هەقایەت و قسەنەستەقەکاندا هاتووە کە:
"پیرەژنێکی فێڵباز و بە گزە ئەمر دەکا کفنەکەی کون بکەن و دووکەڵی تێکەن بۆ ئەوەی نەکیر و مونکیر بخەڵەتێن و پێیان وابێ زۆر لەمێژ ساڵە مردووە، بەڵام نەکیر و مونکیر لە فێڵ و تەڵەکەی دەگەن و بە گورزی ئاگرین لەسەری دەدەن و دەڵێن:
ئێرە کەی شوێنی فێڵ و مەکرانە.... شوێنی گوڵمیخی گەورِی کەرانە

کالەم درِا، چیم پیَ نەبرِا

## وەرگێڕ لە چەند دێڕێكدا

ڕەسووڵ سوڵتانی  ساڵی ١٩٧٦ لە گوندێكی نزیك شاری بۆكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە دایك بوومە. بەكالۆریۆسم هەیە لە زمان و ئەدەبیاتی فارسیدا. لە ساڵی ١٩٩٥ـەوە سەرقاڵی كاری ئەدەبیم. لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا وەك: سروە، مەهاباد، ویرا، سیروان، بابەتی ئەدەبیم بڵاو كردووەتەوە. ساڵی ٢٠٠٤ هاتوومەتە باشووری كوردستان و ماوەی چوار ساڵ لە بەشەكانی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموكراتی كوردستاندا (ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن) چالاك بووم و لە گۆڤارەكانی كاروان، ڕامان، ئایدیا، وێران، گزینگ، واتە، گۆڤاری ٢٣، ئاینده و بیاڤ و ڕۆژنامەكانی خەبات و كوردستانی نوێ و چاودێر و ئاڵای ئازادی و كوردستان ڕاپۆرتی جاران و وشەدا بەردەوام بابەتم بڵاو بووەتەوە و ماوەی ساڵ و نیوێك بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری "هەڵبوون" بووم.  لە ساڵی ٢٠٠٩ـەوە تا ئێستا ٢٠١٤ لە ڕۆژنامەی هەولێر، كاری زمانەوانی و هەڵەچنی دەكەم و هاوكاری خانەی موكریانیم بۆ بەراوردكردن و هەڵسەنگاندنی كتێب و زمانەوانی و هەڵەچنی.

تا ئێستاش جگە لە كۆی شێعرەكانم (زیارەتی ماچ)، ٢٥ كتێبم لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی، هیوادارم دارێكم خستبێتە سەر بەردێك:

١ـ ڕۆمانی ژان (نووسینی مارگریت دۆراس)
٢ـ پێشەوای ڕابوون (كتێبێكە لەسەر كۆماری كوردستان)
٣ـ ژن لە فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژئاوادا
٤ـ كۆیلەكردنی ژنان (نووسینی جۆن ستیوارت میل)
٥ـ ئێمیلی ژان ژاك ڕۆسۆ
٦ـ تاعوونی ئەلبێر كامۆ
٧ـ دیوی كوێستان) ڕۆمان، ، یەشار كەمال سێ بەرگ
٨ـ سەفەر و ئاسكۆڵەكەی بەختم گوزەل (ڕۆمانێكی مەحموود دەوڵەت ئابادی)

٩ـ   سێبەری هەڵۆ (ڕۆمانێکە ئاوڕی لە نهێنییەکانی ژیانی ناپلیۆن بوناپارت داوەتەوە)
١٠ـ لە لینینەوە بۆ پووتین ( مێژووی سیاسیی رووسیا لە ١٩١٧ـەوە تا ٢٠٠١)
١١ـ ئیمپراتۆریی بیزەنتی (مێژوو)
١٢ ـ کۆتایی سەدەکانی ناوەراست (مێژوو)
١٣ـ ئاغاکانی ئاقچاساز (ڕۆمان، یەشارکەمال) دوو بەرگ
١٤ ـ کیژانی کابول (ڕۆمان)
١٥ ـ کەوتن (ڕۆمان. ئەلبێر کامو)
١٦ ـ یەکەم عەشق (ڕۆمان)
١٧ ـ ئاسییە (ڕۆمان)
١٨ ـ یاخی (ڕۆمان/ یەشار کەمال)
١٩ ـ لافاوە بەهارییەکان (ڕۆمان، تۆرگینێف)
٢٠ـ گاوان (مەحموود دەوڵەت ئابادی)
٢١ـ نان و ماچ (کۆچیرۆك، بەرهەمی هاوبەش لەگەڵ جەواد حەیدەری)
٢٢ـ فیمینیزم (بەرهەمی هاوبەش لەگەڵ کارزان کاوسێن)
٢٣ـ بالوول لە کتێب و هەقایەتاندا

**کتێبی ئامادەی چاپ:**

٢٤ـ مێژووی گەمژەیی لە ترۆی تا ڤێتنام (کارنامەی مێژوو)
٢٥ـ سەفەر لە ژووری نووسیندا (ڕۆمان)